189

# کوردانی سەرگەردان
# و
# برا موسڵمانەکانییان

## (پرۆفیسۆر جەماڵ نەبەز)

**سوارە قەڵادزەیی**

لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە

# کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانییان

نووسینی/ جەمال نەبەز

سوارە قەڵادزەیی
کردویەتی بەکوردی

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر**

**ت: ٢٢٣٠٢٧٣ ـ ٢٢٦١٥٩٧**

- کتێب : کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانیان
- زنجیرەی کتێب : (١٨٩)
- نووسەر : پرۆفیسۆر جەمال نەبەز
- وەرگێڕانی : سوارە قەڵادزەیی
- چاپ : یەکەم
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان : (١٥) ساڵی ٢٠٠٥
- هونەرکاری بەرگ و ناوەڕۆک: جلیل محمد
- سەرپەرشتی چاپ : محەمەد سەعید
- چاپ : بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- نرخ : ١٠٠٠ دینار

# خوێندنەوەیەکی کورت

دوای خـوێندنەوەی ئەم بابەتە مـێـژووییـەی پرۆفـیـسـۆر جـەمـال نەبەز وەک لێکۆڵینەوەیەکی فیکری و فەلسەفی لەگەڵ بەکارهێنانێکی بابەتی ئایدیۆلۆژیکی گەیشتـمە ئەو ئەنجامەی لێکۆڵەرەوەو پسپۆری ئاینە ئێرانی و رۆژهەڵاتی یەکان رێزدار دکتۆر جەمال نەبەز، دوای بەخت کردنی کات و خۆخەریک کردن بەسەرچاوە مـێژووییـەکـان و گەڕان بەدوای غـەزەوات و داگـیـرکـاری ئیـسـلامی و پێش ئەو سەردەمەش لێتۆژینەوە لەمێژووی سەرهەڵدانی ئاینە سنسکریتیەکان لەکوردستان و وڵاتی ئێـران و گەڕان بەشوێن بنەمـای فـەلسـەفـە جۆربەجۆرەکـانی ئەم مـەزهەبە سنسکریتیە کۆنانەدا. ویژدانی خستۆتە گەڕو بۆ مێژوو ئەم بابەتەی هەڵبژاردووەو لەکۆنگرەی ئیسلامی پارتە ئوسولی و سەلەفی و مەزهەبی یەکان لەئەڵمانیا لەشاری کۆڵن ئەو لێکۆڵینەوەی کردووە بەبیرو فەلسەفەیی دەستی خۆی بۆ کۆنگرە ئیسلامی یەکە تا لەنزیکەوە زانا موسڵمانەکان بەئاگای رووداوە مێژوویە بەسەرچووەکان بن و بواری ویژدان بۆ رووداوە تاڵ و سـوێرەکـان بکەن بەدادوەر لەم ئاراستـە کـردنەشـدا نیگایەک بەسەر رۆڵی نەتەوەی کوردا بخشێن کەلەسەردەمی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە وەک سەربازی ون هەموو هێزو تواناو وشیاری خۆیان بەخت کردووە بۆ ئەم ئاینە نوێ یەو بەنرخـترین شتێک کـەگـیـان و هوشیـاریان بۆ بەخت کـردووە. بۆ سـەرخـستنی پرۆگـرامی ئاینی ئیـسـلامی بەڵام بەداخەوە لەدرێژەی چەندین سـەدەو سەردەم دا هەرکردەی ئەم نەتەوە ستەم دیدەبووەو بردەی خۆبە زۆرزانان و داگیرکاران و لەخۆبایی بووان. دیاردە مێژووییـەکانیش چاکـترین سەرچاوەن بۆ ئەوەی راستی وتەکانی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز بسەلمێنن.. کەبرا موسلمانەکانی وەک عـەرەب و تورک و فارس، لەمیللەتانی سەردەستە هەمیشە بەچاوی کەم تەماشای فیداکاری خـەبات و فـیـداکـاری نەتەوەی کـوردسـتـانیـان کـردووە ... کـۆسپ بوون لەبەردەم هەناسەدان و بەئاوات گەیشتن و رزگاری نەتەوەیی کورد دا.

هەرچی تۆمـەتێکی ناڕەوایە دراوەتە پاڵیـان.. ئەگـەر رۆژگـارێکیش دەرکـیـان بەوەکردبێت شنەبای ئازادی خەریکی چاوشارکێ یە لەسەر دوندی سەربڵندی چیا سەرکەشەکانی کوردسـتـان، ئەوا چاویان چوەتە پشتی سەریان و بەهەر هۆکارێک بۆیان رەخسـابێت ریسـەکـەیان لێ کـردونەتـەوە بەخوری. هەروەکو لەتەمـەنی زیاتر لەچواردەساڵی ئەزموونی نوێی سەربەخۆیی باشووری کوردستاندا دەردەکەوێت کە ئێستاشی لەگەڵ دابێت جیا لە بیرتەسکی و ویستی تایبەتی دەسەڵاتی حزبی و

بالادەستی خواستی لایەنی و جەخت نەکردن لەسەر فیداکاری بۆ بەرژەوەندی گشتی و هەل و مەرجەکە کە لەئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و جیهانی بەرجەستەبووە بەردەوام رەگەزپەرست و خۆبەزۆر زانە نەتەوەییەکانی هەرچوار کەنار تابۆیان بکرێت درزی ناکۆکی یەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی کوردستان و پارتە سیاسییە پێشرەوەکانی فراوانتر دەکەن، هەر رۆژەی دەستەو کۆمەڵ و رێکخراوێکی سیاسی بەناوی مافی کەمایەتی و دوکان و بازاڕی ئازادی و رزگاری و لەژێر رەشماڵی دەسەڵاتی سیاسی و سیخوڕی لەکوردستاندا بە لەبەرچاوگرتنی باری ناهەمواری خەڵک و بێ کاری و دابەزینی رادەی بژێوی ژیانی رۆژانەیان و قۆستنەوەی بواری ناکۆکی نێوان هەردوو لایەنی دەسەڵاتدار پرۆسە رەگەزپەرستیەکانیان خستۆتەگەڕو، ئەوەی تا ئێستا وەک مافی رەوای کورد بڕیاری کۆتایی بۆ نەدراوە ئەوان هەریەکە لەژێر پەردەی داخوازی ئیسلامی (دەوڵەتی) و رێژەی بوونی کەمە نەتەوەو پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و قوولکردنەوەی برینە سارێژنەبووەکانی بێ مانای شەڕی ماڵ کاولکەری کورد لەگەڵ خۆیدا.. ئاستەنگیان بۆ بەدی هاتنی ئاکامەکانی ئەم ئەزموونە خولقاندووە.. هەروەکو لەسەردەمی پەیام بەری ئیسلامی محەمەد (د.خ) چیرۆکی ئەفسانەییان هۆندۆتەوە تا کورد لە هەرمافێکی نەتەوەیی رەوای خۆی بێبەش بکەن، بۆیە لەبەرامبەر سەرهەڵدانی هەر بزوتنەوەیەکی پێشکەوتن خوازو رەوای زانستی و نیشتمانی و نەتەوەیی کوردا، درۆو بوختانی لەرێ لادان و مەجوسیەت و کوفرو جوداخوازیان بۆ هەڵ بەستووین و تابۆیان لوابێ هەناسەیان لەو بزووتنەوانەدا بڕیوەو تاوانباریان کردوون.

هەموو مافێکیشیان بەخۆیان داوە (چ دەوڵەتانی کۆلۆنیال کەری جیهانی و چ دەوڵەتانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە)بۆ تەفروتوناکردن و ئەنفال کردن و زمان و مێژوو و کەلەپور سڕینەوەو کاولکردنی هەزاران گوندو شارو شارۆچکەی کوردستانیان خاپوورکردووە تاکار گەیشتۆتە ئەنجامێک نەتەوە سەردەستەکان کوردیان بەنەتەوەی پلە (دوو) لەقەڵەم داوەو هەروەکو ئێستا چۆن بەچاوی خۆمان دەبینین لەهەندێ پارچەی بەزۆر لکێندراو بەدەوڵەتە ناسیونالیستە رەگەزپەرستە مەزهەبی و ناسیونالیستی یەکان لەبچووکترین و کەمترین مافی نەتەوەیی و فەرهەنگ و بەکارهێنانی داب و نەریتی زمانی زگماکی خۆیان بێبەش کراون. ئەم لێکۆڵینەوەی پرۆفیسۆر جەمال نەبەزی زانای مێژوو و کۆمەڵناسی هەڵکەوتوو وەک سەربوردەیەکی مێژوویی دەبێ بە چاوگەیەکی پیرۆزی رۆشنبیری و مێژوویی و

کۆمەلایەتی لەبەرچاو بگیرێ، چونکە وەک پەیامێکی مێژوویی لەتوێی قەوارەکەی دا حەقیقەتی بەسەرهات و رووداو ئاکارە رەش و سپی یەکانی مێژووی بێ خودایی دەسەلاتدارە نەتەوەیی یەکانی لەژێر پەردەی موسلمانەتی و برایەتی و هاوئاهەنگی و هەمەلایەنە پاراستووە تا نەوەکانی ئەمرۆی گەلەکەمان و روناکبیرە خاوەن ویژدانەکانی ئەم نەتەوانە چیتر خۆیان بەبێ لایەن دانەنێن و چیتر چاوپۆشی لەو زولمە بێ ئەندازەیەی سەرکردەو سوپا بالادەستەکانی نەکەن. هەر ئەم ستەم و زولم و تاوانانە بوون وایان لەسەرجەم گەلی کوردی زۆرلێکراو کردووە خوێنی بە لێشاو فیداکاری سەخت و مەرگی بەکۆمەل هەلبژێرێ بۆ کۆتایی هێنانی ستەمی نەتەوەیی و میللی و چیتر لەسەرخاکی باوک و باپیرانی ئاوارەو بێچارە ترۆ نەکرێ.

ئەم لێکۆلینەوە زانستی یە چمکێکی گولبژێری بەرهەمە فیکری و مێژوویی و شۆرشگێریەتی پرۆفیسۆری هەلکەوتووی کورد جەمال نەبەزە شایستەی بەهێند گرتن و بایەخ پێدانە لەلایەن هەموو کەسێکی رۆشنبیر خاوەن ویژدان و لایەنە مەزهەبییە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستان و جیهان.

**وەرگێر**
**سوارە قەلادزێی**
**٢٠٠٤/١٢/٢٨**

## ( بەناوی یەزدانی مەزن و میهرەبانەوە )

سوپاس و ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگار، ئارامی و ئاسایش بۆ مرۆڤایەتی دەخوازین، دوایی:

ئەم کتێبەی لەبەردەستتان دایە بریتییە لە راپۆرتێک یان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەزانایەکەوە بیستراوە کەبەناوبانگترین و ماندوو نەناسترین پرۆفیسۆرێکی کوردە لەهەندەران ئەویش زاناو بلیمەتی ناسراو دکتۆر (جەمال نەبەز)ە. ئەم کێشەیەی لەو راپۆرتەدا دەخرێتە بەردەم ئامادەبورانی کۆنگرە لەبەرچاوترین کێشەکانی بەرنامەی ئەم کۆنگرەیەیە لەسەر ئاستی ناوچەیی و بەرێژەی کیشە جیهانی یەکان.

لەباسەکەی ئەم زانایەوە کەریشەی چارەسەری ئەم مێژووە تاڵ و تفت و پڕ لەستەمەی شیکردۆتەوە - سەرجەم دیدەو گوێچکەی ئامادەبوانی بۆ لای خۆی کیش دەکات بۆ بیستنی ئەم راستیانەو ئەم سەرنجە وردانە لەگەڵ تیرامانی ژیرانەو هەڵویست وەرگرتنەوە بەرامبەری، کەچۆن باوەڕی ئاینی وەک چەکێک بۆ ئەوەی کوردی پێ بکرێ بەقۆچی قوربانی بەکارهاتووە، تالانی و دەستکەوتەکانیش لەژێر پەردەی موسڵمانەتی یەوە بچێتە تەنکەی باخەڵی عەرەب و فارس و تورکەوە، کەتەنانەت بەردەوام تائێستاش خەریکی ئەم دابڕکاریەن. چۆن سەردەمی کۆن تورک و فارس و عەرەب لەپیلان و فێڵ و تەڵەکەدا بوون، کەمتەرخەمیان نەکردووە بەناوی بەرژەوەندی و خزمەتی موسڵمانیەتەوە بەرامبەر میللەتێکی وەک کوردی هاو ئاین و باوەڕو برا، وەک چۆن بەردەوام خەریکی ئەو داگیرکاری و دەست بەسەرداگرتنەن، بەوەی ئەوەیان بیرچۆتەوە کەلەفەرهەنگی ئاین و مەزهەب دا ئەو یاسایە رەوا بڕیاری لەسەردراوە کە (مرۆڤ برای مرۆڤە مافی دراوسێ لەسەر دراوسێ یە) و رەوایە. بەتایبەتی مافی کورد. لەوەش دڵنیابوون کە کورد هەڵگری ئالای زانست و زانیاری بووە. چاودێرێکی بێ لایەن ئەوشتە بەدی دەکا کەچاوەکانی دێنێتە فرمیسک باران. ئەوەش دەبیستی کەهەردوو گوێچکەی ئازار

دەدا. لەو زوڵم و زۆرە ناڕەوایەی بەبێ هۆکارو بەڵگەو ڕاستیەک دژ بەکورد ئەنجام دەدرێت. بەڵگەکانیش بۆ خستنە بەرچاوی ئەم ڕاستیانە بەڵگەنەویستن. بۆ ئەوەی برا عەرەبەکانی پێ تاوانبار بکرێت لەگەڵ تورک و فارسەکان دا، بەوەی کە ئەوانە هەمووﻻیەکیان شۆڤیەنیست و ڕەگەزپەرست بوون. بەپێی سەرجەم یاسا مرۆڤایەتی یەکان. بەپێی نەریتی ئایین ڕەفتاری ئەوان بەتاغوتی و دکتاتۆری دادەنرێت.. بەلێکدانەوەی سەرجەم نەریتە مرۆڤایەتی و مەزهەبیەکان. بێجگە لەوپەندو وانەیەی کەدەفەرموێ (من رحم منهم ربک وهم قلیلون) ئەوانەی کەیەزدان ڕەحمی پێ کردن لەناو ئەواندا کەمن) ئەم لێ هەڵبواردن و لەبێژنگ دانە عەرەب و تورک و فارس دەگرێتەوە... ئەویش نەک لەبەر ﻻیەنی نیشتمانی و نەتەوەیی بووبێت، بەڵکو لەبەر ﻻیەنی باوەڕی و ئیسلامیەتیەوە بووە. چونکە بەرنامەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزو نەریت و ڕەوشتی پڕ لە بەخشندەیی محەمەد پەیامنێری یەزدان، وەک چەکێکی خێرو چاکە. کەچی ئیستا دوای تێپەڕینی (١٤) سەدە وەک چەکێکی کوشندە ﻻی ئەوانەی تائیستاش بەنەفامی لەوکاتەوە کەبوون بەموسڵمان یان خۆپەرستانە بەنەزانی ئاینی ئیسلامیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە.. تاوانی تر ڕەچاو دەکەن و نەزانانەتر ڕەفتارەکانیان دزێوتر بەکاردەهێنن. بۆیە لەسەر گەلی کورد بەپێویستی دەزانم زیاتر لەخەڵکانی تر کەگوێ لەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرت و سەربوردە مێژوویی یە بگرن. ئەو کتێبە بخوێننەوە چەند جارێک، نەک هەر لەڕوانگەی (زانستیەوە) بەڵکو بۆ یادەوەری و لەبیرنەچوون، تاچیتر هەڵخەڵەتێنەران لەوەپتر کۆمەڵگا چەواشە نەکەن یان پتر خۆیان هەڵبخەڵەتێنن. دەبێ ئەوەش بزانن، (هەڵخەڵەتێنەران)، ئەو هەل و مەرج و سەردەمە لەوە زیاتر لەبەردەستدا نەماوە لەوە زیاتر بتوانن بازرگانی بەئایین و مرۆڤایەتی یەوە بکەن. یان بازرگانی بەڕەوشت و ویژدانەوە بکەن.

دەبا ئەوە بزانن کەکاتی ئەوەهاتووە تەنیا بەشانازی یەوە لەسەرکارو هەڵوێستی چاک مژدەدەری ناوەرۆکی قورئان بن..؟( ازفها الیهم مزله من رب العالمین لامثالهم.. فلیسمعها اعداء الله الطواغیت المستکبرون من العرب والفرس و

الترک والاخرون...) خەڵکانی تریش، ئەمە وادەو بەڵێنی یەزدانی مەزنە دەبا هەرچی زۆر لێکراوە لەگەڵ کوردانی سەرگەردان گوێ یان لەو بانگەوازە بێ کە ئەمە بەڵێن و وادەی یەزدانە..:

( ونريد ان نمن على الذين استضعفوا فى الارض ونجعلهم ائمه ونجعلهم والوارثين ونكمن لهم فى الارض) فهولاء فى عصرنا الاكراد « والله لايخلف الميعاد».

(ئێمە بەو هەڵوێستە دەمانەوێ ئەوانەی کەم دەست کراون لەسەر زەوی و تائێستا سەرگەردان بوون، وەک خاوەن تواناو لێهاتوو جێگر تەماشایان بکرێ هەموو مافێکی رەوای خۆیان بۆ مسۆگەربکرێ لەسەر زەوی..، ئەو بەش خوراوانەش کە لەوانە رۆڵەکانی گەلی کوردن لەم سەردەمەدا، یەزدانیش نەدوا دەکەوێ و نەبەپێچەوانەوە رەفتار دەکات.

**١٩٩٧/١٠/٢٧**

**پرۆفیسۆر دکتۆر**

**محەمەد سالح گابوری**

## ئامادەبوانی بەڕێز..
## خوشکان ... برایان ..؟

بەخێرهاتنتان لێدەکەم.. بەخێرهێنانێک و سلاولێکردنێک کەبەتروسکەی روناکی و خۆشەویستی و دلنیاییەوە خۆی بنوێنێ بەخێرهاتنتان بۆ رادەگەیەنم.. بەخێرهاتنێک گوڵاو پرژێن کرابێ بەشنەی خۆشەویستی و بەرامەی ئاشتی.. سوپاسێکی بێ پایانی خۆم بەبەرپرسانی ئەم کۆنگرەیە رادەگەیەنم..، کەلوتفیان نیشاندا بۆ بانگێشت کردنم بۆ بەژداری کردن لەم کۆنگرەیەدا، بۆ ئەوەی ئەم راپۆرتە وتارە مێژوویی یە سازبکەم و بخوێنمەوەو رابگەیەنم.. هەروەکو لەناخمەوە سوپاسی ئەم خوشک و برا ئامادابووانە دەکەم کەهاوکاریان کردم بۆ گوێ گرتن لەوتارەکەم. خوازیارم لەپەروەردگار سەرمان بخات بۆ هەر ئەرک و کارێک کەدەبێتە مایەی خۆشی و شادی و ئاسوودەیی مرۆڤایەتی بەگشتی. بە تایبەتی ئەو کۆمەڵگا سەرگەردان و زۆر لێکراوانەی لەم دونیایەدا تائێستاش چەپۆکی خۆپەرستی و ویستی زیادەرۆی لەئارەزورو و هەوەس بازی مادی جۆش دراو بەبەرچاو تەسکی و کینەو دوبەرەکی نانەوە رێبازیانەو چاوی داگیرکاری و تالان کاری و کوشت و کوشتاریان تێرنابێ..

خوشکان .. برایان..؟!

پێش ئەوەی شۆڕببمەوە بۆناو کرۆکی باسەکەم تکا دەخوازم لەئێوەی هێژاو بەڕێز تێبینی دوولایەنی گرنگ بکەن:

یەکەمیان: پەیوەندی بەخودی خۆمەوە هەیە ئەویش ئەوەیە: من بەدرێژایی تەمەن لەم جیهانەدا بەوە خۆم راهێناوە تا بۆم لوابێ تەنیاو تەنیا ئەوشتانەم وتوە کەسەد دەرسەد پێم وابووە راستن و باوەڕیم پێ یان هەبووە. لەهەمان کاتیشدا تا توانیبێتم زاراوەو ئاخاوتنی شیرین و رستەو وشەی پڕ ئەدەب و شکۆدار بەدەستمەوە بێ وادەدوێم و دواووم.

بەڵام هەرگیز وام نەکردووە سەوداو مامڵەتم کردبێ تا ئەم ئەدەبە کاربکاتە سەر ناوەڕۆکی روونکردنەوەی ئەم باسانەی وەک هەق و راستی رووداو دەقاو دەق وەک خۆیان دەیانخەمە بەردەم بەڕێزتان بێ پەردەو گرێ و گواڵ. رێگا بەخۆم نادەم بابەتی موجامەلە کردن لە نرخ و بایەخی ئەوەی مەبەستمە لەوتارەکەمدا بۆتان روونبکەمەوە

کەم بایەخ و بێ ناوەڕۆک بکات یان زیانی پێ بگەیەنێ. ئەو راستیانە کەنامەوێت لەدوورو نزیکەوە یان لەبەر خاتری خاتران نەیان درکێنم و پەردەپۆشیان بکەم، لەوەبیرهێنانەوەو خستنەرووی ئەم راستیانە هەرگیز منەتی کەس هەڵناگرم، سڵ لەدەربڕینیان ناکەمەوە. ناشیرین ترین رەوشت و نەریتێکیش (مامە حەمەیی کردن و درۆکردنە). ئەم تایبەتمەندیانە رۆڵی کەسایەتی ئینتیهازیانەو بەدووزمانی و دووڕوویی لەرەوشت و کردەوەدا دەنوێنن. لەبەر ئەوە تکام لەسەرجەم گوێگران ئەوەیە کەراستەوخۆو راشکاوانە شێوازی گێڕانەوەو باس و لێکۆڵینەوەکەم واداڕشتووە کەلەگەڵ نەریتی تایبەتمەندیەتی کەسایەتی رۆشنبیرم هاوتەریب بن نەک بەموێ دڵی کەسی پێ رازی بکەم لەم راستییەوە تێم بگەن باشترە. شێوازی گێڕانەوەو قسەلەسەرکردنەکەی منیش لەخشتەیەکی بابەتی رووبەڕوویێ پەردەو پێچ و پنا، بەدوور لە زیادەڕەوی چ لەرووی لایەنی خۆشەویستی یان بەڕوودا هەڵشاخین نووسراوە، بەدوورە لە هەموو لایەنەکانی پینەو پەڕۆکردن و رووپۆش کردن و پێچ و پەناوە، سوپاستان دەکەم. بەڵام تکای دووەمم: پەیوەندی بە رۆڵەکانی گەلەکەم لەگەڵ هاوولاتیە کوردستانیەکانەوە هەیە کە ئامادەی ئەم کۆنگرەیەن.

ئەمرۆ لەم هۆڵە بەگەرمی و دڵخۆشی و روخۆشییەوە بەرەو پیرم هاتن پێ خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، بە هاوبەشی کردنم لەم کۆنگرەیەدا. لەگەڵ هەمان پێشوازی و پێ خۆشحاڵیەش دەستەیەکی تر هەبوون ناڕەزایەتی خۆیان نیشاندا بەرامبەر بەوەی کەمن وتارو لێکۆڵینەوە مێژووییەکەم بەزمانی عەرەبی پێشکەش دەکەم و ئەوانیش لەم زمانە تێ ناگەن. من کەسێکی سەرپەرشتیاری ئەم کۆنگرەیەنیم، وەک میوان هاوبەشی تێدا دەکەم. داخوازی یەکەم ئاڕاستەکراوە کەلەم هاوبەشی کردنەدا بەزمانی عەرەبی لێکۆڵینەوەیەک پێشکەش بکەم. خۆ ئەگەر پێشنیاری ئەوەی بکردایە هەمان لێکۆڵینەوە بەزمانی ئینگلیزی یان ئەڵمانی بخوێنمەوە سودو کەڵکی دەها جار زیاتر دەبوو. بەتایبەتی بۆ ئێمە کە لەئەوروپا دەژین.

ئەوە بە من راگەیەنرا کە ئەم کۆنگرەیە تایبەتە بەموسڵمانان نەک پەیوەندی بەخەڵکی ئەوروپاوە هەبێت. ئەمەش لەخۆیدا کارێکی راست و رەوایە، زمانە سەرەکیەکانیش بۆ ئەم دیدارەوێچوترە کەعەرەبی و تورکی و فارسی و کوردی بن، ئەوان تکایان لێکردم کە لێکۆڵینەوەکەم بەزمانی عەرەبی بخەمە بەردەم ئامادەبووانی کۆنگرە. هەروەکو پەندە کوردییە بەناوبانگەکەش دەڵێ:

(Mevan Kere xudane maleye)

( الضيف مطيه المضيف) (میوان کەری خانە خۆی یە). بەواتە میوان دەبێ بەهەرشتێ رازی بێ کەدەخرێتە بەردەمی وەک خواردن و خواردنەوەو جێگای نووستن و حەسانەوەو زمانی ئاخاوتنیش، یان هەرشتێکی تر بە بێ رازی و رەتکردنەوە. (بەڵام لەم بوارەداو لەسەر بنەمای گۆرانکاری یە شارستانی یەکان مەرجە بژێوی و ئابووری یەکان و گۆڕان بەسەر زمانی رۆشنبیری بابەتی سەردەم دەشێ بڵێم هەندی پەندو حیکمەتی لەم بابەتە بەرەو سوان بچن و ئێکس پایەرین و سەردەمیان بەسەر بچێت). بەوە من گوێ رایەڵی خانە خوێم کردو لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا داوەت نامەکەم قبووڵ کردبوو لەگەڵ لێبوردن دا. بەو هومێدەی رۆژگار هاوکاریمان بکات بۆ هەمان بابەت بەزمانی کوردی پێشکەش بەخوێنەرانی ئازیزی بکەین..١)

**خوشکان ... برایان ..؟**

وەک هەندێ پەندو حیکمەت و وتەکە وتراوە (ئێمە هاتنە دنیامان بەویست و ئیرادەی خۆمان نەبووە)، خۆمان لەسەر خرۆکەی ئەم زەوی یەدا دیتەوە بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێ پرسیاری ئەوەمان ئاراستەبکات کەئەم بەدنیا هاتنەمان بەئارەزووی خۆمان بووە.. یان .. نا؟ (لێرە مەزنی پەروەردگارێک خۆی نیشان دەدا - نووسەر - بەمەزنترین ماناو کامڵ ترین شێوازی وێنەکەیەوە). (ئەمەش نموونەیە بۆ ئایەتەکانی یەزدانی گەورەمان، کە خۆی دروستکەری زەوی و ئاسمانەو ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە) (٢) مرۆڤیشی وەک هەموو زیندەوەرێکی تر لەنێرو مێ دروستکردووە. لەسەر شێوازو نەتەوەی جۆربەجۆر لەوانەش وەک میللەتی کورد. بەڵێ یەزدان خولقێنەری گەلانی دنیایە، هەروەکو لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:

دەبا بزانن(٣)، بەواتا دەبا تێ بگەن، رێک بکەون لەنێوان خۆیاندا.. نەک بەو پێچەوانەیە یەکتر بکوژن و یەکتر قەلاچۆبکەن. نەک لەگەڵ یەکتردا دردۆنگ بین، نەک خۆیان بەلووت بەرز بزانن لەسەر ئەوانی تر. لایەنەکانی تر بەلاوازو بەچاوی سوک تەماشابکەن. وە لەئایەت و فەرموودەکانی تری دا (٤). وەک بوونی جیاوازی لەزمان و رەنگدا. بوونی گەلی کوردیش وەک بوون و بەدنیا هاتنی هەر نەتەوەیەکی تر بەخواناس و خاوەن باوەڕی ئاینی داناندرێ و ناناسرێ کەباوەڕی بەیەزدان هەیەو لەهەمان کاتیشدا فتوای لەناو بردن و ئەنفال کردن و توانەوەی گەلی کورد دابنێ بەسەر نوبشت و ئایندەو کلتورو کەلەپووری مێژوویی کورد بکات. یان رووناکی خۆری ئازادی لێ بشارێتەوەو بیچەوسێنێتەوەو لەگەڵی دا بەجەنگێ بە هەرناوو ناتۆرەیەکەیەوە بۆی هەڵ ببەستێ.

**خوشکانم .. برایانم..؟**

گەلی کورد خاوەنی رابردوویەکی پڕ لەسەروەری و کەلەپوورو کەلتورێکی دێرین و قوولە، بەدرێژایی هەزاران ساڵ. نیشتمانەکەشی (کوردستان) رەنگە هەوار جوانترین و بنەمای چەندین شارستانیەتی و دابەزینی دەیان لە پەیام بەرانە. بێشکەی یەکەم هێلکەی پیتراوی مرۆڤایەتی یە، ئەمەش هەروا سەرزارەکی نەگوتراوە بەڵکو پشت ئەستووربن بەبەڵگەی دروست و دان پێدانانی چەندین کتێب و نووسراوی پیرۆز..٥( ئەوەتا کەشتی یەکەی نوحی پەیامبەر لەدوابەندەری دا لەسەر چیای (جودی) لەکوردستان گیرساوەتەوە هەروەکو لە ئایەتی (٤٤) لەسوورەتی (هود) دەربارەی کەشتی نوح هاتووەو دەڵێ:

( وغيض الماء وقضي الامر واستوت على الجودي، وقيل بعدا للقوم الظالمين)
تۆفان و سێڵاو هەستاو کارەسات بەرپابوو کەشتی لەسەر چیای (جودی) ئارامی گرت، وتراوە ئەمەش بۆ رزگاربوون لەدەست نەتەوەی زۆردار. بەردەوام تا ئیستا ئەم چیایە سەربڵندە لەناوەڕاستی نیشتمانی کورداندا وەستاوە، هەروەک مانەوەو وەستانی سەرجەم چیا سەرکەشەکانی تری کوردستان ، رەنگین بەخوێنی رۆڵە کۆڵنەدەرەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە. ئەمڕۆ ئەم چیایە پێشوازی لەکوردە بێچارەو سەرگەردان و کۆڵنەدەرو سەربڵندەکان دەکات، کەلەوێندەرێ ئەم چیایەیان کردووە بەحەشارگەی خۆیان بۆ خۆپاراستن لە بکوژانیان و ئاوارەبوون لەگوندو شارو شارۆچکەکانیان بەوە لەم چیایەو ریزە چیاکانی تردا ناچار کراون پارێزگاری لەگیان و سەرو سامان و شەرەفیان بکەن. ئەمەش لەترسی جولەکان و مەسیحیەکان نییە، بەڵکو لەبەدبەختی رۆژگارو بەداخ و مخابنێکی زۆرەوە لەترسی هێرش و پەلاماری برا موسڵمانەکانیانە لەتورک و عەرەب و فارسەکان لەترسی ئەو خۆ بەزۆر زانانەیە.

**خوشکانی هێژا ... برایانی بەڕێز؟**

مێژوو ناسەکان و رۆژهەڵات ناسەکان دەڵێن: ئاینی ئیسلامی لەساڵی هەژدەهەمی کۆچی یەوە خۆی خزاندە کەنارەکانی کوردستانەوە بەواتە لەدەوروبەری (٦٤٠) زایینی (داگیرکارە موسڵمانەکان بەر لەوەی بگەنە کوردستان رووبەڕووی جەنگێکی خوێناوی بوونەوە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ساسانی (٢١١ - ٦٥١ز) ئەو ئیمپراتۆریەتە ئەو سەردەمە باڵادەست بووە بەسەر کوردستانداو عێراق و بلوجستانی ئەو سەردەمە (تەیسەفون) (المدائن) کە کەوتبووە نزیک پایتەختی ئەم ئیمپراتۆریەتە بوو. (هەر بەم بۆنەشەیەوە وشەی بغداد ، وەرگیراوەو گۆڕدراوە

لەوشەی بیگ داتا BEGA DATA ی کوردی ئێرانی کۆن. ماناکەشی (خێری خوا) دەگەیەنێ (٦) بەڵام لەشکرو سوپای بێ شوماری دەوڵەتی ساسانی کەبەتیرو کەوان و رم خۆیان پڕچەک کردبوو نەیان توانی بەرگەی پەلاماری عەرەبەکانی شمشێر بەدەستی بیابان بگرن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەرچەندە ئەم شکستیە زۆر هۆکاری تری بەدوادا هاتبوو کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم دەرفەتەمان لەبەردەمدانییە بتوانین هەموو لایەنەکانی وەکو بووە شی بکەینەوە. دوای ئەوەی (تەیسەفون) و (مدائن) لەئاداری ساڵی ٦٣٧ ز کەوتە دەست موسڵمانان، دوای ئەوە وایان دانا کەئەوان گەیشتوونەتە (کوردستان) بەمەش رووبەڕووبوونی راستەوخۆ لەنێوان عەرەب و گەلی کوردستاندا بەرپابوو. لێرەدا بەپێویست دەزاندرێ دووپاتی خاڵێکی گرنگ بکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کەجیاوازیەکی بەرچاو لەهەڵکەوتنی باری سایکۆلۆژی و بایۆلۆژی و ئاینی لەنێوان گەلی کوردو گەلی عەرەبدا هەبووە، لەرووی باوەڕبوونیان بە یەزدان لەگەڵ روخساری ژیانی کۆمەڵایەتیان دا.

کۆمەڵگای عەرەب هەروەکو هەموو لایەکمان دەیزانین پێش ئیسلام بوت پەرست و تاغوتی و خاوەن (غەرانیق)بون یاساو نەریتە کۆچەری و جاهیلی یەکان فەرمانڕەوابوون، وەک:

زیندەبەچاڵ کردنی کچان، ناکۆکی خێڵەکی و تایفەگەری، تۆڵەسەندنەوە(الثأر) پەلامارو تالان برۆ بازرگانی کردن بە کۆیلە بەواتا کۆیلەداریەتی، ژن فرۆشتن، یاسای فرەژنی، ئەوان کۆمەڵگایەکی شێوە هەمەجی بوونە - دژ بەهونەر پیشەو پیشەسازی و بەدووربوون لە دنیای شارستانیەتی. بەڵام کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی بەهۆی بڵاوبوونەوەی باوەڕی غەیبی لەناویاندا لەسەردەمی زۆر کۆنەوە وەک : میسرانی - زەردەشتی - جولەکە - ئیسایی و مانی یەوە کە ئەم باوەڕیانە بوونەتە هۆکاری پێکهاتەی (میسولوجیای سنسکریتی) یەوە (٧). لەناو کۆمەڵەی کوردەواری باوەڕو خواپەرستی باو بووە بەخوایەکی زیندووی هوشیاری خاوەن لۆجیکێکی هەست پێکراوی نادیار (غیرملموس) و نەبینراو بۆ ئادەمیزاد. کشتوکاڵ و پیشەسازی و هونەرو بازرگانی جێگای شیاوو گرنگی پێدانی و رێزلێنانی کوردان بووەو پلەوپایەیەکی بێ مانەندی بووە بە تایبەتی بەلای کوردە گۆڕانەکانەوە(٨).

ژن لەکۆمەڵگەی کوردەواری دا هەمیشە شوێنی تایبەتی بۆ داندراوەو هاوبەشی کاری بەرهەم هێنانی کردووە.(٩) ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج بۆ راکێشانە ئەوەیە

کەلەو سەردەمەدا عەرەبەکان بەکوردستان و عێراق یان وتووە (بلاد الرافدین) یان وڵاتی (سواد). بە پێچەوانەی نیمچە دوورگەی عەرەب کە بەوشکایی و لم و بیابان ناسراوە، هەروەکو یەزدانی گەورە لەقورئاندا بەوڵاتی (بوادی غیر ذی زرع) ناوی بردووە. گەلی کورد لەسەرەتای پەلاماردانی لەشکرەکانی عەرەبی موسڵمان دا بەربەرەکانی کردوون و رووبەڕوویان بوەتەوە. لەزۆر کتێب و نووسراودا هێرشی موسڵمانان بۆ سەرکوردستان بە (داگیرکەر) ناوبراوە، وە لەهەندێ سەرچاوەی تری کوردیدا هەواڵ و دەنگ و باسی چەندین شەڕوشۆڕی خوێناوی دڵتەزێن لەنێوان سوپای پەلامارەدەرو دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستان نووسراوەو پارێزراوە، لەکوردستاندا زۆر گۆڕستان تائیستاش بەناوی گۆڕستانی ئەسحابان یان دۆڵی ئەسحابان یان هەندێ بەناوی (گۆڕەگاور) یان قەبرستانی کافران یان گاوران ناونرابوون و ماون.. بۆ نموونە: دۆڵی کافران یان گاوران لەکۆیە (Koye) یان دۆڵی شەهیدان کەدەکەوێتە بەینی ڕێگای قەڵادزێ و گەڵاڵە. هەروەها سەحابەی ناسراو بە (ابو عبیدە الانصاری) لەدێی عەبابەیلێ نێژراوە... وە (ئەبابەیلێ) کەوتۆتە نزیک هەڵەبجەی شەهیدەوە.. ناوی (ئەبابەیلێ) گۆڕدراوە لە (ابوعبید)ەوە (١١). هەروەها لەناو شاری سلێمانی ئێستا مەرقەدێکی بێ ناو و پێناس بەناوی (ئەسحابە سپی ) الصحاب الابیض) هەرماوە. تەنانەت ئەو گەڕەکەش بەناوی ئەسحابە سپی ناودەبرێت. دیسانەوە گۆڕی شەڕکەری ئازای موسڵمانان ناسراو بە (ابو ذر الغفاری) لەشاری (Semsur / ئاریامان)ە لەباکوری کوردستاندا.

ئەمانەی کەخستمانە بەرچاو ئامادەبووانی کۆنگرە هەمووی ئەو بەڵگانەن کەئەو راستییە دەسەلمێنن لەرووداوەکانی ئەو سەردەمە لەمێژووی کوردو ئیسلامدا. لێرەدا هەندێ نیشانەو بەڵگەی باوەڕپێکراوی مێژوویی هەن دەری دەخەن و دەیسەلمێنن کەلەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامی پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوانی محەممەدی پەیامبەر (دروودی خوای لێ بێ) لەگەڵ کوردان دا هەبووە. وەکو زاندراوە (گاونی کوردی) (جابان الکردی) (Kaban /Gaban)یەکێک بووە لەیاوەرەکانی نێردراوی خوا - محەممەد. لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی زۆر قسەوباس لەدەمی پێغەمبەر دەگێڕنەوە، لەڕووی مارەیی و زۆرشتی ترەوە (١٢). هەر لەم بارەیەوە زانای ناسراو (محمد شوکری الالوسی) لەکتێبە ناسراوەکەیدا کەناسراوە بە (روح المعانی) لەتەفسیرەکەیدا کەپشتی بەلێهاتوویی و جیاکردنەوەی ئەسحابەی کۆڵنەدەرو جەربەزە بەستووە.

میللی و ئیهانەو دەربەدەری و کاولکاری و قەڵاچۆکردنە بەکۆمەڵەی پاداشتی کوردی ستەمدیدە بووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و رابەرانی ئاینی ئیسلامەوە یان دووبارە بۆتان سەرژمێربکەم کەلە جێگای چاکەکردن و بەتەنگەوە هاتن و رێنمایی و خزمەت پێکردن وەڵامیان دراوەتەوە، بەردەوامیش ئەو تاوان و بەئەنفال کردن و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی ئەم گەلی کوردەیە بەدەست دەوڵەتانی بەنێو ئیسلامییەوە هەتک دەکرێت. بەدرێژایی ماوەی هەزارو سێ سەدساڵ بەر لەئێستاو ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ لەدەریای کاتژمێرێک یان زیاتر (١٣) . تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوە چەند نموونەیەک بەڵام زیندووی ئەم تاوانکاریەتان بۆ بگێرمەوە بەو هیوایەی ئەو سەربوردە تاڵ و رەفتارە ناهەموارانە کەڵک بە باوەڕهێنەران لەخواترسان دەگەیەنێت.

**خوشکان .. برایان ...؟!**

دەبێ ئەوە بزانین و لەخۆمانی نەشارینەوە کەنکوڵی و دڕدۆنگی نەتەوەیی لەسەردەمی پەیامبەر (محەمەد) درودی خوای لێ بێ ( ٥٧٠ - ٦٣٢ ) سەری هەڵداوە، هەر لەو سەرەتایەوە خەڵکی جیا لەعەرەب هاتوونەتە نێو بازنەی ئەم ئاینە نوێیەوەو باوەڕیان پێهێناوە لەوانە - بیلالی حەبەشی - سەلمانی فارسی - سوهەیبی رۆمی - گاوانی کوردی.

ئەمانە خزمەتی مەزنیان پێشکەش بەئاینی ئیسلام کردووە. لەبەرامبەردا محەمەد بۆ خۆشی خۆشی ویستوون و رێزی گرتوون و ستایشی کردوون لەنەخشەو بنەماڵەی ئەهلی بەیتدا پەزیرایی بەرامبەریان ئەنجام داوە (١٤). لەوکاتەدا یاوەری عەرەبەکان پەیامبەر (محەمەد) پشتی گرتوون و بەرگری لێکردون و هەڵوێستی گرتووە ، کەپێناسەی تایبەتی بەجێگای پێناسەی رەگەزپەرستی وەک پەندو عیبرەت تا یاوەرە عەرەبەکانی لەسەر رابهێنێ. هەروەکو فەرموویەتی:

(یا ایها الناس، ان الرب واحد، والاب واحد، ولیست العربیه لاحدکم بأب ولا أم، وانما هی اللسان.. فمن تکلم بالعربیه فهو عربی(١٥))، ئەی خەڵکینە خودایان یەکە، باوکمان یەکە، عەرەبچیەتیش بۆ هەریەکێک لەئێوە نەباوکەو نەدایکە بەڵکو (یەکەی زمانە) و بەس هەر کەسێک زمانی ئاخاوتنی عەرەبی بوو ئەو کەسە عەرەبە).

هەرچەندە لەسەردەمی پەیامبەردا تێکەڵاوییەکی بەربڵاو لەنێو نەتەوەی عەرەب و جیا لە عەرەب بەشێوازێکی گشتی سەری هەڵنەدابوو، تا کێشەی نەتەوایەتی

بگاتە ئەو رادەیەی کە پەیامبەری بلیمەت و لێهاتوو بتوانێ لەقەوارەی بەرنامەی نایینەکەیدا رێو شوێنی گونجاوو چارەسەری شیاوی بۆ بڕەخسێنێ. ئەو کێشە نەتەوایەتی یەی نێوان عەرەبە ئیسلامەکان و باوەڕهێنەرانی جیا لەعەرەب دوا بەدوای سەرهەڵدانی داگیرکاری و دەست بەسەرداگرتنی وڵاتان لەدەرەوەی نیمچە دورگەی عەرەبیدا گەشەی کردو سەری هەڵدا. بەواتە لەسەردەمی خەلیفەکانی راشدیندا. لەدوای ئەوانیش ئاگری دڕدۆنگی و ناحەزی و دوژمنایەتی کردنی یەکتری دەستی پێکردو سەرەتای دەسەڵاتی ئەمەویە رەگەز پەرستە شۆڤینیستەکان سەرەتای کڵپەکردنی ئەم ئاگرە بێ ئامانەبوو تەڕو وشکی بەیەکەوە هەڵدەپروزان. هەرچەندە سەردەمی عەباسی یەکانیش سیمای ئەو دەمارگیریەو رەگەزپەرستییەی بەخۆوە دیتەوە، داگیرکەرە عەرەبەکان ئەو وڵاتانەی داگیریان کرد خۆیان بەدەسەڵادارو ببرو بکوژی سەر ئەم گەلانە دادەنا. بەڵام ئەم پرسیارە مەزهەبیەی لەناست ئەم دیاردەیەدا خۆی رادەپسکێنێ و خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە: هەروەکو بینیمان پەیامبەر محەمەد (د.خ) گەر لەوسەردەمە لەژیان دابا بەودرازی دەبوو کەلەشکری موسڵمانان ئا بەم شێوازە وڵاتان داگیربکەن و رەفتار لەگەڵ خەڵک و نەتەوەکانی ئەم وڵاتانەدا بکەن..؟ هەرودکو لەدوای کۆچی ئەودا رووی دا؟

لە راستیدا پەیامبەر محەمەد (د.خ) دژ بەخۆ زۆر زانینی رەگەزپەرستانەو نەتەوایەتی بووە، وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە زۆر گران دەوەستێ... بەشێوەیەکی نەبڕکەر. بەڵام هەندێ لەو راستیانەی کەبەڵگەو نیشانەکان سەلماندویانە کەوا خەلیفەکانی راشدین و ئەمەویەکان و عەباسی یەکان هەرگیز نەیانتوانیوە یان (نەیانویستووە) چارەسەرێکی گونجاو لەسەر داب و نەریتی رێبازی پەیامبەر (محمد) بۆ ئەم کێشە نەتەوایەتی یە داینێن. چونکە بەشێکی بەرچاوی خۆیان بەدنیایان هێناوە بەڵکو وەک ئاگری بنکا چیلکەشیان تێوەرداوە.. تەنانەت ئەو دوو دەولەتی دوابەدوای رووخانی دەوڵەتی عەبباسی (١٢٥٨ز) دروست بوون ئەوەندەی تر رەگەز پەرستانە وەک دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی. ئاگری ئەم خۆپەرستی و گیانی شۆڤینیەتیان بەبەر زوڵم و زۆرو کوتەکی دەسەڵاتی خۆیانداکرد... ئەمەش وایکرد کەرۆژ بەرۆژ رق و کینەو بێ خودایی زیاتر پەرە بستێنێ و ئەو کێشەیە بەردەوام وەک ئاگرێک لەکڵپە سەندندابێ بێ چارەسەری بۆیە تا ئەمڕۆ گەلی کورد ستەمدیدەو گەلانی تری موسڵمانی جیا لەعەرەب بەتێن و تاوی ئەم ئاگرە بێ ئامانە دەسوتێندرێن لەناو قەوارەی دنیای بەناو ئیسلامەتی یە.

**خوشکان ... برایان...؟**

دوای ئەوەی عەرەبە موسڵمانەکان توانیان دەست بەسەر بەشێک لەکوردستان و وڵاتی فارس دابگرن، سەردەمی خۆی زۆرینەی گەلی کورد باوەڕی ئایینیان لەسەر دینی زەردەشتی بووە، داگیرکەرە موسڵمانەکان لەسەرەتای دەسەڵاتیاندا لەناوچە دەست بەسەرداگیرکراوەکان دا ناچاربوون وەک سیاسەتی ئەمری واقیع دان بەوە دابنێن کە ئایینی زەردەشتی رەوایەو ئەو خەڵکەی (ئەهلی کتابن) رێگایان لێ نەگرتن بەمەرجێ جزیە بدەنەوە. ئەهلی زیمە، هەر بەو بۆنەیەوە ووشەی جزیە وشەیەکی کوردی کۆنی ئێرانیە بنەماکەشی گزیت - ە واتە بەردەوام تا ئیستا لەناو کوردەواریدا زمانی بەکارهاتو بەکاردێت بەمانای (ماڵ) بەکاردێت. یان ئەوبەشەی لەکەسێک وەردەگیرێت وەک فیدیەی شتێک.

سەرنج لەورستە کوردیە بدەن (گزی لەمن کرد). (gizi Limin Kird).

لەگەڵ ئەوەشدا قورئانی پیرۆز لە ئایەتی (٢٥٦) لەسورەی (بقرە)دا فەرموویەتی: بەوەی (لا اکراه فی الدین، قد تبین الرشد من الغی) کەچی ئەوەندەی نەبرد هەتا دەسەڵاتدارە موسڵمانە عەرەبەکان پشتیان کردە کوردو زەردەشتی یەکان دەستیان کرد بە بەربەرەکانی کردنی ئەم ئایینەو باوەڕ پێ بووەکانی، جەنگێکی بێ رەحمانەو دڕندانەیان بەرامبەریان بەرپا کرد، بێ بەزەییانە قەڵاچۆیان دەکردن ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی پشێوییەکی خوێناوی بەدوای خۆیدا بەرپا بکات. لەدوای دا شۆرشی بەربەرەکانی دژ بەدەسەڵاتی عەرەبەکان لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکرد. بەرەبەر بەددم تێپەڕینی زەمەن و سەردەمە چەوساندنەوە نەک هەر بەرامبەر زەردەشتی یەکان ئەنجام دەدرا، ئەو سنوورەی بەزاندو بەڵکو ئەو کوردانەشی گرتەوە کەبوون بە موسڵمان و بوونیشیان راگەیاندبوو.. بارودۆخەکە رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپتر دەچوو بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان (٦٦١- ٧٥٠ز)

ئەو ئەمەویانەی سیاسەتێکی توندی رەگەزپەرستانەیان گرتبووەبەر، مامەڵە کردنیان لەگەڵ کوردو فارس و نەتەوە جیا لەعەرەبەکان، مامەڵەکردنی کۆیلەدارەکان بوو بەرامبەر کۆیلەکانیان، یان وەک دەرەبەگ بۆ دەست و پێوەندەکانی. ئەمەوییەکان بۆ ئەوەی پێگەشەق و شرەکەی کورسی دەسەڵاتیان پتەوتربکەن، پێویستیان بەسەروەت و سامانی فرەتر هەبوو، لەبەر ئەوە یاسای (گزیەیان) لەسەر کوردو فارسە موسڵمان بووەکان داسەپاند. هەرچەندە لەسەردەمی خەلیفەکانی راشدیندا ئەو یاسایە نەیدەگرتنەوە. هەروەها خەراج (کەباجی زەوی و زاربوو)

دووباره بەسەریان سەپێندرایەوە. هەر لەوسەردەمەدا کوردێک یان هەرتایفەو کەس و نەتەوەیەک ئایینی ئیسلامی قبوڵ بکردایە بە (موالی) ناوی دەبرا.. ئەو وشەیەش لەریشەدا لەوشەی (الموالی) لایەنگری کەر هاتووە یان (هاوشان) کە وەک هەڵەی باو لەزمانی عەرەبیدا وەک وشەی (البصیر) لەدژە وشەکانە. ئەم وشەی (موالیە) لەخۆیدا لەجێگای وشەی بەڕێز: هێژا .. سەیدا دەگەیەنێ لەهەمان کاتیشدا مانای وشەی کۆیلە (العبد)یش دەگەیەنێ. ئەم موالیانە لەناو کۆمەڵگای عەرەبی دا سووک تەماشا دەکران. عەرەبەکان ئامادە نەبوون لەپشت مەلایەکی (موالی)یەوە نوێژ بکەن.

وە لەجەنگیشدا هێزی موالی دەبوایە پیادەڕەو (مشاە) بێت.

هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدەدرا بەسواری ئەسپەوە بجەنگن. ئەوسەردەمە عەرەبەکان لەو باوەڕە دابوون کە ئەم موالیانە تەنیا شایستەی کاری سوک و کەم بایەخن (١٦). دەبا گوێ لە شاعیری گەورەی عەرەب ابو (الطیب المتنبی) بگرین بزانین بەرامبەر بەو دیاردەیە چۆن دەدوێ (١٧).

**وانما الناس بالملوك وما      تفلح عرب ملوكها عجم**
**لا ادب عندهم ولاحسب      ولا عهود لهم ولاذمم**
**بكل ارض وطئتها امم      ترعي بعبد كأنهم غنم**
**يستخشن الخز (١٨) حين يلمسه وكان يبريء بظفرة القلم**

بەڵام ژن خواستنی یان کچ خواستنی (موالی) لەعەرەب ئەوە تاوانێک بوو کەهەرگیز لێبوردنی ڕەوانەبوو. ئەگەر ئەو کارە رووی بدایە دەبوا (والی) زۆر بە پەلە بڕیاری لەیەکتری جیابوونەوەو تەلاقدان رابگەیەنێ، بەڵام کچە کوردێک یان کچە فارسێک کە عەرەب دەستی بەسەرداگرتبا ئەوە وەک کۆیلەی جەنگ بەشە غەنیمەت و دەست کەوتی ئەو شەڕکەرە عەرەبە دەبوو، ڕەوابوو بەئارەزووی خۆی هەرچییەکی بەرامبەری ئەنجام بدابا.. ئەو جۆرە کۆیلە دارییە پێ ی وتراوە (السریە) کە کۆیەکەی (السراری) بووە مانای گشتی ئەم وشەیەش (کارەکەر) بۆ ژن (المرافقە) خزمەتکار) بۆ سەفەری شەو. شەڕکەرە عەرەبەکان بۆ هەوەس و فاحیشەش ئەم کۆیلە ژنانەیان بەکارهێناوەو لەگەڵیاندا نووستون و منداڵیان بووە، ئەو منداڵانەی بەم شێوازە کەوتوونەتەوە ناویان بە (هجین) بردون بەمانا (دورەگ) یان (منداڵی لکەباری) (المعیب) وەچەی (هجین) لەناو عەرەباندا بێزراو بووە. باگوێ بگرین لە شاعیری عەرەب (ربانی) لەوبارەیەوە چۆن دواوە:

**ان اولاد السراري   كثروا يارب فينا**
**رب ادخلني بلاداً   لا اري فيها هجينا (١٩)**

مانای بەیتەکە ئەوە دەگەیەنێ: وەچەی خزمەتکار یان ئیشکەرەکان لەناوماندا پەرەی سەندووە ئەی خوای گەورە بمخەیتە ولاتێک کەهەرگیز مندالی دوورەگ و لکەباری تێدا بەدی نەکەم. لێرەوە (موالی) یەکان یان هەر کۆمەڵ و کەسێک دانی بەوە دانابا کە عەرەب شایستەی دەسەڵاتداریەتی بەسەر هەموو وڵات و نەتەوەیەکدانییە بە (شعوبی) بەرامبەر هەر نەتەوەو تایەفەیەک تاوانبار کردنێکی گەورەبوو، لەبەر ئەوەی مانای دوژمنکاری بەعەرەب دەگەیاند بەقەدەر کوفرو هاوبەش پەیداکردن بۆ یەزدان بەراورد دەکرا، ئەو کەسەش کەهەڵگری ئەو بیرو باوەڕە دەبوو دەبوایە لەسەری بدرێ. هەر لەو بوارەدا گوێ لە (والی) خوراسانی ئەمەوی رەگەز پەرست (نصر بن سیار) بگرن بەرامبەر خەڵکی خوراسان لە کوردو فارس چۆن دەدوێ:

**قوم يدينون دينا ماسمعت به**
**من الرسول ولا جاءت به الكتب**
**فمن يكن سائلا عن اصل دينهم**
**فان دينهم ان تقتل العرب (٢٠)**

نەتەوەیەک ئایینێک دەپەرستن من هەرگیز نەمبیستووە لەپەیامبەر لەهیچ کتێبێک دا. هەر کەسێک لەبنەمای ئایینەکەیان دەکۆڵێتەوە وادەگەیەنێ کەدەبێ عەرەب بکوژرێن. خەلیفەی عەرەب عبدالملک کوڕی مەڕوان، لەسەرجەم خەلیفەی ئەمەویەکان زیاتر هەڵگری ریشەی دەمارگیری و رەگەزپەرستی شۆڤینیستانەی عەرەبی بوو. لەزۆر بواری دەسەڵاتی سیاسی خۆیدا، سیاسەتی بەعەرەب کردنی بەکاردەهێنا... یەکێک لەم لایەنانە، رێگای لە بەکارهێنانی دراوی رۆمی گرت بۆ بەکارهێنان لەکڕین و فرۆشتندا. لەجێگای ئەوە دراوی عەرەبی بەکارهێنا. دووەم بەکارهێنانی زمانی فارسی پەهلەوی قەدەغەکرد لەنووسراوەو نامەو (دیوانەکان)ی لایەنی دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی. ئەم زمانی پەهلەویش لە تێکەڵاوکردن و بەکارهێنانی هەردوو زمانی کوردی و فارسی پێکهاتبوو(٢١) سێیەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتی کردە عەرەبی، لەو کاتەدا کەزمانی بادیە لەڕووی زاراوەو وشەی پەیوەندیدار بە بەکاروباری بەڕێوەبردنی سیاسی و دەزگا دەوڵەتی یەکانی تێدا نەبووە، لاواز بووە لەڕووی داڕشتن وشەسازی یەوە، بەناچاری هەستان بەداتاشین و

بەکارهێنانی سەدان و هەزاران وشەو زاراوەی کوردی و بەعەرەب کردنی. ئەم وشە کوردیانە سەرجەم بەعەرەب کراون وەک: الدستور، الجمهور، الجزیه، الهندسه، النموذج، الساذج، السرکار، الدست، السلطه، الحرف، البرید، العسکر، الحمله (helmet)، القلم، الدفتر، التاریخ، الوزیر، هەروەها وشەی (الفردوس، جنه، السراط، المسجد (کە لەکوردی نوێ دا مزگەفت (mizgeft) یان وشەی: الجولق، الدیزج، الدیوان، البیادە، هەروەها: الجمع، الشمع، البرق، الاستاذ، الفولاد، البابوج، الخانه، الجوارب، المهد، الخزانه، الدولاب، الورق، الکهرباء، الفن، الخندق، البیمارستان - الکلمه: (لەسەردەمی صلاح الدین ئەیوبی دا چوّتە ناو زمانی عەرەبی لەوکاتەدا کەیەکەم نەخۆشخانەی لەمیسر دامەزراند.

ئەوانەی خستمانەتەڕوو چەند نمونەیەکی کەمن لەدزەکردنی زاراوەو وشەی کوردی بۆ ناو زمانی عەرەبی. ئەوەی لەمانەش زیاتر جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە فەرمانڕەوای ئەمەویەکان هەڵدەستان بەئازاردان و سزادان و چەوساندنەوەی پیاوچاکان و عەرەبە جوامێرەکان کەهەڵسوکەوتیان لەگەڵ کوردو فارسدا ماقوڵانەو مرۆڤانەبووە، هەروەها دژ بە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی ئەمەویەکان بوون وەک: (حمید قحطبه الطائی) ابراهیم ابن محمد عبدالله ابن عباس ناسراو بە (الامام) نەمانە لەو کەسایەتیانە بوون کە شایستەی ئەوەبوون بەخەلیفە دابندرێن لەئاکامدا کوڕی محمد ناسراو بە مەڕوان دەستی بەخوێنی ئەم زاتانە سوور کردو کوشتنی، بەڵام کاتێک سێلاوی زوڵم و زۆر سەری کرد ئازارەکانی دڵ کەوتنە دەربڕین و قوڕقوڕاگەی گریانیان پڕکرد، میللەتی کورد کەوتە خۆی بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگای موسڵمانان لەسەرەڕۆیی و چەوساندنەوەی ئەمەویەکان ئەوەبوو سەرکردەی ناسراوی کوردان (ئەبو موسلمی خوڕاسانی) کە ناوی راستەقینەی بەهزادان بوو کە وشەیەکی کوردی رەسەنە بەسوپایەکی بێ شومارەوەی لەکوردو فارس پێکهاتوو، بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن و دوای ئەوەی لەشکری ئەمەویەکان لەدەوروبەری زێ ی گەورە شکستیان خواردو دەسەلاتیان لێ زەوت کرا - هەرچەندە بەداخەوە خوڕاسانی لەگەڵ نەو هەموو قارەمانیەتیەیدا نەکرد خۆی وەک سەرکردەو رابەرو دادوەری دادوەران (حاکم الحکام) فەرمانڕەوایەتی بگرێتە دەست، بەڵکو بەپێچەوانەوە جڵەوی فەرمانڕەوایی دایە دەست بنەماڵەی بەنی عەباس خۆی وەک خەلیفەی موسڵمانان نەناساند. ئەمەش لەخۆیدا گەوردیی و دڵ فراوانی بێ وێنەی ئەم پیاوە دڵ گەورەیە دەگەیەنێت. سەرۆک خێڵی بەنی عەباس کەناوی ئیبراهیم بوو ناسراو بە (الامام)

لەوکەسایەتی یە عەرەبانەبوو کە هاوکاری ئەبو موسلمی دەکرد ئەم ئیبراهیمە لەکاتی سیلاوی هەلچوون و تورەبووندا نامەیەک بۆ ئەبو موسلم دەنێری بۆ خوراسان کەهەرچی عەرەب هەیە قەلاچویان بکات و نێرەوەزیان لێ نەهێلێ (الامام) بەیەک وشە بۆ ئەبو موسلم دەنووسێ: (ئەگەر بۆتکراو توانیت نەهێلی هەرکەسی بەعەرەبی دەدوێ رزگاری بی هەردەبێ بکوژرێ بۆیە دەبێ ئەم کارە ئاوا ئەنجام بدەیت (٢٢) لەگەل ئەوەشدا خوراسانی جوامێری و شەهامەتی و ئازایەتی لەدەست نەدا، نەیویست سووکایەتی بەعەرەبان بکات، هەرچەندە دەیتوانی و خاوەن دەسەلات بوو ، سەرکردەی سوپا بوو بەپێچەوانەوە، بەدل فراوانی لەگەلیاندا رەفتاری دەکرد، کەچی بنەمالەی عەباسی عەرەبی کاتێک بەتەواوی دەستیان لەپلەو پایەی سیاسیدا گیرکرد. هەلویستیان بەرامبەر کوردو بەرمەکیەکان بۆ نموونە (٢٣) لەهەلوێستی رەگەزپەرستیانەی ئەمەویەکان چاکترنەبوو. ئەوکاتە ئەبو جەعفەری مەنسور کەلەلایەن ئەمەویەکان دەچەوسێندرایەوەو سووکایەتی پێکرابوو... خۆی لەبەردەم کوردەکان و خەلکی خوراسان وانیشان دەدا کەدژ بە ئەمەویەکانەو رێزی زیادی لەکوردو فارسان دەگرت و دەیگوت: (ئەی دانیشتوانی خوراسان...؟ ئێوە دۆست و دلسۆزی ئێمەن، خەلکی لایەنگرو هاوباوەری ئێمەن (٢٤) کەچی دوای ئەوەی خۆیی و بنەمالەکەی دەستیان لەکورسی و دەسەلات گیرکرد، بەهۆی پشتیوانی لێکردنی ئەبو موسلیم و خوێن بەخشینی کوردو فارسەوە.. لەسەر کورسی خەلیفایەتی دا ئارامی گرت کەچی ئەم زاتە پاداشتی ئەبو موسلمی بە خیانەتکار دایەوە، بە نامەردی و بەغەدر لەکارەساتێکی دلتەزێن دا کوشتی. دوای ئەوە (ابو دلامە) شاعیرێکی رەگەزپەرستی عەرەبی بوو کە لەسالی ٧٨٠ز دا مردووە - ئاوا نەعلەت لە ئەبوموسلم دەکات - ناوی بەباوکی تاوانکار دەهێنێ، جوێنی پێ دەدات سووکایەتی بەباوک و باپیرانی کوردان دەکات وەکو دەلێت:

**ابا مجرم، هل غير الله... نعمه**
**علي عبدة حتي يغيرها العبد...؟**
**افي دولة المنصور حاولت غدره**
**الا إن اهل الغدر اباؤك الكرد (٢٥)**

ئەی باوکی تاوانکاری...؟ ئایا دەزانی یەزدانی مەزن نیعمەت و پاداشتی دەبێ بەوە بدرێتەوە تا بەندەکانی هەولی لەبیربردنی ئەو نیعمەتە بدەن...؟
لەدەولەتی ئەبو جەعفەر مەنسوردا هەولی غەدرو خیانەتت داوە... نەخێر لێت

ناگرم چونکە پیشەی باوک و باپیرانی کوردت هەرتاوان و غەدر بووە.
لەگەڵ ئەمانەشدا شاعیری گەورەو ناسراوی عەرەب (ابو العلاء المعری) (٩٧٣-٩٧٤ کۆچی) بەرامبەر (١٠٥٧ز - ١٠٥٨ز) لەڕووی ڕێبازی مەزهەبیەوە (موعتەزیلە) بووە لەکتێبەکەیدا (رسالە الغفران) نووسیویەتی و دەڵێ:
ئەبو موسلمی خوراسانی و خوشکەزاکەی بابەکی خورەمی (٢٦) هەروەها سەرکردەی لێهاتووی کورد (خدری کوڕی کاوس) ناسراو بە (ئەفشین) زەندیقی بوون، وشەی زەندیقیش لەراستی دا وشەیەکی کوردی ئێرانی یەو کراوە بەعەرەبی سەروچاوەکەی (زەندیق) (Zendik) کە ماناکەی دەگەڕێتەوە بۆ Zend زەند زەندیش لێتۆژینەوەو روونکردنەوەیە لەسەر ئاڤێستا A/ESTA بە واتە کتێبی پیرۆز کە بۆ پەیامبەر زەردەشت نێردراوە zERDEST سەلامی خوای لەسەربێت.
بەڵام وشەی زەندیق لەسەردەمی عەباسییەکانەوە تا ئەمرۆ وەک زاراوەیەک مانای بۆ داتاشراوە بە واتە کەسێک یان کۆمەڵێک دەوترێ کە رەفتاریان تاوانکاری و رەوشت نزمی بێ شعوبی و کافرین. هەروەها وشەی کافریش گۆڕدراوە لەوشەی گەبر (gebr) وە گەڤری ge/re ی کوردی ئێرانی. هەر بەم بۆنەیەوە وشەی (گۆران)یش زاراوەیەکە کەپەیوەندی بە هۆزێکی گەورەی کوردەوە هەیە کە لەبەشی رۆژهەڵاتی کوردستان دا ژیاون. کۆی وشەی گەورە (gewir) (٢٧). ئەم تاوانکاری یە سەخیف و ساکارو بێ مانایە لەوە زیاتر ناگەیەنێ کەهەستێکی جاهیلانەو دواکەوتووانەو لەئاکامی رەگەزپەرستییەکی کوێرانەوە سەری هەڵداوە، ئەویش لەئەنجامی لەخۆبایی بوون و چەواشەکردنی بەدرەفتاری لەبەرێوەبەردنی جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی یەوە بەدنیا هاتوون. بەلایەن کاربەدەستە عەرەبە موسڵمانەکانەوە.... ئەم جۆباری خوێن و سووکایەتی پێکردن و بەجینایەت زانینی رۆڵی مێژوویی ئەبو موسلمی خوراسانی تا ئەمرۆ بەردەوامەو درێژەی هەیە وەک: وشەی مەجوسی و شعوبی لەلایەن عەرەبە خۆ بەزۆرزانەکان بەرامبەر ئەو کەسایەتیە مەزنانە، ئەو باڵادەستیەی تا بینەقاقایان لەزەلکاوی رەگەزپەرستی دا نقووم بووە.
نووسەری نەتەوەپەرست و رەگەزپەرست و شۆڤینیستی عەرەبی (صلاح الدین المنجد) وتارێکی لەرۆژنامەی (الحیاە)دا بلاوکردۆتەوە لەو ژمارەیەدا لە ١٩٩٣/١٢/٢٨ لەژێر ناوی : (السفاحون فی تاریخنا) خوێن رێژەکانی ناو مێژوومان.
وشەی (ابا مجرم)ی وەک شاعیر دووبارە کردۆتەوە. وەک نازناو بۆ کەڵەپیاوێکی

مەزنی وەک (ئەبو موسلمی خوراسانی) (خودا لێی رازی بێ).
ناوبراو لەونووسینەی دا وایدەربڕیوە کە گوایە ئەبو موسلم لەرەوشتدا پیاوێکی رەفتار سووک بووە، ئەویش هۆی ئەم تانوت و بوختانانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەبو موسلم، هۆی راستەوخۆی لەناوبردنی ئەمەویەکان بووە. بەراشکاوی ئەم نووسەرە رەگەزپەرستە دەری بڕیوە گوایە (بەنووکی شیرەکەی شەش سەد هەزار سەریان پەڕاندووە.) بگرە لەوەش پتر هەروەها ئەم رەگەزپەرستیە نووسیویەتی گوایە ئەو کەسایەتی یە مەزنە لەعەبباسییەکان هەڵگەڕاوتەوەو دەستی بەسەر کورسی فەرمانڕەوایی دا گرتووە - هەر لەم وتارەدا (صلاح الدین المنجد) چەند بەیتە شیعرەکەی ابو دیلامەی رەگەزپەرست و شۆڤینی و شایەری دووبارە بەکارهێناوەتەوە. لەڕووی وشیاری و هەستی (المنجد) لەدوا تروسکەی سەدەی بیستەمدا هەر هەمان ئاوێنەی روخسارو عەقڵیەتی سەرکردە نەزان و لەخۆبایی و خۆپەرستەکانی عەرەبی سەردەمی عەبباسیەکانە دەقاو دەق بەوەی کەبنەچەو کەسایەتی ئەبو موسلم بەسووکایەتی و بەدرەوشتی دادەنێ.
راستە ئەبو موسلمی خوراسانی هەر لەسەرەتاوە لەدەستەی (موالی) بووە چونکە کورد بووە بەپێ ی عەقڵیەت و تێرامانی سەرکردەو گەورە پیاوانی عەرەب (هەروەها بنەمایان سووک و دەنی بووە) هەروەکو لەسەرەتا لێوەی دواین.
هەروەها لەبەشەکانی کۆتایی وتارەکەی (المنجد) داهاتووە: کە (ابو جعفر المنصور) بە چ شێوازێکی ناجوامێرانەی ئەبو موسلیمی خۆراسانی شەهید کردووە:
(ابو جعفر المنصور) چەند پیاوکوژێکی لەدیوانەکەی خۆیدا ئامادەکردووە. لە کاتێکدا بەناوی دۆستایەتی و رێزلێنانەوە دەعوەتی کردووە، ناوبراو بۆ میوانداری ناردوویەتی بەدوایدا، کاتێک گەیشتۆتە دیوانی ئەبو جەعفەر بەواتا لەماڵی ئەبو جەعفەردا ئەو ناجوامێریەی بەرامبەر کەسایەتییەکی ئارەزوومەندی وەک ئەبو موسلم بەدەستی چەند چەتەو پیاوکوژێکی ئەنجام داوەو شەهیدیان کردووە.
بۆ راستی ئەم رووداوە پڕ شەرمەزاریە مێژووییە، ئاگاداریەکی لەکەسایەتی عەرەب گەواهی ئەوەی داوە، کەچۆنیەتی کوشتنی ابو موسلیم خۆراسانی بەپلانێک لەلایەن ابو جەعفەر منصوردوە کوژراوە.
خوشک و برایانی ئازیز...؟ ئێوە تێبینی ئەو نەریت و رەفتارە دزێوە یان بلێین بەدەر لە شەهامەتەکە بکەن کە خەلیفەی عەباسی (هەرچەندە خۆی بەخاوەن رەچەڵەکێکی پەسەندو خاوەن ویژدان دەزانی چۆن و بەچ تەڵەکەیەک لەژێرناوی

دۆستایەتی و میوانداری یەوە نەیارەکەی کەسەرکردەیەکی ناسراو و مەزنی کورد بەلام هەولی داوە رەچەلەکی بەدەنی و سووک رەفتار ناو بزرێنێ. ئاوا زالّ دەبی بەسەری دا لەناوی دەبا. هەروەکو چۆن ئەم جینایەتە (ئەم شەویش وەکو دوێنێ شەو) دووبارەو چەند بارە دەبنەوە، هەر بەهەمان شێواز پیلان و تەلەکەی ترسنۆکانەی سەرکردەو زاناو سیاسەت مەدارو گەورە پیاوانی کورد د. عبدالرحمن قاسملۆ و هاوڕێکانی لەسەر سفرەی میوانداری و وتووێژدا سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان ... بوو لە پیەننا - بەداخوازی و بانگهێشتی سەرکردایەتی رژێمی ئێرانی ئیسلامی. لەهەمان کاتدا کەبەلگەنامەی ئاشتی یان لەگەلدا مۆر کردبوو سەرکردەی کوردی مەزنی ئەبو موسلیمی خۆراسانیش بەهەمان شێواز لەسەر سفرەی میوانداری دا شەهید دەکرێن. لەلایەن خەلیفەی موسلمانان ئەبو جەعفەری مەنسوردا. بەلام کاکی نووسەر (المنجد) لەوتارەکەی دا لەژێر ناوی (السفاحون فی تاریخنا) دەنووسێ کەچی بەقەدەر نووکە دەرزی یەک باسی (صدام) ناکات و لەنەریت و رەچەلەک و نەژادی ناکۆلێتەوە وشەیەکیش لەوبارەیەوە بەکارناهێنێ لەسەر قوربانییەکانی هەلەبجەی شەهید لەکوردستانادا تاکە دێرێک نانووسێ، ئەوەی شایانی باسە لەم رووداوە کاتی خۆی لە ١٩٩٣/١/١٨ ز دا لەهەمان رۆژنامەی (الحیاە) وەلامی ئەو زیادەرەوی و تۆمەتانەی (المنجد)م داوەتەوە - هەرلەهەمان کاتدا عەرەبێکی ناسیونالیستی رەگەزپەرستی تر کەناوی د. عبدالکریم المشهدانی یە نامەیەکی بۆ هەمان رۆژنامە لەبەرواری ١٩٩٣/٢/٢٧ ئەویش هەمان رستەو وشەی (منجد)ی دووبارە کردبۆوە، کەچی ئەم بەرێزەش جیا لەو فەرمایشتانەی وتار نووسی یەکەم - ئەو دکتۆرەش وادەردەکەوێ ئەبو موسلم کۆیلەیەک بووە لەلای کۆیلەدارێکی عەرەب کەلەگوندی (الحمیمە) لە ولاتی ئوردونی ئیستادا لەقەلایەکی سەختدا خۆیان حەشاردابوو... دەبێ بە وتەکانی ئەم دکتۆرە لەویود دەستیان بەشۆڕش کردبێ - لەهەمان نووسینیشدا (مەشهەدانی) ئاوا باسی ئەبو جەعفەر مەنسور دەکات: کە ئەو سەردارەی عەرەب لەهەرە سەرکردەو گەورەپیاوانی عەرەب بووە، لەڕووی ئازایەتی و لێوەشاوەیی دا یان چاو نەترسی و کۆلنەدەریەوە جێی سەرسورمانە.

کەسەرنج لەهەلوێستی ئەم برادەرە عەرەبە خوێندەوارانە دەدەیت، من نازانم... ئایا ئەوان لە چ سەردەمێک دا دەژین؟ ئەبو موسلمێک کە لەشێر شێرتر بووە لەمەیدانی نەبەرددا ئەو سەرکردەو شۆڕشگێرە بەکۆیلە ناودەزرێت.. کەگوایا

خزمەتکاری سەرکردە عەرەبە رەگەز پەرستەکان بووبێت.. بەڵام ئەو پەنادەرانەی خۆیان خزاندبووە قەڵاکانی دێ ی (الحميمه) بەو بوختانانەبێت بەپێ ی بۆچوونی ئەم نووسەرانە - گوایە ئەم سەرکردە عەرەبانەی لەئوردن دەژیان کاتی خۆی سەرکردایەتی شۆڕشی دژ بە ئەمەوییەکانیان لەخۆراسان کردبێ. ئەو ئەمەویانەی لەزۆرداری و تاوانکاریدا نقوم ببوون، یەزدانی مەزنیش بەندەکانی خۆی چاک دەناسێت (دکتۆر مەشهەدانی لەنووسراوەکەی دا ئەوەش لەبیر ناکات کەبزوتنەوەی فیکری و پێشکەوتن خوازی سەرکردەی کوردی بابەکی خورەمی، بەهەڵگەڕانەوەیەکی مەجوسیانە لەقەڵەم بدات. دەربارەی بابەکی شۆڕشگێڕ ئاوا دەدوێ: بانگەشەی بۆ ژیانەوەی مەجوسیەت داوە، داوای بەرەڵڵایی ئافرەتانی کردووەو بۆساماان تێکۆشاوە. بەمە بەپێی بۆچوونی دکتۆر مەشهەدانی: دەبێ زاناو شۆڕشگێڕێکی نوێخوازە وەک بابەکی خورەمی مەبەستی ژیانەوەی باوەڕی مەزدەکی بوبێت بەمە ئەم نووسەرە دەیەوێت ئەو حەقیقەتەی پێ دابماڵێت کە شۆڕشگێڕێکی کەم وێنەو مەزن بووە کەسەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی کردووە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگایەک بووە بەدەر لەچەوساندنەوەدو جیاکاری چینایەتی.

ئێوە سەرنج بدەن ئەی خوشک و برایان: لەو تێکەڵاو کردن و بێ بەرنامەییە سەر سوڕهێنەرە: لە (بەیەکەوە بەستنی مەجوسیەت و مەزدەکیەت و بەرەڵایی بێ پەردەو حەیای ئافرەتان و سەرمایەخوازی) وەک ئەم ناوانە زاراوەیەکی تەواوکەری یەکتری بن ئەم بێ سەروبەرییە ئایا لەخۆیدا بێ ئاگایی و نەزانی و جەهل نییە بەرامبەر مێژوو و ئایینەکان و بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ...؟ یاخود لەراستیدا تێکەڵاوکردێکی سەیرو پڕ سەمەرەیە بەعەمدی.

لەروانگەی سەرنجی هێزێکی رەگەز پەرستی شۆڤینیستی یەوە لەبیری نەتەوەیی کوێرانەوە... سەری هەڵداوە. نووسەری لەخۆبایی و خۆ بەزۆرزان دکتۆر مەشهەدانی وافتوا دەدات کەهەرچی سەرچاوەی کوردی و فارسی هەیە. ناتواندرێ باوەڕی پێ بکرێ یان پشتی پێ ببەسترێ: بەو داوایەی کە مێژوونووسە عەرەبەکان یان موسڵمانەکان هەر بەمەبەستی شکاندنەوەیە بەلای مێژوونووسە عەرەبەکانەوە. کەوا لەسەرجەم مێژوونووسە جیهانییەکان راستگۆو داوێن پاکترو دادپەرسترن، وێڵی راستی گوتن. ئەگەر یەکێک بێ ئاگابێ وای بۆ دەچێ کەناوبراو مێژووی سەرجەم مێژوونووسە جیهانییەکان شارەزایەو بەرهەمی نووسینی مێژوویی هەموویانی خوێندۆتەوەو بەراوردی کردون لەگەڵ مێژوونووسە عەرەبەکان و

لەناکامی ئەم ئەنجامەوە ئەو بڕیارە راستەوخۆ و سەرپێیانەی داوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دکتۆرە بەڕێزە ئەوەش باش دەزانێ کەئەم مێژوونووسە عەرەبانە هەر ئەم خوێندەوارانەن کەرەگەزو بنەمای نەتەوەی کوردیان بەعفریت و جنۆکە لەقەڵەم داوە. هەروەکو لەم چەند لاپەڕەی دواییدا لەوبارەیەوە دەدوێین.

ئایا ئەی برا ..؟ ئەی دکتۆر مەشهەدانی: ئەمەیە راستگۆیی و دەست پاکی و دەست خاوێنی لەسەپاندنی راستییە مێژووییەکان دا...؟

هەروەکو شاعیر دەڵێ:

**وعن البلية شر من لا يرعوي**

**عن جهلة. وخطاب من لايفهم**

لەخۆی دا بەڵایەکی گەورەیە دووچاری شەڕ ببێت لەگەڵ کەسێکدا کەدەست بەرداری جەهل و نەزانین نەبێت، یان گوێ بۆ باسی نەفامێک شل بکەیت کەنایەوێ لێ بکات.

بەکوردی و بەکورتی گەلی کورد ناچارکرابوو کەبەربەرەکانی کاربەدەستانی (بەنی عەبباس) بکات (٢٨) لەکاتێکدا عەبباسیەکان ئەو هێزو توانایەیان لەدەست دابوو بتوانن پشتگیری لەجەماوەری شۆڕشگێڕو راپەڕیو بکەن... کەوتنە پشت بەستن بەهەندێ خێڵی تورکمان کەلەئاسیای ناوەندەوە کۆچیان کردبوو، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفە (معتصم بالله) کە خەلیفایەتی لە ٢٨٠ کۆچی (٨٣٣ زاینی) گرتە دەست بەنیازی ئەوەی بارودۆخەکە ئارامتربکاتەوە... پشتی بەشەڕکەری تورک بەست بەرەبەرە دەسەڵاتی ئەوان لە فەرمانڕەوایەتیەکەیدا پەرەی سەند: ئەم چەکدارە تورکمانە لەکوردستاندا تاوان و جینایەتی گەورەیان بەهەقی گەلی کورد ئەنجامدا کەبەبەستنی موچرکی بەلەشی خەڵکی دا دەهێناو لەخەفەتاندا سەری لاوانی سپی دەکرد. کاتێک ئەم تورکە خێڵەکیانە هێزو توانایان پەرەی سەند.. فێڵ و تەڵەکەیان بەرامبەر خەلیفە (متوکل) بەکارهێناو کوشتیانساڵی ٢٤٧ی کۆچی (٨٦١ ز ٨٦٢ز ) بەنیازی دەست بەسەرداگرتنی پایەی خیلافەت، کەوا بەرەبەرە خۆیان لێ نزیک دەکردەوەو خۆیان بۆ مەڵاس دابوو تاپێی گەیشتن.

لەناکامی بڵاوبوونەوەی فەسادو بەڕەڵڵایی لەنێو ناوەندی دەوڵەتی عەبباسی دا، ئاگری چەندین بزووتنەوەو شۆڕش و راپەڕین دژ بەو دەوڵەتە لەکوردستان سەری هەلدا بە پێشەوایەتی چەندین سەرکردەی وەک باسمان کردن - بابەکی خورەمی - جەعفەری کوڕی میر حەسەنی یەزیدی - محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای هەزار مێردی.

سەرکردەی لێهاتوو بابەک توانی چەندین ساڵ لەگەڵ هاوکارەکانی دا بەبەرگری یەکی بێ وێنەوە لەچیاکانی باشووری کوردستان بجەنگن، دروشم و ئامانجیان پێکهێنانی دەوڵەتێک بوو کەهەرگیز جیاوازی چینایەتی تێدا بەدی نەکرێ و ریشەکێشی رژێمی دەربەگایەتی و چەوساندنەوەی بەنێو (موالی) تێدا بکرێ بەراشکاوی دژ بەیاسای چەوساندنەوەی ژنان بوون لەلایەن پیاوانەوە. ئەم ئاوات و ئامانجە پیرۆزانە بوون کە دکتۆر مەشهەدانی خۆبەزۆرزان، بەبەرەڵڵایی ژنان و سەرمایەگوزاری ناویان دەبات. ئەوەی لێرەدا جێگای یادکردنەوەو لەبیرنەچوونە ئەوەیە: کەگەلی کورد جیا لەوهەموو شۆرش و راپەرینانەی سەرکردایەتیان تیاداکردووە لەهەموو ئەو بزووتنەوانەش دا بەشداریان کردووە کە کەسایەتی یە فارسی و عەرەبی یەکان وەک ئۆپۆزسیۆن دژ بەرژێمی لەرێ لادەری خیلافەت بەریابوون وەک شۆڕشی زنجیەکان (٢٢٥ کۆچی - ٢٧٠ کۆچی) شۆڕشەکانی (یعقوب الصغاو) لە (٢٦٢ ک شۆڕشی خەواریجەکان و شیعەکان) (٢٩) لێرەدا ئەوەی پێویستە سەرنجی لێوەبدرێ و لەبەرچاو بگیرێ، ئەوەیە کەلەوسەردەمەدا هەندێ نەریت بەدەرکەوتن دیاردەی بەناشیرین تەماشاکردنی رەگەزی کوردانیان تێدا بەدی دەکرا. وەک سووک کردن و تۆمەت خستنە پاڵ بەناڕەوایی، لەرێگای گێڕانەوەی کورد بۆ عفریت و جنۆکە.

مێژوونووسی عەرەبی (مەسعودی دەنووسێ کە لە ( ٩٥٦ - ٩٥٧ ز) کۆچی کردووە لە کتێبەکەیدا (مروج الذهب) لەگەڵ (معادن الجوهر) بیروت ١٩٦٦ز ) لاپەڕە (٢٤٩) (٣٠). بەوەی کەگەلی کورد بەوتەی ئەم پیاوە لەئاکامی (زینا) کەوتۆتەوەو بەدنیاهاتوون لەبەینی شەیتان و جاریەکانی سلێمان پێغەمبەرەوە. هەروەکو چۆن شاعیری فارسی ناسراو (ئەبو القاسم الفیردوسی) (٩٤٠ - ٩٤١ - ١٠٣٠) لەرۆمانە شیعریەکەیدا بەناوی (شانامەی فیردەوسی) ئەم شاعیرە ردگەزی کوردان بۆ ئەو کۆمەڵە لاوە دەگێڕێتەوە کەتوانیان بەیارمەتی هەردوو چێشت لێنەرەکەی زوحاکەوە (Ejdehak) توانیان هەڵبێن بۆ چیاکان و لەدەست مەرگی حەتمی لەدەست زوحاک رزگاریان بێ. گەلی کورد لەوانەوە کەوتۆتەوە (٣٠). لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی: گەلی کوردی ستەمدیدە توانی لەبەشێکی زۆر فراوانی کوردستاندا زاڵ بێت و سەربکەوێت بەسەر زوڵم و ستەمکاری ئەو بەخۆزۆر زان و زۆردارە باڵادەستانەدا - لوتی ئەم لەخۆبایی و ناحەزد نەزانانەی بۆ مێژوو شکاند. لەوکاتەدا جەماوەری قین لەدڵی کورد لەشاری موسڵ دا جامی توڕەیی و غەزەبیان

بەرامبەر کاربەدەستە زۆردارە بێگانەکان سەرەو ڕێژبوو موسڵمانیان رزگارکرد دوا بەدوای رزگارکردنی موسڵ شاعیرێکی عەرەب بەناوی (الغجینی) ئاوا بەسەر موسڵدا هەڵدەڵێ:

**ما راي الناس لهذا الدهر مذكانوا شبها**
**ذلت الموصل حتي الاكراد فيها (٣٢)**

خەڵکانی بەوێنەی ئەم رۆژگارە بەدبەختی و نەهامەتیان بەخۆوە نەدیتوە دەبێ شاری موسڵ هەروا بەزەلیلی و ژێر دەستی ژیان بەسەر بەرێت تا کورد فەرمان رەوابێت تێیدا.

ئێوە تێبینی ئەوە بکەن کە ناحەزو نەیارو رەگەز پەرستە عەرەبەکان ئەوە بەخەوش و شەرمەزاری دابنێن کەگەلی کورد فەرمانرەوایەتی وڵات و نیشتمانەکەی خۆی بکات. بۆ کورد کەرەسەنترین خاوەنی ئەم نیشتمانەیە ناڕەوایەو بۆ بێگانەو داگیرکەرانیش رەوایە میرو گزیزو ببڕو بکوژن.

ئەمە پێویستی بەسەرنج لێدانی ویژدانەوە هەیە...!!

نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەو خەموو زوڵم و ستەمەی لەمێژووی رابردوو و نوێیدا لێی کراوەو دەکرێ، بەهۆی راپەڕینی زۆرو یاخی بوون لەدەست ستەمکارانی و قوربانی دانی بێ شومارو شۆڕشی مەزنەوە لەگەڵ دەیان راپەڕینی سەرانسەری یەک بەدوای یەکدا توانوویەتی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. بەتواناترینیان: ١- دەوڵەتی حەسنەوی (٩٥٩ز) ٢- دەوڵەتی دۆستەکی لەکوردستانی ناوەڕاستدا (٩٩٠ - ١٠٩٦ز)، ٣ - دەوڵەتی مەروانی و چەند دەوڵەتێکی تر (٣٣) کەچی بەپێچەوانەی موسڵمانە عەرەب و تورک و فارسەکان لەسەردەم و کاتی دەسەڵاتی خۆیاندا هەرگیز دژایەتی عەرەب و فارس و موسڵمانە غەیرە کوردەکانیان نەکردووە. لەو ناوچانەی دەسەڵاتی سیاسیان تێدا پیادەکردووە، زاناو خوێندەوارو کەسایەتی زۆر مەزنی کورد خزمەتیان بەزمان و ئەدەبی عەرەبی و مێژووی ئیسلام کردووە. زانا کوردەکان بەهۆی تواناو لێهاتوویی خۆیانەوە ژێرخانی مێژوو و ئاداب و رێزمان و فەرهەنگی شارستانیەتی ئیسلام و عەرەبیان دەوڵەمەندتر کردووە. لەنێوانیاندا زاناو بلیمەت هەڵکەوتن هونەر پیشەی بەناوبانگ سەریان هەڵداوە، کە تایبەتمەندیان نواندووە لەبواری چەندین جۆر هونەرو پیشەی پیرۆزەوە سەدان نووسراوو کتێبی زانستی و هونەری ئەدەبیان نووسیوە، من لەبەینی سەدان کتێبی زانیاری و ئەدەبی ناوی چەندین لەو زانایانە بینیم وەک: ١- ابن الاسیر الجذری لە ٦٣٠ کۆچی مانگی مردوو

. ٢ - ابن الخلكان الاربيلي. ٣- ابو الوفـــا و الايوبي - ١٣٧٣ز - ١٣٣١. (٣٤) ٤- مۆسیـقـاژەنی بەناوبانگ ئیسـحـاق کوڕی برایمی مـوسـڵی . ٥- ابن الحاجب خاوەنی (الکافیـه والشـافـیـه لەرێزمان) دا ئەوە بۆ گـەلی کـورد جێگای شـەرەف و بەرزیەتی یە کـەئیـمـام مـحـەمـەدی غـەزالی (٤٥٠ ک - ١٠٥٨ز - ١١١١ز) فەرموویەتی: ( رۆشنبیری ئیسلامەتی لەسەرچوار کۆڵەکە دامەزراوە سێ کـۆڵەکـەیان بریتین لەم زانایانە: (الشـهـرزوری، ٢- العـمـادی ، ئامـێـدی) ٣- الدینوری (٣٥). ئەمانەش هەموویان لەزاناکانی گەلی کوردن.

کـوردسـتـان هەر لەدێرزەمانەوە بە پەیمانگا زانسـتی یەکـانی و زانکۆ ناودارەکـانی سەرچاوەی تیشک پڕاندنی فـیکری و شـارسـتـانیـەتی بووە لە ڕۆژهەلاتدا. ئایا هەن لەزانایانی موسـڵـمان کەناوی شـاری (حەران) یان نەبیسـتبێت...؟ کە کـەوتۆتە نزیک شـاری (ئورفە) (روها ئەو شارە ببوە رووناکی بەخشینی هەمەجۆر لەزانستە وشـیـاریـیـەکـان هەر لەم مـینبـەرەوە، هەمـوو فـەلسـەفـەو زانسـتـێکی یۆنانی گواسـتراوەتەوە بۆ ئێران و جیهانی ئیسلامی بەگشتی. زۆربەی زاناکانی ئیسلام کە بەنابیغە ناویان دەرکردبوو ماوەی سوختەیی فەقیەتیان لەشاری (حەران) دا تەواو کـرد وەک (فـارابی) بۆ نموونە: هەروەکـو چۆن (ابن تمـیـمـه) ئەویش هەر کـوڕی پێگەیشـتـوو تێگەیشـتـووی شاری (حەران)بووە. یۆنانی یەکـان (ڕۆمـە ڕۆژهەلاتی یەکـان) لەپێش داگیرکاری ئیسـلامی چەند ناوچەیەکی کوردسـتـانیـان داگیرکردبوو، لەوناوچانەدا زۆربەی زانست و هونەری خۆیان بلاوکردەوە. بەردەوام تائێـسـتـا زۆر لەچیـاو دۆڵ و کـەلاوەی کـوردسـتـان بەناوی یۆنانییـەوە مـاوەتەوە - نەتەوەی کـورد هەمیشە بازنەی پەیوەندی و گەیاندن بوون بۆ گواستنەوەی زانستی ئیغریقی خۆرئاوا بۆ ناوگەلانـی ئیـسـلامی ڕۆژهەلاتی. سەرەڕای ئەوهەمـوو خزمـەتە مەزنەی کـەگـەلی کورد پێشکەش بە موسـڵـمانانی کردووە بەتایبەتی بۆ برا عـەرەبەکـان و فارسەکـان. ئەمـەش هەمـووی لەسـەر حیـسـابی ئاواتەکـانی دوارۆژی مـیللەتی کـورد بووە کـەوا ئەمرۆ لەبازنەیەکی بۆشدا خول دەخوات. بوەتە هۆکاری بەهەتیوکردنی زمانی کوردی و ئەدەب و فەرهەنگی ئەو نەتەوەیەی کەزاناکانیشی لەپێناو خزمەتی زمان و ئادابی عـەرەبی و فـارسی زمـانی نەتەوەیی خۆیان بۆ کـردووە بەقـوربانـی. لەگەڵ ئەمانەشدا هەمان هەڵـوێستیـان بەرامبەر زمان و نەتەوەی تورک هەبووە. لەناوچین و توێژەکانی نەتەوەی کورد دا کەس نەماوە کەئامادەبووبێ خزمەت بە زمان و کلتورو کەلەپووری نەتەوەکـەی خۆی بکا تەنیا ئەوچین و توێژە نەبن کەلەسـەر ئایینی پێشینەی خۆیان

ماونەتەوەو نەبوون بەموسڵمان. وەک عەلەویەکان (٣٦). یەزیدیەکان (٣٧) کاکەییەکان (٣٨). هەموو کتێب و نووسراوەو ئایەت و (گاتەکانی) ئەم ئایینانە بەزمانی کوردی نووسراون و ماونەتەوە. هەموو ئاداب و پێویستیە ئایینەکانیان بەزمانی کوردی ئەنجام دەدەن. کەچی لەهەمان ساتدا فارسەکان بەپێچەوانەی گەلی کورد هەموو هەوڵێکی خۆیان بەخت کردووە بۆ خزمەت کردنی زمانی فارسی و ئەدەب و ڕێزمانی نەتەوەکەیان: ئەوان بەیەک شێوازی زاراوەی زمانی فارسی نووسیویانە. وەک زمانی نووسین بۆ هەموو مەبەستێکی نووسین و قسەپێکردن بەکاریان هێناوە. تەنانەت ئەلف و بای زمانی عەرەبیشیان وا گونجاندووە کەخزمەتی زمانی فارسیان پێ ئەنجام داوە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووانە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەموو برا موسڵمانە عەرەبەکان لەجیاتی ئەو هەموو قوربانی دان و خۆنەویستی و فیداکاری یەی نەتەوەی کورد بۆ ئایینی ئیسلام بەختی کردووە لەهەموو بوارەکانی زانستی عەقڵی و وەرگرتن و گواستنەوە هەردەم دووڵ و دردۆنگ بوون بەرامبەر کەسایەتی نەتەوەی کورد، لەگەڵ ئەمانەشدا بوڕی برا عەرەب و فارسەکانیان دابوو لەبواری زمان و ئەدەبی عەرەبی و فارسی. ئەوان بەوهەموو خزمەتە گەورەیەشەوە یان ئەو شارەزایەتیە پەیدا کردنەی کوردانیان لەبواری ئەدەب و زانستی عەرەبی بەفێڵ و تەڵەکە داوەتە قەڵەم گوایا لەم ڕێگایەوە گەلی کورد ویستوویەتی بێنە ناو ئاداب و سایکۆلۆجیەتی عەرەبی بۆ پیلان دژ بە عەرەب و ئیسلام هەروەکو شاعیرێکی عەرەب ئاوا بەرامبەر سۆزداری کوردان فەرمایشتی فەرمووە:

**لاتحذر الحية والعقربا    احذر كرديا اذا استعربا**

(لە مارو دووپشک سڵ مەکەرەوە، بەڵام کەکوردێک خۆی بەعەرەب کرد لێی دڵنیا مەبە)

کینەی پەنگ خواردووی دەروونی ڕەشی عەرەبە ڕەگەز پەرستەکان بەرادەیەک کەگوایە بوونەتە هۆی فەسادی سەرزەوی. تەنانەت ئەو دەمارگیری یە گەیشتبووە ئاستێک پەندو قسەی دژ بە مرۆڤایەتیان دابووە پاڵ نەتەوەی کورد... هەروەکو وتوویانە: ( ثلاثه فی الدنیا علی الفساد + الكردی والجریدی والجراد) سێ شت لەدنیادا دەبنە هۆی فەساد کوردو جورج و کوللە. ئەمە لەخۆی دا بەهەڵکەوت و هەڵەو ڕێکەوت نەبووە وەک پەندی سەردەم شارەو شار وتراوەتەوە - هەڵەیەکی نەشارزیش نەبووە - بەڵکو لەراستیدا بریتی بوو لەو کینەو دردۆنگی و

دوژمنکارییەی کەلەدەروون و قوڵایی هەستی دژایەتی کردنیدا چێندراوە... ئەمەش لەخۆیدا بەڵگەیەک بەدەستەوە دەدات بەدەست کینە سۆزان و ئەوانەی وەک نەخۆشی بیرو ژیری و دڵ و دەروونیان بەو ناحەزی یە گۆش کردووەو ئەم ئاشت تەنگییە نەتەوایەتییە کوشتوونی ئەم کینەو دەروون رەشەیان وەک چەکێک بەکارهێناوە بۆ قەلاچۆکردنی کورد. بەبۆچوونی ئەوان کورد مرۆڤ نین. لەبەر ئەوەی جرج و کوللە پێویستیان بەقەلاچۆکردن هەیە ئەمانیش بەهەمان شێوەی مارو مێرو و کوللە شایستەی قەلاچۆن. پەلامارەکانی ئەنفال کەرژێمی بەعسی لەعێراق دا لەباشووری کوردستان ئەنجامیاندا. قوربانی یەکانی ئەم کارەساتە دژ بە مرۆڤایەتی یە لەقەلاچۆو جینۆسایدی رۆڵەکانی گەلی کورد گەیشتنە چارەکە ملیۆنێک قوربانی. لەگەڵ بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە بەگازی کوشتێنەر لەلایەن سوپای خوێن رێژی بەعسەوە کەهەزاران لەرۆڵەو زارۆکانی کورد لەچەند چرکەیەکدا شەهید کران. ئەمە شێوازی قەلاچۆی بەکۆیە، ئەم قەلاچۆیەش هەرگیز بۆ مرۆڤ نەهاتووە تەنیا بۆ مارو مێروو و جرج و کوللە نەبێت. نەک لەگەڵ مرۆڤدا. لەگەڵ ئەمەشدا هەردوو دنیای عەرەبی و ئیسلامی بێجگە لەژمارەیەکی کەم کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران. بێدەنگ وەستان وەک بێ دەنگی مردو بەرامبەر ئەم تاوانە بەربەریە قێزەوەنە بێدەنگیش نیشانەی رازی بوونە. هەروەکو پەندە عەرەبیەکە دەڵێ.....

**خوشکان ...؟ برایان....؟**

نەتەوەی کورد بێ گوێدانە ئەوەی کەبەرامبەری ئەنجام دەدرێ لەکینەو دژایەتی و قەلاچۆکردن لەلایەن برا موسڵمانە عەرەبیەکانیەوە - یان هەرلایەنێکی تر لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵی زانستی و پیاوچاکی خۆی دەست بەردارنەبوو لەپێناو ئیسلام و سەرجەم موسڵمانانداا بەدرێژی چەند سەدەیەک... تەنانەت تا ئەم سەردەمانەی دواییش. نەتەوەی کورد رۆڵەو کەسایەتی عەبقەری و زاناو نابیغەی وەک: شێخ عەبدولقادری گەیلانی - غەوسی ئەزەم - وەیس القەرەنی - مەولانای حەکیم - ئیدریسی بتلیسی - سەید محەمەدی المدنی البرزنجی - شێخ محەمەد عەبدە - عوسمان دقنە - محەمەد فەیزی زەهاوی - شێخ مارف نۆدێیی - عەبدوڵلا بێتووشی - بەدیع الزمان سعید النورسی - عبدالرحمن قەرەداغی - محەمەد جمال ماردینی - حەیدەری ماودرانی - عبدالرحمن رۆژبەیانی - شێخ حەسەنی گلەزەردی - شێخ زیائەدین عوسمان نەقشبەندی - مەلا محەمەدی قزلجی - مەلا محەمەدی کۆیی - ئەحمەد مفتی زادە سنەیی - شێخ ئەمجەدی زەهاوی - شێخ محەمەدی

خاڵ - مەلا عبدالکریمی مدرس - زانا محەمەد گابووری سەدان لەزانای بەناوبانگ و ناسراوی تر (٣٩). خزمەتگوزاری نەتەوەی کورد بۆ موسڵمانان و ئایینی ئیسلامی لەسنوورێکی دیاریکراودا نەوەستاوە - بەڵکو سنووری سەرجەم زانیارییەکان و هۆنراوە جۆر بەجۆرەکانی بڕیوە. بەردەوام بووە لەسەر شێوازە کۆنەکەی خۆی. تەنانەت لەبواری سوپایشدا.

کاتێک هێزی لەشکری سەلیبیەکان پەلاماری رۆژهەلاتی ئیسلامیان دا لەدەوروبەری (١٠٩٥ز( بەو نیازەی تۆڵە لە موسڵمانە عەرەبەکان بستێنەوە سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی کورد سوپایەکی بێ شوماری ئازاو چاونەترس و شەرکەری ئامادەکرد (١١٣٧ - ١١٩٣ز) جێگای بەهەشتی یەزدان بێ - کەزۆربەیان لەخێڵ و عەشیرەت و سەرۆک خێڵە کوردەکان بوون- توانی بەهۆی ئەو سەرکردایەتی یە لێهاتوویەی و نەبەردیەی شەرکەرەکانی بەسەر سەلیبیەکاندا زاڵ بێت. دوای چەند زەرەرو زیانێکی کەم تێکی شکاندن - وە لەزەوی پیرۆزی فەلەستین وەدەری نان. بەمە ئایینی ئیسلامی لەمەترسیەکی گەورەی ئەوان پاراست. هەروەکو هەموولایەک دەیزانن سەلاحەدینی کورد لەبەر فراوانترین دەروازەکانی مێژووی ئیسلام ،و مەسیحیەتەوە هاتۆتە ناوەوە - بەهۆی لەخۆ بوردەیی و دڵ فراوانی و ئازایەتی لێبوردوانەیەوە - لەسەر داب و نەریتی کۆمەک بەخەڵکی بێ تواناو کەم دەست و لاوازو ژێردەستە بێ رەوشتی ناکەس بەچەو ترسنۆکانە (٤٠). لەکاتێکدا سەلاحەدینی ئەیوبی دەوڵەتی لەمیسرو شام و کوردستاندا دامەزراند - نەریتی خۆپەرستی و خۆبەزۆرزانی بەوەی کەهەر کوردە لەهەڵس و کەوتدا لەبەرامبەر بەکارنەهێنان، بەپێچەوانەی ئەمەویەکان و عەباسییەکان مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتانەدا ئەنجام دەدا. هەموو ئاواتێکی ئەوەبوو یەکسانی و برایەتی و خۆشەویستی بکا بە پەیڕەوی دەسەڵاتەکەی.

لەم خەباتەو تێکۆشانە سەختەی کەبەخوێنی هەزاران لاوی کورد بەئەنجامی گەیاندووە بۆ کورد شتێکی بەرچاوی لەبەرنامەدا نەبووە کەبیکات بەدیاری بۆ مێژووی ئایندەیان. تەنیاو تەنیا وەقفێکی کەم بایەخ نەبێت لەمزگەوتی ئەزهەردا بەناوی (رواق الاکراد) ئەویش بۆ ئەوەی بەو پارە کەمە کۆمەک و هاوکاری ئەو خوێندکارانە بکات کەلەکوردستانەوە بۆ خوێندن چوون بۆ میسر. ئەو شوێنەش بۆ خوێندکارانی کورد وەک ماڵ و بەشی ناوخۆیی وابووە لەقاهیرەدا کەماوەی هەزار ساڵ بەردەوام بووە ... وەبەپێی هەواڵی گەیشتو سەرکۆماری پێشووی میسر ئەو

بەشەی داخستووەو وەک چرایەک کوژاوەتەوە... ئەو ئەنوەر ساداتەی دۆستی شای ترۆکراوی ئێران بوو - ئەنوەر سادات هەروەکو هاوەڵەکەی (بوتفلیقە)ی جەزایری ئەندازیاری رێککەوتننامەی جەزایر - بوون ئەو رێککەوتننامە شوومەی لەنێوان رەزا شای ئێران و صەدام حوسێن دا بۆ گۆڕکردنی شۆڕشی کورد ئەنجام درا لەمارت ساڵی ١٩٧٥ز کەبوو بەهۆی رووداني گەورەترین کارساتێکی ئینسانی لەکوردستاندا. بەوە هەزاران هەزار لەهەژارو نەدارەکانی گەلی کورد بوونە قوربانی. من نامەوێ لێرەدا لەوەزیاتر لەسەر ئاکارەکانی (بوتفلیقە)و شای ئێران و ئەنوەر سادات - ی میسر بدوێم چونکە هەروەکو ئێوەش دەزانن (بەسەر چوون و مردوون) ئێستا ئەوان رووبەڕووی یەزدانی مەزنی خۆیان بوونەتەوە بۆ سزاو تۆڵە، بابێ ویژدانی ئەوان بۆ یەزدانی گەورە بەجێ بهێڵین - چونکە هەر ئەو تۆڵەستێن و دادوەری راستەقینەیە.

**خوشکان ...؟ برایان ...؟**

با بۆ یادەوەری مێژوو بەم بۆنەیەوە ئاوڕێک لەسەرکردەی پێشینەی کورد سەلاحەدین ئەیوبی بدەینەوە، ئەوکەسەی کەپێش هەزار ساڵ بەر لەئەمڕۆ تا توانیوویەتی خزمەتی مەزن و گەورەی بەعەرەب و فارسی موسڵمان کردووە لەگەڵ تورکاندا.

ئەو کەسایەتی یە هەموو خەباتێک و تێکۆشانێکی لەپێناوی ئەوەدا بەخت کردووە بەناوی موسڵمانەتیەوە، ئەم نەتەوانەی باسمان کردن بەئایندەکەیانەوە لەفەوتان و مەرگی حەتمی بپارێزێ و رزگاربکات، هەرگیز ئەم پیاوە بیری لەئایندەو سەرنوێشتی گەلەکەی خۆی نەکردۆتەوە کەدوابەدوای ئەو خزمەتە مەزنەی سەلاحەدین بەم نەتەوانە وەک عەرەب و فارس و تورک، هەر ئەمان خۆیان لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلام دوای ئەو خزمەتەی سەلاحەدین، هەستاون بەئاوارەکردن و چەوساندنەوەو ژێر دەست و زەلیل کردنی نەتەوەی کورد. دەبا ئەو واقیعە تاڵ و تفتەی کەتەنانەت ئەمڕۆ بەدەست ئەم نەتەوانە دووچاری بووین وەک کورد بیخەینەبەرچاو...! هەر لەبەر ئەوەی سەلاحەدینی کورد هەستاوە بەرزگارکردنی ئەرزی پیرۆزو نەیارەکانی ئەوانی لێ وەدەرناوە لەتۆڵەی ئەمەدا ئەورووپیە مەسیحی و جولەکەکان بڕیاری بەش بەش کردن و لەت و پەت کردنی کوردو کوردستانیان ئەنجام دا. کوردستانیان لەنێوان عەرەب و فارس و تورکان دا دابەش کرد. بێ گوێ دانە ویژدان و سڵ کردنەوە لە مرۆڤایەتی - ئەویش دوابەدوای جەنگی جیهانی

یەکەم، بەوەی توانییان بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا زاڵ بن.
ئەمان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەوە تا ئیستا گەلی کورد دابەش کراوو ئاوارەو وڵات لەت و کوت کراوبێ. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کەدیارە تۆڵە سەندنەوەی بەر لەهەزارساڵ پێش ئەمڕۆ لەئاکارو کرداریان دژ بەگەلی کورد وەک ئاگری ژێرکا وایە... نموونەشمان بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە ئەو سەرکردەیەی سوپای فەڕەنسی بەناوی ژەنەراڵ (غۆرۆ) کاتێک توانی بەسەرکەوتوویی شاری - دیمەشق - داگیربکات و پێ بنێتە ئەو شارەوە دوای جەنگی جیهانی دووەم، چووەتە سەرگۆڕی سەلاحەدینی ئەیوبی و لەبەردەم گۆڕەکەیدا بەخۆ بەزۆر زانییەوە وەستاوەو وتی:( ببینە ئەوا گەڕاینەوە... هاتینەوە ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی) لەهەمان کاتدا ئەوەشم دێتەوەیاد کەوا شاعیری پایەبەرزی عەرەب محەمەد مەهدی الجواهیری شیعری بۆ مەرگی جەمالەدینی ئەفغانی نووسیووە (١٨٣٩ - ١٨٩٧ز) دوای ئەوەی تەرمەکەی لەئەستەمبۆلەوە لەرێگای بەغداوە لەساڵی (١٩٤٤ز) گوازراوەتەوە بۆ ئەفغانستان:
نصرت لرقطه الحق السهادا + فلولا الموت لم تطق الرقادا
سەرکەوتین بۆ ئەوەی ڕاستی و هەق بەسەر فەسادا زاڵ بکەیت و شەونخونیت لەپێناوی دا کێشا ئەگەر زەنگی مردن لێی نەدابا هەرگیز چاوت نەدەچووە خەوو ماندوو نەدەبوویت.
شتێکی سروشتییە سەلاحەدینی ئێستا کەلەئارامگای مەرگ ڕاکشاوە ناتوانێ وەڵامی ئەم ژەنەڕاڵە بداتەوە - ئەم ژەنەڕاڵە تڕ مەزنە (Tirmezin) فەرەنسیە - تکای لێبوردنیش دەکەم بەهۆی بەکارهێنانی ئەم زاراوە کوردیە کەئەدەبی کەمتر تێدا بەکارهاتووە لەبەرامبەر ووشەی (مستكبر) ئێمەی کورد لەبەرامبەر کەسایەتی یەک کە زۆر بەخۆی بنازێ - لەخۆبایی بێ لوت بەرزی پێدەڵێن بە واتە (Tirmezin) من دەمەوێ لێرەدا تێڕامان بەرامبەر وەڵامی سەلاحەدینی سەرکردە بکەم لەوەڵامیدا بۆ ئەم مارشاڵە لەخۆبایی یە. من وەک نەوەیەکی دڵسۆز بەئەمەکی ئەو لەبریتی ئەو ئاوا دەدوێم بەرامبەر مارشاڵی فەڕەنسی:(بەڵێ جارێکی تر گەڕانەوە، لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد ئێستا لەگۆڕەپانی نەبەردا نین لەبەر ئەوە خۆمان بە بەرپرسیار نازانین بەرامبەر ئەوەی رووی داوە - گەلی کورد ئەمڕۆ - سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی ناکات ئەوەتا ئێمەی کورد نەتەوەیەکی ژێر دەستین بەش خوراوو بێ چارەین بەهۆی برالەخۆبایی یە خۆبەزۆر زانەکانمانەوە - یان ئاوا وەڵامی دەدایەوە:( لەخۆبایی

بوونتـان دەربـڕن، من بەرامبـەر بەوەی رووی داوە نیگەران نیم، من کـوردم دڵم خاوێن و خوێنم بێ گەردە، کاتێ هەموشت بووم دەمتوانی وەکو پێویست بارودۆخی ئایندە هەڵبسەنگێنم - بەڵام ئێوە هێرشتان بۆ سەرئێمە هێناوە... لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە کاتی خۆی هەڵس و کەوتمان لەگەڵتاندا هەڵس و کەوتی دوژمنێکی شەریف و دڵ فراوان و لێبووردەبوو... ئەوە مێژووتان گەواهی ئەم راستییە دەدات. کەچی ئێوە لەگەڵ ئەوەشدا دڵی کرمێ تان خاوێن نەکردۆتەوەو دوای هەزار ساڵ نەتان توانیووە دڵ و دەروونتـان بەرامبەر کینەو سۆزی پاک نەکردۆتەوە - ئێمە هەمووماں براین - رۆژێک دێت تۆش وەک من لەم گۆڕەدا رادەکشێیت، ئەو کاتە تۆش ناتوانیت وەک ئێـسـتـای من وەڵامی دوژمنەکـەت بدەیتـەوە - تۆ بەم شـێـوازە ترِ مـەزن مـەبە (Tirmezin)...!!

لەراستیدا زۆرگران دەوەستێ تۆمەت بدەیتە پاڵ سەلاحەدین لەرووی هەڵ و مەرج و بارودۆخی ئەو سـەردەمـەو رووداوەکـانی کـەهاتوون تێ پەڕیون لەجـیـهـانی ئیسلامیدا.

ئەگەر هاتباو تەمەن مەودای بدایەو تا ئەمرۆ بژیایە - میللەتەکەی دیتبا بەوئاست تەنگی و ترس و لەرزو دڵەڕاوکێ و قـەلاچۆکـردنەدا - برا مـوسـڵـمـانەکـانی و هەڵوێستی پڕلە توندو تیژیان - ناچاریان دەکرد سەلاحەدین کوردایەتی بکات و واز لەخزمەتکردنی موسڵمانانی بێ ئەمەک بێنێ.

تێبینی ئەوە کراوە کەوشەی کردن بەکوردا (الاستکراد) چوتە نێوزمانی عەرەبیەوە لەناو میسری یەکاندا. دوای مەرگی سەلاحەدینی ئەیوبی، کەمیسری یەکان کەوتنە دژایەتی کردنی کوردەکان لەمیسر - وشەی الاستکراد - وەڵامی چاکەو دڵ فراوانی سەلاحەدین بوو لەلایەن مـیـسـری یەکـانەوە، هەروەکو بڵێ ی:( واسـتـکرد فـلان، فـلانا): بەواتە فـلان کـەس هەڵس و کـەوتێکی خـراپی بەرامـبـەر فـلان کـەس بەکارهێنا. هەروەکو چۆن مرۆڤ ئەو هەڵس و کەوتە لەگەڵ کورددا دەکات...

**خوشکان ...؟ برایان...؟**

لەکـاتێکدا دەوڵەتی عـەباسی رووخـا (١٢٥٨ز) لەئاکـامی هێرش و پەلامـاری مەغـۆلەکـاندا بۆسەر بەغدا خوێنی عـەرەب و فـارسـەکـان رووباری لێ کـەوتەوە... لەوکـاتەدا مـیللەتی کـورد لەخـۆشـیـان هەلهـەلەی نەکـێشـا. بەڵکو بەپـێـچـەوانەوە دەستیان کرد بە بەرەنگاری و لەشکرکێشی بۆ سەر ئەوتورکە مەغۆلیە داگیرکەرانە - هێرشێکی جوامێرانەیان کردەسەریان بەهاوکاری لەگەڵ عـەرەب و فـارسـەکـان بۆ

رزگاربوون لەمەترسی ئەو هێرشە پەلامارە خوێناویەی جیهانی ئیسلامی دووچاری هاتبوو... لەوهێرشەدا پەلاماری مەغۆلیەکان بەتەنیانەبوو بەڵکو لەهەمان کاتدا خێڵە تورکەکان دەستیان کرد بە پەلامارو داگیرکاری بەرەو ئاسیای بچووک و بەرەو هەندێ ناوچەی ئازەربایجانی کوردی. بەوە خێڵە تورکەکان دەسەڵات و توانای خۆیان سەپاند بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوانی وڵاتی کوردان و دەستیان کرد بەئەنجامدانی سیاسەتی بەتورک کردن. دوای ئەوەی هەندێک لەو خێڵە تورکانە هاتنە سەر ئایینی ئیسلامی، یەکێک لەوخێڵە تورکانە لەکۆتایی سەدەی سێزدەهەمدا (١٢٩٩ز) لەباکووری خۆرئاوای ئاسیای بچووک دەوڵەتێکی بەنێوی میرنشینی عوسمانی کەناوی باوکە گەورەی ئەو عەشیرەتە بوو لەسەر زەوی بیزەنتیەکان دامەزراند. لەساڵی (١٤٥٣ز) تورکە عوسمانی یەکان (کۆنستانتینۆبلیان) داگیرکرد. ناوەکەشیان گۆڕی و کردیان بە ئەستەمبوڵ (٤١) هەر لەوسەردەمەوە خۆیان بەپارێزەرو سەنگەری سەختی موسڵمانە سوننیەکان دانا. سوڵتان سەلیمی یەکەم بەزۆر پلەو پایەی خەلیفایەتی لەدەست خەلیفە متوکلی عەرەبی دارنی و بەبەر خۆی داکرد. کەوا خەلیفەی عەباسیەکان بوو. لەژێر ناوی ئەوەی ئەوان بەتەنیا ئاینی ئیسلام دەپارێزن. (متوكل علی الله) کەدوا خەلیفەی عەباسیەکان بوو لەمیسر - دوابەدوای داگیرکردنی وڵاتی شام کۆتاییان بەخەلیفایەتی ئەویش هێنا لەمیسر - دوای ئەم داگیرکارییە تورکە عوسمانی یەکان بەرەبەرە بەهێزتر بوون. دەستیان کرد بە پەلاماردانی گەلانی ئەوروپای رۆژهەڵات کەهەڵگری ئایین و باوەڕی مەسیحی بوون. ئەم داگیرکارییە وڵاتی یۆنانیشی گرتەوە. لەسەر ئەم سیاسەتەیان بەردەوام بوون، بۆ بەفراوان کردنی سنووری دەسەڵاتە بەزۆر زانینەکەیان. هەر لەسەرەتای سەدەی شانزەی زایینەوە. میرنشینی یەک لە ئازەربایجان دروست بوو بەناوی میرنشینی (سەفەوی)یەوە بەناوی (شێخ ئیسماعیل سەفەوی گەورەوە) ئەم خێزانە سۆفیە دەروێشە کوردە لەو ناوچەیە کەسایەتی و هێزو توانایان هەبوو. ئەم خێزانە چوونە سەر مەزهەبی (شیعە) توندڕەوانە رەفتاریان کرد. بەم هۆیەوە ڕوروبەڕووبوونەوەی خوێناوی لەنێوان ئەوان و تورکە عوسمانی یە سوننیەکان دا بەرپابوو... لەنێوان لایەنگرە عوسمانی یەکان و لایەنگرانی سەفەویەکان، قوربانی یەکان لەهەزاران هەزارکەس تێپەڕی کرد لەهەردوو بەرە. ئەمەش لەئەنجامی نەزانی و دواکەوتوویی و رەگەز پەرستی تایەفەگەری گێرانەوە لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا زۆربەی کورد سەربەتایەفەی

سوننی باوەڕبوون - بۆیە ببوونە قوربانی سەرجەم پەلامارو هێرشە ڕەگەزپەرستی یەکانی سەفەویەکان و ئاکارە دڕندایەتی یەکانیان، بەمەش هەزاران هەزار لەڕۆڵانی گەلی کوردبوون بەقوربانی و سووتەمەڕۆی ئەم جەنگە ناڕەوایانە. تورکە عوسمانی یەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە، توانیان کاربکەن بۆ سەرنج ڕاکێشانی زانای گەورەو بەناوبانگی کورد مەولانا (ئیدریسی بتلیسی) لەساڵی (١٥٢٠ز) وەفاتی کردووە. ئەم زانایە پشولیبراوبوو بەهۆی ئەم هەموو پەلامارو خوێن ڕێژییەی سەفەویەکان بەکاریان دەهێنا - بەو هۆیەوە بتلیسی کەوتە وتوویژ لەنێوان سولتان سەلیمی عوسمانی و سەرکردەکانی ئیمارەتە کوردی یەکان. هەوڵ و کۆششی بتلیسی بووبەهۆی ڕازی کردنی سەرکردە کوردەکان بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ عوسمانی یەکان پێکبهێنن وەک برایەک لەمەیدانی جەنگدا. بەم هۆیەوە کوردە سوننی و تورکە سوننی یەکان لەژێر ناوی دوژمن دارو لەگەڵ سەفەویەکان داو بەهۆی جیاوازی ڕێبازی ئایینی یەوە کەئەوان (شیعە)بوون دەستیان کرد بە پەلاماردان بۆسەر سنووری دەسەلاتی سەفەویەکان. شەڕێکی بێ ئامان و خوێناوی لە ساڵی (١٥١٤ز) بەرپابوو لەبەینی هەردوولادا، کەزاندراوە بەشەڕی (چالدێران) (Chalderan) بەناوی ئەو شارۆچکە کوردی یەوە کەشەڕەکەی تێدا بەرپابوو. لەم شەڕەدا سەفەویەکان تێک شکێندران و سەرکەوتنێکی گەورە بەنسیب عوسمانی یەکان بوو. تەورێزی پایتەختی سەفەویەکان داگیرکرا - بتلیسی وەک گەورە پیاوو زانایەکی کورد، بەردەوام بوو لەوتوویژکردن لەنێوان سەرۆکی میرنشینی یە کوردەکان و سوڵتانی عوسمانی دا، ئەم هەولدانە بێ بەروبووم نەبوو بەوەی پەیوەندی بەناوی یەکێتی کوردو تورک پێکهات لەشێوازی دەولەتێکی یەکگرتووی (تورکی - کوردی) عوسمانی لەئابی ١٥١٥ز بەمە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرێندرا.. کەدوای ماوەیەکی کەم لەپێکهێنانی ئەم ئیمپراتۆریەتە توانیان بەتەواوەتی بەسەر (مەمالیک)دا زاڵ بن. لەساڵی ١٥١٦ز سوریاو لەساڵی ١٥١٧ز میسریان داگیرکرد وە لەئابی ١٥١٧ز کلیلی داگیرکردنی کەعبەشیان کەوتە دەست.

ئەم سەرکەوتنانەی عوسمانی یەکان ئەو ئەنجامەی نەدەبوو ئەگەر هاتبا گەلی کوردی ناهوشیار زیاتر لەپێویست ریزیان لەزانا ئاینی یەکانی کورد دا نەنابا. (ئەمەش لەخۆی دا ئەمە دەگەیەنێ کەئەم گەلە، هەمیشە لەبەر سۆزو عاتیفەو کەم هوشیاری نەتەوەیی، باوەڕبوونی تەواوی بەسەرکردەیی و زانا ئایینیەکان کەمتر بیری لەسوودو بەرژەوەندی خۆی کردۆتەوە)بەردەوام قوربانی داوەو چەقۆی لەسەر

مل بووه (لەپێناوی بێگانەدا یان لەبەر پارێزگاری کردن لەباوەرە ئاینی یەکەی).
ئیدریسی بەتلیسی لە گەورە زاناو کەلە فەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی بووه کەسایتی و شوێنێکی گەورەی بووه لەلای سەرکردە کوردەکان لەکتێبی (الشقائق النعمانیه) داهاتووه کەناوبراو لەکەسایەتی یە دەگمەنەکانی رۆژگارو تاک و تەراکانی سەردەم بووه، نووسراوەو نامەی جۆراوجۆری لەدەیەها بابەتی زانستی نووسیووەو بەجێی هێشتووه، کەلەژماردن نایەن (٤٢) کەچی لەگەڵ ئەمەشدا سوڵتانەکانی عوسمانی برا تورکەکان هیچ ریزو حورمەتێکیان بۆ ئەو سەربەخۆییەی ناوخۆی کورد دانەنا - بەڵکو بەپێچەوانەوە، رەگەز پەرستانە کەوتنە پیلان گێران و تەلەکەبازی بۆ لەبەین بردنی شێوە میرنشینی یە سەربەخۆکانی کورد. بەڵگەشمان بۆ ئەوە کە تورکە عوسمانی یەکان هەرگیز باوەڕیان بە برایەتی نێوان موسڵمانەکان نەبووه، تەنیا بیریان لەبەرفراوانکردنی ئیمپراتۆری یەتەکەیان کردۆتەوە خەونیان بە دەسەڵاتی خودی خۆیانەوە بینیوەو بەس. بۆیە سوڵتانی تورک (سلێمانی قانونی) فەرمانێکی دەرکرد (بۆیەکەم والی تورک لەدیاربەکر)ئامەد Amed ی شاری کوردان). هەمان وتە خۆپەرستی یە فارسیەکە (اکراد بدنهاد) - بەواتە کوردی نارەسەن - ی تێدا ئیشارە بۆ کردبوو (٤٣). ئەم سوڵتانە تورکە رەگەزپەرستەو سەرجەم سوڵتانە تورکە عوسمانییەکان بەهەر شێ واز یێک بۆیان لوابێ - بەهەرفێڵ و تەلەکەیەک بۆیان ئەنجام درابێ هەولی دووبەرەکی و ئاژاوەگیریان داوە لەنێوان ئەمیرو سەرۆک خێڵە کوردەکان - هەتا لەئاکامدا بەهاریکاری دەولەتی (بروسی ئەلمانی) دوا میرنشینی کوردەکان لەنێو بەرن کەمیرنشینی (بابان)بوو لەناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم (٤٤) بەمە روناکی زانست و زانیاریان لەکوردستاندا کوژاندەوە، بێ نکوڵی سەرجەم میرنشینی یە کوردەکان هەمیشە، وەک میرنشینی بابان بادینان و سۆران. میر محەمەدی رەواندزی ناسراو بە (میرە کۆرە Miri kore) سەرکردەو میری سۆران بوو، لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا. دەولەتێکی ئیسلامی کوردی دامەزراند لەسەر زەوی ناوچەیەکی بەرفراوان لەکوردستاندا ناسرا بەدەولەتی سۆران (Soran)- سوڵتانی عوسمانی نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بیت. زاڵ بوونەکەشی دوای ماوەیەکی دوورو درێژبوو پەنا بردنە بەر فێڵ و تەلەکەبازی و ئاژاوەنانەوەو دووبەرەکی دروستکردن لەبەینی خێڵە کوردییەکانداو درۆو دەلەسە بەکارهێنانی (چەکی مەزهەب) کەبەردەوام داگیرکەرانی کوردستان دژ بەگەلی کورد (٤٥) بەکاری دەهێنن،هەرچەندە دوژمنایەتی و رق و

ناحەزی مەزهەبی لەبەینی سوننیە تورکە عوسمانی یەکان و شیعە فارسی یە سەفەوییەکاندا توندو تیژ تربوو. بەڵام ئەو هۆکارە نەگەیشتبووە ئەو رادەیەی کەوایان لێ بکات دژ بەگەلی کورد یەکگرتوو نەبن بەحوکمی دەمارگیری یە کوێرانە نەتەوەییەکەیانەوە. هەر ئەوەبوو لەساڵی ١٦٣٩ز دا تورکە عوسمانی یە سوننیەکان و فارسە سەفەوییە شیعەکان بڕیاری دابەشکردنی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا قبوڵ کردو مۆرکرد، بەناوی رێککەوتننامەی (زەهاو) کە بەناوی ئەوشارە کوردی یە کەرێککەوتننامەکەی تێدا مۆرکراوە.

لەکاتێکدا گەلی کورد بەهۆش خۆی هاتەوەو بارودۆخ و هەل و مەرجە دلتەزینەکەی لەبەرچاوگرت. ئەو کاتە کەوتنە بیرکردنەوە لەسەر سەرنشوستی خۆیان، ئەو سەرنوشتە خەم ئامێزو پرچارە رەشی یە لەناویاندا هەندێ زاناو بلیمەتی موسڵمانان ئەوەیان باش پێ دەرک کردبوو. بۆیە بەگەرمی کەوتنە وشیار کردنەوەی رۆڵەکانی نەتەوەکەیان - ئەوەبوو لەسەدەی شانزەهەمی میلادی زاناو بلیمەتی کورد (شرف الدين البتليسي) گەشتە بەناوبانگەکەی خۆی ناونراو بە (شرف نامە) تۆمارکرد کەبریتییە لەمێژووی دەوڵەت و میرنشینی یە کوردیەکان لەسەردەمی دەسەڵاتداری ئیسلامەتیدا (٤٦). لەو کتێبەدا پەنجە بۆ سنووری کوردستان رادەکیشێ لەگەرووی هورمزەوە (ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن کەنداوی فارسی یان کەنداوی عەرەبی) کە بەدەریای هیندی یەوە نووساوە. بەهێڵێکی راست درێژ دەبێتەوەو ویلایەتی (مەلایەتیە) و (مەرعەش) لەلای باکووریشەوە لەهەمان هێڵ ولایەتی فارس و عیراقی عەجەمی یە (٤٧) لەگەڵ ئازربایجان و هەردوو ئەرمینیای بچووک و گەورە (٤٨). لەوبەشی باشووری عیراقی عەرەبی و موسڵ و دیاربەکر(٤٩).

هەندێک لەزانا کوردەکان کەوتنەخۆ بۆ پەرەپێدان و ژیاندنەوەی زمانی کوردی لەبیرکراو، ئەوەبوو لەساڵی هەزاری کۆچیدا عەلی تەرماخی 1591Ali Ter-maxi ز یەکەم رێزمانی بۆ زمانی عەرەبی دانا بە زمانی کوردی (٥٠). مەلا یونسی هەلکتینی (١٧٨٥ز) مردووە ٣ لێکۆڵینەوەی لەسەر گرامەری عەرەبی بەزمانی کوردی نووسیوە (٥١) هەر لەم سەردەمەدا نابیغەو شاعیرو دادوەری مەزن سەریان هەڵدا وەک: مەلای جزیری (١٥٧٠ - ١٦٤٠ز) مەلا ئەحمەدی باتی (١٤١٤ - ١٤٩٥ز)ئەمان بوون بەهۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبی کوردی بە بەرهەمە مەزن و پڕ بایەخە ئەدەبیەکانیانەوە. باسەکانیان جەماوەری کوردیان هاندا

بۆ ئەوەی بەچاوی ڕێزەوە بڕواننە کلتوری نەتەوایەتی خۆیان. هەر لەم ڕوانگەیەوە مەلای جزیری بەم شێوەیە شانازی بەبەرهەمە ئەدەبیە کوردی یەکەیەوە دەکات وای دەخاتە بەردەم و دیدی خوێندەواران کەلەقەسیدەکانی شاعیری ناسراوی فارس حافیزی شیرازی مەزنترن- (ئەگەر تۆ دەتەوێ بەدوای دورو وشەی جوان دا بگەڕێیت هەڵبەستەکانی مەلا بخوێنەوە، چ پێویست بەشیعرەکانی حافیز هەیە....؟) مەلای جزیری بەتەنیا شانازی بە شیعرەکانیەوە ناکات بەتەنیا... بەڵکو ... بە وڵاتەکەی بۆتان و نیشتمانە گەورەکەی کوردستان بۆیە دەڵێ:

**من گوڵێکم لەبیستانی ئیرەمی بۆتان دا**
**من چرایەکم لەشوانی کوردستاندا (٥٢)**

ئەم سەردەمە تاجی دەرەوشاوەی بەسەردا هەلکێشرابوو بەبیرو بۆچوون و بەرهەمە زانستی و ئەدەبیەکانەوە. توێژەرەوەی هەڵکەوتووی کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٦٥١ - ١٧٠٦ - ١٧٠٧ز) بەدنیا هینەری شاکاری (مەم و زین)ە کە وەک ڕۆمیۆو جولێتی شکسپیر. خانی هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەیەوە لەگەلی کورد دەخوازێ یەک بگرن و دووبەرەکی و ئاژاوە لەنێوان خۆیان بەدووربگرن - هەر هەموویان لەژێر ئالای سەرکردایەتی یەکی کەسایەتی کورددی کۆببنەوە بۆ دامەزراندنی کیانێکی کوردی سەربەخۆ!! بۆ ئەوەی چوارچیوەی دەولەت و ئایین بەیەکەوە ببەستێ ئەوەش پێش (٣٠٠) ساڵ بەرلە ئەمڕۆ خوازیاری کراوە (٥٣). هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ بەم هۆیەوە پەنجە بۆ ئەو لایەنە درێژبکەم. ئەمساڵ (١٩٩٤ز) و (١٩٩٥ز) ئاهەنگ دەگێرین بەبۆنەی تێپەڕینی (٣٠٠) ساڵ بەسەر هۆندنەوەی ئەم شاکارەی خانی یەوە. ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر بە هاریکاری (کۆمەڵەی دۆستانی کوردەوە لەنەمسا) چاپی دووەمی وەرگێردراوە- ئەلمانیەکە لێدەدرێتەوە کەبیرتی یە لەکورتەی (مەم و زین (٥٤)) کەساڵی ١٩٦٩ز بە بەرهەم هێناوە، هەر هەمان ساڵ یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارە کوردەکان لە ئەوروپا (نوکسە Nukse) لەگەڵ هەمان لێکۆڵینەوە کەئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ ز لە (دار الادب) (Literaturhaus) لەڤیەننا لەسەر مەم و زین و ئەحمەدی خانی ـجێگای بەهەشتی بەرین بێ) خوێندۆتەوە.

**خوشکان ... برایان....؟**

سوڵتانەکانی تورک و پاشاکانی فارس لەسەدەی شانزەهەمەوە خۆیان لەبەردەم چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردان دا دیوەتەوە کەحاشا هەڵنەگرن. چیتر نەیان

ویستووە بینە کۆیلەی ئەوان و لەژێر ستەم و زولم و زۆری ئەواندا بچەوسێندرێنەوە. دوای ئەوەی رۆلەکانی گەلی کورد لەوە دڵنیابوون کەئەم دەسەلاتدارانە ئایینی ئیسلامی وەک مەبەستێکی تایبەتی بۆ ویستی کەس و خۆپەرستی نەتەوایەتی دوژمنکارانە بەکاردەهێنێت دژ بەکوردو کوردستانی نیشتمانیان. ئەم خۆپەرست و خۆ بەزۆر زانانە بەردەوام بوون لەسەر ئەوەی ئایین وەک چەکێک و هۆکارێک بۆ کورد قران بەکاربهێنن. ئەو سۆزو هەستە ئایینی یە گەرم و کاریگەرەیان کردبووە کوتەکێک خۆی خشاندبووە ناو قولایی دڵ و دەروونی جەماوەری کوردی موسڵمانەوە.

بەرامبەر بەم راستی یە (خواجە سعد الدین) ناوێک (١٥٣٧ز - ١٥٩٩ز) موفتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووەو لەهەمان کاتیشدا مامۆستاو فێرکەری سوڵتان مورادخانی تورکی عوسمانی بووە لە کتێبەکەیدا (تاج التواریخ) کەبەزمانی تورکی عوسمانی نووسیویەتی دەڵێ (کوردەکان راو بۆچوونێکی چەوسێنەرەوەیان هەیە، هەریەکی لەوان خۆی بەگەورە دادەنێ، شانازی بەلوتکە چیاکانیانەوە دەکەن، لەم روانگەیەوە ویست و ئارەزووی ئازادی و سەربەخۆیی لەناو ئەواندا ریشەی داکوتاوە - ئەوان لەسەر هەر مەسەلەیەک ناتوانن یەک راو یەک دەنگ بوەستن بێجگە لە (زاراوەی یەکگرتن نەبێ) بەلام نەبوونی یەکێتی و هاوسەنگەری تەشەنای دووبەرەکی و یەکتر بیزتن لەناو ئەم نەتەوەیەدا هەروەک ئەم موفتی یە دەیگێریتەوە (دوای ئەوەی تیشکی رێبازی (محمد - د.خ) بلاوبۆوە، نامەی پەیامبەری راگەیەندرا، بوو بەهۆی ئەوەی ترس و دلەراوکێ بخاتە دڵی نەتەوەکانی دراوسێ و دوورونزیک. ئەم بانگەوازو ئایینە نوێ یەو بلاوبوونەوەی دوودڵی خستەناو کۆشکی پاشاو سوڵتانەکانی هەموو دونیا ، بەپەلە خۆیان گەیاندە لای سەرچاوەی ئەم ئایینە نوێ یە تا خەزیحەی کۆیلەداری ئەو رابەرە مەزنە بخەنە گوێچکەی نەسمدراویان، زۆربەی گەلانی ناوچەو دوورو نزیک فەرمان و خزمەتکاری ئەو کەسایەتی یە لێ هاتووەیان بە شادی یەوە قبوڵ کرد. (ئاغوزخانیش)کەسوڵتانی تورکستان بووە کەوتۆتە خۆی لە کەسایەتی یە ناسراوەکانی کورد (بەغدوز) ناوێکی بەنوێنەر هەلبژاردووە بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ مەککەو دەربڕینی رەزامەندی بەموسڵمان بوون، ئەم نمایندەیە دیمەنێکی کەتەو قەبەو ناشیرینی بووە شێوە بەژن و بالای عیفریتی هەلکەوتووە. (٥٥) دەم و چاوی بیزراوبووە، بەد فەسال بووە. ئێسک قورس، ئەم سولتانی تورکستانە ئەم پیاوە

بەنوێنەربەرێ دەخا بۆ خزمەت پێشەوای ئایینی ئیسلامی محەمەدی پەیامبەر، مامۆستای هەردوو دنیا (درودی خوای لەسەر بێ) بۆ ئەوەی لەرێگای ئەم نوێنەرەوە بوون بەموسڵمان بوونی خۆی و دەولەت و نەتەوەکەی رابگەیەنێ، بەڵام کاتێک ئەم مرۆڤە چارە قورسە دەگاتە بەردەم (هەلبژاردەی هەموو ئادەمیزاد) راستەوخۆ نەفرەت و پێ ناخۆشی خۆی بەرامبەر ئەو دیمەنە ناحەزە دەردەبڕێ، پرسیاری ئەوەی لێدەکا ئایا ناوبراو لەچ خێڵ و تایەفەو نەتەوەیەکە...؟ وەڵامی دەداتەوە کەگوایە لەنەتەوەی کوردە.

پێغەمبەر لەوەڵامدا ئاوا دەدوێ: ( یارەبی خوایە هەرگیز ئەم نەتەوەیە یەکگرتوو نەکەیت، لەبەر ئەوەی یەکگرتوویی ئەوان دەبێتە هۆکاری وێران کردنی هەموو دنیا (٥٦) ). هەر لەم رۆژەوە ئەم نەتەوەیە بۆی نەلواوە دەولەتێکی گەورەو مەزن بنیاد بنێ، دەسەڵاتێکی بەرفراوان دروست بکات. تەنیا بۆ پێنج تایەفەو عەشیرەتی نەبێ(٥٧).

**خوشکان ...؟ برایان ...؟**

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە: لەمێژووی گەلی کوردا پیاوێک نەبیستراوە بووبێت و ناوی (بەغدوز)بووبێت بەنوێنەر چووبێتە لای پەیامبەر (محمد - د.خ) ئەوەندەی ئاگاداری رابردوو مێژوو هەم لەسەردەمی پەیامبەردا کوردان لەژێر دەسەڵاتی تورکان دانەبوون ، هەروەها ئەو قسەیەی کەخەواجەسعدالدین مفتی عوسمانی بەدەم پێغەمبەردوە هەڵی بەستووە ، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم هەرگەیز لەدەمی پەیامبەرەوە دەرنەچووەو قسەی ئەو نەبووە. پەیامبەر (محمد - د.خ) زمانێکی پاراوی بووەو وتوویەتی (من خۆم بەزمان پاراوترین کەسێک لەعەرەب دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا من لەقورەیشم).

وتەوباس و حیکمەتەکانی رازاونەتەوە بە بۆنخۆشترین و ناسکترین و هەڵبژاردەی بەلاغیەوە، لەڕووی دارشتن و زاراوەو رازاوەی وشە سازی یەوە - ئەو رستەیەش درۆبەلای ئەوکەسانەوە هەڵبەستراوە کەزمانی عەرەبی بەواتا (ضاد) نازانن - بەڵام وشەی (شێواز عیفریتی) ئەوەمان بیردەخاتەوە کەمێژووی نووسەرانی عەرەبی دێرینە وەک (مەسعودی)بەرامبەر رەگەزو ریشەی کورد بەکاریان هێناوە.

دوای ئەو دووبارە کرایەوە بەزیادەی (العفاریت والجان) هەروەکو لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمان لەسەرکرد.

کەچی فارسە سەفەوییە خۆ بەزۆرزانەکان، بەردەوام بوون لەدەربڕینی رەگەزپەرستی

شۆڤیەنی و تایەفەگەری شیعی کوێرانە. چەندین جار لەشکرکێشی یان بۆ سەرکوردستان ئەنجام داوە - جەنگ و خوێن ڕشتن کردەوەی بەردەوام بووە لەنێوان کوردو سەفەویەکاندا لە گرنگترین ئەم جەنگانە (جەنگی قەڵای دمدم) بووە.

قەڵای دمدم Qelay Dim Dim 1606 ز یەکێکە لەو ڕۆمانە مەزنەی چووە ناو مێژووی نەتەوەی کوردەوە وەک مەلحەمەیەکی نیشتمانی. کاتی خۆی کاربەدەستە فارسەکان و بەکرێگیراوەکانیان لەمەلا ئاخوندە فارسەکان، گەلی کوردو زمانی کوردیان ناخۆش ویستووە، لەو سەردەمەدا چەندین قەسیدە لەدرۆو بوختان، سووکایەتی کردن بەنەتەوەی کوردو ئەدەب و کلتووری نەتەوایەتیمان کراوە. لێرەدا ئەم بابەتە قەسیدانە بەنموونە دەهێنینەوە کەبەزمانی فارسی نووسراون بۆ تەوهین کردن بەپلەو پایەی زمانی کوردی لەگەڵ کەم بایەخ کردنی دا کەلەهەمان کاتدا خۆ بەزۆرزانین و باڵادەستی و لوت بەرزی فارسەکان دەخاتە ڕوو:

**اللغة العربية هي الاولي والاخرة + زمانی عەرەبی سەرەتاو کۆتاییە**
**اما اللغة الفارسية هي حلوة كالسكر + فارسی شیرینە وەک شەکر**
**اللغة التركية هي اية من ايات الفن + تورکی وێنەیەکە لەهونەر**
**اما اللغة الكردية فهي خرطة الحمير + زمانی کوردیش تەرسی کەرە (٥٨)**

لەخۆش بەختی دا نەتەوەی کورد یان بەواتایەکی تربلێین زاناو ئەدیب و شاعیرانی ئەم نەتەوەیە وەڵامی ئەم وتە سووک و کەم بایەخانەیان نەداوەتەوە کەمەبەست بێ حورمەتی پێکردنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیە. ئامادەنەبوون درۆو تەڵەکەو سووکایەتی بەرامبەر زمان و کەسایەتی هونەری و زانستی و ئەدەبی نەتەوە دراوسێکان و هاو ئایین و باوەڕەکانیان هەڵبەستن!! بەپێچەوانەوە بەبەردەوامی ڕیزیان لەبوون و زمان و بەرهەم و هونەرو زانستی ئەم نەتەوە موسڵمانانە گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز خۆیان بیر نەچۆتەوە.

ئێوە سەرنج لەم پەندە کوردی یەبدەن کە دەڵێ (شام وەک شەکر شیرینە، بەڵام نیشتمان لەو شیرینترە) (Sam Sekire, Welat Sirintire).

گوێ بگرن لەقەسیدەکەی شاعیری گەورەو مەزنی کورد خانای قوبادی (١٧٠٠ز - ١٧٥٩ز) لەم قەسیدەیە زمانی کوردی دەنرخێنی و و بەراوردی دەکات لەگەڵ زمانی فارسی دا هەرچەندە خانا شاعیری کوردی فارسی نووس بووە، بەکوردی و فارسی شیعری نووسیووە بە باڵێکی هەڵچووی ئادابی فارسی ناسراوە لێرەدا دەڵێ:

**ورغم انه يقال ان الفارسية حلوة كالسكر**
**فالكردية عندي هي اكثر حلاوة وجمالا**
**فمن المعلوم انة في هذة الدنيا المليئة بالافكار السيئة، محل نفس تبقي فرحة بما لديها من لغتها القومية(٥٩).**

(لەگەڵ ئەوەدا کەزمانی فارسی شیرینە وەک شەکر، کەچی لای من کوردی جوانترو شیرینترە. شتێکی زاندراوە کەلەم جیهانەی پڕیەتی لەبیرو ئارەزووی نالەبار هەموو کەسێک دڵخۆشە بەو زمانە نەتەوەییەی کەپێی دەدوێ).

کەچی شێخ رەزای تالەبانی شاعیری بەناوبانگی کورد (١٨٣٧ - ١٩٠٩ز) کە بەبلیمەتی و دەستەوکەری راستەوخۆ ناسراوە لەهەجوکردن دا. بەزمانی عەرەبی و تورکی - فارسی شیعری نووسیوە.

لەبواری ریزلێنانەوە لەشیعرەکانی باسی عەرەب ئاوا دەکات:

**(وانتم ايها العرب لا انكر فضلكم، فأنتم اكثر فضلا منا، ولكن صلاح الدين الذي استولى على الدنيا كان كرديا بابانيا) (٦٠)**

ئەی عەرەب ئێوە نکوڵی ناکرێ لەچاکەتان، فەزلی چاکەتان لەئێمە زیاترە... بەڵام صلاح الدين کەدەستی بەسەر جیهاندا گرت لە جوملەی کوردی بابان بوو (٦٠).

ئاوا لەگەڵ ئەو هەموو هەڵوێستە دوژمناکاریانەی دراوسێ عەرەب و فارس و تورکاندا، کەچی زاناو ئەدیب و کەسایەتی یە بەرێزە کوردییەکان رێبازی خزمەتگوزاری لەئاستی رۆشنبیری عەرەب و فارس و تورکان نەوەستاند - هەروەها لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامی دا - بەڵکو بەهەموو هێزو توانایانەوە خزمەتی ئەم بوارانەیان کردووەو زمانەکەی خۆیان پشتگوێ خستووە. نووسەری تورکی عوسمانی (شمس الدين سامی) کەلەسەردەمی رابردوودا ژیاوە لەچوارچێوەی لێ توێژینەوەکەیدا لەسەر نەتەوەی کورد لە فەرهەنگە بەناوبانگەکەی دا (قاموس الاعلام) پەنجەی بۆ ئەم راستی یە راکێشاوە.

(لەگەڵ ئەوەدا لەناو کوردان دا زاناو بلیمەتی ناودار هەڵکەوتوون کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر بەعەرەبی و فارسی نووسیوویانەو هیچ گرنگیان بەزمانەکەی خۆیان نەداوە (٦١)).

دەبا لێرەدا لەگەڵ سەدان نموونەی زیندوو لەم بوارەدا تاکە نموونەیەک نیشان بدەین - دەبا زانای گەورەی ناودار شێخ مارفی بەرزنجی (١٧٥٢ - ١٨٣٨ز) مورشیدی

تەریقەی قادری لەکوردستان لەسەدەی نۆزدەهەم بەنموونە بهێنینەوە، ئەم زانا گەورەیە (٤٦) کتێبی بەزمانی عەرەبی نووسیووە لەزانست و هونەری جۆراو جۆر لەوانە:
**(القطر العارض في علم الفرا ئض، الفرائد في العقائد، تنقيح العبارات في توضيح الاستعارات، وسيلة الوضول الي العلم الاصول، فتح الموقف فيي علم المنطق ، ازهار الخمائل في الصلوات المشتملة علي الشمائل).**
ئەم شێخە پایەدارە کتێبێکی بچکۆلەی نووسیوە ناوی لێناوە (الاحمدیه فی ترجمه العربیه بالکردیه) بریتی یە لەقاموسێکی عەرەبی کوردی قەوارە بچوک نەک لەبەرو ئەوەی خزمەتی زمانی کوردی پێ بکات کەزۆربەی زاناو ئەدیب و بلیمەتە کوردەکان پشت گوێیان خستبوو... بەڵکو ئەم کارانەیان لەبەر ئارەزووی تایبەتی کەسیەتی خۆیان بەئەنجام گەیاندووە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی. لێرەدا باگوێمان لەشێخی گەورەمان بێ لەپێشەکی کتێبەکەیدا، قەسیدەیەکی بەعەرەبی و فارسی نووسیووە چ دەڵێ:

**الحمد الله علي ماوهب + هدانا الي لسان العرب**

**در اين رسال بكردي زبان + كنم زيان عربي رابيان**

تاكە فرزندم ئەحمەد بێ تەعەی + شود دانای لوغەی عەرەب (٦٢).

مانای ئەو دوو نیوەبەیتە فارسیە: لەم نووسراوەدا ... هەڵدەستم بەشەرح کردنی زمانی کوردی، بۆ ئەوەی ئەحمەدی کوڕم بتوانێ ئەلف بای زمانی عەرەبی بەهاسانی فێربێت هەر بەم بۆنەیەوە ناوی فەرهەنگەکەی ناوە (الاحمدیه) هەروەکو لەبەیتێکی تردا دەڵێ لهذت ناوم نا احمدیه + والله ارجو صلاح النیه (٦٣)، تەنانەت هەتا لەسەدەی بیستەمدا، لەوانەی خزمەتی کلتورو زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیان کردووە زۆربەیان کوردبوون. لەوانە:
١- ئەحمەد شەوقی ٢- معروف الرصافی ٣- جمیل صدقی الزهاوی ٤- محمود تیمور ٥- عائشە تیمور ٦- بلند الحیدری ٧- خیرالدین الزرکلی ٨- محمد کرد علی ٩- عباس العقاد ١٠- مصطفی جواد ١١- سلیم برکات. خزمەتی زۆرگەورەی عەرەبیان کردووە. (رشید یاسمی، محمد موکری، محمد قاضی) خزمەتی زمان و فیکرو کەلەپووری فارسیان کردووە. نووسەری بەناوبانگی گەورە یەشار کەمال لەخزمەتی زمان و ئەدەبی تورکی دا بووە. ئەمانە کۆمەڵە ناوێکی پێویست بەباس لەسەر کردنیان ناکات (بەم شێوەیە ئەمە هەڵوێستی زانا کوردەکانە ، لەگەڵ سەرجەم گەلی کورددا بەرامبەر برا موسڵمانە عەرەب و فارس و

تورکەکانی) جیا لەوانیش کەچی لەئاست ئەم هەموو خزمەت و دڵسۆزیەی کوردان دا دەبێ لەبەراووردا هەڵوێستی زاناو هونەرمەندو روناکبیرانی ئەم نەتەوانە بەرامبەر بەگەلی کورد چۆن بوبێت و ئێستا چۆنە..؟ چ لەبواری زانست و ئەدەب و هونەرداو چ لەئاست مافی رەوای سەرنویشتی خودی کورد خۆیەوە...؟

باهەندێک لەکتێبی (غرائب الاثر فی حوادث الربع الاول من القرن الثالث عشر (الهجری) نووسینی خوالێخۆشبوو (یاسین العمری) کەعەرەبێکی موسڵمانی سوننی مەزهەب بووە لەموسڵ ژیاوە، کە لەکەمایەتییە عەرەبەکانی دانیشتووی ژووروی کوردستانە دەڵێ:(معاشره الاکراد تورث الفساد. حتی مارایت الکردی امیرا فارتقب الساعه. الحماقه فی الاکراد والجهاله فی السواد. سلامه الابدان باجتناب اکراد بهدینان. معاشره الاکراد تورث الاحقاد. لاتعاشر کردی ولاتصاهر هندی. اترک الاکراد ماترکوک، وابعدهم ماقربوک) بە کوردی: هەڵس و کەوت لەگەڵ کورددا، بەدرەوشتی لێشیندەبێتەوە، ئەگەر کوردێکت بینی بۆتە (میر)چاوەڕوانی زەمەن بکە، ئەحمەقی لەکوداندا و نەزانی لەرەش و رووتاندا. ئەگەر ویستت لەش ساغ بیت نزیکی کوردی بادینان مەکەوە. هەڵس و کەوت و هاودەنگی لەگەڵ کوردان دا ئاکامەکەی فەسادە. دۆستایەتی کورد مەکە شەونخوونی لەگەڵ هیندیان مەکیشە - لەکوردان دوور کەرەوە، بەقەدر ئەوەی لێت دوورن، دووریان خەرەوە لەخۆت هەرچەندە لێت نزیک بوونەوە).

لەلاپەڕەکانی هەمان کتێب دا قەسیدەیەکی مەلا قاسم کوری راویە ناسراو بە (الرامی) چاپکراوەکە پڕیەتی لەجنێوو قسەی سووک و زاراوەی پڕ سووکایەتی کەبەرامبەر گەلی کورد وتراون. هەمووی خەنجەری ژاراوین لەدواوە لە کەلەکەی کوردان دراون. بەپێچەوانەی ئەم رەوشت و نەریتەزاناو ئەدیب و شاعیرانی گەلی کوردیش چەندین کتێبیان لەسەر پیاوەتی و چاکەکاری عەرەبان نووسیووە - لەم نووسینانەدا خوازیاری ئەوەن: ئەم برا عەرەبانە دەست لەوکینەو رق و ناحەزیەی خۆیان هەلبگرن تەنیا بۆ نموونە: ئیمامی حافز زین عبدالرحیم المیرانی (النهرانی) ناسراو بە (العراقی) کتێبێکی گەورەی لەبیست بەند دا نووسیووە لەژێر ناوی (محبه القرب الی محبه العرب) ویستوویەتی وتەکانی بەهەندێک باس و ریوایەوە بۆ ئەوەی وەک نموونە بیکاتە بەڵگە - ئەم کتێبە تائیستا دەست نووسێکی داندراوە لە (دار الکتب المصریه) لەقاهیرە لەژێر ژمارە (١٦٢م).

هەروەها لەسەدەی بیستەم دا بەدڵنایی یەوە دوا بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم

دوای هەرەس پێ هاتنی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی قاجاری - لەئاکامی بەدرەفتاریان دا.

عەرەب و تورک و فارس توانیان دەولەتی نەتەوەیی دەستکرد، خاوەن رژێمی کۆنەپەرستانەی نادیموکراتی بەهۆی هەلکەوتنی هەل و مەرجی ئەوکاتەی سیاسەتی نێونەتەوەیی و جیهانەوە) سنوورە دەستکردەکانی ئەو دەولەتانەیان پاراستبوو تا ئەم رۆژگارەی ئەمرۆمان.

ئەویش هەروەکو پەنجەمان بۆ راکێشا، هەموو ئەو رووداوو گۆرانکاری یەکە کەلەناوچەکەدا بەنەخشەو پیلان و یارمەتی دەولەتە کۆلۆنیالکەرە خۆر ئاوابیەکانەوە کەخۆیان بە دیموکراتیەت خوازو ئازادیخواز ناودەبرد، ئەنجام دران.

لەگەڵ پشتگیری و هاوئاهەنگی یەکیەتی شوورەی پێشوو کەناسرا بوو بە (قەلای هەژارو زەحمەتکێشانی دنیاو پیادەکەری سیستەمی سۆسیالیزمی و ئاشتی و پێشکەوتنخوازی).

ئەم داگیرکارانە هەستان بەدابەشکردنی کوردستان بەسەر عەرەب و تورک و فا ر سەکا ندا .کاربەدەستانی ئەم دەولەتانە، کەنەتەوەی کورد نیشتمانی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو، کەوتنە هەلس و کەوت کردن لەگەڵ گەلی کورددا وەک کۆیلەو دوژمن. ئەم داگیرکارە ئەوروپی و خۆرئاواییانە گەلی کوردیان لەمافی چارەی خۆنووسینی خۆی مافی نەتەوایەتی ودامەزراندنی دەولەتێکی نەتەوەیی تایبەت بەکورد بێ بەشکرد، هەروەکو ئەم سێ نەتەوەیە سەردەستە، بەتەنیا بێ بەری نەکردبوو، بەلکو لەهەموو بوارێکدا دژایەتی و بەربەرەکانی نەتەوەی کوردیان دەکرد، دژایەتی زمانەکەیان دەکرد، دژ بەبوونی کەلەپوورو کلتوری نیشتمانی و زەوی و کەرامەتیان بوون. هەستان بەکۆچ پێکردن و ئاوارەکردنی کورددان لەسەر زەوی باوک و باپیرانیان، تائیستاش لەسەر ئەم کارە دزێوەیان بەزۆرداری بەردەوامن. خوێنی رۆلەکانی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بەدەستی ئەم داگیرکارانە جۆباری لێ هەلگیراوە، کۆرپەو ساواکانیان سەردەبڕن و ژن و کچانیان بەکۆیلە دەبەن... بەزۆر پەلاماری ناموسیان دەدەن.

خێرو بێری شارو گوندو شارۆچکەو نیشتمانەکەی (کوردستان) بەئاشکرا بەتالان دەبەن، لەنەوت و هەموو جۆرە کانزاو ئاوو هەرچی بەنرخە. هەلدەستن بەقەلاچۆو جینۆساید کردنیان بەدرندانەترین چەکی کۆکوژ کە لەخۆرئاواو خۆرهەلاتەوە بە دیاری بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک بەگشتی کریویانە. بەنالەبارترین شێوازێکی بەدەر

لەرەفتاری مرۆڤانە. جەماوەری عەرەب و تورک و فارسیش، جیا لەوانیش کەرولاڵ هەروەک مێش میوانیان نەبێت، یان باڵندەیەک بەسەر سەریانەوە هەڵنیشتبێ. جولەیان لێوەنایەت لەو کاتەوە کۆماری تورکیا لەساڵی ١٩٢٣ز دامەزراوە تا ئەمڕۆ کاربەدەستە تورکە کەمالیستە رەگەزپەرستەکان بەردەوامن لەقەڵاچۆی نەتەوەی کورد بەهەموو جۆرە چەکە کوشندەکان هەرهەمان دەوڵەتی شۆڤینیستی تورکان، گازی کوشتێنەریان بەرامبەر بەگەلی کورد بەکارهێناوە لەدەرسیم (تونجلی) (١٩٣٧ز) تاکو ئەمڕۆ تورکە کەمالی یە شۆڤینیستەکان، لەکاربەدەست و فەرمانڕەوا جۆربەجۆرەکانی دەولەتی تورکیا بەردەوامن لەقەڵاچۆکردنی گەلی کورد بەهەمەچەشنە چەکی قڕکەر. برا تورکە موسڵمانەکانیش ئێستاشی لەگەڵدابێ بێدەنگن بەو جینایەنە ناڕەوایانەی لەئاست گەلێکی ژێردەست و بێ توانا ئەنجام دەدرێ ، ئەگەر هەشبێ دژ بەو درندایەتی یە بن هێندە کەمن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

ئەمڕۆش بەراشکاوی زۆربەی پارت و رێکخراوە تورکی یەکان ئەگەر نەڵێم هەموویان دژ بە گەلی کورد وەستاون و نارازی نین بەرامبەر ئەوەی بێ خودایانە بەرامبەریان ئەنجام دەدرێ، لەکوشتنی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی زەوی سوتاو لەباکووری کوردستاندا، ئەویش بەچەک و کۆمەکی دەولەتە خۆبەزۆر زانەکان لەپێش هەموویانەوە ئەلمانیاو ئەمریکا. لەوکاتەدا صدام حسین و رژێمەکەی گازی خنکێنەریان دژ بە دانیشتووانی شاری هەڵەبجەی کوردان بەکارهێنا، هەزاران هەزار لەمنداڵ و گەورەو بچووک لەم شارە ئارامەدا لەچەند چرکەیەکدا گیانیان لەدەستدا. هەموو دەولەتە عەرەبی یەکان، یان پشتگیری رژێمیان کرد یان بێ دەنگ و بێ هەلوێست مانەوە. دیارە بێ دەنگیش نیشانەی رەزامەندی دەربڕینە (هەروەکو پەندە عەرەبیەکە دەڵێ) تەنانەت رێکخراوە فەلەستینی یەکانیش پشتگیری گەلی کوردیان نەکرد لەم رۆژە رەش و پڕ نەهامەتی یەدا کەرووبەڕووی ببووەوە. بەپێچەوانەوە، سەرکردە عەرەبەکان دەستەملانێ ی صدام - یان دەکرد، لەهەمان کاتدا جەماوەری عەرەبیش هیچی نەکرد تەنانەت بەقسەش. ئەمەش ئەوپەڕی لاوازی باوەڕی ئایینە. دەبا گوێ لەبرای عەرەب مامۆستا (عبدالرحمن الراشد) سەرنووسەری گۆڤاری (المجله) بگرین. (ئەم گۆڤارە رێرەوێکی ئیسلامی گرتووە) ئەم نووسەرە هەلویستی عەرەب بەرامبەر مەسەلەی کوردو جینۆسایدکردنی ئەم نەتەوەیە دەخاتە ڕوو، مامۆستا (الراشد) لەگۆڤاری (المجله)دا ژمارە (٥٨٤٥) لەنیسانی ١٩٩١ز وتارێکی بلاوکردۆتەوە، لێرەدا چەند بەشێکی لێ بلاودەکەینەوە. بۆ ئەوەی

تاوانبارمان نەکەن بەوەی جلەوی ئەوە بۆ هیچ کامێکیان شل نەکەین، شالاوی تاوانبار کردن و لۆمەکردنیان بەبەڵگەو دەلیل دەخەینەڕوو.
(زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی عەرەبی چاوی بینەرانی داپۆشیبوو ، لەوەی لە کوردستانداو لەچیاکانی دا رووی داوەو روودەدات. ئەو وێنە سامناکانەی لەکۆڕەوەکەیاندا کە بەسەدان هەزار کەس و خێزانی کورد روویان لەسنوورەکانی تورکیاو ئێران کردو بەسەدان کەسیان لێ مردن، کەدلرەقترین کەسی دەهەژاند. من لەو باوەڕەدام) ئەمە ئاشکراترین دیمەنەکانی نەهامەتی مرۆڤایەتی یە. دیمەنی ئاوامان نە لە لوبنان و نەلەفەلەسیتن دا نەدیتووە تەنانەت لەهیندستانیش ئەم دیمەنە تراژیدیانە لەکەناڵی تەلەفزیۆنی خۆرئاوا نیشان درا ئەم دیمەن و وێنانە، زۆربەی ئەو کەسانەی سەرسام کردن کەدەکەوتنە بەرچاویان ئەگەر ویستمان خۆ لەوەگێل بکەین کەعەرەب دووچاری شەرشۆڕی بووە لەڕووی ئەوەی کۆمەکی بەبرا کوردەکانی پێ نەکراوە - لەوەش گەیشتین وەک مەسەلەی پارێزگاری کردن لەیەکیەتی خاکی عێراق هەوڵی دابەشکردنی رەت دەکەینەوە وەک دەڵێن، دەبێ باوەڕ بەوەش نەکەین کەوەک تۆمەت و بوختان دەدرێنە پاڵ ئەوانەی بەپێوە دەمرن کەبەپێوە لەسەر بەستەلەک دا قاچەکانیان دەیبەستێ گوایە تاوانبارو خائین و پیلان گێرن. مافی ئەوخەڵکە لەژیاندا وەک مافی هەموو عەرەبێکە ، هەروەکو مافی سەرجەم گەلانی دنیایە ساگیانی شۆفینیستی و رەگەزپەرستی ئەمڕۆ لەئاست نزمترین پلەدایە. لەم رۆژانەدا بەوەی مرۆڤ پێ بگات. خواست و هەلوێستی هەندێ لەعەرەبەکان لەداخوازی عەرەبایەتیاندا هەموو نەریتێکی مرۆڤانەی لەبەر دامالدراوەو رێک و راست بەرەفتارێکی ئاژەڵی دادەنرێت. هەروەها ئەم مامۆستایە بەردەوام دەبێ و دەڵێ:( تەنانەت ئەوانە ئالای ئایین و ئیسلامەتیان بەرزکردۆتەوە تاکە وشەکیان بۆ بەکارنەهات و نەدۆزرایەوە بۆ ئەوەی بەرگری ئینسانانەی پێ بکەن بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە، هەرچەندە ئاسانیش بۆ ئەوان بەبێ مایە تەواودەبوو.
ئەگەر ویستبایان سۆزو هاودەردی یەک بۆ ئەو کەسانە بەکاربهێنن کەلەچیاو دۆڵ و شیوەکاندا دەمردن.
لەکۆتایی ووتارەکەیدا مامۆستا (عبدالرحمن راشد) دەڵێ: کوردەکان حەقێکیان لەسەر ئەوان هەیە بەناوی یەکگرتووی ئیسلامی یەوە بۆچی یارمەتیان نادەن، بەلایەنی کەمەوە سۆزێک دەردەبڕن بەرامبەریان لەنەهامەتەکەیان دا..؟
لەوتارێکی تردا کە برامان (عبدالرحمن الراشد) نووسیویەتی لەژمارە(٦٢٥)

لەگۆڤاری (المجلە) دا کەلە ١٩٩٢/٦/٢١ز دەرچووە باس لەبێدەنگی عەرەبەکان دەکات بەرامبەر مافی کوردان، ئەوەی پەنجەمان بۆ راکێشا تێیدا دەڵێ: (مەینەتی کوردان بەداخ و مەخابنەوە بەعێراقدا تازیەباری لایەنی ئەخلاقی ئێمە دەخاتەبەرچاو. لەراستی دا لایەنی ئەوپەڕی رادەی خۆپەرستی ئێمە دەردەبڕێ لەرووی گوێ پێنەدان وبەهەند هەڵنەگرتنی ئەم جۆرە گیروگرفتانەمان. ئێمە لەکاتێکدا دژ بەهەڵوێستی دەوڵەتی جولەکە دەوەستین و بەزۆردارو تاوانکار لەرووی فەلەستینی یەکان تەماشای دەکەین لەبەرامبەر عەدالەت دا. کەچی ئەوە لەبیر خۆمان دەبەینەوە کە بەدەستی سوپای عەرەب بەرامبەر گەلی کورد ئەنجام دەدرێ لە عێراق دا لەسەر ئەرزی خۆیان بەبێ هیچ رەوایەتیەک لەزۆربەی ئەم هێرش و قەلاچۆکردنانەدا. بەرادەیەک ئەم دڕندایەتی یەی لەئاست کوردەکان ئەنجام دەدرێ لەسەردەمی شەڕی چوار میخەکانەوە تائیستا لەم ناوچەیەدا ڕووی نەداوە. ئەو پرسیارە لۆجیکیە (المنطقی) لێرەدا دەکرێ: ئایا ئەو کێشانە لەنرخ و بایەخی ئەخلاقیدا جیاوازیان هەبووەو هەیە...؟ بەپێ ی ویست و ئارەزوومەندیەتیمان و لایەنگریمان..؟ یان هەموو وەکو یەک یەک مەسەلەن وێکچو سنووری دوورو نزیکیان هەیە؟

ویژدانی عەرەبی بەمانا ویژدانی ئینسانی عەرەبی کەشێوازێکی تایبەتی بەخۆیەوە دەبینێ لەکۆمەڵگاکەیدا بەتایبەتی بەلای ئەو رووناکبیرەی ناوێکی ناسراوو دەنگێکی بیستراوی هەیە، بەرادەیەک ئەو کەسایەتی یە لایەنگیرو خەلکێکی هەیە چاوەرێی بڕیاری ئەون لەوجۆرە هەڵویستانەدا، لەمانەش هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە نەتەوەخوازو ناسیونالیستی تورک و عەرەب و فارس ئایینی ئیسلامیان وەک چەکێک لەرابردوو و ئەمڕۆدا بەکارهێناوە دژ بەگەلی کوردی ستەمدیدە. زۆرجار دەمارگیرە نەتەوەییەکانی عەرەب زاراوەی (العروبە والاسلام) بەکاردەهێنن بەلای ئەوانەوە مەسەلەی ( عروبەو ئیسلام) تەواوکەری یەکترین لەبایەخ پێدان و رەوایەتی دا، بەپێی زەروورەت ناسیونالیستە عەرەبەکان نەتەوەی عەرەب بە (نەتەوەی هەڵبژاردەی یەزدانی (شعب الله المختار) دادەنێن. لێرەوە هەندێ بۆچونی ئاینی ئیسلامی دەکەن بەچکەی دەستیان. دەبا وەک نموونە هەندێ لەقسەکانی صدام حسین بخەینە بەرچاو کە لەئێوارەیەکی رۆژوشکاندا وتوویەتی لەبەردەم پیاوە ئایینی یەکان لە ١٩٨٣/٦/٢٨ز دا. سەرنە لەرۆژنامەی (الثورە) ١٩٨٣/٦/٢٩ لاپەڕە ٣ بدەن.

صدام لەدرێژەی دەربڕینی قسەکانیدا وتی: ( ئەوەی وای کردووە کەیەزدانی مەزن گەلی عەرەب دیاری دەکا بۆ پێشەوایەتی کردنی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە بووە کەعەرەب خاوەنی مەنتیقی گونجاوبوون، لەبەر ئەوەی ئەوان توانای تێرامان و بیرکردنەوەی شیاویان هەبووەو بۆ گەیشتن بەیاسا گشتی یەکان لە روانگەی دیاردە بچووکەکانەوە، بەوەی کەیەزدان بەگرتن و دەست لێدان دەرکی پێ ناکرێ و نابیندرێ، بەڵکو دەرک کردنی یەزدان بەعەقلە بەهۆشیاری یە بەویژدانە. ئەم خاسیەتەش بەلای عەرەبەکانەوە بووەو جێگای پەسەندی یەزدانی مەزن بووە لەم بارەیەوە. جێگای مەتمانەی ئەوبوون بۆیە ئەوان شایستەی رەچاوکردنی ئەو رۆلە سەرەکی و پێشەوایەتی یە بوونە لەگەیاندنی زۆربەی ناوە پیرۆزەکانی. بەڵام لەلایەکی ترەوە: وتەی قورئان بۆ بەعەرەبی و بەزمانی عەرەبی نێردراوە...؟ ئەویش هەرلەبەر ئەوەبوو کە عەرەبی تایبەتمەندیەتیان بووە بەرامبەر ئەو رۆڵە گرنگە لەم پێشەوایەتی کردنەدا. دیاری کردووە کەقورئان (عەرەبی) بێ و بەزمانی عەرەبی رابگەیەندرێ . لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی تەنیا ئەوەی لەباردایە بەئاشکراو تەواوەتی ئەم نامە پیرۆزە مەبەستە گرنگە بە بیرکردنەوەیەکی عەرەبی و عەقلیەتێکی عەرەبی رابگەیەندرێ، بەو شێوازەی پەنجەمان بۆ راکێشا. نەک بەرۆلێکی پێچەوانەوە. بەو تێگەیشتنە دەتوانین دەرک بەقورئانی پیرۆز بکەین ماناو مەبەستەکانی یەکالابکەینەوە - لەهەمان بواردا (خەیروڵڵا تولفاح) خالی صدام حسین و خەزوریی لەهەمان کاتدا لەکتێبەکەیدا (الشعوبیە عدو العرب الاولی)دا دەڵێ:

(یەزدان لەخۆشەویستی عەرەب شوێنێکی تایبەتی لەنێو سەرجەم گەلانی دنیادا بۆ دیاریکردووە بەهۆی رەوشت و تایبەتمەندییەتی و شەرەفی بەرزیان، دڵ و دەروون فراوانی سەرخێڵ و سەرکردەکانیانەوە، کرنوش بردنی دلسۆزانەیان و دێرینی شارسانیەتیان، بەم هۆکارانەوە زیاتر خۆشی ویستن سوجدە بۆ بردنی بەئیسلام بوونی بۆ بەرەوابینیون. موسڵمانیەتیش نموونەی ئاینێکی مرۆڤایەتی یە، ئەمەش بووەتە هۆیەکی گرنگ کەزیاتر حەسوودیان پێ ببرێ بەلایەن بەرچاو تەنگانەوەو. کینەی کینە لەدڵانەوە بەتایبەتی شعوبیەتی فارسەکان کەدوژمنی سەرەکی عەرەبن ئەم ٠شعوبیانە) وایان راگەیاند(لەبەر ئەوەی ئیسلامەتی داوای یەکسانی دەکات لەنێوان بەشەردا، بەروالەت هەندێک ئایەت و وتەی پەیامبەر بەنموونە دەهێننەوە وەکو (ان اکرمکم عندالله اتقاکم) یان وەکو (لیس لعربی فضل علی عجمی الا

بالتقوی) لێرەدا ئەمان سوودیان لەشێوازی مانای ئەم ئایەتانە وەرگرتووە، بەبێ قوولبوونەوە بۆ کرۆکی حەقیقەتەکانی ماخی ئایەت و وتەکانی پەیامبەر، بۆ ئەوەی کەمێک دڵی خۆیان خۆش بکەن پاساوی کینەداری خۆیان بەرامبەر بەعەرەی رابگەیەنن، بەڵام ئەو وتەیەی پێغەمبەر کەنەتەوە پەرستەکان (الشعوبیون) وەک چەکێک بەکاری دەهێنن(لافضل لعربی علی عجمی الا بالتقوی) ئێمە دەڵێین:( خیرالله تولفاح ئەم وتەیەی پەیامنێر گۆردراوە بەڵگەشمان بۆ ئەم راستییە ئەوەیە کەوا پەیامبەری یەزدان وتی (لیس منا من دعی الی الجاهلیه) ئەوکەسە لەئێمە نییە کەبخوازی جەهل و نەزانین بەردەوام بێ و بگەڕێتەوە). دوای ئەو وتەو بڕیارە ئەوە نەمابلێ من کوردم و بلێ من فارسم ئەو بلێ من هیندیم. هیچ نەتەوەیەکی تریش بێجگە لەنەتەوەی عەرەب لەبەر ئەوەی قورئان بەوشەو زاراوەکانی ئەم زمانە رازاندراوەتەوە. هەروەکو یەزدان فەرموویەتی (انا انزلناه قرئانا عربیا لعلکم تعقلون)(٦٤).

لەراستیدا من نامەوێ بەرپەرچی ئەو بۆچوونە سەخیفانە بدەمەوە کەتەنیا دەلالەت لە بێ عەقلی و بێ زەوقی و جەهالەتێکی بێ پەردە دەکات بەزمانی عەرەبی یان ئەدەبی قورئانی کەبەعەرەبی نووسراوە. لەبەر ئەوەی ئەو وەڵامدانەوەیە تەنیا کاتمان لێ بەفیرۆ دەدات لەگەڵ خۆماندووکردنماندا. لەگەڵ ئەمانە هەمووی لێرەدا دەمەوێ پەنجە بۆ خاڵێکی تر رابکێشم: ئەویش هەوڵی بێ پسانەوەی ناسونالیستە عەرەبەکانە بۆ بێ منەتکردن و نکوڵی کردنە لەو هەموو خزمەت و رۆلە گرنگەی گەلی کورد لەبواری زانست و هونەری جۆراوجۆردا وەک پایەگەیەک بۆ بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامی پێشکەشی کردووە. بەدرێژایی چەند سەردەم و چەند سەدەیەک یەک بەدوای یەکدا. بەوەی ویستوویانە پەردەپۆشی سەرجەم زاناو ئەدیب و سەرۆکی مەزنی کوردان و لەریشەو رەگەزی نەتەوەییان بەعەرەبی بکەن. ئەوەی باوەڕیشی بەم وتەیەو بۆچوونە نییە با بفەرموێ کتێبی (عروبه العلماء المنسوبین فی بلاد الروم والجزیره وشهرزور واذربیجان الی بلدان الاعجمیه) نووسینی دکتۆر ناجی مەعروف - مامۆستایەکی مێژووی زانکۆی بەغدایە، ئەم کتێبە کە رەگەزپەرست و مێژوونووس دکتۆر ناجی مەعروف سەرجەم لەسەر بەعەرەب کردنی صلاح الدین وابن الاثیر الجزیری وشیخ مارفی نۆدێ و شێخ مەحمودی حەفید پاشای کوردستان لەسەرەتای بیستەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوەی جێگای پێکەنیە ئەوەیە: کە ریشەی زۆربەی خێڵە کوردی یەکانی بۆ سەر ریشەی

خێڵە عەرەبەکان گێڕاوەتەوە وەک: (عەشیرەتی مزوری بە خەیالی پوچی ئەم مێژوونووسە رەگەزپەرستە سەر بەخێڵی (مصنر)ەو سەرجەم عەشیرەتەکانی داودی و جاف و ئەوانی تر زۆربەیان سەر بەعەشیرەتەکانی عەرەبن. بە فەرمایشتەکانی ئەم دکتۆرە بێت هیچ دەرفەتێک بۆ کوردان نەماوەتەوەو لەوە زیاتر چالێکی گەورە بۆخۆیان هەڵبکەنن و بیکەن بەگۆڕی بەکۆی خۆیان نابی هەرگیز ئەوەمان لەبیربچێت کەوا نەتەوەپەرستەکانی عەرەب بەتایبەتی (بەعسیەکان) لەوانە کەزاراوەکانی ناو ئایەتەکانی قورئانی ئایینی ئیسلامیان وەک چەکێک بۆ قەڵاچۆی کورد بەکاردەهێنن وەک پەلامارەکانی (الانفال) کەسەدان هەزار لەخەڵکی بێ تاوانی کورد کران بەقوربانی، ئەمە تاکە نموونەیەکەو بەس، لەلایەکی ترەوە نەتەوەپەرستە تۆرانی یەکان لە دروشمەکانیاندا بانگەشە دەکەن ( رێرەومان قورئانە ... مەبەستمان تۆرانە ) لەگەڵ ئەمانەشدا سەرجەم رێکخراوە تورکیەکان لەئەلمانیا خۆیان ناساندووە یان هەر وڵاتێکی تردا کەهەن لە ئەوروپا - بەر ێباز ێکی نەتەوەیی شۆڤینیستی دژ بەهەموو کەسایەتی یەکی کوردی دەبزوونەوە، بەتایبەتی ئەمڕۆ کەحکومەتی تورکیا هەستاوە بەجەنگی (قرانی کورد) سەرجەم ئەو رێکخراوانە پالپشتی دەولەتی تورکیا دەکەن. تۆرانی یەکان پەندێکی تورکی دووپات دەکەنەوە کەدەڵێ: ( کورد تەنیا موسڵمانە بەبەراورد لەگەڵ مەسیحی یەکاندا ). (-Ouvar a gore Kurt mu sulmanadir ) پەندێکی تری تورکیش هەیە دەڵێ: ( دارنابێ بەماشە، کورد نابێ بەپاشا ) کوردیش بۆ ئەوە ناشێ ببێ بە پاشا.

(agcatan masa olmaz, Kurttan pase olmaz)

هەروەها تۆرانی یە تورکمانە رەگەزپەرستەکان کە لەباشووری کوردستان دەژین ( ٦٥ ) هەوڵ دەدەن وەک شۆڤینیستە عەرەبەکان ریشەی عەشایەرە کوردی یەکان بۆ رەسەنی تورکی بگێڕنەوە بۆ نموونە: ئەفسەری تورک تۆرانی (شاکر سابیر) بەبۆنەی مۆرکردنی پەیمانی بەغداوە لەنێوان تورکیاو عێراق دا لەناوەندی پەنجاکاندا نووسراوێکی بەزمانی عەرەبی نووسی لەژێر ناوی: ( موجز تاریخ الترکمان العراق ) لەم نووسراوەدا بێ شەرم کردن نووسیوویەتی عەشیرەتەکانی داودەو جەباری و باجەلان لەگەڵ چەند خێڵێکی تر دەگەڕێنەوە بۆسەر تورکمانەکان، هەر لەهەمان کاتدا حیزبە تورکمانە ناسیونالیستەکانیش راستەوخۆ ئەم داخوازی یە سەخیف و بێ ناوەڕۆکەیان قۆستەوە بۆقسەکردن لەسەر ئەم تۆرانیانەی کەلە باشووری کوردستاندا دەژین بەچاوی سووک و بێزلێکردنەوە تەماشای گەلی کورد دەکەن.

(عزالدين قۆجاوه) نامەیەکی بۆ رۆژنامەی (الحیاه) نووسیووه له ١٩٩٣/٤/١٥ بلاوکراوەتەوه تێیدا هاتووه: چەندین لەکەله مێژووناسەکان وای رادەگیەن کە تورکمانەکان و تورکەکان لەعێراقدا پێش (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین دا یەکەم دەوڵەتی خۆیان دروست کردووه کەبریتین له (سۆمەری یەکان) بەڵام ژمارەی تورکمانەکان لەعێراقدا له دوومليۆن و نیو کەمتر نییه. بۆ مێژوو ئەم راستیه دەڵێم کەشاری کەرکوک شارێکی تورکمانی یه بەر لەهەزار ساڵەوه پێش ئەمرۆ.. لەکاتێکدا کەگەلی کورد هاونیشتمانی پلەدووبوون خزمەتکاری دەولەمەندو کۆڵاکە تورکەکان بوون. ئێمه سەرهەڵدانی ئەم گیروگرفت و گرێ و گواڵانه بەجێگای سەرسورمان دانانێین کەلەبەردەم سیاسەتمەداران و ئەدیب و نووسەره کوردەکانەوه دێنەپێش.

ئەم نووسەره تورکه بەردەوام دەبێ دەڵێ: ئێمه تێبینی ئەوەمان کردووه کەوشەی کوردستان لەهیچ زاراوەیەک و قاموسێکدا بەکارنەهاتووه تەنها لای کوردەکان و ئینگلیز بەکارهاتووه) کەچی ئەم داوایەی کەسۆمەری یه سامی یەکان لەریشەدا تورک بوون ئەوه داخوازی یەکی رەوایه بەلای ئەفەندم (قۆجەوه)یەوه. لەبەر ئەوەی تۆرانی یەکان و کاک قۆجه داوای ئەمه بەگوێی بەشەریەت رادەگەیەنن کەوا ریشەی مرۆڤایەتی له تۆرانی یەکانەوه کەوتوتەوەو زمانی (خۆره) لەوەش زیاتر پێویست بەقسەکردنی زیاتر ناکات، ئەگەرچی لەرووی سەرژمێرو ژمارەی تورک و تورکمانەکانەوه بەگشتی کەشتێکی دیاری یه رێژەی ٢٪ لەدانیشتوانی کوردستان پێکدەهێنن. بەو پێیەی ئەوه دەبێته پرسیار:

ئایا دانیشتوانی عێراق سەد ملیۆنن؟ یان سەد ملیۆن بوون...؟

ئەوەی پەیوەندی بەگری و کینه سۆزی کوردی یەوه هەیه وەک بەوەی بەرێز قۆجەوەی به هاونیشتمانی پله (٢) داینا‌ون و خزمەتکاری (کۆڵاکه) تورکمانەکان بوون. ئێمه تەنها ئەو رۆژگاره وەبیر قۆجەوەی دەهێنینەوه کەوەک پەنابەرێک لەچیاکانی کوردستاندا لەلای هێزی پێشمەرگه ژیانی بەسەردەبرد، لەسەر سفرەی کورد نانی دەخوارد بەلێفەی جوتیاره کوردەکان دەخەوت لەژێر سێبەری سەخاوەت و دلفراوانی کوردا دەژیاو هەناسەی هەلدەکێشا بەدلنیایی یەوه بێ ئەوەی سەرنج له هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئەو زاته درابێ بەرامبەر بەماف و ژیانی کورد بەداخەوه دەڵێین کەبەرێز (قۆجەوەی) تەنیا زاراوەی کوردستانی لای کوردەکان و ئینگلیزەکان بیستووه دەنا لەهیچ قاموسێکدا ناوو زاراوەی وای نەبیستووەو بەبەرچاو

نەکەوتووە؟ لەگەڵ ئەوەشدا کەئێمە ئەوەش دەزانین (قۆجەوەی) زمانی ئیتالیایی نازانێ بۆ ئەوەی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە کە گەشتیاری ئیتالیایی (مارکۆ پۆلۆ - Marco Polo) لەسەر کوردستان نووسیوویەتی پێش هەزار ساڵ بەرلەئێستا. جیا لەوەش ئێمە دەستی (قۆجەوی) رادەکێشین بۆ کتێبخانەکانی (ئەنقەرە)و (ئەستەنبۆل) بۆ خوێندنەوەی کتێبی (قاموس الاعلام) کەلێکۆڵینەوەیەکی گرنگە بەزمانی تورکی لەسەدەی رابردوودا نووسراوە. بۆ ئەوەی ناوبراو زانیاری زیاتر فێردەبێ دەربارەی شاری کەرکوک و موسڵ و سەرجەم کوردستان کەنووسەری تورکی عوسمانی (شمس الدین سامی) نووسیوویەتی بەزمانی تورکی (٦٦). لێرەدا (قۆجەوی) بەهۆی ئەم زانیاریانەوە وێنەی نەخشەکێشراوی کوردستان لەنەخشەی جیهاندا باشتر دەبینێ کەنووسەرەی ناوداری تورکی (مەحمود کاشفر)ی نەخشاندوویەتی لەکتێبەکەیدا (دیوان لغات الترک) ساڵی ٤٦٦ ی کۆچی - (١٠٧٣ز) بەواتە ٩٢٢ ساڵ بەر لەئەمڕۆ. ئەم کتێبەش لە (ئەنقەرە) بەچاپ گەیشتووە لەساڵی ١٩٤٠ز دا. لەبەر ئەوە کوردستان حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە مێژوویی و جوگرافی و ئینسانیە - ناتواندرێ بەهیچ شێوازێک نکۆڵی لێ بکرێ. کەچی هەمان دەوڵەتی تورکی یە لەساڵی ١٩٢٣ز دروستکراوە، ئەویش بەهۆی بڕیارو ویستی سەرکردە کۆمۆنیستەکان و دەولتی ئینگلیز پێکهاتووە. ئەو دە وڵەتە ئینگلیزەی کەخودی کەسێکی وەک (قۆجەوی) بەناحەزی دادەنێت. بەڵام ئەوە قبوڵ دەکات وەک پەناهەندەو ئاوارە لەوڵاتی ئینگلیزدا بەمووچەی شارەوانی ژیان بەسەر بەرێت. هەروەکو چۆن کاتی خۆی - ئەو نەتەوە کوردەی ناوبراو باوەڕی پێیان نەبووەو ناوی کوردستان بەناوێکی ئەفسانەیی دەزانێ زۆر بێ شەرمانە، لەسەر ئەم خاکەو لەباوەشی گەرم و بەر ئاگردانی کوردان دا دەیانژیاندو دەپارێزرا لەسەر سفرەی کوردان سی ژەمە سکی تێر دەکرد. وەک ماڵە باوان سەر خەوی ئارامی لەباوەشیاندا دەشکاند. لەگەڵ ئەمەشدا دوژمنایەتی دەکردن.

بەڵام ناسیونالیستە فارسەکان باوەڕیان بەرامبەر کورد وابووە کەئەم نەتەوەیە هەرگیز مافی بەنەتەوە بوونیان نییە، لەبەر ئەوەی هۆزێکن لەهۆزە ئیرانی یەکان (٦٧) لەو بۆچوونە شۆڤینی و رەگەزپەرستی یەوە موسڵمانە فارسەکان کەپێ یان دەوترێ (الاصولیون) (٦٨). هاوئاهەنگیان دەکەن و هەمان راوبۆچوونیان هەیە.

**خوشکان ... برایان ...؟**

ئێستا بەپێویستی دەزانین سەرنجێکی سەرپێ یانە بۆ، شیکردنەوەی هەڵوێستی موسڵمانە ئوسولیەکان لەعەرەب و تورک و فارسی (شیعەو سوننی) لەگەڵ حیزبە جۆربەجۆوەکانیان کە بانگەشەی پێکهێنانی (دەولەتێکی ئیسلامی) دەکەن لەگەڵ پیادەکردنی (دادوەری ئیسلامی).

دەبا سەرنج لەهەلوێستی ئەم بەرێزانە بدەین لەئاست خواست و ویستی نەتەوەی کوردی ستەمدیدەو زۆرلێکراو: داوای لێبوردن دەکەم لەئاست ئەوەی زۆر بەکورتی لەسەری دەدوێم لەبەرکەمی ماوەو بەناچاری چەند نموونەیەکی کەم و کورت دەخەمەڕوو:

لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٧٩ر رژێمی شایەتی ئێران روخێندراو رژێمی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا ئەم رژێمە بەناو ئیسلامی یە لەسەر زمانی سەرکردەو رابەرەکانیان بەلێنیاندا بەگەلی ئێران بەگشتی و بەگەلی کورد بەتایبەتی پەیمانیاندا پشت بەخوا بەقەناعەتی خۆیان بەوەیە سەرجەم مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد بسەلمێنن و لەئێراندا (دادی ئیسلامەتی) پیادە بکەن (٦٩). کەچی ئەوەندەی نەبرد مەرەکەبی سەرکاغەزەکەو هەوای شیداری وشەو رستەو لەلێنەکانیان وشک نەبووەوە، سوپای ئێرانی بەفەرمانی وەک دەلێن (روح الله الخمینی) بەتایبەتی خودی خۆی و زۆربەی سەرکردە بەناو موسڵمانە ئێرانی یەکان لە ئاخوندە فارس و تورکەکان و ئازەری یەکان بوون. هێرشی سوپاییان دەنگدا بۆسەر کوردستانی رۆژهەلاتی داگیرکراو بۆ ئەوەی تالان و برۆو گوشتار لەجێگای مافی رەوای کوردان ئەنجام بدەن قەلاچۆی نەتەوەی کوردیش فتوا بۆ دەربکەن. لەم پەلامارە نابەرامبەری یەدا فرۆکەو زرێپۆش و موشەکی جۆراو جۆری ئەمریکی و ئەوروپاییان وەک باران بەسەردا باراندن (٧٠) خومەینی لە ١٩٧٩/٨/٣٠ لەشاری (قوم) دەستیکرد بەهەرەش ەکردن لەبەردەمی ئایەتوڵلا طالقانی و هاشمی صەباغیان وەزیری ناوخۆ ووتی: (ئەگەر زۆر بەپەلە دوژمن لەناو نەبرێت ئەوا بۆخۆم لەسەرپێم بۆ ئەم ئەرکە بێمە کوردستان (٧١).

هەزار مەخابن ئەوان گەلی کوردیان تاوانبار دەکرد، گوایە کوردان نۆکەری زایۆنی و ئەمریکان. ئەوەی کەنەتەوەی کورد لەولاتی داگیرکراوی خۆی دا خوازیاریەتی دەخوازیەکە کاروباری ئیدارە بەرێوەبردنی ولاتەکەی دام و دەزگا سیاسیەکانی بۆخۆی بەرێوەی بەرێ و بەزمانی زگماکی خۆی بدوێ و بنووسێ و بخوێنێ. وەکو هەر

نەتەوەیەکی دیکەی ئەم سەرزەویە. زمان حالی ئەم ستەملێکراوانە دەڵێ: (مرۆڤ بەئازادی لەدایک دەبێ پێویستە بە ئازادیش ژیان بەسەربەرێ). هەمان قسەو حیکمەت لەسەردەمی دەسەڵاتدارە رەگەزپەرستەکانیش وەک عەرەب و تورک و فارس دەبیسترێ بەڵام بەداخەوە هەر بۆ چاوبەستەو هیچی تر. لەگەڵ ئەوەشدا خومەینی بەیانێکی دەرکرد لە ٢٦ ئابان مانگی ١٣٥٨ بەرامبەر ٢٦ی زی الحجه ١٣٩٩ کۆچی ١٧ی نۆڤمبەری ١٩٧٩دەقاودەق دووبەرەکی و خۆ جیاکردنەوەبووە، رێگەبەوە نادات هیچ لایەنێکیان دەستەیەک دەستکەوتی تایبەتی یان خواست و ویستی تایبەتی پێ بدرێ، خوا پەرستی زیاترو خۆبەستنەوەی زیاتر بەجێ بەجێ کردنی داخوازیەکانی خواوەند پەیام بەرەکەی تەرازووی هەلسەنگاندنی مرۆڤە.. بۆیە لەژێرسایەی کۆماری ئیسلامیەوە هەردەستەو تایەفەو هۆزێک لەپێکهاتەی نەتەوە بۆ نموونە برا کوردەکانمان، مافی بەرێوەبردنی کاروباری ولاتیان پێ دراوە، هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی رۆشنبیری و ئابووری و سیاسیان لەسەر هەڵگیراوە. لەبەر ئەوە هەربەو بۆنەیەوە کۆماری ئیسلامی ئیران خۆی بەبەرپرسیار دەزانێ و بەڵێن دەدات بەجێبەجێکردنی ئەم وادەو بەڵێنانە بەزووترین کاتی گونجاو، ئەم بریارو یاساو بەڵێنانەی پەیوەندیان بەم مەسەلانەو لایەنانەوە هەیە بەنووسین رادەگەیەندرێ لەزووترین کاتی دیاریکراودا پشت بەیەزدانی مەزن(٧٢).

ئەم راگەیاندنە وەک مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە تائەمرۆ. لەوکاتەدا کەرژێمی ئێرانی، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بەفیتی ئەمریکاو زایۆنیزم دەناسێنێ خودی ئەم رژێمە هاوکاری لەگەڵ سەرجەم ئەو دەزگاو رێکخراوانەدا دەکات کەگوایە خۆی بەدوژمنی ئیسلام دادەنێ، دژ بەگەلی کورد. هەرهەمان رژێم کەناوبەناو رژێمی تورکیاو بەعس بە دوژمنی ئیسلام لەقەڵەم دەدات و پەلاماری ئەتاتورک وەک جولەکەیەک و میشیل عەفلەقیش وەک مەسیحیەک. هاریکاری لەگەڵ حکومەتی تورکیادا دەکات کەئێستا ئایدولۆژیای (ئەتاتورک) جێ بەجێ دەکاتن لەهەمان کاتیشدا هاریکاری لەگەڵ رژێمی سوری دادەکات کە ئەویش هەمان شێوە پەیرەوی عەفلەق بەرێوەدەبات. دژ بە (مەترسی کورد) کەخۆیان دایانتاشیوە. زۆریش پێدەچێ هاوکاری لەگەڵ رژێمی صدامیش دابکەن دژ بەنەتەوەی کورد. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە: ( ئێمە لەم رۆژانەدا دەبینین کەرژێمی ئیرانی هەلدەستێ بەبۆردومان کردنی شارو شارۆچکەو گوندەکانی باشووری کوردستان، ژن و پیاوی موسڵمان دەکوژێ کەکەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو

دەڤەرەی هێزە خۆرئاواییەکان بەواتە هێزەکانی دەولەتە مەسیحیەکان) پارێزگاری لێوە دەکەن...!!

ئەوەی شایانی باسیشە هەردوو حزب (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) چەند ساڵێک لەسەردەمی شەڕی نارەوای ئیران - عێراق خزمەتیان بە رژێمی ئێرانی کردووە. لەئاکامی ئەم خزمەتەدا روباری خوێنی رۆڵەو جەماوەری کوردیان بۆ بەخشیوە. کاولکردنی شاری هەلەبجە لەلایەن رژێمی بەغداوە بەچەکی کیمیاوی و شەهیدکردنی هەزاران مرۆڤ لەچەند چرکەیەکدا، هەروەکو لەسەرەتادا باسمان کرد، ئەویش دوای رێگەدانی یەکێتی بوو بەپاسدارانی کۆماری ئیسلامی کەبچنە ناوشاری هەلەبجەوە، وەک بیانوگرتن رژێمی بەعس ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ قەلاچۆکردنی شاری هەڵەبجە لە ناغافڵ، ئێمە لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین: ئایا ئەو بۆمباباراندکردنە بەردەوامە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە لەم رۆژانەدا... ئەمە پاداشتی نەتەوەی کوردە لەباشووری کوردستاندا...؟ لەسەر شێوازی ئیسلامەتی. لەلایەن خۆبەزۆرزانە فارسەکان و هاوپەیمانە ئازەری یەکانەوە؟ لەهەمان کاتدا هەڵویستی موسڵمانە ئوسولی یە شیعەکانی عەرەبی عیراقی و بەکۆمەڵ پێکهاتبوو بەناوی (المجلس الاعلی للثوره الاسلامیه فی العراق) کەبنکەی سەرەکیان لەتارانە بەداخە هەلوێتسی ئەمانەش هیچ جیاوازی یەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ هەڵوێستی فارس و تورک و ئازەری یەکان. هەروەک هەڵوێستی بەعسیە سوری و عێراقی یەکان هاوتەریب بووە. سەرۆکەکەیان رێزدار (محمد باقر الحکیم) لەشوباتی ۱۹۹۲ز راگەیاندنێکی لەرۆژنامەی (الحیاه)دا بلاوکردەوە لەقسەکانی دا رایگەیاند کە: (عێراق ولاتێکی عەرەبی ئیسلامی یەو بەشێکیشە لەنەتەوەی گەورەی عەرەبی ئیسلامی) رۆژنامەی (الحیاه) لە ۱۹۹۲/۲/۲۵، هەروەکو داوای یەکیەتی خاکی عێراقی کرد، وەک یەک خاک و یەک دەولەت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەئەو رێزدارە بەوە رازی نییە کەدەولەتێکی فیدرالی لەباشووری کوردستاندا بەدنیا بیت، ئینجا چۆن بەوە رازی دەبێت کەدەولەتێکی سەربەخۆی کوردستانی بڕیاری لەسەر بدرێت...؟!

ئەوەی لێرەدا بەپێویست دەزاندرێ سەرنجی لێوە بدرێ ئەوەیە: کەرێزدار (الحکیم) ئەو راگەیاندنانەی لەکاتێک دا ئەنجام دەدا کەخودی خۆی پەنابەرەو لەئێران ژیان بەسەردەبات. ئایا ئەگەرهاتوو رۆژگارێک پێش هات، کەناوبراو جلەوی فەرمانڕەوایەتی گرتەدەست و لەسەر کورسی دەسەلات قەراری گرت چۆن بیردەکاتەوە

لەکاتێکدا کەئەو بەدەربەدەری ئەوە راوبۆچوونی بێت...؟ دەبا بەرێزی (الحكيم) کەبەچاوی سەروەری و ریزەوە لەبنەماڵەکەی دەڕوانم (٧٣)، ئەوە بزانێت کەپیاوماقوڵ و سیاسەت مەدارانی کورد هەرگیز بەوەرازی نابن (خۆبەزۆرزانێک لەسەر کورسی لابەرن و خۆبەزۆرزانێکی تر بخەنە جێگای...!) جەماوەری کورد ئەم کارە ناکەن. برا کوردەکانی راستگۆیانە لەگەڵی دا مامەڵە دەکەن و بەچاوی حورمەتەوە لێوەی دەڕوانن. ئەوان وەک فارسە فێلبازەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا ناکەن. هەڵوێستی حزبی دەعوەی ئیسلامیش هەرهەمان هەڵوێستە کەبەرێز (باقر الحكيم) هەیەتی و بەرێوەی دەبات. رۆژنامەی (الجهاد) کەزمانحاڵی حیزبی دەعوەی ئیسلامی یە لەراگەیاندنێکی دا کەلەژمارە (٢٥٠)ی رۆژنامەکەیان لەبەرواری ١٩٨٦/٨/١١ز لاپەڕە (١٢) وتارێکی لەژێرناوی (تێرامان و بۆچونی دەعوەی ئیسلامی بەرامبەر مەسەلەوکێشەی کورد نووسیەوو تێیدا دەڵێ:( زمانی عەرەبی زمانی قورئانە ئەویش زمانی سەرەکی یە لەعێراقدا) بەواتە تێگەیشتنێکی هەلەیە کەزمانی کوردی بەزمانی سەرەکی و رەسمی بریاری لەسەر بدرێ، چونکە (زمانی قورئان نییە) خالێکی تری وتارەکە، عێراق بەشێکی جیانەکراوەیە لەنەتەوەی عەرەب و نیشتمانی عەرەبی ئیسلامی، دەڤەری کوردستانیش بەشێکە جیاناکرێتەوە لەنیشتمانی ئیسلام و ناوچەی عێراق... بەتایبەتی لەگەڵ یەکیەتی سیاسی خاکی عێراق دا و لە ژمارە (٣٠٣ کە لە ١٩٨٧/٨/٢٤ز دەرچووە لاپەڕە (٦) لەژێر ناوی : (گۆڕانکاری سیاسی و کێشەی کورد لەگەڵ چەند مەسەلەیەکی گرنگدا. (شێخ محەمەد مەهدی الاصفی) زمانحالی رەسمی حزبی دەعوە، لەبەرامبەر ئەو پێشنیارانەی بۆ چارەسەری کێشەی عێراقی یەکان باوەڕی پێ یەتی ئەمانە: ١- یەکگرتوویی نەتەوەیی عێراق ٢- یەکگرتوویی زەوی عێراقە. ٣- یەکگرتوویی دەسەڵاتی سیاسی یە لەعێراقدا. ئەمانەش هەمووی راوبۆچوونی خۆبەزل زانین و خۆپەرستی ناسیونالیستە خۆپەرستەکانە، کە هەرگیز جیاوازیان لەگەڵ راوبۆچوونی بەعسیەکاندا نەبووەو نییە.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە: کە حزبی دەعوەی ئیسلامی باوەڕی نییە کە کورد نەتەوەیەکن مافی سەربەخۆیی خۆیان هەیەو خاکێکیان هەیە لەسەری دەژین کە کوردستانە بۆیە لەپەیرەوەکەیاندا هاتووە دەڵێ:( ئەم کوردانەی کە لەپارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک دا دەژین حەقی ئەوەیان هەیە خود موختاری (الحكم الذاتي) یان بدرێتێ. ئەوانەش وەک بەعسیە رەگەزپەرستەکان باوەڕیان وایە

کەتەنیا کورد کەهەبن ئەوانەن کەلەوسێ پارێزگایەدا دەژین. لەدەڤەرەکانی دیکەی کوردستاندا کورد نییە وەک: کەرکوک - موسڵ: دیالەو کوت، لەگەڵ هەندێک ناوچەی پارێزگاکانی عەمارەو صلاح الدین لەگەڵ ئەوەشدا کەبەرێژەی دوو ملیۆن کورد لەبەغدا دەژین. دەبێ حزبی دەعوە کەئەمە راوبۆچوونی بێ. نەتەوەی کورد دەبێ چاوەڕێی چ خێروبێرێک بێت لەدەست حزبی ئیسلامی وەها ؟

بەڵام هەڵوێستی کۆمەڵی برا موسڵمانەکان (الاخوان المسلمین) کەحیزبێکی ئیسلامی ئوسولی یەو لە رێکخراوە ناسراو و دێرینەکانی بزووتنەوە سیاسی یە ئاینی یەکانە - دەبێ هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر مافی کوردو کێشەی کورد چۆن بێ ...؟

هەڵوێستی ئەوانیش لەهەڵوێستی شیعە عێراقی یەکان جودا ناکرێتەوە لەگەڵ حزبی دەعوەدا...!! ئەم هەڵوێستەش بەراشکاوی لەخوێندنەوەی چەند بڕگەیەک لەو بەیانەی کە بەڕێز ( محمد حامد ابو النصر) مورشیدی گشتی (الاخوان المسلمین) دەری کرد لەبەرواری ١٩٩١/٤/٢٧ز لەئاکامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بەگەلی کورد لەلایەن صەدامەوە لەبەهاری ١٩٨٨ز دا. ئەم بەیانە دوای تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا لەلایەن (اخوان)ەوە راگەیندرا.. (ابو النصر) لەم راگەیاندراوەی دا گەلی کورد تاوانبار دەکات بەوەی ئەوان لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هاندراون کەبەم بزووتنەوە جیاوازخوازییە هەلبستن لەناو عێراق دا. دەڵێ ( لەچاوگەی دەسەڵاتی ئەمریکاوە بەسەر ناو چەکەدا، شعب شمال العراق) هاندراوە نەک نەتەوەی کورد لەباشووری کوردستاندا. لەگەڵ دانیشتووانی باشوری عێراق بۆ ئەوەی بەم بزووتنەوەیە جیاخوازی یە هەلبستن لەناو عێراق دا. ئەم بزووتنەوانە ئامادە نەکراون وەک هێزی بەرگری کەر بەرامبەر قودرەتی سوپای عێراق، ئەو سوپایەی بەفەرمانی کاربەدەستە بەعسیەکان کارەکانی ئەنجام دەدا، ئەمەش هەل و مەرجی بۆ هێزە ئەمریکایی یە خۆرئاواییەکان رەخساندووە بۆ ئەوەی جارێکی تر لەژێر ناوی پارێزگاریکردن و لەناوبردن و شەرعیەتی نێونەتەوەیی بۆ ئەو داگیرکاریەیان بەدەست بینن.

ئێوە ئەی خوشکانی گوێگرو برایانی ئامادە .. ؟ تێبینی ئەوە بکەن ئەمە راوبۆچوون و باوەڕی (پێشەوای تەریقەتی) برا موسڵمانەکان بێ لەمیسر، جارێک ناوی گەلی کورد دەبات بە (شعب شمال العراق)و جارێکی تر بە (شعب الاکراد) هەر بەو بۆنەیەوە (الاکراد) لەسەر وەزنی (الاعراب). (الاکراد) یریتین لەکوردە

کۆچەری یەکان دیارە ئەم (الاکراد)ە لەقەوارەی کۆدایە تاک مفرەدەکەی بەعەرەبی: (کوردی یان کردیە)یە، ئەم سەرۆکە بەرزەی بزووتنەوەی برا موسڵمانەکان (الاخوان المسلمون) بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەبزوتنەوەی جوداخوازی لەقەڵەم دەدات لەناو جەرگەی خاکی عێراقدا. لەکاتێکدا ناوبراو زۆرباش ئەو راستی یە دەزانێ کەباشووری کوردستان بەشێک نییە لەوڵاتی عێراق. بەڵکو بەشێکە لە نیشتمانی گەورەی کوردان کەداگیرکارە ئینگلیزەکان کاتی خۆی لکاندووەیانە بەدەولەتە دەستکردە دروستکراوەکەیان لە عێراقدا.

لەوەش بەرچاوتر لەوتەکانی بەڕێز پێشەوای گشتی (الاخوان المسلمون) ئەوەیە کە: پارێزگاری کردنی هێزەکانی خۆرئاوا لەگەلی کورد بەرامبەر قەلا چۆکاری رژێم صەدام بە دەست تێوەردان دادەنێت لەکاروباری ناوخۆی ولاتی عێراق. ئەم بەرێزە زۆرباش لەوەش ئاگادارە، ئەگەر پارێزگاری کردنی ئەم هێزانە نەبوایە سوپای قەلاچۆکەری رژێم لەچەند رۆژێکدا کۆتایی بەگەلی کوردی ستەمدیدە دەهێنا لەباشووری کوردستان. ئێمە ئا لێرەدا بۆمان هەیە پرسیارێک لەپێشەوای گشتی بکەین: ئایا ئەمە هەلوێستێکی موسڵمانانەیە یان هەڵوێستی رەگەزپەرستێکی شۆڤێنیستی عەرەبی یە....؟!

هەلوێستی عەرەبێکی دوژمنکارانەی هاوباوەری خۆبەزۆرزانانەی دوژمنانی نەتەوەی کوردە....؟!

**برایانی هێژا ...؟**

نامەوێ لەوەزیاتر درێژە بەو باسەم بدەم لەبەر ئەوەی سەماحەتی مامۆستای بەرێز (عومەر غەریب) (خوا تەمەنی درێژ بکات) وەلامێکی پڕ بە پێستی داوەتەوە بەرامبەر بەوجۆرە سووکایەتی کردنەی بەرامبەر خەلکی موسڵمان بەنێوی ئاینەوە رادەگەیەندرێ.

بەلام لەلایکی ترەوە دکتۆر (محەمەد عەمارە) کەبەرێزی نووسەرێکی میسری یەو موسڵمانێکی (ئوسولی سەلەفیە× ناسراوە ئەندامی لیژنەی بالای کاروباری ئیسلامەتی یە لەمیسردا، هەموو مافێک بۆ گەلی کورد رەتدەکاتەوە - بەکەمایەتی دادەنێت - بەپێ ی رای خۆی کێشەی کورد ناولێدەنێ بە (پرۆژەی گشتی) (مشروع الغالبیە) لەقەوارەی پرۆژەی موسڵمانەتی و نەتەوایەتی هەروەکو دەلێ:

( رۆژهەلاتی یەکان بەبەردەوامی پشتیان بەبزووتنەوە نەشازو کەسایەتی یە **نەکاملەکان** بەستووە، بۆ ئەوەی نیشانی ئێمەی بدەن کەمێژووی رابردووی ئێمە

یەکیەتی تێدا بەخۆوە نەدیتوە، هەروەکو جولەکە بەکاری دەهێنێ. ئەمڕۆ کەسانێک هەن، تایبەت مەندیەتیان لەسەر کەمایەتی وەرگرتووەو قسەلەسەر فیدرالیەت و کۆنفیدرالیەت دەکەن لەنیشتمانی عەرەبی دا، ئێوە بۆخۆشتان ناوەکان دەزانن پێویست بەناوبردنیان ناکات لەلایەن ئێمەوە).

ئەمەش لەم نەخشەیەوە دێ، کەدەیانەوێ ئێمە بێ ئاگا بکەن و هەڵمان بخەڵەتێنن کەوا هۆکارەکانی پێکهاتنی یەکیەتی (الوحدە) گەلاڵە نەبوون. بەپەنجە بۆ ڕاکێشان بۆ کێشەی کەمایەتی یە نەتەوەییەکان بۆ ئەوەی بیکەن بە کۆسپێک لەبەردەم پرۆژەی گشتی کەبریتی یە لەبەدیهێنانی (یەکیەتی گەورەی عەرەب).

من لەو باوەڕەدام ئەوەی ئێستا لەسودان ڕوودەدات یان ڕووی داوە نموونەیەکە لەو ڕاستی یە وەک گەورە کردنەوەی (کێشەی مەسیحی یەکان). لەهەمان کاتدا دەتوانین مەسەلەی (کەمایەتی یە کوردەکانیش) هەر بەم چاوە تەماشا بکەین... لەگەڵ زۆر مەسەلەی تردا. بۆ کۆسپ خستنە بەردەم پرۆژەی نەتەوەیی و موسڵمانان کەئەمانیش لەخۆیاندا (پرۆژەی زۆرینەی خەڵکن).

ڕۆژنامەی (الحیاە( لە ١٥/٤/١٩٩٤ لاپەڕەی (٧) بەناوی (نوێنەرایەتی کردنی موسڵمانان لە ١ەوە بۆ ٥) هەربەم شێوەیە ڕۆژنامەی (ڕاپەڕینی ئیسلامی) کەزمانحاڵی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی یە لەجەزائیر ئەویش لەخۆیدا بزوتنەوەیەکی موسڵمانانی ئوسولی سەلەفیە لەژمارە (١٣)ی بەرواری ١٦/٥/١٩٩١ز وتارێکی بلاوکردۆتەوە بەناوی (ابوبلال) لەژێر ناوی کێشەی کوردو پلانی ڕۆژئاوا بۆ دابەشکردنی عێراق) (القضیە الکردیە والمخطط الغربی لتقسیم العراق). ئەم برا موسڵمانە لەوتارەکەیدا ئوسولی و سەلەفیانە پشتگیری یەکی ڕاستەوخۆ لەڕژێمی بەعسی صەدامی دەکات. ناوبراو شکستی سوپای عێراق وادادەنێ: کە ئۆبالەکەی لەسەر ئەستۆی گەلی کوردو شیعەی عیراقە، لەتێرامان و باوەڕەکانیاندا. بەوەی ئێران و تورکیا و ئەمریکا بەیەکەوە هەستاون بەهاندانی کوردەکان دژ بەدەولەتی عێراق، ڕایگەیاندووە کەکێشەی کورد لەدەستکردی ئیمپریالیستی خۆرئاوایە ئەوەش یەکێکە لەچەندین کێشەی تایەفەگەری و ڕەگەزپەرستی و دەولەتە داگیرکارەکانە کەهەڵیان گیرساندووە لەجیهانی ئیسلامی دا. موسڵمانی ئوسولی (ابو بلال) ئینکاری بوونی کێشەیەک دەکات بەناوی کێشەی کورد ، هەروەک نکوڵی لە قەسابخانەکانی دەکات دژ بەرۆڵە بێ تاوانەکانی گەلی کورد هەروەکو بەڕێزی دەڵێ: (گرنگی دانی زیاد لەپێویست و پێ هەڵگوتن

بەلایەن گیروگرفت و بێ خودایی بەکارهێنان دژ بەگەلی کورد لەعێراقدا هەلبەستنی درۆی ئاوا شاخدار بەپێ ی بۆچوونی ناوبراو کەگوایە هێزە سەربازی یەکانی دەولەتی عێراقی هەستابێ بە قەلاچۆکردن و کوشتنی بە (کۆمەلی کوردان) بۆچوونی (ابوبلال) وەکو بۆچوونی نازی یە ئەلمانی یەکان وایە کەئەوان لەجەنگی جیهانی دووەم دا هەلساون بەکۆمەل کوژی و قەلاچۆکردنی خەلکی جولەکە. هەروەکو ناوبراو باوەڕی بەوە نی یە سوپای سەدام هیچ تاوانێکی بەرامبەر گەلی کوردی ستەمدیدە ئەنجام دابێ. هەروەکو دووبارە دەلێ: ئەوەی لەم مەسەلەیەدا جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کێشەی کورد کەوا ئەمریکا زورنای بۆ لێدەدا لەم رۆژانەدا تەنیا پەیوەندی بەکوردەکانی کوردستانی عێراقەوە هەیەو بەس، هەرچەندە بارودۆخی ژیانی کوردەکانی سوریاو تورکیاو ئێران چەند بەرامبەر خراپترن لەکوردەکانی کوردستانی عێراق. ئەگەربێت و بەڕاستی مەسەلەیەک هەبێت کەپێی بووترێ چەوساندنەوە ئازارو لەماف بێبەری کردن - باچەند کۆپلەیەک لەوتارەکەی بلاوبکەینەوە: ئەم وتارەی لەخۆیدا گەورەترین و ئاشکراترین بیری شۆڤێنیستی و رەگەزپەرستی تێدا دەردەکەوێ لەناخی ئەو موسلمانە ئوسولی یە سەلەفیەدا: دوای شکست خواردنی پیلانی هەلگەرانەوەی چەکدارانە لەباشوورو باکووردا هیچ شتێک بۆ ئەمریکا نەمابۆوە تەنها هەلگیرساندنی کێشەی کورد نەبێ کەچەندین سال بوو خرابووە بەرباس و لێکۆلینەوە... بەکارهێنانی وەک وەرەقەیەکی سەرکەوتوو بۆ دابەش کردنی عێراق. دوای شکست خواردنیان لەڕووی رووخانی رژێمەوە تێرامان و بۆچوونی خۆرئاوا بەرامبەر ئەو جەنگەی بەڕێوەیان برد دژ بەعێراق بەرپایان کردووە لەسەر ئەو بنەمایەی (شەڕێک کە بەخێرایی چاوتروکان دادەگیرسێ لەچەند رۆژێک زیاتر تێ ناپەڕێ یان چەند هەفتەیەک، لەسەرووی ئەم هەموو مەزەندە کردنانەوە کەبەهۆیەوە دەتوانین رژێمی عێراقی پێ بروخێنین و رژێمێکی تری لەجێگا دابمەزرێنین.

لەسەر پێوانەو خواستی بەرنامەی خۆرئاوا بەڕێوەبچێ. لەگەل تێکشکاندنی ئەو چەکە کیمیاوی یەی کەبەرهەمی هێناوە.

بەلام سەیرانەکەی بیابان هەروەکو خۆرئاوایی یەکان تێرامانیان لەبەرامبەردا ئەنجام دابوو. بوو بە ئەرکێکی زۆرگران، بەرامبەر پیلانە سوپاییە زیرەکی یەکانی کەوا سوپای عێراق جێبەجێ کردبوو.

**خوشکان ..؟ برایان...؟**

دوای گوێگرتن لەو راپۆرت و وتارو راگەیاندنە جۆربەجۆرانە... ئایا ناتوانین ئەو مـافـە بەخـۆمـان بدەین و لەسـەر ئەو راوبۆچوونە سـاغـبـینەوەو بلێین زۆربەی بزووتنەوەو رێکخراوە ئیسـلامی یەکـان کەئوسولی خـوازو سەلەفی خـوازن بریتین لەبزووتنەوەیەکی نەتەوەیی عـەرەبی و تورکی و فـارسی رووپۆش لەژێر عـەباو جل و بەرگی ئیسلامەتی دا...؟

بەلێ لەگەڵ رێکردن و هاوتەریبی لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا... موسلـمـانە ئوسولی یەکـان لە مـیـسرو لەسودان دا داخوازیـان پێشکەش کرد هەروەکو لەبەرواری ١٢ی ئایار - مـایۆ - دا داوایان لەچەند دەولەتێکی عـیلمـانی وەک عـێـراق و جەزائیـرو شوێنانی تر کەوا کۆنگرە لەمیسر نەگیرێت بۆ لێکۆلینەوە لەمافی کەمە نەتەوایەتی یەکان لەجیـهـانی ئیسـلامی دا یان لەجیـهـانی عـەرەبی دا کەبنکەی (ابن خلدون) سـازی کـردبوو. ئەوانیش هەروەکـو دکـتـۆر (حـسین سلیـمـان - ابوصـالح) وەزیری دەرەوەی مـیـسر کەهەسـتـا بەرەخنەگـرتن لە (ئامانجی مـێزگـردەکەو کـاتی بەسـتنی (٧٤) )دا.

کـاتێک رێکخراوی ئیسـلامی بنیاتنرا لەکۆبوونەوەی سەرۆکی دەولەتە ئیسـلامی یەکـان لە شاری (رەبات) سالّـی ١٩٦٩ دوای ئەوەی (مزگەوتی ئەقسا) لەقودس سوتێندرا ئەویش بوو بەهۆی ئەوەی کەبنکەکەی بگوازرێتەوە بۆ (جدە).

ئەم رێکخراوە زیاتر لە (٤٠) دەولەتی وەک ئەندام تێدا گرتەخۆی. ئەوەی لێرەدا شـایانی باسە ئەوەیە کـەرێکخـراوی رزگـاریخـوازی فـەلەسـتین ئەندامی کـۆنگرەی ئیسـلامی یە لەگەڵ دەولەتی تـورکی قـوبرسی کـەجیـا لە دەولەتی تورکیـا یەک ولاّت باوەڕی پێ نەهێناوە. بەلاّم کـوردسـتـان و گەلی کـورد هیـچ ناوێکیـان لەم رێکخراوە ئیسلامیانەدا نییە. تەنانەت تا یەکگرتووی ئیسلامیش لە ٢٥ ی ئایاری ١٩٦٢ز ەوە دروست بووە لە (مکە المکرمـە)دا چاوی رێکخـراوەیی هەلهـێناوە. بەدەست پێشـخەری پاشای سعودی (سعودی کوڕی عەبدولعەزیز) ناوی نەتەوەی کوردیان بە وشەیەک نەهێناوەو بەلاّم لەلایەن ئەوکارە خێرخوازیانەی رێکخراوە ئیسـلامیـەکـان پێی هەلدەستن لەئەنجامدانی دا لەپێناو کۆمەکی موسلـمـانە هەژارو پەککەوتەکـان لەهەرگۆشەیەکی جیهاندا.

گەلی کورد تا ئەم چەند سـالەش لەو کۆمەکەش بێبەش کراوە، مەملەکەتی عەرەبی سعودی کەدەولەمەندترین ولاتێکی ئیسـلامی یە، هەستاوە بەخزمەتکردن و یارمەتی

دانی دەوڵەتە گەشەکردووەکان لەجیهاندا بە ٦٥ بلیۆن ریال. ئەو یارمەتی یە کەبەو رێژەیە مـــەزەندە دەکـــرێ لەنێـــوان ســـاڵەکـــانی ۱۹۷۳ ز تا ۱۹۸۷ز دا. بەڵام (خزمەتگوزاری هەردوو میمبەری شەریف) ئەویش هەروەکو براکوێتی یەکان کەوا چند کۆمەکی ماددیان پێشکەش بەرژێمی صەدام کردووە بەدرێژایی چەندین ساڵ کەچی ئامادەنەبوون تاکە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەکوردستاندا دروست بکەن، یان خەستەخانەو نەخۆشخانەیەک، خۆباسی زانکۆو کۆمەکی ماددی و مەعنەوی بۆ کورد لەسەر ئاستی نەتەوەیی هەرهیچ. من لەو بارەیەوە تێرامانێکی تایبەتی دەخەمە سەربۆچوونەکانم کەتائێستا سعودیەو کوێت و دەوڵەتانی کەنداو بەچاوی شک و دلەراوکێ وە دوابەدوای جەنگی کەنداوەوە. کەتائێستاش وەک کیانێکی سەربەخۆ دانی پیانەنراوە بەڵکو ناوچەیەکی بچووکی پارێزراوەکە رووبەرەکەی (۳/۱)ی سەرجەم کوردستانی باشووری بەزۆرلکێنراو بەدەوڵەتی عێراقی یەوە زیاتر ناگرێتەوە. بۆنموونە دەیخەمە بەرچاو (یوسف بن عەلەوی بن عەبدوڵڵا وەزیری وڵاتی عومان بۆ کاروباری دەرەوە) لەوەڵامی پرسیارێکدا بۆ رۆژنامەی (الحیاه) وتی: هەندێ لایەن و کەسان وادەبینن کەدەوڵەتە عەرەبی یەکان هەولی تەواویان نەخستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی رێ بەو (یاریکردنە نێو نەتەوەیی یە) بگرێ بەرامبەر یەکێتی خاکی عێراق...؟ ئەویش ئاوا وەڵام دەداتەوە: (کێشەی کوردەکان کێشەیەکی گرێ واوی و پڕە لەسەرەداوو بۆچوونی جۆراوجۆر، و جیاواز لەو بارەیەوە راستە ئەگەر هاتوو باکووری عێراق جیاکرایەوە ئەم جیاکردنەوەیە لەو سنوورەدا ناوەستێ بەڵکو بەردەوام دەبێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەم دەڤەرە کەمایەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ، کەچی زۆربەیان هەست بەنائارامی ناکەن لەو بارەیەوە... ئێمە لە لیژنەی هاریکاری کەنداودا لەهەرخولێکدا لەخولی کۆبوونەوەکانمانا نارازی بوونی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر روودانی هەر تەگەرەیەک بەرامبەر بەیەکێتی و سەلامەتی سنووری عێراق. ئەمەش باوەڕو قەناعەتێکی نەگۆڕە لای ئێمە(۷۵).

بەکورتی هەڵوێستی نەیارانی صەدام بریتیبووە لەهەمان هەڵوێستی صەدام بەرامبەر تایبەتمەندیەتی کێشەی کورد. لەلایەکی ترەوە بەرامبەر کۆمەک و هاوکاری بۆ لێقەوماوانی کورد لەباری مرۆڤایەتی یەوە، بەراشکاوی دەڵێم: ئەو جیهانە ئیسلامی یەی کەنفوسەکەی خۆی لەیەک ملیارکەس دەدات بەپێ ی مەزندەکردنی خومەینی، ئەو دەستی یارمەتییەی تا ئێستا بۆ گەلی کورد درێژکراوە لە ۱٪ی ئەو کۆمەک و یارمەتی یە ناگرێتەوە کە کەنیسە مەسیحی یەکان لەئەوروپا پێشکەش

بەلێقەوماوانی کوردیان کردووە.. جیا لەو هاریکاری یە مەعنەوی یەی کەخوشکی دلسۆزی کورد (دانیال میتران) لەسەر ئاستی نێودەولەتی پێشکەشی کردووین (خێزانی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا) ئێوە ئەی خوشک و برایان ...؟

سەرنج بدەن کەبراکوردەکانمان لە (ئیسرائیل) ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ بەخێوکردنی ٢٠٠ مندالّی کوردی بێ دایک و باوک (ئەنفال کراوەکان) لەبنەمالەکانی هەلەبجە. کەچی دەولەتی تورک رێگا نادات کەئەو ٢٠٠ مندالّە بێ دایک و باوکە بگوازرێنەوە بۆ (ئیسرائیل) خۆشتان دەزانن کەتورکیا تاکە رێگایەکی راستەوخۆو سەلامەتە بۆ بەستنی باشووری کوردستان بەجیهانی دەرەوە.

لەگەلّ ئەمەداو دوای ئەوەی سەرنجمان بەگشتی و ئەو وردبینیانە خستە سەر هەلّوێستی خۆبەزۆر زانینی برا موسلّمانەکانمان لەعەرەب و تورک و فارسەکان بەرامبەر بەنەتەوەی کوردی بێچارە بەدرێژایی مێژووی دەسەلاّتی جیهانی ئیسلامی هەتا رۆژی ئەمڕۆ. لەگەلّ ئەمانەشدا هەمووی ناتوانین نکولی لەهەلوێستی هەندێ پیاوچاک و زاناو پیاوی لێهاتوو کەسەربەم نەتەوانەن بکەین بۆ مێژوو و راستی ئەو هەلوێستانەی تایبەتمەندو دەگمەن و باوەری بوون لەهێلّی رێرەوی گشتی خۆ بەزۆر زانەکان دا.

ئەم بەڕێزانە کێشەی کوردیان بۆ جەماوەر روونکردەوە وەکو خۆی کەهەیە بەئازایەتی و لێ براوانەوە، دەکرێ ئێمە سوپاسی بێ پایانمان پێ رابگەیەنین. بەم هۆیەوە گیروگرفتی زۆریان بۆ پێشهاتووە زۆرجاریش تاوانبار کراون لەلایەن دەسەلاّتدارە خۆبەزۆر زانەکانەوە لەرۆلّەی گەلەکانیانەوە. دەخوازین یەزدانی مەزن پاداشتی چاکەیان بداتەوە.

لەسەرجەم ئەم نووسەرو زانا تورکانە: مامۆستایان ئیسماعیل بێشکچی Ismail Besikci - یالچین کۆچک Yalcin Kucuk - بهیجە بوران Bahice Boran - تێکۆشەران کەمال پیر Kemal Pir - هالوک گورگور Haluk Ger Ger- کەچەنین سالّ تەمەنیان لەبەندینخانە بەسەر برد لەسەر پارێزگاری کردن لەگەلی کورد.

لەعەرەبەکانیش خوالێخۆشبوو مامۆستا عەزیز شەریف، سەرۆکی سۆسیالیستی ناسراو کەلەچلەکان دا دژ بەرەوتی شورەوی بوو تەوژمێکی شوورەوی بوو دژ بەبوونی نەتەوەی کورد، لەپێناو دروستکردنی دەولەت لەسەر زەوی کوردستان. ئەوکاتە خوالێخۆشبوو بە مانای وشە پشتیوانی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردی دەکرد(٧٦).

ئەوەی لەو بوارەدا شایانی باسە ئەوەیە کەسەرۆک و پێشەوای شۆڕشگێڕ معمر

قەزافی سەرۆکی کۆماری لیبیا. یەکەم سەرۆک دەولەتێکی جیهانە کە شێلگیرانەو لێبراوانە لە دەوروبەری حەفتاکانەوە بانگەشە بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردستان رادەگەیەنێ. لە ١٨ی کانووی دووەمی ١٩٧٩ز رایگەیاندو وتی: نەتەوەی کورد وەک ئایرلەندە وایە (سەرنج لە رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی بدە - پاریس بەبۆنەی بەستنی کۆبوونەوەیەکی نێودەولەتی لەشاری مەدرید بۆ لێکۆلینەوە لەسەر فیکری موعەمەر قەزافی و کتێبی (سەوز) (الكتاب الاخضر) سەرۆک قەزافی وتی:( من عەرەبم و مەبەستمە یەکێتی نەتەوەی عەرەب بەدی بێ، نیشتمانی عەرەب یەکبگرێتەوە، بەلام ئەوە وا لەمن ناکات کەدان بەراستیدا نەنێم، یان خۆمی لێ ببوێرم، یان هەلسوکەوتم هەلس و کەوتێکی رەگەزپەرستانەو ئیمپریالیزمانەبێ. کورد عەرەب نین، ئێمە ناتوانین بەناچاری بیانکەین بەعەرەب. ئەگەر خۆشیان بەرەزامەندی و ئارەزووی خۆیان ویستیان ببن بەعەرەب پێشوازیان لێ دەکەین. خۆ ئەگەر ویستی خۆی بەنەتەوەکەیەوەو بەخاکەکەیەوە گرێ بدا ئەوان لەوەش ئازادن. بۆچی لەگەلیاندا بجەنگین..؟ پێویست ناکات ئێمە لەگەل ئەم نەتەوە ستەمدیدەدا بجەنگین. خۆ ئەگەر بمانەوێ بوونی نەتەوەییان بسرینەوە گرانمان لەسەر دەوەستێ یان مەحالە ئەممەمان بۆ ئەنجام بدرێ و ریشەکێشیان بکەین، ئەم هەموو شەڕوشۆڕو کوشتارە لەگەل نەتەوەی کورددا و ئەم کێشە زۆرانە رێگەچارە نییە لەبەر ئەوەی تێکۆشانی کوردەکان بەردەوام دەبێ تا سەربەخۆ دەبن لەو پەرت و لێک بلاوی یە خۆی کۆدەکاتەوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشیە کورد، خۆی لەبنیاتنانی دەولەتێکی کوردی دادەبینێتەوە. سەربەخۆ لەسەرخاکی کوردستان (نیشتمانی نەتەوەی کورد).

من پشتگیری لەتێکۆشانی نەتەوەی کورد دەکەم نەک لەبەر نەیاریم لەگەل دەولەتە عەرەبی یەکان - ئیران یان تورکیا، بەلکو لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنن و نیشتمانی خۆیان هەیە لەبەر ئەوە پێویستە ئازادو سەربەخۆبن و رێگەیان لێنەگیرێ بۆ پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆی خۆیان. کورد نیشتمانی خۆیان هەیەو دۆست و هاومێژووی ئێمەن، پێویستە ریزیان بگرین، من دژ بەچەوساندنەوەی ئەوانم دژ بە دابەشکردنیانم لەجیهاندا. من پشتگیری تێکۆشانی ئەوان دەکەم لەپێناو دروستکردنی نەتەوەیەکی کوردستانی بۆ ئەوەی جێگای گونجاو و شیاوی خۆی بگرێتەوە لەرۆژهەلاتی نزیکدا شان بەشانی نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی ئێرانی و نەتەوەی تورک).

لەکاتی کۆبوونەوەیەکدا کە لەتەرابلوس گیرا لە ٢ی ئازاری ١٩٨٥ز بۆ

دامـەزراندنی سـەرکـردایەتی یەکی نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی هێـزە شـۆڕشگێـڕە عەرەبییەکان ، سەرۆک قەزافی ئەوەی دووپات کردەوە بەوەی کەوا نەتەوەی کوردی کۆلنەدەر نەتەوەی دۆست و هاومـێژووی عـەرەبەو روونیکردەوە کـەقـەزافی لەبەر هۆکاری جوگرافی یان سیاسی یان مێژوویی پشـتگیری لەمافی رەوای کورد ناکات، بەڵکو هۆکـاری بنەڕەتی دەگـرێتـەوە بۆ ئەو ئیش و ئازارو چەوسـانـەوەو لەت و پەت کـردنەی نەتەوەی عـەرەب بۆ خۆی بەدرێژی مـێژوو دووچاری هاتووە، ئەوە وای لەو کردوو کەبەرگری لەنەتەوەی کورد بکات.

کوردی ژێردەستەو پەرت و بڵاو هەروەک نەتەوەی عەرەب (رادیۆی تەرابلوس).

لەنیـسـانی ١٩٩٥دا سـەرۆک قـەزافی دووپاتی کـردەوە(بەوەی نەتەوەی کـورد دووچاری چەوسـاندنەوەو سـتـەملێکردن هاتووە ئەم نەتەوە زۆرلێکراوە، هەمیـشـە مـافی ئەوەی هەیە کـە داوای نیـشـتـمـانێکی سـەربەخـۆبکات لەگـەڵ ئەوەشـدا نوێنەرایەتی هەوالنامـەی جـەمـاوەری لیـبی بۆ هەواڵ بڵاوی کـردەوە کـەوا سـەرۆک قـەزافی لە وتارێکی دا بۆ تەلەفـزیۆنی ئەڵمانیـا لەیەکـەم توانجی دا ئـاراسـتـەی پەلاماری تورکی بۆ باشووری کـوردسـتـان (شمال العراق) بوو بەناوی راوەدوونانی چەکـدارانی (PKK) ی پارتی کـرێکارانی کـوردسـتـان:( پێـویسـتـە لەسـەر نەتەوەیەکگرتووەکـان پارێزگـاری لەکـورد بکەن و پشـتـگیـری لێـوەبکەن لەپێناو سەربەخۆبوونیاندا) ، لە درێژەی قسەکانیدا وتی:( پێویستە من لەو بارەیەوە بیلێم دژ بەو کردەوانەی کەوەک دوژمنکاری بەرامبەر کوردان ئاراستە دەکرێن. من دەمەوێ سەرلەنوێ هەلوێستی خۆم راشکاوانە دەرببرم بەرامبەر ئەم کێشەیە: ئەم نەتەوەیە بۆی هەیە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن ماف بژی لەسەر زەوی یەکەی خۆیدا وەک هەر نەتەوەیەکی تر. سەرۆک قەزافی وتی:( من دژ بەو رەفتارانەم کەبەرامبەر کـوردان ئەنجام دەدرێ چ تورک بیکەن یان عـەرەب یان فـارس، یان هەر دەولـەتێکی تربێ، واناوەڕۆکی راوبۆچوونەکانم شی دەکەمەوە. من وای دادەنێم کەکێشەی کورد زۆر پیرۆزە وەک کێشەی گەلی فەلەستین. گەلی کورد لەدوا هەنگاودا سەردەکەون، مافەکانیان بەدەست دێنن لەئەنجامی خەبات و تێکۆشانی کولنەدەرانەیان).

سەرۆک قەزافی لەوەشی تێپەڕاندوو وتی:( پێویستە سەرجەم گەلانی جیهان پشتگیری مەسەلەی کورد بکەن زۆر نارەوایە کەتێکۆشانی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بەیاخی بوون دابندرێ بەلایەن گەلێکی ژێر دەستەو خەبات و تێکۆشانی بەپیرۆزی دادەندرێ. نەک رێگری و یاخی بوون، لەو باوەڕەدام هەر کردەوەو ئاکارێک کەدژ

بەوان ئەنجـام بدرێ سـەركـەوتوونابێ، بۆ هیچ نەتەوەیەكی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. نەشیاوە كەفشارو هێرش بخەینەسەر نەتەوەی كورد ئەو نەتەوە كوردەی دۆستی گەلی عەرەب و گەلی توركە) رۆژنامەی (الحیاه) لە ٢٠/٤/١٩٩٥ (٧٧). بە ئازایەتییەكی بێ وێنەوە، بەلەخۆبوردنێكی بێ مانەندەوە شۆڕشگێڕی عەرەب سەرۆك قەزافی لەپایزی ١٩٩٦ز لەبەردەم میوانە توركەكانی (نجم الدين اربكان) سەرۆك وەزیرانی تورك و یاوەرەكانی دا وتی: ( ئەوانەی سەردانی ولاتی جەماوەری لیبی مەزنیان كردووە بەشێوەیەكی رەسمی: سیاسەتی دەولەتی توركان بەرامبەر نەتەوەی كورد سیاسەتێكی هەلەیە نەتەوەی كوردستانی بۆی هەیە وەك دەولەتێكی سەربەخۆ تەماشای بكرێ لەژێر رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا وەك دراوسێ ی نەتەوەی عـەرەب و نەتەوەی تورك). ئەم راگـەیاندنەی بێ پێچ و پەنایەی بەراشكاوی بەلگەو راستییەكی درەوشاوە كەلەسەردەمی سەركردەی شۆڕشی عەرەبی موعەممەر قەزافی راگەیەندراوە، ئەمیش نەك هەر خۆبەستنەوەیە بەرێبازو ئەو بیروباوەرانەی لەسەرەتای سەركەوتنی لە شۆڕشەكەدا رایگەیاندووە، تەنانەت لەتاڵ و سوێرترین و مەترسی دارترین رۆژگارێك دا لەم هەلوێستانەی پەشیمان نەبۆتەوە - تەنانەت لەوكات و ساتە ناخۆشەدا كە گەمارۆی نامرۆڤانەی داگیركەران بەسەریاندا سەپێنراوە - بەسەر نەتەوەو جەماوەری لیبی دا، ئەمەش خۆتێپەڕاندن و پێداگرتنێكی مونسیفانەیە لەنێوان داب و نەریتی دیبلۆماسییەتی رەسەن و موجامەلەیەكی بریقەدارو درۆزنانەدا كەلەخۆی دا رەفتاری زۆربەی سەرۆك دەولەتەكانی ئەم دنیایەیە لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا. وتارەكەی سەرۆك قەزافی ئەوەی كە نەمیوانەكانی و نەدوژمنەكانی بەبیریاندا نەهاتبوو كەئەم پیاوە مەزنە راستەوخۆ بە قەناعەتەوە ئاوا بدوێ... وەك بۆمبێكی نەوەوی سیاسی تەقیەوە لەسەرجەم جیهاندا، بەرامبەر خۆ بەزۆرزانە تەلەكە بازەكان و نۆكەرەكانیان لەمونافیق و بازرگانەكانی سیاسەت.

هەموو دەزگاكانی راگەیاندن و كەنالەكانی تەلەفزیۆن چەند هەفتەیەك دووبارەو سێ بارەیان دەكردەوە بەدلەراوكێ و سەرسوڕمان و دوودلییەوە.

هەروەها لەسەردانێكی نوێنەری كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی سیاسەتمەداری ناسراوی كورد مامۆستا (جەواد مەلا) سكرتێری گشتی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان بۆ جەماوەری لیبی لەگەڵ ئەو چاوپێكەوتنەی لەگەڵ سەرۆك و سەركردەی شۆڕشگێڕ قەزافی دا ئەنجامی دا لەنووسینگەی كارەكانی دا لەتەرابلوس

لەبەرواری ٢٥/١/١٩٩٧ز سەرۆکی وەفد لەگەڵ یاوەرەکانی دا ئاڵای کوردستانیان بەدیاری پێشکەش بەو مرۆڤە مەزنە کرد، ئەو کەسایەتی یە مەبەستیەتی وا لەرەمزی نەتەوەی کورد بکات کە ببێتە رەمزی دەوڵەتی کوردستان. سەرۆک قەزافی لەسوچێکەوە ئاڵاکەی گرت و جەواد مەلا لەسوچەکەی بەرامبەری یەوە.. دوای ئەوە سەرۆک قەزافی ئاڵاکەی پێچایەوەو ماچی کردو لەسەرسەری دانا.. وای لەئەندامانی وەفدەکە کرد هەست بەمەزنایەتی و کەسایەتییەکی تایبەتمەند بکەن لەبەردەم قارەمانی خۆرهەلات و عەرەب و سەرکردە موعەمەر قەزافی دا.

لەجوانترین دارشتن دا ئەم باسە وەک وتارێک کە دکتور فەهمی الشناوی لە گۆڤاری (المختار الاسلامی) ژمارە (٢٤) ساڵی شەشەم (١٩٨٥) لەژێر ناوی (الاکراد یتمامی المسلمین) نووسیبووی تێیدا هاتبوو (٧٨).

دوای کۆتایی پێهێنانی دەسەلاتی خیلافەت و بنیاتنانی دام و دەزگا عیلمانی یەکانی تێپەڕی و هیچ رەگەزێک لەسەرجەم رەگەزە مرۆییەکان کەوا جیهانی لێ پێکهاتووە بەقەدەر نەتەوەی کورد ستەمی نەچێشتوو سوکایەتی پێ نەکراوە یەکەم پەلامار لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە ئاراستەی نەتەوەی کورد کرا دوای لەناوبردنی دوملیۆن لەرۆلەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە، دەستی کردو بەگواستنەوەو ئاوارەکردنیان لەرۆژهەلاتی تورکیاوە بۆ بەشی خۆرئاوا کەرت و پەرتی کردن لەیەکتری دابرین و سیاسەتی بەزۆرکردنی بەتورکی لەگەڵ ئەنجام دان بەتەواوەتی. ئەم ئاکارە نامرۆڤانەیە سەخیفەو چەپەلە چەند جار دووبارەکراوەتەوە. درندانەتر لەباکووری عێراق دا تەنانەت تا ئێستا منداڵی کورد وەک هاورێکەی نییەو لەخوێندندا بەیەک چاو تەماشای ناکرێ، دامەزراندنی لەکاروباری دەوڵەتدا زۆر زەحمەتە، هەل و مەرجەکانی ژیانی وەک هەل و مەرجی هیچ مرۆڤێک نییە لەژیاندا ئەمە جیا لەوهەموو شەڕو پەلامارەی بۆ سڕینەوەی بوونی نەتەوەی و رەگەزی کورد بەسەریدا سەپێندراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو ئەم کوردانە جەنگاوەری لێهاتووی ئیسلامن تا ئەمڕۆ.

ئەگەرچی کوردەکان لەهەردوو سەردەمدا تاڵ و سوێرترین سزادەچێژن، ئەمە لەخۆی دا زولم و ستەمێکە لەسەرئەوان ئاراستەی ویژدانی نەتەوەی موسڵمانان دەکرێ، لەگەڵ بزووتنەوەی موسڵمانانی جیهان. پەندو عیبرەتەکە لەزۆری و توانا و دەوڵەمەندی دا نییە. بەڵکو لەخۆراگری و بەرەنگاری کردنەوەو کۆڵنەدان دایە کێ بەسەر رۆژگاردا زاڵ ببێ سەرکەوتوو دەبێ. ئەوان سەرکەوتوو نابن و خۆراگر نابن

تەنیا لەپێناو شتێک نەبێ. ئەویش ئایینی ئیسلامە. ئەم کۆمەڵ و ڕەگەزە موسڵمانە هەرگیز توندوتیژی دژ بەبرا موسڵمانەکانی بەکارنەهێناوە، تەنیا لەسەردەمی دەسەلاتی نەتەوەی عەرەبدا نەبێ ئەویش بەهۆی دەرک کردنی بەهەستێکی نیشتمانی و فیتری ئارام و لەسەرخۆو هێمنانە، بەوەی کە بانگەوازێکی تایبەت بووە، ئەگەو دژ بە ئایینی ئیسلام نەبێت، ڕێگایەکە بەپێچەوانەی ڕێبازی خۆی بووە، مادام عەرەبیش باوەڕی بەوەیە کەتەنیا بیر لەنەتەوەی عەرەب و دەوڵەتی عەرەبی بکاتەوە. ئەی بۆ دەبێ بۆ کوردانیش نەبێ هەروەکو بۆ عەرەب لواوە وەک: (پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی... ؟!).

ئەو زولم و ستەمەی عەرەب بەرامبەر براکوردەکانی کردوویانە هەرگیز نکوڵی لێ ناکرێ بەپێی ئەو حیکمەتە (میسری یە)ی کەبەرامبەر کەسێک یان هێزێک یان نەتەوەیەک بەکاردێت کەبەمانای وشە مافی کەسێکی تر یان دراوسێکەی زەوت بکات یان مافی برادەرێکی دەڵێ دەستکردە بەواتا مامەلەی لەگەتدا دەکات وەک چۆن عەرەب مامەلە لەگەڵ کورد دا دەکات.

ئەمەش دانپێدانانێکی بەڵگەنەویستە هەموو خەلکان و هەموو کەسێک وشیارو بەئاگاو بێ ئاگاو فەتوایەکی ڕەوانی سادەو بێ گەردە..لاپەڕە.

لەنامەیەکدا کەبۆ دکتۆر فەهمی الشناوی بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی یەکەم کە لەلەندەن بەسترا لەئابی ١٩٨٩ز وەگۆڤاری (جودی) کەزمان حاڵ پارتی ئیسلامی کوردستانی یە ژمارە (١٣) ساڵی ١٩٩١ تێیدا هاتووە:

ئەی برایانی کورد بەر لەچەند ساڵ بەر لەئێستا نووسیومە کەدەڵێم [نەتەوەی کورد هەتیوی دەست نەتەوەی موسڵمانە، مافی ئەم نەتەوەی کوردە ئەمانەتێکە لەئەستۆی ئەم میللەتی ئیسلامەدا پێویستە ئەم مافەی بۆ بگێردرێتەوە کاتی ئەوەش هاتووە کەئەم ئەمانەتەی پێ بدرێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی زانیاری پترم لەسەر کێشەی کورد بۆ دەستەبەربوو ئەم ڕاستییەم لادروستبوو:( ئێوە ئەی نەتەوەی کورد.. ئێوە سەرنیزەی دەستی موسڵمانن، ئەگەر یەکگرتووبن ئەوا ئەم سەرنیزەیەی لەگیانتان چەقێندراوە دەردەکێشرێ.. بەڵام لەت و پەرت و لێک دووربن دردۆنگ بن بەیەک ئەوا سەرنیزەیەی بەتەواوەتی بەگیانتان دا ڕۆدەچێ، بەپێچەوانەوە بوونی بە بادەچێ. لەبەرئەوەی ئێوە بەراستی میللەتێکی پاک و بێگەردن لەناو جیهانی ئیسلامیدا. هیچ لێلی و بێگەردەکتان تێدانییە.. ئێوە خاوێنترین کۆمەڵگەیەکی ئیسلامین، شەرەف مەندترین بەشێکی ئەوانن.. نموونەی دلسۆزی و پارێزەرین

لەنەریتی ئیسلامەتی و خزمەتکردن لەپێناوی سەرخستنی مەسەلەی موسلمانان دا.
من دەرک بەوە دەکەم کەئەوەی موسلمانان بەیەک پێدەگرێ و سەریان دەخات لەجیهان تەنیاو تەنیا ئێوەن].
بەواتا سەرەتای یەک پێگرتنی میللەتی موسلمان بەیەکیەتی نێوان ئێوە دەست پێدەکات، هەروەکو چۆن پێچەوانەکەشی راستە.
ئەگەرهاتوو نەتەوە یەکگرتووبوو...، یەکگرتووی ئێوەش بەدی دێ. لەهەردوو حالەتیشدا ئێوە معیاری مسۆگربوونی ئەو یەکیەتیەن. لەو روونکردنەوەیە راستی یەکی حاشا هەلنەگر دەردەکەوێ ئەویش ئەوەیە:( هەموو دادوەرێکی عیلمانی پایەی دەولەتەکەی لەسەر هەرەش پێ هێنانی ئیسلام دا دادەمەزرێنێ ئەویش دەبێ رووبەرووی ئێوە ببێتەوەو کاردەکاتە سەر تێکشکاندنی ئێوە ئەمەش راستی یەکی فەسیۆلۆجیای ئیسلامی سیاسی یە. ئەمەش هاوکێشەیەکی ژمێریاری بنەڕەتی یە لەنەریتی ئیسلامی سیاسی دا ئەمە ئەلف بای پێکهێنانی دەولەتی ئیسلامە کەپێویستە هەموو سیاسی یەکی موسلمان تێ ی بگات چ دادوەرو یان دادبەسەردا سەپێندراو. لەکۆتایی دا من خوازیارم لەئێوە کە ووردبینی لەسەر ئەوە بکەن و لەوەبگەن کەوا میللەتی موسلمان بناسن بەتایبەتی سەرکردایەتی یەکەی بەوە نییە هیچ یەکگرتوویەکی ئیسلامی بەدی نایەت تەنیاو تەنیا بەیەکێتی کوردان نەبێت. ئەمەش چارەسەری یەکی رەوایە بۆ مەسەلەی کوردو موسلمانان. یەکیەتی کورد هەق و رەواو پێویستە نامەیەکی مێژوویی یە (والله معكم ولينصرون الله من ينصره. ان الله لقوى عزيز). گۆڤاری (طلائعی ئیسلامی) (الرائد) کەدکتۆر صلاح الدين نكدی سەرپەرشتی دەرکردنی دەکات لە بنکەی (دار الاسلاميه للاعلام) لەشاری منیرزن دەردەچێت لەئەلمانیا - لەژمارە ٣٤ی سالی ١٩٩١ز وتارێکی لەژێر ناوی (تراژیدای میللەتی کوردی موسلمان) تێیدا هاتووە:
دوژمنانی ئیسلام و موسلمانان بەتەنیاو بەکۆ بەرێگای جۆراو جۆر کاریان کردووە بۆلەیەک هەلوەشاندنی میللەتی موسلمان و لەت و پەرتکردنی نەتەوەکانی بەئامانجی سەرشۆڕکردنیان بەرامبەر هێزی خۆبەزۆرزانی جیهانی، ئەم ئاکارانە بەگشتی لەپیلانێکی دروست تەواو شەری هەلداوە بۆ بەربەرەکانی کردنی ئیسلام و نتەوەی موسلمان. هەولّ دەدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی لەو هەموو بەرهەمانە ئەلقەکانی ئەم پیلانانە بەپێ ی سەردەم دارێژراوەو بەداگیرکاری دەستی پێکردووەو دەست کراوە بەدەست بەسەرداگرتنی لایەنی ئابووری و فیکری و سیاسی و لایەنی

راگەیاندن ئەوەی کەلک لەم حالەتە وەردەگرێ کەئاگری ئەم فیتنەیە دادەگیرسێنێ لەنێوان ئەمگەلە ستەم لێکراوە موسڵمانانەدا برتی یە لەداگیرکارە خۆرئاواییەکان ئەگەر نەتەوەی موسڵمان لاوازبوون و تێکشکان و ژێرکەوتووبوون لەئایندەدا هیچ مەترسی یەک بۆ خۆرئاوا دروست ناکات. خۆئەگەر هاتوو لەبواری پیشەسازی دا دواکەوتووبوو ئەوا هەمیشە دەبێ بەپاشکۆی دەولەتە خۆرئاواییەکان کەپێشکەوتوون لەبواری پیشەسازی دا. ئەگەر جەنگیش لەنێوانیاندا بەرپابوو دەبێتە بازاڕێک بۆچەک ساغکردنەوە کەوا کارگەکانی چەک سازی خۆرئاوا بەدنیای دینی - قسەمان لەسەر میللەتی کوردو موسڵمانە. نموونەیەکی زیندوو زەقە بۆ هەموو ئەوباسانەی توێژینەوەمان لەسەرکردن و پەنجەمان بۆ راکێشان - دوای دابەشکردنی وڵات و رشتنی رەنگی سوور، دەردەکەوێ کە نەتەوەی کوردی موسڵمان و نیشتمانەکەی بەسەر پێنج وڵاتدا دابەشکران کەبریتین لە: تورکیا - عێراق - ئێران - سوریا - ئازەربایجان، هەربەشێکی کەرت و پەرت کراوی دووچاری جۆرەها شێواز ستەم و چەوساندنەوەو درندایەتی بووە لەلایەن کاربەدەستە ناسیونالیستە خۆپەرستەکانی ئەو وڵاتانەوە، هەروەک ئەم میللەتی کوردە دووچاری ستەم و سزاچیشتن بوون لەلایەن ئەو نەتەوە سەردەستانەی کەلەگەڵیاندا ژیانیان بەسەر دەبرد.

یان نەتەوەی دراوسێ لەدەرەوەی سنووری وڵاتەکەیدا. هەر دەولەتێک لەپێنج دەولەتە دراوسێیانەی لەکاتی شەرو ئاژاوەکەوتنەوە لەبەینی خۆی و دەولەتە دراوسێکەی دا، بەرامبەر وادەو بەلێنێکی بێ ناوەڕۆک و ساختەکارانە کەهەرگیز بەدی نەدەهاتن، بارودۆخی ژیانی کورد لەم وڵاتانەدا وەک باری کەسێک وابووە ترسی رزگاربوون لەخنکان دەست بۆ هەموو چلەپووشێک درێژبکات.

یان لەهەموو لایەکەوە مەرگ دەورەی دابێ وایە، شتێکی سروشتی یە، نەتەوەیەک ئەمە واقیعی ژیانی بێ، لەژیانیدا ئەوەی بیری لێ بکاتەوەو بەلایەوە گرنگ بێ بیرکردنەوەیە لەرزگاربوون. ئەگەرچی شەپۆڵ بەرەو هەرکەنارێکی بەریت بەوەش زۆرجار خۆی دیتۆتەوە کەوتۆتە بەردەم تەوەری دوژمنەکانی لەبەر ئەوەی لەخزمەتی دوژمنەکانی ئەوان دابوون.

ئەوەش وایکردووە کەچەند کۆمەڵ و دەستەیەک لەرۆڵەکانی ئەم میللەتی کوردە لە ئاکامی دلرەقی و بێ بەزەیی و ستەمی سەردەستە هاوئایین و هاوباوەرو هاومێژوو لەئایینی ئیسلامی دا پاشگەزببنەوە بەهۆی ئەم پەلاماری سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی و کلتووری کەلەپوریان کەبەزۆر بەرامبەر گەلی کورد ئەنجام دراوە،

لەدێرزەمانەوە دژ بەوجودی نەتەوایەتی و پێناسەی تایبەتی کورد. بەشێکی زۆر لەرۆڵەکانی نەتەوەی کورد کەلەوە دڵنیابوون چ کاربەدەستە بەناو موسڵمانەکان و چ رۆڵەکانی نەتەوە سەردەستەکان هیچ رێزو بوون و نرخێک بۆ ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە دانانێن روویان کردە باوەڕبوون بەبیروباوەڕی مارکسی و هەندێ دروشمی هەڵخەڵەتینانەو بیروباوەڕی نەتەوەیی و عیلمانی. کەئەم رێبازو بیروبۆچوونانەش بەشێکی زۆری لەخزمەت و مەرام و خواستەکانی خۆرئاوابوون لەژێر ناوی چەندین دروشمی جۆراوجۆرەوە.

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێز ئەندازیار محفوظ عزام دا کەنوێنەری پارتی کاری میسری (حزب العمل المصری) بو لەکۆنگرەی یەکەمی موسڵمانان لەسەر کێشەی کورد لەشاری (کۆلن) لەئەلمانیا لە (١٩ - ٢١ - یەنایەر / کانونی دووەمی ١٩٩٠ز). پارتی کاری ئیسلامیش یەکێکە لەو پارتانەی کەئەرکی بزوتنەوەی موسڵمانانی کردووە بەبەرنامەی خۆی لەساڵی ١٩٨٧ز ەوە. بەڕێز عزام قەناعەت و باوەڕی خۆی خستەڕوو، بەرامبەر مەسەلەی کورد بەم شێوەیە:( مەسەلەی کورد تائێستا گرنگی تایبەتی و زانیاری گشتی لەسەر کۆنەکراوەتەوە بەتەواوەتی، تەنانەت بەلای ئەو پسپۆڕو زانایانەوە کەلەبواری بزووتنەوەی ئایینی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی یەوە خەریکن. ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو هەل و مەرج و بارودۆخەی کەسنووری واقیعی (لۆجیکی) ئەو میللەتەو مەسەلەکەی لەباوەش گرتووە. دوای ئەوەش بۆ وەڵامی تەواو لەسەر ئەو کێشەیە دەبوایە من بەر لەوەی ئامادەبم بۆ کۆنگرە زانیاری تەواو دەربارەی لایەنە دیارو نادیارەکانی ئەم مەسەلەیە کۆبکەمەوەو لەگەڵ خۆمی دا بهێنم. ئەوەی کەئێستا لەبەر دەستم دایە زۆر لەوە کەمترە کەمن بتوانم لەسەر ئەم کێشەیەی رای خۆمی لەسەر دەرببڕم. بەڵام باری سەرنجم دەربارەی ئەم کۆنگرەیەو بەرنامەی کارەکە بریتی یە لەهەوڵێک لەبەر رۆشنایی فیکرو تێڕوانین و بۆچونی باوەڕی ئاییی ئیسلامی یان دروشمی موسڵمانەتی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەی کورد- هەروەکو دەرکم پێکردووە - ئەمەیە کە: کێشەو ململانێ یەکی چڕو پڕ هەیە لەنێوان چەندین دەستەو لایەن کەبەرامبەر ئەم بزووتنەوەیە رزگاریخوازیەی گەلی کورد هەڵدەشاخێتەوەو بەربەرەکانی دەکەن لەریزی بزووتنەوە چەپ و راستەکان دا. ئەوەی جێگای داخە لێرەدا ئەوەیە: کەلەناو بزووتنەوەی ئیسلامی یەکانیش تەوژم و لایەن هەن بەرهەڵستی ئەم بزووتنەوەیە دەکەن. یەکەم فەرمانێک کەلەسەر شانی ئێمە دەبێ ئەنجامی بدەین ئەویش ئەوەیە

کەدەبێ ئەم لایەن و شەرگانە لەبزووتنەوە ئیسلامی یەکاندا بەرامبەر ئەو مەسەلەیە یەک بخەین بە تایبەتی ئەوانەی باوەڕیان بەچارەسەری تەواو هەیە بۆ مەسەلەی کورد لەچوارچێوەیەکی ئیسلامیانەدا بەوەی کەپشتگیری تەواوی مەعنەوی بدرێتێ.

لەوتوویژێکدا لەگۆڤاری (کوردستان المجاهده) کەلەلایەن پارتی موسڵمانانی کوردستانیەوە دەردەچێت لەگەڵ برای فەلەستینی دکتۆر (حمدی مراد) سازی کرد لەپاکستان لەپێناو هەردوو مەسەلە - مەسەلەی کیشەی فەلەستین و مەسەلەی کورد - ژمارە ٢ی مایسی ١٩٩٢ ز لاپەڕە (٥٧)، حمدی برا لەم بارەیەوە ئاوا دەدوێ: ( لە راستی دا کەدێینە سەرکێشەو گرفتەکانی موسڵمانان کێشەی کوردستان وەک کێشەیەکی سەرەکی ئەم نەتەوە بریندارە دەکەوێتە بەرچاو. شتێکی شاردراوەنییە بەلای ئەوانەی کەشارەزایەتیان بەرامبەر باری موسڵمانان هەیە کەوا (کوردستان) بەر لەپێنج سەد ساڵ بەو دەردە دەناڵێنێ.

کێشەی کورد لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی خیلافەتەوە سەری هەڵداوە - ئێمە کۆتایی هاتنی سەردەمی خیلافەت لەساڵی ١٩١٨ز دادەنێین بەشێوەیەکی کردەیی، بەڵام وەک راگەیاندن رووخانی خیلافەت لەگەڵ راگەیاندنی ئەتاتۆرکی جولەکە ١٩٢٤ دەست پێدەکات. ئەو دابەشکردنەی بەشێک بوو لەپیلان و نەخشەی چوارمیخکان و جولەکە جیهانی یەکان، لەگەڵ دوژمنەکانی ئیسلام و داگیرکەرانی. بۆ لەت و کوت کردنی هەوڵ و هیوای نەتەوەی موسڵمانان. خۆزاڵ کردن بەسەر میللەتی کورداو دابەشکردنی کوردستانی موسڵمان بەسەر (٥) دەولەتی ناوچەکە: مەبەست سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی و کلتورو کەلەپوری ئەم گەلە ستەمدیدەیە بوو. کە لەمێژووی ئیسلام دا ئەم نەتەوەیە بەخۆڕاگرو کۆڵ نەدەرو شانازیکەر بەئاینەکەیەوە ناسراوە، لەگەڵ سەرشۆڕنەکردنی دا بەرامبەر زۆرداران و ستەم کرانی دا. بۆ بەرەنگارکردنی ئەوانەی دژ بە وڵاتی موسڵمانانن. جێگا پیرۆزەکانی موسڵمانان و مەزارو نزرگاکانی موسڵمانان. تێکۆشان و خەباتی بێ وێنەی صلاح الدین ئەیوبی لای هیچ کەسێک لەمێژوودا جوامێری یەکەی شاراوە نییە. لەراستیدا ئیستعمار چاک ئەوەی زانیوە کەگەلی کوردو کوردستان چین و چ واتایەک دەگەیەنن. ئەگەر هاتوو یەکگرتووبوون و دەولەتێکی سەربەخۆیان هەبوو...!! ئەوەیان دەزانی کەئەم نەتەوەیە لەسنووری خۆیاندا نەدەوەستان و بەگاڵتەجاری داگیرکەرانیش رازی نەدەبوون. لەپەرت کردنی میللەتی ئیسلامدا، بەڵکو هەوڵی ئەوەیان دەدا کەئەم سنوورە بشکێنن و دەولەتێکی ئیسلامی و میللەتێکی

یەکگرتووی ئیسلامی بنیات بنێن. هەموو پیلانێکی دوژمنانی ئیسلامیش تێک بشکێنن دژ بەموسڵمانانی ئایینی ئیسلامی) کەواتە پیلانی دابەشکردنی کوردستان، پیلانێکی دزێوبووە بۆ لێدانی موسڵمانان. بەشێک بەدەستی بەشێکی تر - بۆ سەرپێ شۆڕکردن و ژێردەست کردن و زەلیل کردنی میللەتی موسڵمان و نەتەوەی کوردی ستەمدیدەو خۆراگر. ئەویش بەزاڵ کردنی نۆکەرە ئەلقە لەگوێ کانی داگیرکاران. کەوەک میراتگر بەدەسەڵاتدار هێشتیانەوە بۆ لەت و کوت کردنی ئەم نەتەوە موسڵمانە. بەوە دەرکی مەترسی تێڕوانین و ئامانجی قێزەوەنی پیلانەکانی داگیرکاران و کۆلۆنیال کاران دەکەین. لەگەڵ ئەو پیلانە مەترسیدارەی دوای ئەوە جێبەجێ کراوە بۆ دابەشکردنی کوردو کوردستان بەسەر پێنج وڵاتی ناوچەکەدا.. کەهیچ یەک لەم دەولەتانە هیچ حورمەتێکیان بۆ موسڵمانان و ئایینی ئیسلامی بووە ئەنجام دراوە، ئەوەی جێگای داخ و مەخابنە لەم دەولەتانە جا چ لەتورکیا یان لەسوریا یان لەعێراق یان لەئێران و روسیا بووبێت.. هیچیان کەمتەرخەمیان نەکردووە لەخزمەتکردن بەدوژمنانی ئیسلام.. بۆ ئەوەی ئەم نەتەوە موسڵمانە پەرت و بڵاوبکرێنەوە... بەنەزانی و شێواندنی سیمای ئیسلامەتی و مێژووە شارستانییەتەکەی هەلتەکێنن. لەبەر ئەوەی من هەست دەکەم یەک پێگرتنی ئەم پێنج بەشە دابڕاوە، ئایا عەقڵ قبوولی دەکات بەدەست پێشکەری مرۆڤانە لەلایەن ئەم دەولەتانە ئەنجام بدرێت...؟!

لەڕووی سیاسەتی داگیرکاری، کە نەتەوەی کورد لەکوردستاندا پێوەی دەتلێتەوە دکتۆر حەمدی موراد دەڵێ:

لەسەر ئەو مەسەلەیەی کەوەک راستی لێوەی دواین لەپرسیارێکی پێشوو لەرووی دابەشکردنی کوردستان جارێکی تر دەڵێین: داگیرکاری لەئیسلام دا یاساو پێوانەیەکی لەڕووی فیقهەوە بۆ دەستەبەر کراوە بەتایبەتی لەفیقهی بەکۆمەڵ دا. ئەویش بەزۆربەی دەنگ لەلایەن زانایانی کۆمەڵگاوە بڕیاری لەسەر دراوە بەوەی زەوتکردنی یان داگیرکاری حەرام کراوە، داگیرکاری و زەوتکردن بەزوڵم داندراوە.. بەرەنگار بوونەوەی لەگەڵ زەوتکەر یان داگیرکەر بە واجب دادەندرێ. بەپێی توانای رەت کردنەوەی ئەم زوڵمەی داگیرکەر.. خۆ ئەگەر هاتوو داگیرکەری یەکی سەرەکی بریتی بوو لە (ئیستعمار) کەوا کوردستانی لەت و کوت کردووە، ناشێ بۆ ئەوانەی خۆیان بەموسڵمان دەزانن ، بەردەوام بن لە جێبەجێ کردنی ئەم داگیرکاری یە نارەوایە.. لەڕووی ئەو پرسیارەی وەک هەڵوێستی ناوبراو بەرامبەر پرۆژەی پارتی ئیسلامی کوردستانی بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی ئیسلامی دکتۆر حەمدی موراد

دەڵێ: (مەخابن لەوەی کەهەندێ لەموسڵمانان تێڕوانینێکی ووردبینانەیان نییە بەوەی کەوای دادەنێن داخوازی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی یان پارتێکی ئیسلامی بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی ئیسلامی لەوڵاتەکەیاندا لەسنووری وڵاتی ئەواندایە یان لێی دابڕاوەو پەرت و بڵاوبووە لەنێوان سنووری وڵاتانی تردا... بەوەی کەئەم داخوازی یە... داخوازی یەکی ناوچەگەری یە لەراستیدا ئەوەی کەدەیەوێ کاروباری موسڵمانان بەڕێوەبەرێ، ئەو دەرک بەوە دەکات کەپێکهێنانی دەولەتی خیلافەت بۆیەک ملیارو دووسەد ملیۆن داوایەکە کە هەروا بەسانایی پێک نایەت تەنیا بەهەنگاوی یەک بەدوای یەکدا نەبێ هەروەکو ئەو پرۆژەیەی کەپارتی ئیسلامی کوردستان دەری بڕیوە. من بەو بۆنەیەوە بەختیارم لەرووی باری هوشیاری ئەم پارتەو دەرک کردنی دەربارەی دووری بەکردەوە بۆ ئیسلام بەپێی گواستنەوەی سەردەم لەگەڵ هەلبواردن و جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئایینی ئیسلام بەشێوازێک بەکردەوەو ئامانجەکانی ئایینی بەدی دێنێ لەدامەزراندنی دەولەتێکی ئیسلامی، دەولەتێکی کۆمەڵگای خیلافەتی سەرانسەری پشت بەیەزدان لەسەر بنەمایەک کەهەموو نەتەوەیەکی موسڵمان بەقوربانی دان و تێکۆشان دەولەتێکی ئیسلامی ئازاد دادەمەزرێنێ، دەولەتێکی حەقیقی سەربەخۆ بەراستی - بەهەق پایە بەرز بەهەق خۆشەویست. دوای ئەوە دەروازەی هاریکاری بۆ براکانی ئاوەڵا دەکاتەوە لەدەوروبەری خۆی، هەر بەم شێوەیە بۆ هەموو لایەک هەتا دەولەتی گەورەو یەکگرتووی موسڵمانان بەدنیادێ.

پشت بەیەزدان و بەو هیوایەی سەرجەم جیهانی ئیسلامی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە دەڵێم: من بەو وشیاری یە بەختەوەرم. من دژ بەو کەسانەم کەوای بۆ دەچن ئەو داخوازییە داخوازییەکی ناوچەگەری و ناسیونالیستانەبێ. ئەم کەس و لایەنانە لەو بوارەدا بەهەڵەداچوون بەوەی گوایە ئەم داخوازی و خواستانە ناوچەگەری و رەگەزپەرستانە بێ. من وایدادەنێم بۆ ئەو نەتەوانەی لەو تەنگەژەیەدا دەژین وەک گەلی کورد لەکوردستاندا، یان هەر نەتەوەیەکی تری موسڵمان رەوایە کەدەولەتی ئازادو سەربەخۆی خۆی لەخاکی خۆی دا هەبێت، پرسیارێک ختوکەم دەدات: ئایا بۆچی ئەوە بەرامبەر براکانمان لەکوردستان دەگوترێ - بۆچی دەبێ ئەم داخوازیەیان ناوچەیی یان رەگەزپەرستانەبێ، لەوەی کەداوای دەولەتێکی ناوچەیی یان سەربەخۆ دەکەن، ئەی بۆچی بەرامبەر هیچ میللەتێکی دیکەی موسڵمان لەجیهانی ئیسلامی دا ئەم تۆمەتە رانەگەیەندراوە...؟!

ئەوە ئەفغانستان کەدەولەتێکی ئیسلامی سەربەخۆی بۆخۆی بەدنیا هێناوە..؟ ئایا رەوایە ئەمەش هەروا لێکبدرێتەوە وەکو بۆگەلی کورد جۆرەها تێرامان و لێکدانەوەو بۆچوونی لەسەر ئەنجام دەدرێت...؟ بۆ دەبێ نەتەوەیەک بەهەموو مەرجەکانی بوون بە نەتەوە بەخاک و زمان و داب و نەریت و کلتورو کەلەپوری تایبەتی خۆی کارێکی ناوچەیی یان رەگەزپەرستیانە بێ کەداوای دەولەتی سەربەخۆی خۆت کرد. ئایا بۆ گەلی چەوساوەو هەژاری فەلەستینیش ئەوە دەووترێ...؟ ناشێ ... تا کۆتایی من بەلایەن خۆمەوە پیرۆزبایی رادەگەینم بەرامبەر هەنگاوەکانی برۆژەی پارتی ئیسلامی کوردستان - لەیەزدانی مەزن دەخوازم کەبەم زووانە ئەم ئاواتەیان ببێتە ناوکێک بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی جیهانی لە دەوروبەریدا بۆ ئەوەی خێرو خۆشی بەسەر هەمووواندا بباریێ.

هەرلەم بارەیەوە برامان (عبدالحمید محمود) لەجەزایر کەئەندامێکی کارای لیژنەی دەعوەی ئیسلامی یە لەوەلامی پرسیارێکدا دەڵێ: (دەربارەی ئەوەی کەئایا لایەنگری کردنی دروستبوونی دەولەتێکی کوردی دەکات یان دژیەتی...؟):

لەوەلامدا ناوبراو دەڵێ: ( واهەست دەکەم نارازی بوونێک لەم بارەیەوە لەگۆڕێ دانییە. من لەو باوەڕەدانیم هیچ موسڵمانێک دژ بەم پرۆژەیە بێت، وە ئەم دەولەتەش لەچوارچێوەی دەولەتی کۆمەڵگای خیلافەت دابێ (بەواتا ئەگەر لەوچوارچێوەیە بەدەربوو ئەوا دەکرێ دژایەتی بکرێ) جێگای نکوڵی نییە کەمیللەتی کوردیش دەولەتێکی ئیسلامی هەبێت لەسەر شێوازی ئەو دەولەتەی ئیستا هەیەتی. بەڵکو بۆ دەبێ رەوا نەبێ گەلی کورد سەرلەنوێ جڵەوی کۆمەڵگەی خیلافەت نەگرنەوەدەست...؟ هەروەکو سەردەمی خۆی صلاح الدین ئەیوبی بەدەستیەوە گرتبوو...؟ ئەمەش لەخۆی دا مافێکی شیاوە... ئێمە لەگەڵ دروستبوونی دەولەتی کوردی ئیسلامی داین) ئینجا ئەگەر هاتوو ئەو دەولەتە لەسەر شێوەی ئێستای بوو بان وەک دەولەتێکی ئیسلامی لەچوارچێوەی خیلافەتی گەورە .. دابێت .. من دەبینم کەپێویستە کوردەکان بکرێنەوە لەناو نەتەوە ئیسلامی یەکانی تردا.. لەبەر ئەوەی نەتەوەکانی موسڵمان زۆرن، رەنگە بەشێکیان کەمتر ئاگاداری کێشەی میللەتی کورد بوبن. لەبەر ئەوە بەپێویست دەزاندرێ کەپەیوەندی لەگەڵ براکانیان دا پتەوتربکەن لەرێگای یەکترناسین و تێکەڵاوبوونەوە - بەزیاتر کێشەی نەتەوەکەیان لەلا ئاشناتر دەبێت. هەر لەم روانگەوە برای بەرێز(ئەحمەد بەهجەت) لەدەزگای رۆژنامەی (ئەهرام) لەقاهیرە وەلامی

پرسیارێکی دایەوە لە کۆنگرەی یەکەمی موسڵمانان لەڕووی کێشەی نەتەوەی کوردەوە وتی: کۆنگرە تراژیدیای میللەتێکی خستەڕوو کەئەویش نەتەوەی کوردە. کۆنگرە هەوڵ دەدات لەرێگای کۆکردنەوەی راوبۆچوونی جۆربەجۆرەوە لەگەڵ ئامادەبووان کەهەریەکە سەربەلایەن و گروپ و بیروباوەڕێکی جیاوازن لەوانەی هاوبەشی ئەم کۆنگرەیان کردووە کەلەمانە ژمارەیەکی زۆریان لەزاناو یاساناس و خاوەن بیروڕاو هاوئاهەنگی چارەسەری ئەو کێشەیەن. چارەسەری راستی یەکی بەرجەستەکراوە.. یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ویژدانی موسڵماناندا پێش ئەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی و جیهانی بهەژێنێ.. لەگەڵ نرخی تەواو ژیانی شیاوی هەر نەتەوەیەک کە مەرجە دەستەبەربکرێ.

بەڕێز مامۆستا عماد الدین الحسینی وتارێکی بۆ گۆڤاری (کوردستان المجاهده) نووسیوو لەژمارە (٥) لەژێر ناونیشانی (جارێکی تر) لەگەڵ کوردەکان و) مەسەلەکەیان کەتێیدا هاتبوو:- من لەپێش هەموو شتێکدا دان بەوە دادەنێم من تائێستا گرنگی یەکی ئەوتۆم وەکو پێویست بەمەسەلەی نەتەوەی کورد نەداوە ، لەگەڵ ئەوهەموو دەردە دڵیە تاڵ و سوێرەی کەئەم نەتەوە موسڵمانە بەهۆیەوە دووچاری بووە... مافیان زەوت کراوە، بەدەرێژایی چەندین سەردەم لەرابردوو ئێستاش دا- لەژێر دەستی هەر دەوڵەتێکی عەرەبی سوریاو عێراق - تورکیا و - ئێران دا. ئەو دەوڵەتانەی هەریەکەیان پارچەیەکی لەزەوی ئەو نەتەوەیە کە کوردەو نیشتمانەکەشیان کە کوردستانە - خستۆتە سەرخاکی خۆیان و زەوتیان کردووە - هۆکارەکەشی ئەوەبووە من بەپێوەرێکی هەڵەو چەوت سەرنجم لەومەسەلەیە دابوو، هەروەکو ئەوانە کەگلەو گازاندەو ئاراستە دەکەن و رەخنەم لێدەگرن ، بەردەوام ئێستاش زۆرینەیەک هەن هەر بەو چاوەوەو بەو باری سەرنجە هەڵەیە دەڕواننە کێشەی نەتەوەی کورد بەپێوانەیەکی بەرەواژو بۆ هەڵسەنگاندنی کێشەی نەتەوەی کوردی برامان لەجێگای بەکارهێنانی عەدالەت و ویژدان خستنە کاریەوە).

بەپێچەوانەی ئەو پێوانەیەی کەکێشەی میللەتی ئیسلامی پێ هەڵدەسەنگێنن لەگەڵ تاڵ و سوێرەکانیان وەک مەسەلەی فەلەستین و ئەفغانستان لەوەپێش - کشمیرو بۆسنەو هەرسک - بۆ نموونە : بزووتنەوەو رێکخراوە ئیسلامی یەکان لەجیهانی ئیسلامی دا- لایەنگری و هاوکاری ماددی و مەعنەوی بۆ کێشەی ئەو نەتەوانەی ناومان هێنان نووسینیان بەدەستی خۆیان لەپێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ پێڕەوا ببیندرێ - دوژمنان و داگیرکاران لەوڵاتەکانیان وەدەربنێن،

ئەمانەش لەخۆیاندا هەڵوێستی شایستەن و نەمرن. بەڵام بەداخ و مەخابنێکی زۆرەوە بزووتنەوە ئیسلامی یەکان سەرجەم کێشەی کوردیان بەتەنیا تێکەڵاو بەناو بازنەی ئەم نەتەوانەی باسمان لەسەرکردن نەکردبوو. بەڵکو بەتەنیادەربڕینی سۆزێکی ئینسانی کەم بایەخ و جاروباریش وتارێک و ڕاگەیاندنێک و هەندێ جار تیشکێکیش کەبزووتنەوەی نەتەوەی کورد بۆنی جوداخوازی لێوەدێ. مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەکانی ترهەیە..!! مەترسی بۆ سەر یەکیەتی ئەو دەوڵەتانە دەخولقێنێ ئەمەش لە خۆی دا (کێشان یان پێوانە) بە دوو شێوازە پێوەر یان کێشە...؟

هەروەها مامۆستای بەڕێز دەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا من زۆرجار لەگەڵ برا کوردەکان دا بەیەک گەیشتووین لەوانەی بیروباوەڕی عیلمانیان هەیە قسەم لەگەڵ دا کردوون، قسەیان بۆ کردووم دەربارەی مەسەلەی کورد، من لایەنی زۆرم دەرک کردووە لەم وتووێژانە بۆ ئێمەی ڕۆڵەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی یەکان لەجیهاندا لەوانە ئەو برا کوردانەی چوونەتە ناو پارت و ڕێکخراوە چەپەکان و جیالەوانیش ئەویش لەئاکامی نەبوونی وشیاری ئیسلامی یەوەو کەم تەرخەمی بزووتنەوەی ئیسلامی یەکان بەرامبەر تراژیدیاو دەردە دڵیەکانەوە ئاوڕدانەوە لەکێشەکانیان و هاودەردی نیشان نەدان لەگەڵیاندا و پشتگیری لێنەکردنیان و بەرگری نەکردنی ئێمە لەمافی ڕەوای نەتەوایەتیان وەک حەقێکی ڕەوای خۆیان کەئەویش بریتی یە لەمافی چارەی خۆنووسینیان بەدەستی خۆیان لەلایەنی رامیاری یەوە. هەروەها لەبەشێکی تردا لەهەمان وتار ناوبراو دەڵێ: ( پێویستە ئەمە لەبیرخۆمان نەبەینەوە.. کە ئەمڕۆ لەناو لاوەکاندا هەیە. هەروەکو لەرابردووشدا هەبووە، زۆرکەسایەتی ناوداری موسڵمان لەزاناو خاوەن بیروڕای تایبەت (فەقیە) خوازیارانی بەجێهێشتوون.

کە لەلۆجیکی ئیسلامی یەوە بۆ کێشەکەیان کاریان کردووە. (مامۆستا عماد الدين الحسيني باوەڕی وایە کەکێشەی کورد پێویستە چارەسەر بکرێ، بەڵام چارەسەری یەکی موسڵمانانە) هەروەکو دەڵێ: (ئەمڕۆ مەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەیەکی بەگرێ و گواڵی نێو نەتەوەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شایستەی چارەسەرکردنە - ئەویش بەڕێگا چارەیەکی موسڵمانانە، ئەگەر بەویژدانەوە باوەڕیان بەمافی زەوتکراوی ئەوان هەبێت. نەک وەک خێرو سەدەقە بیاندرێتێ، ئەوان موسڵمانن و زۆربەی زۆریشیان سەربە مەزهەبی سوننەن.

مێژووی رابردوویان پڕیەتی لەخزمەتی شایستەو مەزن بۆ ئایینی ئیسلام و

سەرجەم موسڵمانان، ئەوان خۆیان بەبەشێک لەنەتەوەی موسڵمان دەزانن. نیشتمانەکەشیان (کوردستانە) کەبەشێکە لەوڵاتی گەورەی موسڵمانان، ئامانجی ئەم نەتەوەیە زۆرلێکراوەش یەکگرتنەوەی هەرپێنج بەشی خاکەکەیانەوەو پێکهێنانی کیانێکی سیاسی یە بۆ ئەم گەلە ستەمدیدەیە. بەواتا دەوڵەتێک کەبیان پارێزێ و لەپەلاماری دوژمنان بەدووربن. لەسەر خاکی خۆیان و لەژێر پەرچەمی دەولەتەکەیاندا بەئاشتی و ئارامی ژیان بەسەربەرن. ریزی دەوروبەرو دراوسێ بگرن و بگیرێ، لەعەرەب و تورک و فارس. ئەوان هەرگیز چاویان نەبریوەتە سنوورو زەوی و زاری ئەم نەتەوانە - بەڵکو حکومەتەکانی ئەم نەتەوە سەردەستانە نیشتمانی کوردانیان لەت و پەت کردووەو داگیریان کردوو، کۆمەڵ کوژیان کردوون لەماڵەکانی خۆیاندا، ئێمە رۆژێک لەرۆژان نەمان دیتووەو نەمان بیستووە کەکوردێک پەلاماری عەرەبێک بدات لەدیمەشق و بەسرەو بەغدا - یان هێرش بەرنەسەر تورکێک یان فارسێک لە شارەکانیان داو لەسەر زەوی ئەوان!!

لەراستی دا ئەوان لەرابردوودا و ئێستاشی لەگەڵ دابێ لەحالەتی دیفاع کردن دان لەپەلاماری زاڵمانەی لایەنە داگیرکارەکان کەئاراستەیان دەکرێ. هەروەها لەسەردەمی بەڕێز (حسن العلوی) کەنووسەرێکی بەعسی عێراقیەو ئێستا ئۆپۆزسیۆنە دەڵێ:

[ کورد جارێک لەجاران ئامادەیی خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ عەرەب نەخستۆتەروو ئەوە هەر دەسەڵاتدارە ناسیونالیستەکانن بەردەوام لەپەلاماردانی میللەتی کورد نەوەستاونەتەوە].

لەرووی فەرمان و پێویستی سەرشانی هێزە ئیسلامیەکان بەرامبەر میللەتی کورد لە کوردستاندا بەڕێز مامۆستا عماد الدين الحسيني دەڵێ: ( فەرمانی شەرع پێویستی کردووە لەسەر بزوتنەوەو کەسایەتییە ئیسلامیەکان و دەوڵەتە موسوڵمانەکان کەوا مەسەلەی کورد بەکێشەی خۆیان بزانن وەک واجب شانی بەدەنە بەر لەشێوازێکی هەرەپێویست و بەئازایەتی و چاو نەترسیەوە پشتگیری لەرزگاری کوردستان بکەن لایەنگری تەواویان بەرەسمی بۆ رابگەیەنن بۆ رزگاربوونی نەتەوەی کورد لەژێر رکێفی داگیرکاری لەلایەن دەوڵەتە دراوسێ کانەوە - پشتگیری کوردان بکرێ لەپێناو دروستکردنی دەولەتی سەربەخۆیانەوە. خۆ ئەگەر یەزدانی مەزن رەخساندی کەجارێکی تر کۆمەڵگای گەورەی خیلافەتی موسوڵمانەکان دەبنە بەشێک لەدەوڵەتی خیلافەتی ئایندەدا. مەبەستی گەورەی کۆن و نوێ ی گەلی کورد

بریتی یە لەچارەسەری عادیلانەی مەسەلەکەیان بەیەکسانی راستەقینە لەگەڵ گەلان دا - موسوڵمانەتیش سومبلی یەکسانی و داد و برایەتییە بۆ یەکیەتی و کۆبوونەوە جارێکی تر لەنێوان میللەتی موسوڵمانان دا - کەوا ئیستعماری خۆرئاوا لێکی دابریون. گۆڤاری (کوردستان المجاهدە) ژمارە ٣ روبەروبوونێکی لەگەڵ مامۆستا عماد الدین الحسینی بڵاوکردۆتەوە لەسەر کێشەی کورد چارەسەری ئیسلامی ، مامۆستا عماد الدین الحسینی بەم هۆیەوە رووبەرووی تۆمەتی زۆر بۆتەوە لەلایەن بەرچاو تەسک و ناسیونالیستەکانی عەرەبەوە.

هەر لەم بوارەوە شێخ محمد فضل الله کەلەزانا لوبنانیەکانە لەنامەیەکی دەنگی دا بۆ بەدەنەو سەرکردایەتی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەکوردستان دا - رایگەیاندووە کە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤ی نیسان/ ابریل ١٩٩٤، ١٤١٤ کۆچی کەلەسەرچاوەی راگەیاندنی کوردی لەنەرویج دەردەچێ بڵاوبۆتەوە دەڵێ: من وای بۆ دەچم کەوا نەتەوەی کوردی موسولمان. لەکاتێکدا دەیەوێ بوونی خۆی بەسەپێنێ لەرووی رەتکردنەوەی زوڵم و ستەم - کەبوون و مرۆڤایەتیەکەی و رۆشنبیری رەتدەکرێتەوە لەویستێکی رەگەزپەرستیەوە ئەم هەوڵ و خەباتەی سەری هەلنەداوە.. لاپەرە٤.

هەروەها دەڵێ: ئێمە وای بۆ دەچین کەنەوەی کورد لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری لەزۆربواردا دەچەوسێندرێتەوە - هەروەکو نەتەوەی تریش هەبوون لەناوچەکەدا ئەم ستەم وچەوساندنەوەیەیان بەخۆیانەوە دیتۆتەوە بەپێی بارودۆخ و هەل و مەرجی پێویستی بەو چەوساندنەوەیەوە بووە بەلایەنێک - بەهۆی بەرژەوەندی یا رێبازی لایەنێکی تر - هەندێ گۆرانکاری و بارودۆخی نوێ لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست دا بۆتە خولقێنەری ئەمهەل و مەرجە بۆ نەتەوەی کورد کەئەم ئەزموونەی لێ بەدنیابێ و شێوە سەربەخۆی یەک بۆ میللەتی کورد برەخسێنێ هەروەکو ئەمرۆ دەبینین - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەر لەم تیرامانانەوە بەرێز (عادل سلمان) لەباسێک دا کە لەگۆڤاری (الاصلاح) ژمارە (١٥٧) ذو القعدە (١٤١١) بڵاوی کردۆتەوە دەربارەی تراژیدیای نەتەوەی کورد دەڵێ: ئەو ستەم و تراژیدیایەی نەتەوەی کورد دووچاری بووە سێ هۆکاری هەیە کەلەپشت ئەم سێ هۆکارەوە سێ ئەنجامن دەست بەکاربوون بۆی. ئەم میللەتە قوربانی دەستی یەکێک لە دەولەتەکانە (مەبەستی دەولەتی عێراقە) کەسەرجەم موسولمانان گیرۆدەبوون بەدەستی یەوە.

ئەم دەوڵەتەی بەهیچ شێوەیەک یاساکانی یەزدان بەسەر ئەم میللەتانەدا جێ بەجێ ناکات، لەو حکومەتانەیە کە هەرگیز ریزو نرخێک بۆ جەماوەری خۆی دانانێت و پارێزگاری لەکەرامەتیان ناکات و دادوەر نییە. گوێ ناداتە ماف و بەرژەوەندیان ئەو دەولەتەی ئاوا لەگەڵ خەڵکی خۆی و رۆڵەکانی نەتەوەی خۆی دەجولێتەوە بەمانای وشە ئەو دەولەتەیە دژ بەیاسای بەرێوەبردن و فەرمانرەوایەتییە کەیەزدانی مەزن بنەماکانی بۆ دارشتووە. لەبواری شوراو چاودێری کردن و راوێژکردنەوە. ئەم نموونەیەش ئەگەرچی تاکە وێنەش نییە لەدەولەتەکانی وڵاتە موسوڵمانەکان. بەڵام نموونەیەکی بێ حەدو حیساب لەرێ لادەرە لەم بارەیەوە کە کەوتۆتە زەلکاوی لەخۆبایی بوون و لادان لەسەر بەرنامەی پیرۆزی یەزدان لەرووی فەرمانرەوایەتی کردنی کۆمەڵگاوە. هەموو رژێمێک کەکەس (فرد) پەرست بێ و خۆی لەسەر کۆمەڵ فەرزبکات و هیچ نرخ و ریزێک بۆ ئیرادەی نەتەوەکەی دانەنێت و ریز لەماف و چارەنووسیان نەگرێت و بەرنامەیان دیاری نەکات و پەیرەوی بۆ دادەنێت. ئەگەر رژێمێک ئەوە ئاکارو نەریت و رەوشتی ب یت، ناتوانێ سەرکەوتوو بێت و بەباڵادەستی بێنێتەوە، رژێمێک ئاوا بەسەر هاونیشتمانی و رۆڵانی گەلەکەی خۆی بینێ و لەتراژیدیای خوێناویدا نوقمی بکات هەروەکو ئەوەی بەچاوی خۆمان دیتمان کەبەسەر نەتەوەی کورد هاتووە - هەست و نەست و سۆزی ئێمەی هەژاندووە دەماری تورەبوون و بێزلێکردنەوەی لەناو ئێمەدا دروستکردووە.

بەڵام نەتەوەی کورد ئەویش بریتی یە لە (بیری نەتەوایەتی و دەرەکی رەگەز پەرستی) لەبەرنامەی چەندین لەدەوڵەتانی ناوچەکە ئەو پەیرەوە قێزەوەنە ئەنجام دەدەن) ئەو بیرە خۆپەرستی یەی کەپەنابردنە بەر ئایینی ئیسلامی گۆریوەتەوە بە پەنابردنە بەر رەگەزو شانازی کردن بەئەسڵ و فەسڵەوە، ئەو دەوڵەتانەی پەتی سوورەیی نێوان برا موسوڵمانەکانیان قرتاندووە، ئەوەی کەیەزدانی مەزن لەرووی کەسایەتی و خۆشەویستی یەوە فەرموویەتی: ( انما المؤمنون اخوه ) ئەو پێوانەیەشیان ژێر پێ ناوە کەیەزدان بۆ بەراوردو هەڵوێست و هەڵبژاردنی پیادەی کردووە وەک (ان اکرمکم عهند الله اتقاکم) ئەم دەوڵەتانەی ناسیونالیستی و شۆڤینیستی یان بەبەردی بناغەی داناوەو رەگەز پەرستیان کردووە بەپێوانە. ئەوەتا رۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆیان کورد لەنیشتمانەکەی خۆیان دا کراون بەهاوڵاتی پلەدوو. هەروەکو ئەوان ئەو موسڵمانانە نەبن کەیەزدانی مەزن کەرەمی یاسای ئیسلامی پێ بەخشی بن و شەرەفی بوون بەموسڵمانی پێ رەوا دیتبن.

سەردەمانێکی دوورو درێژ عەرەب و تورک و فارس وەک برا بەیەکەوە دەژیان – ئالای پیرۆزی ئیسلام پەرچەمیان بووە، هیچ کاتێک عەرەبێک خۆی بەگەورەتر نەزانیوە لەناعەرەبێک تەنیا بەخواپەرستی و تەقوای زیاتر نەبووبێ. ئەو رۆژەی یاسای ئیسلام لەژیاندا سڕایەوە – دەوڵەتی خیلافەت لەپاڵ یەک هەڵوەشێندرا، ئەم بیرۆکەیە دەست چێنی داگیرکەران بوو وەک گەرا کەوتە وڵاتەکەی ئێمە.

پیلانی لێک هەڵوەشان و لەت و کوت کردنی جیهانی ئیسلامی بوو لەژێر پەردەو ناوی دەوڵەتی نەتەوەیی یەوەو باوەڕی ڕەگەز پەرستی یەوە. ئەوەی لەم ئاکامەوە بەدنیا هات، تەنیا دردۆنگی و ناحەزی و کینەو پەرەوازە بوونی یەکێتی و برایەتی نێوان موسوڵمانان بوو. چەوساندنەوەو ڕاوەدوونانی بەشێک لەم کەسایەتییە نەتەوەییانە بوو لەسەردەستی نەتەوەی سەردەست و باڵا دەستەوە، هەروەکو ئەوەی بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجام دراوەو ئەنجام دەدرێ تا ئەمڕۆ.

هۆکاری سێ یەم لەڕووی تراژیدیاو ستەمی میللی نەتەوەی کورد. بریتی یە لەبەرژەوەندیە گەورەکان کەبۆتە هۆی ئەوەی ئەم کێشەو زوڵم و دەردەدڵیەی لێبکەوێتەوە. ئەویش لەژێر سایەی تەشەنەکردنی فیتنەو کێشەو دوبەرەکی لەئاکامیشدا، بەرهەمەکەی ئەوەیە کەبەدی دەکرێ و بەرژەوەندی ئامانجە دوورو نزیکەکان کەکاری بۆ کراوە لەڕێگای پیلان و تەلەکەو بڵاوبوونەوەی ستەمی میللی یەوە. ئەم بەرژەوەندیانە وای کردووە لایەنی چەوساندنەوەو تراژیدیای کوردان پشت گوێ بخات و بەهێندەی نەگرێ لەماوەی سەردەمێکی دوورو درێژەوە. ڕۆژگارێک کەحیسابات و پێوانەکە بەرامبەر ئەو دەوڵەتەی بەئاگرو ئاسن نەتەوەی کورد قڕدەکات واتە ... ئەودشی لێوە چاوەڕێ نەدەکرا. کە کورد بەو ئاکامە بگەیەنێ (تەماشای لاپەڕە ٣٠-٣١، لە گۆڤاری الاصلاح بکە لەگەڵ (١٥٧- ١٤١).

هەرلەو بوارەدا مامۆستا (خالد القشطيني) لەسەر نەتەوەی کورد لەرۆژنامەی (الشرق الاوسط) ژمارە ٤٥٣٤- ٢١ /٤/ ١٩٩١لەوتارێک دا ئاوا دەدوێ: ( لەنێوان سەرجەم میللەتانی موسوڵمان دا میللەتی کورد تاک ماوەتەوە لەڕووی قوڵی باوەڕو خاوێنی دەروون و سەڵەوات و فەرمان بەجێ گەیاندن دا. من ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ئەوان دوپات دەکەمەوە – دەربارەی ڕۆح و دەروونی خاوێنی ئەوان، سەرشۆڕ نەکردن بۆ ستەمی میللی و چەوساندنەوە هەروەها ئاوا بەرامبەر کورد) دەدوێ:

(لەبەینی دەیان تاوانبار کراوان لەوانەی پەل بەست و بران بۆ بەردەم دادگای

مهداوی لەسەردەمی عبدالکریم قاسم دا لە عێراق) کەس بەقەدەر سعید قزاز سیاسەتمەداری کورد ئازایانەو چاونەترسانە نەوەستایەوە - بەردەوام تائێستا وتەکەی دەڵێنەوەو دەڵێنەوە کەلەبەردەم دادگادا ووتی:( من بەسەر داری خنکاندن دا سەردەکەم لەژێر پێم دا کەسانێک دەبینم کەشایستەنین بژین، مهداوی ووتی ئەمانە گەلن - سعید قزاز وتی: (ئەمانە شوانکاری گەلن...٧٨).

کەسانێک دەپرسن: (ئایا لایەنە ئیسلامیەکان بەگشتی دەرک بە قورسایی ئەو تراژیدیایە دەکەن کەچی لەم رووداوەدا کە ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە دەرکی بەوەکرد برا موسوڵمانەکانی هیچ خۆشەویستی یەک بەرامبەریان دەرک پێ ناکرێت.. وە دەرک بەکێشەکەیان ناکەن و هاودەردیان لەگەڵ دەرنابڕن کەلەهەموو لایەکەوە دەوری داون و ڕۆژانە لەگەڵی دا ژیان بەسەر دەبەن...؟

هەروەها بڵاوکراوەی (الاسلام وفلسطین) کەناو بەناو دەردەچێت لەژمارە ٢٥ بەرواری ٢٤ شعبان ١٤١٠/ ١٢٠ ازار ١٩٩٠ز وتارێکی بڵاوکردۆتەوە لەسەر کێشەی کورد کێشەی نەتەوایەتی لەژێر ناوی(المشكله القوميه فی العالم الاسلامی) وەک نموونەی کوردستان تێیدا دەڵێ: لەبەر هۆکاری دەرەکی بۆ سایکس بیکۆ کوردو فەلەستینی یەکانی لەپرۆژەی (دەوڵەتی دابەش کراوی نوێ کردە دەرەوە - فەلەستین لەبەر ئەوەی هەر لەزووەوە ئینگلیزەکان بڕیاریان دابوو دەوڵەتی مەزهەبی و نەتەوەیی بۆ جولەکە تێیدا دروست بکەن. لەگەڵ بزوتنەوەی زایۆنی جیهانی. کوردستانیش لەبەر ئەوەی هەڵکەوتووی دژوارترین و گرێ واوی ترین هەڵکەوتەی جیوپۆلیکی یە کەجیهان ناسیبێتی- !! بەشێکی پێش بڕیاری سایکس بیکۆ بەئێرانەوە لکێنراوە - گەورە ترین بەشی وەک رووبەر درایە دەوڵەتە نوێ یەکەی تورکیا ١٩٢٣.

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئەتاتۆرک پایەگای خیلافەتی لێک هەڵوەشاند و دەوڵەتەکەی پەرش و بڵاوکرد- بەشێکی گەورەتربشی لەسنووری دەوڵەتی عێراقی دابەشکرا، لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانی دا دوای جەنگی جیهانی یەکەم. بەپێ ی ڕێکەوتن نامەیەک دەربارەی مەسەلەی بیرە نەوتەکان هەردوو بەشی روسیاو سوریاش لەم چوارچێوە گشتی یە بەدەر نەبوون.

بەواتە بەخشینی دەوڵەتێک بەکوردان لەو هەل و مەرجەی ئەو کاتەدا مانای دروستکردنی کێشەیەکی گەورەترو دەبوو بەپێی پرۆژەی دابەشکردنەکە کەهەردوو دەوڵەتێ سەرکەوتوو فەرەنساو بەریتانیا وەک سوێندخۆر نەخشەیان بۆ دارشتبوو.

هەردوو دەوڵەت ئەوکاتە دژ بەو پرۆژەیەبوون - دەربارەی خەباتی خوێناوی نەتەوەی کورد بڵاوکراوەی (ئیسلام و فەلەستین) دەڵێ:

لەشێست ساڵی رابردوودا نەتەوەی کورد لەمەیدانی جەنگ دابووە بۆ هێنانەدی مافەرەواکانی نەتەوەکەی - لەزۆربەی ئەو رووبەرووبوونانەداو لەو مەیدانداریانەدا.

داوا رەواکەیان وەک هەورە بروسکە دەنگی داوەتەوە. ئەگەر ناوچەکە بەوەرازی بوبێ کەرژێمی دابەش کاری نەتەوایەتی تێدا جێبەجێ بکرێ - دەبێ بۆچی بەنەتەوەی کورد رەوا نەدیترێ کەدەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆخۆی پێک بهێنێ..؟

ئەوکاتە دەستەو رێکخراوە عیلمانییە کوردەکان دەیانزانی کەسنوری سایکس بیکۆ - لەسەر ئاستی هێزە دەرەکییەکان بەرێوەدەچوو - دام و دەزگا ناوخۆییەکان هیچ کاریگەریەکیان لەجێ بەجێ کردنی بەرنامەکانی دانەبووە تەنیا وەک پاسەوان و یاساوڵ پارێزگاریان لەسنووری کارو دەسەڵات و ئەنجام دانی پرۆژەکانی ئەم رێکخراوە لەئەستۆ گرتبوو - لەزۆربەی ئەو داخوازیانەی ئەوکاتە لەلایەن لایەنە کوردیەکانەوە بەرزدەکرایەوە لەسنووری (خودموختاری) بەو لاوەتر نەبوو - یان بەشێوەی میانەیەک لەنێوان پێوەلکاندن یان - سەربەخۆبوون دابوو - ئەم کێشەیە لەچوارچێوەیەکی نەتەوەیی دا خۆی دەدیتەوە کەوەک بەڵایەک میللەتی کوردی پێوە دەتلایەوە لەسنووری ستەم و زوڵم و دەربەدەری و قات و قری دا - سەرەتا بێ بەشکردن لەژیان و ئازادی و مافی رادەربڕین زەوتکردن. پەلکێش کردن و راپێچ کردنی سەدان هەزار رۆڵەکانی ئەم میللەتە بۆ زیندانەکان و ئازارو ئەشکەنجە دانیان لەگەڵ بێ بەری کردنیان دا لەمافی خوێندن و ژیانی ئاسودەیی دەستی پێکرد. لەم دواییانەش دا هێرش و پەلامار بۆسەر میللەتی کوردی موسڵمان هەموو سنوورە ئینسانی یەکانی بەزاند - کەبوو بەهۆی تەقینەوەی مەسەلەکەی، هەروەکو لەهیچ سەردەمێک دا بەم شێوەیە بایەخی پێ نەدراوە - لەگەڵ تایبەتمەندیەکی بێ هاوتادا - شان بەشان لەسەر یەک تەوەرە لەگەڵ دەستپێکردنی راپەرینی هێزە ئیسلامیەکان دا کەسەرجەم دەڤەرەکانی دەوڵەتە دابەش کراوەکانی لەجیهانی ئیسلامی داگرتووە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ - کەهۆکاری دابەشکردنی کوردستان جیا لەهۆکارە زاتیەکانی ناوخۆ لەکوردستان دا هۆکاری دەرەکیش بووە کەبەدەربوون لەتواناو دەسەڵاتی نەتەوەی کورد رۆڵی گرنگیان لەمەسەلەکەدا بینیوە.

دەربارەی ئەم خاڵە رێزدار عبدالله عبدالرحمن لەگۆڤاری (الاصلاح) لەژمارە

١٥٦ شوالی ١٤١١ز وتاریکی بلاوکردۆتەوە لەژێرناوی (مەسەلەی کورد لەنێوان بەرنامەی نەتەوەیی و چارەسەری ئیسلامی دا). تێیدا هاتووە دەڵێ:-

رێژەی دابەشکردنی کوردستان لەسەردەمی نوێ دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ و گەردەش و شەڕو شۆڕەی لەبەینی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە فارسە (سەفەوەیەکان) دا روویان دا - کوردستان ئەو سەردەمە گۆڕەپانی ئەو شەڕو شۆڕش و هێرش و پەلامارداناندبوو کە لەبەینی ئەو دوو دەوڵەتەدا رووی دا - لەئاکامی ئەم شەڕو شۆڕانەدا بوو کوردستان دابەشکرا - هەر ئەم هۆکارەش بوو وایکرد کەسەرجەم میرنشینی یە کوردەکان لەبەین بچن و ئاسەواریان نەمێنێ. چونکە ئەم میرنشینی یە کوردیانە شێوە سەربەخۆییەکی مامناوەندیان هەبوو - بەپێی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە ئەم سەربەستی و دەسەڵاتە پەرەی دەسەندو تووشی ئاست تەنگی دەبوو لەوسەردەمەدا - !! بەڵام تراژیدیای کوردەکان بە رووخاندنی دەوڵەتە نەخۆشەکە (دەوڵەتی خیلافەتی عوسمانی) زیاتر پەرەی سەندو قوڵتر بووەوە.

دەوڵەتە کۆلۆنیال کەرە گەورەکان بوون بەمیرات گری دەوڵەتی عوسمانی بەپێی هەندێ رێکەوتننامەی نهێنی - کوردستانیش ئەوکاتە بەشێک بوو لەمیراتی دەوڵەتە عوسمانی. چەند دەوڵەتێکی نوێ سەریان هەڵدا.

هەندێکیان کەوتنە ژێر رکێفی داگیرکاری بەریتانی و بەعێراقەوە بەسترایەوەو هەندێ دەڤەری تر لەکوردستان کەوتە ژێر چەتری دەسەڵاتی فەرەنساو لکێندرا بەسوریاوە - چەند پارچەو دەڤەرێکی تر لەکوردستان لەژێر سایەو دەسەڵاتی تورکیا و ئێراندا مانەوە کەئەو سەردەمە هەردووکیان بە ئینگلیز بوون.

دەربارەی کاریگەری بیری رەگەزپەرستی نەتەوەیی بەلایەن نەتەوە سەردەستەکان لە بزوتنەوەی سیاسی کوردیدا دەڵێ:

لەرێگای بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوایەتی و شۆڤینیستی بەلایەن عەرەبەکانەوەو تورکەکان - کەدوو نەتەوەی سەردەستەو نزیک بوون لەگەڵی کوردو بەهۆی خوازیاری ئەو دەوڵەتانەی کەکورد لەژێر باڵیان دا دەژیا لەرووی بیری نەتەوەیی رەگەزپەرستانە وەک( باوەڕی بەعس لەعێراق)داو نەتەوەچیەتی تۆرانیەکان و پەیرەوی کۆمۆنیزمی و ئیلحادی لەتورکیا، هەروەها نەتەوە پەرستی فارسەکان بەهۆی بنەماڵەی پەهلەویەکانەوە پێش ئەوانیش، لەروانگەی واقیعی ئەم دابەش کردنە کەکورد لەژێر سایەیەوە ژیانی بەسەر دەبرد.

لەگەڵ نەبووی کیانی سیاسی سەربەخۆدا بۆیان. لەبەرامبەر ئەو کردەوە

رەگەزپەرستی و شۆڤینیستی یەی دژ بەوان بەکاردەهێندرا، لەگەڵ ئەو پەلامارو هێرشانەی لەئاکامی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی ترەوە لەلایەن تورکەکان و عەرەبەکان و فارسەکانەوە، دژ بە کوردان رادەگەیەندرا - وەک بەرپەچ دانەوە - رەوتی نەتەوایەتی لەبزوتنەوەی گەلی کورد دا سەری هەڵدا - لێرەوە بیری نەتەوایەتی کوردی لەلایەن چەندین چین و توێژی نەتەوەی کورد گەشەی کرد.

مامۆستا عبدالحمید البلالی لەژێر ناوی (اکراد الکویت) وتارێکی بڵاوکردەوە لەرۆژنامەی (القبس) لەو ژمارەیەدا کەرۆژی ١٩٩١/١١/٤ چاپ کرا دەڵێ: ئێمە نەتەوەیەکین چەوسێندراوینەتەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ دووچاری هەمەچەشنە سزاو ستەم و ئێش و ئازاربوون. چەشتوومانە بەکردەوە نەک وەک ئەمانەی بستومانە - ئێمە نەتەوەیەکین باوەڕمان وایە - لایەنە رەواکانی کێشەکەمان ئەوەیە کەخۆمان تامی ستەم و چەوساندنەوەمان چێشتووە لەبەر ئێمە لەزۆرکەس و نەتەوە زیاتر دەرک بەستەم و چەوساندنەوە دەکەین لەخەڵکانی تر - لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان هەست بەئێش و ئازارو ناڵەی بێچارەو زۆرلێکراوەکان بکەین.

بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵماندا دەژین هەمان دەردیان چێشتووە کەئێمەش چێشتوومانە - لەوانە کوردەکانی کوێت. ئەوانەی لەدوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانیەوە بۆ ساتێکیش لەبەدبەختی و ئازار زیاتر تامی ئاسودەیی و حەسانەوەیان نەکردووە تا رۆژگاری ئەمڕۆی ئێمە. هێرش و پەلامارو کوتەک لەهەموو لایەکەوە بەرەو رووی بۆتەوە لەلایەن سەرجەم دراوسێ کانەوە، بەرێکەوتن و بڕیاردان لەنێوان هەموولایەک. هەریەکێک لەم دەوڵەتانە یەک بەدوای یەکدا رۆڵی خۆیان دیوە بۆ قەلاچۆکردن و لەناوبردنی ئەم نەتەوە هەژارە، نەوەکانی رزگارکەری قودس صلاح الدین لەهەر پەلامارێکدا لەلایەن دراوسێکانەوە تۆمەتێکیان سازکردووە بۆ ئەوەی رەوایەتی پەلامارەکەیان بچەسپێنن. بۆلەناو بردنیان. هەندێ جار بەناوی نۆکەرایەتی بۆ بێگانە بۆ تورکیا دژ بەعێراق. یان بەهۆی نۆکەرایەتی بۆ ئێران دژ بە تورکیا بەم شێوەیە، لەژێر ئاگری ئێش و چەوساندنەوەیەکی بەردەوام. ئەم نەتەوە ستەم دیدەیە ژیان بەسەردەبات. لەکاتی پەلاماری کوێت دا لەپێش هەموو نەتەوەکانی دنیادا بۆ پشتگیری کردنی ئێمە لەهەندەران کاریان بۆ کردووین، لەهەموو کۆنگرەکانمان دا. پەردەیان لەسەر رووی دزێوی تاوانکاری عێراق هەڵدەماڵی، کەچیان بسەر هێناوین. گلەو گازاندەیان لەسەر کردووین دەربارەی هەڵوێستی رابردوومان بەرامبەر هاوکاری و کۆمەکی ئێمە

لەپشتگیری کردنی تاوانکاردا - لەکاتێکدا گەردەلوول دژ بەئێمە هەڵی کرد - ئێمەش بەرگریمان لە مافی پێشێل کراوی خۆمان دەکرد لەدەرەوە - کوردەکانمان دەبینی، یەکەم لایەنگریمان بوون - راستگۆترین کەس بوون - هاودەردو خەم رەوێن و سۆزدارترین هەڵوێستێکیان هەبوو بەرامبەرمان دوا بەدوای رەوینەوەی تەم و مژی گەردەلوولەکە لەسەرمان پشت بەیەزدانی گەورە ، سەرکەوتین بەهومێدی خوا - عێراقیەکان هەموو کوێتیان هاوکارەکانمان بەجێ یان هێشتین ئەوانەی لەگەڵماندا مانەوەو پشتیان بەرنەداین تەنیا کوردەکان بوون کەلەکوێت دا لەگەڵماندا مانەوە - لەبەر ئەوەی لەعێراقدا سێبەریان نەمابوو، دیکتاتۆرەکە دەربەدەری کردبوون لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە وەک هەموو ئەوانیتر مامەڵەیان لەگەڵدا کرا.

پەرت و بڵاوکران - بەڵام چۆن پەرت و بڵاوکردنێک -ی سەرنج راکێشە و ئاوی روویان دەسوتاند لەپێناو پارچەنانێک دا لەپیاوچاکان. ئێمە لەبواری ستایشی یەزدانی مەزن، پێویستە لەسەرمان کەئاوڕ لەو ستەم لێکراوانە بدەینەوە یان ئەوەتا ئەگەر وا نەکەین ئەوا هاوبەشی لەدرێژەپێدانی تراژیدیاو ستەم لێکردنەکەیان دا دەکەین. من ناڵێم باموچەیان بۆ دابین بکەین. دەبا ژیانی ئارام و حەسانەوەیان پێ رەوا ببینین، بەدوور لە راوەدوونان - یان ناچار کردنیان بەرازی بوونی ژینی ژێر دەستی.

بۆ ئەوەی دەرک بەوە بکەن کەکوێت نیشتمانی دووەمیانە تا ئەوکاتەی سێبەری تاغوتیان لەسەر لادەچێ، و دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان (بەڵام مامۆستا فیصل زامل) لەرۆژنامەی (القبس)دا لەبەرواری ٢/١٢/١٩٩١ لەژێر ناوی (الاکراد) لەگۆشەی وشەی راستەوخۆدا نووسیویەتی دەڵێ: راگەیاندنێکم خوێندەوە کەجالیەی کورد لەکوێت نووسیویەتی، پیرۆزبایی لەئەمیری کوێت دەکات بەبۆنەی کوژاندنەوەی بیرە نەوتەکانی کوێتەوە ئێمە لەگەڵ گەلی کورد دا نەهامەتی رژێمی بەعسمان چێشتووە بەڵام جیاوازی لەنێوانمان دا ئەوەیە کەئەوان دەیان ساڵە لەژێرباری ئەو ستەم و زۆرداریەدا دەناڵێنن. خاڵی دووەمیش ئەوەیە لەو جیاوازیەدا کەئەم رژێمە خوێنی ئەوانی دەمژی و دەیچەوساندنەوە (ئێمەش بەملیارو کۆمەکی ئەو دەوڵەتەمان دەکرد (وەرگێر).

دەوڵەتی کوێت - داوای لێبوردنی لەهەرکەس و لایەنێک کرد کەگلەیی لەبارەی یارمەتی دانی رژێمی بەغداوە رووبەڕووی بۆتەوە، ئەم پەشیمانی و لێبوردن خواستنە نەبۆتە هۆکاری رووشانی کەرامەتی - بەڵکو ئەم هەڵوێستە لەخۆی دا

ئازایەتی بووە. جیا لەهێنانەوەی هیچ هۆکارێک بۆ یارمەتی دانی ئەم رژێمە لەوەی کەبەتەنیا کوێت ناتوانێت نکوڵی لەوەبکات دەربارەی رێرەوێکی عەرەبی نەکامڵ، ئەویش لایەنگری ئەم رژێمەیە. یان لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی داگیرکارە دژ بە وڵاتە بچکۆلەکەمان کەهاوسنورین لەگەڵیاندا. ئەو هەل و مەرجەی کەئێمە تێی دەژیاین جیاوازی زۆری هەبووە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کەبەهەزاران کیلۆمەتر لەسنووری ئەو دەوڵەتە هێرش بەرەوە دورن. یان هۆکاری بەڵگەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشیان بەسەرەوەبێت.

بەدەر لەوهەموو هۆکارانە - لەرووی رەوابوون و نارەوابوونەوە لەگەڵ ئەوەشدا کوێت زۆر ئازایانە تکای لێبوردنی لەو هەڵوێستەی خۆی کرد ئەمە ئازایەتییە - کەلەو لایەنانەدا بەدی ناکرێ کەلەسەردەمی پەلاماری کوێت دا هاوسەنگەری صدام حسین بوون، یان لە کاتی تێکشکاندنی دا دوای ئەوەی بەتەواوەتی دەستی ئەم رژێمە پەلاماردەرە کەوتە ڕوو. ئەوانە ئەمڕۆ بێ دەنگ و سەرشۆڕن - ئەوانە ئەو جورئەتەیان تێدانییە تا ئەمڕۆش ئازایانە پەشیمانی لەهەڵویستی خۆیان دەردەبڕن. هەروەکو کوێتیەکان، جوامێرانە دەربان بڕی - میللەتی کورد بەردەوام تائیستا لەژێر هێرشی ئاگرو ئاسن دا ژیان بەسەر دەبات ئێمە لە کوێت هەر بەعێراقیان دەناسین ئەگەرچی هەموو بەڵگەنامەیەکی باوەڕ پێ کراویشیان پێ یە - ئەمەش لەخۆی دا دەردە دڵی و ئازارە - پێویستی بەوەش ناکات رونکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدەین.

لێرەدا مەبەستم ئەوەنییە پێشنیاری کەم کردنەوەی دەردەدڵی ئەوان بکەم. بەڵام ئەمە بیروباوەڕە دەبێ لەسەری رێک بکەوێت.

هەتا ئەو رادەیەی ئەگەر نەشێت لەسەر روو پەرەی رۆژنامەکان دا بەدرێژی لەسەری بنووسرێ بەڕێز عبدالرحمن سمیط، پێش پەلاماری بەعس بۆ سەرکوێت سەردانی لادێ یەکی کوردی کردووە بەچەند رۆژێک پێش پەلاماری کوێت - رووبەڕووی مەلای مزگەوتی لادێ یەکە دەبێت - مەلاکە باسی مەینەتی و ستەمدیدەیی و ئێش و ئازاری کوردی بۆ دەکات. ئەم مامۆستایە هەموو جۆرە مادەیەک بەقوتابیەکانی ئەم لادێ یە فێردەکات. کاتێک باسی مادەی زمانی عەرەبیم بۆ کرد - مامۆستا لەوەڵامدا وتی: نەخێر تەنیا وانەی ز مانیعەرەبیمان خۆشناوێ. کاتێک بەڕێز عبدالرحمن سمیط، ئەم روداوەی بۆ گێڕاینەوە ئێمە هۆکارەکەیمان دەرک پێ نەکرد - پێش ٢/٨/١٩٩٠ز دەبا ئێمە لەکوێت کارێکی وا بکەین لەلای ئێمە ئەم دەردەدڵەیان کەم بکەینەوە - لەرێگای رێکخراوە خێرخوازیە

دەوڵەتیەکانەوە لە باکووردا لەئیران و تورکیادا شتێک هەیە دەتوانین داوای لێبووردن لە صلاح الدین بکەین. ئەوکەسەی لەگۆڕەکەی دا بەدرێژایی کات و ساتەکانی کۆنگرەی (مدرید) فرمیسک دەرێژێ چونکە عەرەب لە مدرید کوشتیان نەوەکانیشی لەباکووری عیراق دا ئاوارەو دەربەدەرکردن. لە ژینگەکەیاندا - لە چیاکان.

**ئەی خوشکان ...؟ ئەی برایان ...؟**

دوای ئەوەی رونکردنەویەکم لەسەر هەڵوێستی برا عەرەب و تورک و فارسەکان و لایەنەکانی تر خستە بەردەمتان. لەڕووی خۆبەزۆر زانین و هەڵویستی ئاساییانەوە - بەرامبەر نەتەوەدی کوردی بێ چارەو لێ قەوماو لەگەڵ هەڵوێستی نەتەوەی کورد بەرامبەر ئاینی ئیسلامی و موسڵمانان. بۆ موسڵمانێکی کورد رەوایە روبکاتە برا موسڵمانەکانی لە عەرەب و تورک و فارسەکان یان ئەوانی تریش پی یان بڵێ: ئەی خەڵکینە ...؟! ئێوە لەوە دڵنیان تاسەر مانەوە بۆکەس نییە لەم دنیایەدا - هەمووومان دەبێ بمرین ئێوەش ئێوەش رۆژگارێک دێت رووبەڕووی یەزدانی گەورە ببنەوە بەبێ ئیرادەی خۆتان - زوو یان درەنگ - ئێوە هەمووتان ئەو ئایەتەتان بەرگوێ کەوتووە:ـ وكل انسان الزمناه طائره في عنقه وتخرج له يو مالقيامه كتابا يلقيه منشورا - اقرأ كتابك بنفسك اليوم عليك حسيبا ). ئایەتی ١٣ لە سوورەتی بەنی ئیسرائیل، وەڵامتان چ دەبێ - چاکەتان بەردەوام بێت رۆژی حیساب کاتێک یەزدانی مەزن پرسیار لەداگیرکەران دەکات لەئێوە: بۆچی بەم شێوەیە رەفتارتان لەگەڵ کوردانی بەندەی مندا کردووە لەوبێ چارەو بێ پەنایانە - بەم درندایەتییە، لەبێ دەنگەکانی ئێوە دەپرسێت، ئایا ئەی بێ لایەنەکان ئێوە بۆچی بەرامبەر ئەم داگیرکەرو زۆردارانە دەنگتان بەرز نەدەکردەوەو لایەنگری بێچارەو بێ دەسەڵاتەکانتان بگرتایە.. ئایا قورئان راوێژی نەکردن: [ ومالكم لاتقاتلون في سبيل الله و المستضعفين من الرجال والنساء والوالدان..؟] سورەی نساء - ئایەتی (٥٧).

ئایا نازانن ئەوەی لەبەردەم هەق و راستی دا بێ دەنگ بێت شەیتانێکی لاڵە، کەواتە ئەی برایانی بەرێز وەڵامی ئێوە چییە.. لەوکاتەدا کەحیساب و لێکۆڵینەوە بۆ ئەم کەسانە نزیک بۆتەوە.. ئەوان بەهۆش نایەنەوەو بێ ئاگا ماون...!

خوشکان...؟ برریان..؟

من ئێستا رووەدەکەمەلایەن و کەسایەتیەکانی سەربەنەتەوەی کوردی ستەم و زوڵم لێ کراوم بۆ ئەوەی پێ یان رابگەیەنم:

ئێـوەی ئەی ڕۆڵـە نەبەزەکـانی کـورد...؟ سـووڕبن لەسـەر باوەڕیتـان بەیەزدان و باوڕیتـان لەڕووی بەرگریەوە بەخۆتان. بەربەستکردنی دڵسۆزانەتان بەرامبەر ئەوانی تر بەسەختی ڕێزەکانتـان بپارێزن یەکی بخەن، دەرفەت بەهیچ کەسێک مەدەن لەهەر رادەو ئاسـتـێک دا بێت بەکـارتان بهـێنێ بۆ ئامـانجـەکـانی خـۆی - ڕێگا مـەدەن بێـزاربوون و چۆک دادان بێتـە دڵتـانەوە - لەوە دڵنیـابن کەنەتەوەی کـورد ئیـمـان و باوەڕی بەیەزدانی مـەزن ڕایگرتوون، هێزی هیچ بەندەو لایەنێکی ترنیـیـە بتـوانێ لەناوی بەرێت - هەرچەندە ئەمڕۆ ئێوە لەڕیزی بێ چارەو بێ دەسەڵاتانن ، بێ پشت و کۆمەک ماونەتەوە، دڵنیـابن کەرۆژێـک دێ سەرکەوتن بەشـتـان دەبێت و دوارۆژ هەر بۆ ئێوەیە - ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە بەدی دێت و بەچاوی خـۆتان دەبینن هەروەکو دەفەرموێت ونريد ان نحق على الذين استضعفوا فى الارض ونجعلهم ائمه ونجعلهم الوارثين) ئایەتی ٥ لەسورەی القصص.

[اما الذين استكبروا فيحاسبهم الله حسابا عسيرا وسيعلموا الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون].

دەمەوێ وتەو لێکۆڵینەوەکەم لەمباسەدا بەوە کۆتایی پێ بهێنم کەبریتی یە لەم پێش بینیانە - تکا لەئامادەبووان و گوێ گران دەکەم لێم وەربگرن و بەشیاوی بزانن یەزدانی گەورەش ئاگاداری مەبەستە:

١- بڕیاری تەواو بدرێ لەسـەر ئەوەی مەسـەلەی کورد کێشـەی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوە کـەمیللەتی کوردە، کێشـەی نیشـتـمانێکی لەت و کوت کراوە کـەئەویش کـوردسـتـانە. نەک کێشـەی کەمایەتییە نەتەوەیەک یان رەگەزبێت، یان هەوڵێکی جـیـاخـوازی کـەلەلایەن ئـیـسـتـعـمـارو زایۆنیـەوە هاندرابێ - یان وا بڕیـار نەدرێ (بزوتنەوەی ڕێکخراوێکی گێرەشوێنە).

٢- دان بەمـافی تەواوی نەتەوەی کـوردا دابندرێت لەکـۆنگرەکـەتاندا بەوەی داوایەکی رەواو هەقـە. قـابیلی پاش گـەزبوونەوە نەبێت لێی بۆ وددەست هێنـانی مافی چارەی خۆنووسین:(حق تقرير المصير).

بەوەی لەنیشـتـمانە دێرینەکەی دا بەئازادی و سـەربەستی بژیەت - سـەربەسـتـانە بەخۆی شێوازی بەرنامەی ژیانی خۆی پیادەبکات، بێ دەست تێوەردانی هیچ کەس و لایەنێکی تر.

٣- دەرکـردنی فـەتوایەک بەکـۆمـەڵ لەلایەن زانا ئاینیـەکـانەوە لەسـەر ئەوەی

تێکۆشانی چەکداری دژ بەگەلی کورد قەدەغە بکرێت و حەرام بکرێت، ئەوانەی هەلدەستن بە پەلامارو هێرش بۆ سەر میللەتی کورد بانگەشەیان بەرامبەر بکرێت کەئەوانە لەسنووری ئیرادەی یەزدانی مەزن چوونەتە دەرەوە - ئەو یەزدانەی هیچ جیاوازیەک دانانێت لەنێوان مرۆڤ دا بەبۆنەی رەنگ و پێست و زمان و رەگەزو لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیەوە. تەنیا لەرێی چاکەی خواپەرستییەوە نەبێت. چارەسەری کێشەی کورد بەفەرمانی ویژدان و ئاین دابنرێت - بەبوونی - بەزەویەکەی بەخاوەن کەرامەتی - نان و ژیان و ئازادی و ئاسایشی - دژ بەداگیرکەران و پەلاماردەرانی ئەم نەتەوە ئاشتی خوازە - بەپێی خواستی ئەم ئایەتە [ فمن اعتدى عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم] سورەی بەقەرە ئایەتی ١٩٤ ، لەگەلّ مسۆگەرکردنی هاوبیری ئیسلامی لەگەلّ نەتەوەی کوردی موسلّمان دا دژ بە داگیرکەران و پەلاماردەرانی سەر ئەم نەتەوەیەو ئەم خواستە واجیبێکی شەرعی دابنرێت.

٤- دانانی سنورێک بۆ بەکارهێنانی ئاینی ئیسلامی لەپێناو مەبەست و ئامانجی نەتەوەی عەرەبی پەلاماردەر، یان تورک و فارس، هەر نەتەوەیەکی تر دژ بەنەتەوەی کورد. یان هەر نەتەوەیەکی هەژارو لێقەوماوی تر یان هەردەستەو لایەنێکی تری بێ پشت و پەنا لەرێگای بانگەشە بۆ کردنی ئەم خواست و بڕیارانە. کەبەدزی و ئاشکرا دژ بەنەتەوەی کورد رێک دەخرێت بۆ لەبەین بردنی.

٥- هەولّ دان لەپێناو ژیاندنەوەی زانیاریە ئاینیەکان لەرێگای هاندان و لێکۆلّینەوەی زانستییە ئیسلامیە رەسەنەکان. بەربەرەکانی کردنی جەهل و نەزانین و دواکەوتوویی یان دەمارگیری و رەگەزپەرستی کوێرانە وەک جەنگێکی بێ کۆتایی.

٦- پشتگیری کردنی کۆڕی زانیاری ئیسلامی کە لەسالّی ١٤٠٩ ی کۆچی - ١٩٨٩ز دامەزراوە پشتگیریەکی زیندوو بۆ ئەوەی بتواندرێ مەبەست و خواستەکانی بەدی بهێندرێ لەبەرنامەکەی دا نیشانەی پێ کراوە - لەگەلّ بەتین کردنی پەیوەندی زانستی لەگەلّ ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، کەلەئابی ١٩٨٥ز دامەزراوە.

٧- ئاوەلاکردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد (لەسەرپشت) بۆ هەلێنجانی فەتوای (گوماناوی) لەلایەن موجتەهیدو زانا موسلّمانەکان کەتایبەتمەندیان لەبواری فیقهی ئیسلامیەوە هەیە.

٨- کارکردن لەپێناو دروستکردنی یەکگرتوییەکی جیهانی بۆ زانا موسڵمانەکان لەهەر گۆشەیەکی ئەم سەرزەویە. لەوێنەی سیمای کۆمەڵێکی زاستی جیهانی کەهەلبەستێ بە کۆبوونەوەی دەوری بەشێوەیەکی رێک و پێک. لەگەڵ پێکهێنانی مێزگردی ساڵانە بۆ ئەوەی رۆڵی ئیرشادو راوێژکاری دلسۆزانە لەجیهانی ئیسلامی دا ببینێ - کاربکات لەپێناو کردنەوەی رێگایەکی پتەو بۆ لەیەکتری نزیک کردنەوەی باری سەرنجی هەردوو تیرەی شیعەو سوننە، لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵ و رێکخراوە ئیسلامیەکانی تر بۆ زاڵ بوونێکی پڕ بەسەر دەمارگیری تایەفەیی، رەگەزپەرستی و نەتەوەی بیرتەسک، کارکردن لەپێناو چارەسەری دۆزینەوەی بۆ سەرجەم کێشەکانی جیهانی ئیسلامی، بەوێنەیەکی بابەتی راست و رەوان بە دور لەبەکارهێنانی توندو تیژی و هێرش و پەلامارە،ە.

٩- دوپات کردنەوەی دانانی ریزو پارێزگاری کردن لەسەر مافی فرەلایەنی سیاسی و مەدەنی لەکۆمەڵ دا جیاوازی راوبۆچوون رەحمەت و جوانییە نەک تۆڵە سەندن و گومرابوون و دواکەوتوویی.

١٠- کردنەوەی دەروازەی دوان وتوویژی بەجیدی و رووبەرووبوون و باس و خواس و برایانەی دروستکەرانە لەگەڵ مەسیحیەکان و جولەکەکان و زەردەشتی یەکان دا ولایەنی تریش لەلایەنگرانی سەرجەم ئاینەکانی تر لەکوردستان دا لەگەڵ هەموو مرۆڤێکی باوەڕ بوو بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی راوبۆچوونی خۆی بکات لەسەو وتەیەکی یەزدانی مەزن کە دەفەرموێ [ انما المؤمنون اخوه] لەچوارچێوەی لەیەک بوردن و بەخۆشەویستی باس و لێ توێژینەوەی سوود بەخش بۆ گەیشتن بەحەقیقەت . لەگەڵ باوەڕهێنان دا بەیاسای (لا اکراه فی الدین قد بین الرشد من القی) لەسورەی (بەقەرە) ئایەتی ٢٥٦. لەگەڵ دوپاتکردنەوەی ئەو راستی یە، بەوەی باوەڕی و خۆبەستنەوە بەئاینەوە دەبێ لەرێگای قەناعەتەوە دروست ببێت - بەتەنیا - نەک لەرێگای تۆقاندن و هێرش و پەلاماردانەوە.

١١- پێشکەشکردنی چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەی ئافرەتان لەجیهانی ئیسلامی دا لەسەر بنەمایەکی یەکسانی مرۆڤانە بەپشت بەستن بەوتەیەکی پەیام بەری مەزن: (اتقوا الله فی النساء).

لەکۆتایی دا بۆسەرجەم خوشکان و برایان سەرکەوتن و سەرفیرازی و خێرو بێرو تەندروستی بەردەوام و بەختەوەری تەواو دەخوازم لەدنیاو قیامەتدا. هەروەکو تکا لەسەرجەم خوشکان و برایان دەکەم کەرێگای راستەقینەی هیدایەتیان وێڵ کردووە بێنەوە سەر رێگای خێرو چاکەو پێگەیشتن.

من سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم، لەگەڵ هەلوێست و بریارو بۆچوونێک دا کە قەناعەتیشم پێ نەبووە خۆشم دەوێن خۆشەویستی یەکی بێ وێنە. لەگەڵ ئەوەشدا من زانیاریم بەرامبەر ئەوە هەیە کە قورئانی پیرۆز پەنجەی بۆ راکێشاوەو دەفەرموێ [ انک لاتهدی من اجبت ولکن الله لایهدی من یشاء وهو اعلم المهتدین] سورەی قصص ئایەتی ٥٦.

سلاو بۆ گیانی پاکی ئەوانە بێ کەخۆیان بە ئیرادەی یەزدانەوە بەستۆتەوەو رێگای هیدایەتیان هەڵبژاردووە.

**سەرکەوتن بۆ ئازادی و یەکسانی و برایەتی**

**سوپاسی بێ پایانم رادەگەیەنم**

**کوردی براتان**

**جەمال نەبەر**

## (پەراوێزو روونکردنەوە)

١- لەپەندو حیکمەتە کوردیەکان دا نموونەی جۆراوجۆر هەیە دەربارەی میوان و میوانداری لەوانە: ( میوان خۆشەویستی خوایە. میوان جەژنی خانە خوێ یە).

٢- لەم وتەیەدا نیشانەیەک بەو ئایەتە دراوە: ( الذی خلق السماوات والارض وما بینهما فی ستە ایام، ثم استوی علی العرش الرحمن، فسئل بە خبیرا) سورەتی فرقان ئایەتی (٥١).

٣- لەم وتەیەدا نیشانە بەو ئایەتە پیرۆزە دراوە: ( یا ایها الناس انا خلقناکم من دکر وانثی . وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ، بان اکرمکم عندالله اتقاکم) [ سورە الحجرات ئایەتی ١٣].

٤- لەم وتەیەدا نیشانە بەم ئایەتە پیرۆززە دراوە:[ ومن ایاتە خلق السماوات والارض واختلاف السنتکم والوانکم ان فی ذلک لایات للعالمین] (سورەی روم ئایەتی ٢٢).

٥- لەتەورات دا ناوی کوردستان هاتووە بەناوە کۆنەکەی [ولاتی میدیا] تورات باسی میدیەکان دەکات [ بەواتە کوردە دێرینەکان] وەک نەتەوەیەکی شارستانیەت و دێرین و شەڕکەر، ناسراون بەئازایەتی و خۆڕاگری - تەورات بە نەتەوەیەکی لێبوردە دەروون پاک کەراستگۆییان زۆر خۆش دەوێ لەوادەو بەلێن ناچنە دەرەوە - ریزی غەریب و میوان زیاد لەپێویست دەگرن. تەوراتی سەردەمی کۆن، دەیگێریتەوە کەچیرۆکی تۆفان و کەشتی نوح لەکوردستان دا رووی داوە لەسەرچیای ئارارات، ئەم کەشتی یە گیرساوەتەوە. دوای ئەوە یەزدانی مەزن بەزەیی بەنوح پێغەمبەرو ئەوانی لەگەڵی دابوون دا هاتۆتەوەو تۆفانەکەی راگرتووە. یەزدان ئەمری پێ کردوون کەزەوی ئاوەدان بکەنەوەو زاوزێی تێدابکەن. یەزدان پەیمانێکی لەگەڵ دا بەستن بەوەی جارێکی تر هیچ جۆرە تۆفانێک بۆ قرکردنی مرۆڤایەتی نەنێرێ...

بگەڕێرەوە بۆ جیرۆکی خەلیقەت - بەندی هەشتەم ئایەتی یەکەم تا هەشتەم. (بەندی نۆیەم ئایەتی یەکەم تا شانزدەهەم). هەرودکو لەبەندی هەشتەم داهاتووە ئایەتی چواردم لەتەورات دا دەڵێ:[ لەرۆژی هەڤدەهەم دا کاتی هەڵکردنی تۆفانەکە لەمانگی حەوتەم کەشتی یەکەی نوح لەسەر چیای ئارارات جێگیربوو] (چاپی ئەلمانیا!) **Genesis, Das Alte Testasment , Pawl Pahloch Verlag. Aschaffen burg 1965 - Haa Flage.**

٦- وشەی - Bage لەزمانی کوردی ئێرانی کۆن مانای (یەزدان دەگەیەنێت بەردەوام ئەم وشەیە هەبووە لەسەر شێوەی بەگ Beg ئەمەش نازناوێکە لەڕووی چینایەتیەوە بۆ ڕێزلێنان بەکاردێت. نەتەوەی عەرەب لەسەر شێوەی بێگ Beg یان Beh (میر) کەمانای سەیدا دەگەیەنێ. تا ئەمڕۆش تورکان ئەم وشەیە لەسەر شێوازی Bey بەکاردەهێنن).

٧- مەبەستمان لەووشەی (السنسکریتیە) کە بەئینگلیزی Csyncretism. یەک پێگرتنی تێرامانی یەزدانی جۆراو جۆرە لەرەگەزە ئاینیە لێک جیاکان بۆ پێکهاتنی یەکەیەکی مەزهەبی نوێ. ئەم کیانە نوێ یە جیاوازی زۆری هەبوو لەگەڵ ئاینە جۆراوجۆرەکانی تر جیاوازیەکی گشتی. من ئاینی (السنسکریتیە) بە باقەیەک گوڵ دەشوبهێنم.

هەرگوڵێک لەگوڵەکانی تری چەپکەکە جیاوازە لەڕووی شێوەو ڕەنگیەوە. بەڵام لەگەڵ سەرجەم گوڵەکانی تردا باقە گوڵێک پێکدەهێنن. ئەگەرچی هەریەکێکیان بەتاکەوە بگرین لەم گوڵانە لەگەڵ سەرجەم گوڵەکانی تر جیاواز دەنوێنن. هەروەکو دەتوانم ئەم پێکهاتەیە بەتیپی کۆرسی مۆسیقا بشوبهێنم. لەکۆرسی مۆسیقی دا عزیفەکان هاوبەشی دەکەن، ئامێری مۆسیقی جۆراو جۆر بەکاردەهێنن! لەهەریەکێک لەم ئامێرانە ئاوازێک بەدنیادێ کەجیاوازە لەگەڵ هەر ئامێرێکی تر. مرۆڤ دەتوانێ بەسانایی جیاوازی ئەم ئاوازانە لەیەکتری جیابکاتەوە هەرکاتێک ویستی. کەچی ئەم ئاوازانە سەرجەم بە یەکەوە یەکەیەکی نوێی ئاواز دروست دەکەن - ئەویش بریتییە لەپارچەی مۆسیقا کۆمپلیتەکە کەلەگەڵ ئاواز چڕینی تاکە ئامێرێک وەک یەک نایەتەوە لەگەڵ هەموو ئامێرەکان دا!.

٨- بۆ وشەی (گۆران ) Goean بۆچوونی جۆراوجۆرو نووسینی تایبەتی تۆمارکراوە بەزۆری لەلایەن نووسەروو مێژوناسە بیانیەکانەوە ئەوانەی هاتونەتە کوردستان و لەنزیکەوە ژیانی (گۆرانەکانیان) دیتووە. بەڵام زانیاری تەواویان لەسەر ئەمباسە دەست نەکەوتووە. لەمانە رۆژهەلات ناسی ئەڵمانی (ئۆسکارمان) بووە لەگەڵ سکۆتلادنی (مەکەنزی)دا... وایان داناوە کە گۆرانەکان نەتەوەیەکی تایبەتمەندی خۆیان هەبووە زمانی تایبەتیان هەبووە جیاوازبووە لەزمانی کوردی - هەروەکو لێکۆڵەرەوەو زانای ناسراوی کورد مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامی زۆرباسی بەنرخی لەسەر بنەچەی (گۆرانەکان) نووسیوە - لەم نووسینانەدا شۆڕبۆتەوە بۆ روونکردنەوەی ووشەی گۆران کەلە وشەی گەور (gewir)ەوە هاتووە

- ئەمەش لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامی بەوکەسانە وتراوە کەئامادەنەبوون ببن بە موسڵمان. ئەوانە خۆیان بەلایەنگری ئاینی زەردەشتی هێشتۆتەوە ئامادەبوون جزیە بدەن - کۆی ئەم وشەیەیش گۆران. goran بگەڕێرەوە بۆ نووسینەکەی دوکتۆر لەگەڵ گۆڤاری سروەی ژمارە ٣٨، ٣٩، ئەمەش بەرپەرچی دانەوەیەکە بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەی کەبەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد لەگۆڤاری سروە ژمارە ٣٨، ٣٩، لەگۆڤاری مامۆستای کورد ژمارە ٢٠/ ١٩٩٣ - ١٩٩٤ لاپەڕە ١٤ - ٢١. بڵاوی کردۆتەوە.

٩- پایەی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی کورد بەلای هەندێ عەشایری دێرینەوە سەرنجی گەشتیارە بیانیەکانی ڕاکێشاوە ئەمانەی سەردانی کوردستانیان کردووە. لەسەدە جۆراوجۆرەکان دا. ئافرەت وەک مرۆڤێکی زوڵم لێکراو لەلایەن پیاوانەوە تەماشا دەکرێ. ئەگەر لەئاست پیاوانەوە بەراوردمان کردن لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا ئەو چەوساندنەوەییەی کەئافرەت گیرۆدەی بووە لەبەرامبەر دیدی من و سوکایەتی جیهانییە پەیوەندی بە نەتەوەیەک یان ناوچەیەکەوە نییە بەتەنیا لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی مامناوەندی هەیە - دەربارەی ئەو مەسەلەیە ڕای دوو ڕۆژهەڵات ناسی بیانی دەخەینە بەرچاو دەربارەی ژنانی کورد لەناو سەدان نموونەی تر: زانای ناسراوی رووسی، فاسیلی نیکیتین دەڵێ: شتێکی سەیرنییە کەژنانی کورد خاوەنی کەسایەتی دان پێدانراوی خۆیانن، بگەڕێرەوە بۆ : -Blosil Nikitin, LES KURDES, pARIS 1956. P.

هەر لەم باردیەوە زانای جۆرجی (خالفین) دەڵێ: میللەتی کورد جیا لەسەرجەم نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێزی ئافرەتانی زۆر بەلاوە پەسەندە - ڕێزێکی دەرکپێکراو تەماشای کتێبی (کێشە لەکوردستان) بەزمانی رووسی. مۆسکۆ ١٩١٣ لاپەڕە ٢٣، هونەرمەندی ناسراوی عەرەب (زینب) لەبەرامبەر ئافرەتی کورد دا دەڵێ: من لەژنانی کورددا ئەوەی بەدیم کردبێ زیرەکیە - گیانی پێشکەوتنخوازیە - خۆ دەرباز کردنە لە قورسایی داب و نەریتی سەپێندراو - ئەمەش نموونەیەکی ڕاستەقینەی بیرکردنەوەی ژنانە لەوڵاتەکەم دا، من ئاواتە خوازم کەکچانی عەرەب بەشێک لەو ئازادیە وەدەست بخەن کەبەشانازییەوە کچانی کورد بەدەستیان هێناوە - سەرچاوە (ڕاگەیاندنی ئەکتەرێکی ئافرەتی عەرەب [زینب] لەڕووبەڕوو بوونەوەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەی (بۆری عیراقی) ژمارە ٢١٨ بەغدا ١٩٦٩/٧/٩ز، هەروەکو زانای کورد مەلا مەحمودی بایەزیدی لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو نووسیویەتی

لەکتێبەکەیدا ! داب و نەریتی تایەفە کوردیەکان و ریشەی ڕێسا کوردیەکان، تێیدا دەڵێ: لەراستی دا لەناو نەتەوەی کوردا تەسلیم بوونی ژنان بۆ هەرفەرمانێکی پیاوان سەپێندراو نەبووە بەیاسایەکی دیاریکراوەوە - ژنان و کچانی کورد شەرم لەکەس ناکەن، ئەوان ئازادو سەربەستن وەک ژنانی گەلانی ئەوروپی، لاپەرە ۱۹۰، ژنان بەشانی پیاوەکانیان لەگۆرەپان دا دەجەنگن. (لاپەرە ۱۸۳ - ۹٤)

۱۰- لەمەدا نیشانەیەک بەم ئایەتە پیرۆزە دراوە:[ ربنا انی اسکنت من ذریتی بواد غیر ذی زرع عند بیتک المحرم] سورەتی ابراهیم ئایەتی ۳۷.

۱۱- وشەی ئەبابەیلی Ababeyly پێچەوانە کراوە لەناو عەبدوڵلا کوری ئەیوب (ابی عبیدە انصاری) نەک ابی عویەیدەی جەراحەوە. بەپێچەوانەی زانیاریەکانی پێشوومان لەم بارەیەوە: سەرنج بدە لە جمال نەبەز (حول المشکلە الکوردیە) لە بلاوکراوەکانی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا Nukse لاپەرە ۷ و ئەو داگیرکاریە ئیسلامی یەی لەکوردستان لەسەردەستی خەلیفەی عومەری کوری خەتاب ئەنجام دراوە. دوا بەدوای داگیرکردنی میسرو ولاتی شام. بەپێی ئەو هەوالانەی لەلایەن محەمەدی کوری عومەری واقیدی بەئێمە گەیشتوون (۱۳۰ - ۲۰۸ کۆچی - ۷٤۷ - ۷٤۸ - ۸۲۳ - ۸۲٤ز) لەگرتنەوەی شامدا. لەسەر نووسینی Lis، چاپی کەلکەتا ۱۸۵۵ - ۱۸٦۲ز نۆ بەشە، لەوسەردەمەدا لەکوردستاندا چەند پاشایەکی بەهێز فەرمان رەوایەتیان دەکرد لەوانە داینکور پاشای پژدەر Pisder - لەسەرچاوە عەرەبییەکان وشەی پشدەر بەشێوەی (شیدرە) هاتووە هەروەها مالیکی کوری ئەژدەر پاشای دوگۆمان بووە -Duga man - Hjder - پاشا فەروخ کوری ئەهران پاشای مەرگە بووە کەپێی گوتراوە (مەرجین) Merge. ئەم وشەی مەرجینە لەسەرچاوە عەرەبییەکانەوە وەرگیراوە پەلاماردانەکەی کوردستان لەسەردەستی خالیدی کوری وەلید ئەنجام دراوە لەکاتێکدا سوپای موسوڵمانان پەلاماری هەولێریان داوە (اربیل) دانیشتوانی خۆراگری ئەم شارە بەرەورووی هێرش بەران وەستاونەتەوە لەسەرەتادا سوپای عەرەبە موسوڵمانەکان تێک شکێندراون. روویان کردۆتە گوندی هاتەکان Hatekan ، سەحابە عبداللەی کوری جندل - بەرەو گوندی هەرمۆتە کشاوەتەوە Hermute کەلەشکرەکەی سەحابەکان ژمارەیەکی بێ شوماریان لێ کوژراوە تا دەگاتە عبداللەی کوری جندل.

لەو هەوالانەدا هاتووە دانیشتوانی میرزا رۆستەم پێشوازیان لە لەشکری

موسوڵمانان کردووە خالیدی کوڕی وەلید - ئەبو دوجانەی سەحابە دەنێرێ بەقاسید بۆ لای فەروخ شا. لەم لایەشەوە فەروخ شا عەرەبە موسوڵمانەکانی ئاگادار کردەوە بەوەی وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن - فەروخ شا سوێندی بە (ئاگر) بەواتە روناکی خوارد، بەڵام لەکاتێکدا ئەبو دوجانە بەرێ دەکەوێ بۆ لای فەروخ شا لەرێگا ئەبو دوجانە دەکوژرێ لەسەر دەستی کوردێک - ئەم کوردە دەگیرێ بەدەستی لەشکری عەرەبان - دان بەوەدا دەنێ کە ئەو عەرەبەی کوشتووە بەوەی کە بەداگیرکەرو دوژمنی زانیوە (روناکی سەرچاوەکەی خۆرە) ئەوکاتە خۆر لای کوردان پیرۆزبووە، فەروخ شا سوێندی پێ خواردبوو، (بەپێی نەریتەکانی میراسی) سوێندی خواردبوو ئەگەر ئەم وڵاتە بەجێ نەهێڵن، تۆڵەیان لێ دەستێنن ئەوکاتە فەروخشا سکرتێرێکی (میرزا)ی هەبوو ناوی (قەستور)بوو. هەردوو زمانی رۆمی و عەرەبی زانییوە - ئەم پیاوە سەردانی وڵاتی شامی کردبوو پەیوەندی بەکاهن و راهیبە مەسیحیەکانەوە کردبوو - لەوێ قەستوور بوو بەموسڵمان - بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان سیخوڕی دەکات لەناو کوردەکان دا. کاتێک فەروخ شا بەوەدەزانێ لەتۆڵەی خیانەتەکەی دا فەرمان بە کوشتنی دەردەکات و دەکوژرێ. فەروخ شا بەوەدەزانێ لەتۆڵەی خیانەتەکەی دا فەرمان بە کوشتنی دەردەکات و دەکوژرێ. فەروخ شا خوشکێکی دەبێ بەناوی (ئەزمیرە) Ezmire بەزیرەکی و لێهاتوویی ناسرابوو. دەسەڵاتداری شارێکی تەواوبووە - ناوی چیای ئەزمەر لەناوی ئەوکچە ئەمیرەوە وەرگیراوە کەنزیک شاری سولەیمانی ئیستایە. کەرکەر لەسەرکردە ئازاو ناودارەکانی ئەو سەردەمەی کورد بووە. لەکۆبوونەوەیەک دا کەسەرکردەو پاشا کوردەکان پێکیانهێنا - بڕیاریاندا بەرەنگاری داگیرکاران ببنەوە. زۆر شەڕو پەلاماری خوێناوی لەکوردستان بەرپابوو. لەئەنجامی ئەم شەڕو پەلامارانەدا ژمارەیەکی زۆر لەسەحابەو یاوەرانی محمد و لەشەڕکەرە کوردەکان کوژران.

لەسەرجەم کوژراوەکان: داشلە عمر التمیمی - سعد ساعد القریشی - جندیە بن عبدالله علی - مقداد بن اسود الکندی - وائلە الاسقفی - قعقاع بن عمرو - زوار بن ازور - عمر بن حاتم الطائی - عمر بن عدیە - لە میقداد کوڕی اسود کندی دەگێڕنەوە، کە ئەمیرێکی کوردی کوشتبوو، پرسیاری لەپیاوێکی کورد کردبوو، کەزۆر بەتەمەن بوو. بەوەی رای چییە بەرامبەر بوون بە موسڵمان ؟ کاتێک کوردەی پیرە گوێ ی لەوداخوازیە بووە هەڵچووەو ووتبووی [ئەگەر هێزو تینی لاویەتیم دەبوو لەتۆڵەی خوێنی پاشاکەم هەزارم لێ دەکوشتن]. پیرە کورد ڕووی

بەلای خۆرەوە وەردەگێڕی و دەڵێ: من ئەو روناکییە دەپەرستم دەست بەرداری ئاینی خۆم نابم، میقداد فەرمان دەدات بەکوشتنی پیرەمێردە کوردەکە ، ئەو جێگایەی کە ئەو کوردە پیرەی لێ کوژراوە تا ئێستا ناسراوە.

خالیدی کوڕی وەلید هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی کوردان ببن بە مو سڵمان وەک دەگێڕنەوە لەسەر قسەی خۆی گوایە کورد ئازاترین نەتەوەیەکن لەسەر زەوی ، هەر لەم بارەیەوەوە لەپەیامبەر (محمد) (د.خ) بیستراوە کە لەسەر ئازایەتی کوردان دەدوێ و خۆراگریان، هەرچەندە شەڕو خوێن ڕشتن لەنێوان هەردوولایەن درێژەی کێشا. دوای ئەوەی ژمارەیەکی بێ شومار لەسەحابە لەشەڕێکی قورسدا لەسماقوڵیان کوژران Simaguliyan .

خالیدی کوڕی وەلید نامەی بۆ سەرجەم سەرۆک و سەرکردەکانی موسڵمانان نارد لەوە ئاگاداری کردن کە لەسماقوڵیان داڕووی داوە تێیدا وتی: نابێ غافڵ بن لە مەکرو تەلەکەبازی کوردان لەجەنگ دا وەک بەوری بریندار و تێک شکێنەر وان. کاتێک ئەم نامەیە بەدەستی سەرکردەو سەرۆکە موسوڵمانەکان گەیشت. بێ دەسەڵات کەوتنە فرمێسک باران بۆ شەهیدەکانی سماقوڵیان . دەگێڕنەوە: خالیدی کوڕی وەلید عبداللەی کوڕی عمر لەم شەڕەدا بەشکاوی و دۆڕاوی دەگەڕێنەوە. دوای ئەوەی دەگەنە سەر رووبارێکی بچووک لەبەینی شاری هەولێرو موسڵ. دیتیان پیرەژنێکی کو رد لەسەر ڕۆخی رووبارەکە دانیشتووە، پرسیاریان لێ کرد ئایا چدەکا لەسەر ئەو رووبارە وەڵامی دانەوە،( من موسوڵمانم و دەمەوێ لەم رووبارە بپەڕمەوە، بەڵام دەترسم چونکە مەلە نازانم، عبداللەی کوڕی عمر پیرەژنە کوردەکەی لەپاشکۆی خۆی سوارکرد. کەچی خالید دەربارەی مەکری ژنان ئاگاداری کرد. بەڵام عبدالەی کوڕی عمر گوێ ی بەوتەکەی خالید نەدا، کاتێک عبدالله بەخۆی و پیرەژنەکەوەگەیشتنە نێرینەی رووبارەکە ، پیرەژن چەقۆیەکی درێژی دەرهێناو، لەسەر سینگی عبداللەی داچەقاند.

کاتێک خالید بینی ڕەنگی بزرکاوەو سوور هەڵگەڕاوە عبدالله پێی وت راوێژت کردم بەڵام گوێم بە نەسیحەتەکەت نەدا، (ئەوەی خواوەند رەزا مەندی لەسەر نەبێ نابێ) خالیدیش لە برێتی خوێنی عبدالله ژنەکەی کوشت بۆ زیادەی زانیاریەکانت دەربارەی ئەم ڕووداوانە دەتوانی کتێبی:( کوردستان و ئاینی ئیسلام) (کردستان والدین الاسلامی) نووسینی زانای ناسراو، مەلا بابەکر مەلا رەئووف سەلیم حەویزی ، چاپخانەی زانکۆ بەغدا ١٩٧٠ز. بەڕێز ئەو نووسینەی بەئەنجام

گەیاندووە لەوانە کتێبەکەی (الواحدە).
تێبینیەک: ( لەم کۆپلەیەی پێشوودا رستەی سوێند خواردن بەنور تیشک) هاتووە لێرەدا هەندێ یان کۆبلەی ئاگر (عبدە النار)بوون، لەراستی دا ئاینی، میترائی لەکوردستان دا بلاوبۆوەو (خۆریش) بە یەزدان دانەنراوە بەلکو میراتیان میسوا یان (میر) ناوی ئەم پەیام نێرە بووە کەئەم ئاینەی بەدنیا هێناوە، ئاینەکەش هەربەناوی خۆیەوە بووە. ئەم پێغەمبەرە واخۆی ناساندووە کەلەخۆر لەدایک بووە، ئەم باوەڕە بەرە بەرە گۆڕانی بەسەر داهاتووە کەخەلکی خودی میترا بەخۆر ناوبەرن. کاتێک میترا بەرەو پیری دەچێت و دەزانێ ئەوەندەی لەژیاندا نەماوە. حەزی بەوە نەکردووە کەلەناو هاوباوەڕەکانی دا دنیا بەجێ بهێلێ. بۆ ئەوەی بەندەکانی لاشەی کوڕی خۆر نەبینن، بەمردووی لەسەر زەوی فڕێ دراوە.
خۆریش سەرچاوەی تیشک و ئاگرو ئۆکسیدی ژیانە. لەبەر ئەوە میترا دەگەڕێتەوە بۆ چیاکان و لەوێ دەمرێ. ئەم باوەڕی ئاینەش لێرەوە سەر ی هەلداوە ، کەگوایە میترا گەڕاوەتەوە بۆ ناوخۆر . ئەم تێرامانەش لەو سەردەمەوە کاریگەریی هەبووە. لەسەر هوشیاری دەروێش و هەلگرانی
ڕێبازی ئەو ئاینە بەگشتی. لەبەر ئەوە دەبینین کەهەموو مرۆڤێک لەکاتێک لەیەزدان دەخوازێ و دەپاڕێتەوە بۆ ئاوات و هیوایەک هەردوو دەستی و سەری بەرەو ئاسمان بەرزدەکاتەوە. بەرەو لای روناکی خۆر ئەم ئاینی میترانییە لەکوردستان لەسەردەمی میدیەکان لەوپەڕی گەشەسەندن دا بووە. ئەمڕۆ پاشماوەی ئەم ئاینە کۆنە کەپێش هەزاران سال لەکوردستاندا بلاوبۆتەوە وەک تقوسی ئاینی کوردی عەلەوی و یەزیدی و کاکەیی و هی تر.
١٢- گاوان کوڕێکی هەبوو ناوی (مەیحون) کەناسرا بوو بە (ابی بصیر) هەندێ لە حەدیسەکانی پێغەمبەر دەگێڕنەوە کەناوی (مەیحون) لەباوکیەوە بیستووە تەماشای مێژووی بخاری بکە هەروەها سەرنج لەتەفسیری (ابن کثیر) بدە لەگەل (طبری) لە مەسنەدی گەورەو بچووک.
١٣- دوای ئەوەی ناوبراو موحازەرەکەی کە ١ کاتژمێری خایاند، ئەمەش ئەوماوە دیاریکراوەبوو بۆ هەموو کەس دیاری کرابوو، دوای ئەوە کەبەڕێز پرۆفیسۆر جمال نەبەز کاتژمێرەکەی تەواوبوو ، سەرپەرشتی کەری کۆنگرە رووی کردە ئەوانەی دیاریکراوبوون بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکانیان ئایا پرۆفیسۆر جمال نەبەز بوەستێ لەخوێندنەوە یان بەردەوام بێ تا لێکۆلینەوەکەی تەواو دەکات بەزۆرینەی دەنگ

رازی بوون کەتەواوی بکات بەمەشی هەرە زۆری لێکۆلینەوەکەی خوێندەوەو لەسەر دەزگای ڤیدیۆش تۆمارکرا.

١٤- لەم کتێبەدا (منتهی المقال) ناسراو بە (رجال ابوعلی) کەنووسەر ، ابی علی محمد کوڕی اسماعیل کوڕی عبدالجبار کوڕی سعدالدین هاتووە دەڵێ، لەباوەڕ پێکراو لە ڕاستگۆ (ع) کەدەگێڕێتەوە: سلحان زانستی یەکەم و کۆتایی زانیوە. دەریایەکی بێ کۆتایی بووە. کەبەڕێزی لەئەهلی بەبێت بووە. سەرنج بدە لە (منتهی المقال، رجال ابو علی) ابو علی محمد کوڕی اسماعلیل رجالی مازەندەرانی ماثری، چاپی ١٣٠٢ کۆچی. مانگی.

١٥- علی حسن خربوطلی: القومیە العربیە من الفجر الی الظهر، بێ بوونی مێژووی چاپ دار احیاء الکتب العربیە ١٩٦٨. ص١٥.

٦١- علی حسن الخربوطلی: سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٥، ئەوەی شایانی لەبیرنەچوونە، ئەم کۆیلانە بەردەوام تائیستا دەچەوسێنەوەو زوڵمیان لێ دەکرێ. لەسەردەستی سەرۆکەکانی عەرەب. بۆ نموونە: لەیەمەنی بەختیاردا تایەفەیەکی گەورەهەن کەناسراون بە (الاحذام) ئەو وشەیە لەوشەی (خادم) دەست و پێوەند، هاتووە هەرچەندە ئەمانە وەک عەرەب موسوڵمان بوون، بەڵام لەلایەن عەرەبەکانی یەمەنەوە وەک هاوڵاتی پلەچوارو پێنج مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێ.

١٧- ابو الطیب المتنبی: (دیوانی متنبی) چاپی بۆمبای ١٢٧٦ کۆچی - ١٨٥٥ز لاپەڕە ٣٢٣.

١٨- الخز بەمانای ئاوریشم، ئەمە ووشەیەکی کوردییە لەبنەڕەتدا لە ناوی خز Xiz واتە لوس و لێک وەرگێراوە کاری خزین Xizin بەواتە لوس کەبخلیسکێ وشەی (قز) لەکەمی ئاوریشم دەگەیەنێ دووبارە لەوشەی (خز) یان خزەک وەرگیراوە لەزمانی کوردیدا. بەواتە ئەو جل و بەرگەی لەحەریر یان ئاوریشم دروست دەکرێ.

١٩- حسین علی ممتحن: راپەڕینی شڤوییەکان - جنبشی میللی ئیرانیان بەرامبەر خیلافەتی ئەمەوی و عەباسی ، تاران ١٣٥٤ - ١٩٧٥ - لاپەڕە ١٢٤ - ١٢٦.

٢٠- ابن عبدربە الاندلسی: ( العقد الفرید) قاهرە ١٣٦٧ کۆچی - مانگی (١٩٧٤ - ١٩٤٨ز) بەشی دووەم لاپەڕە ٣٥٣، هەروەها (خیرالله تلفاح)! (الشعوبیە عدو العرب الاول) بەغدا ١٩٧٢ز. لاپەڕە ١٣٠ (بەزمانی فارسی).

٢١- ڕۆژهەڵات ناسە ئەوروپییەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون کە بەگرنگی تەماشای

زمانی پەهلەوی بکەن (Pehlevi) بەفارسی ناوەند، لێکۆلینەوە راستەقینەکانم لەم سالآنەدا گەیاندیانمە ئاستێک کەئەم رایە بەراست نەزانم. بەوەی کەزمانی پەهلەوی زمانێکی رەوان و سەربەستە زیاتر لەزمانی کوردیەوە نزیکە نەک زمانی فارسی.

٢٢- ابن الاثیر الجزری: (الکامل فی التاریخ) چاپی دووەم ١٣٨٧/ ١٩٦٧ دار الکتاب العربی بیروت لاپەڕە ٣٧.

تێبینییەک: زۆربەی کتێبە مێژوویی یەکان پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشن، بەوەی کەکورد هەبوون بەزۆری ژیاون بەتایبەتی لەو ناوچانەی کەئەوڕۆ پێیدەڵێن دەڤەری فارس لەئێران دا کە پایتەختەکەی (شیرازە) ئەگەر بەفارسی نامەدا چووینەوە نووسینی (ابن بلخی) یان (المسالک والمحالک) نووسنی ابی اسحاق ابراهیم الاسطخری وە (صوره الارض) نووسینی (ابن حوقل) یان (بلدان) نووسینی ابن فقیه الهمدانی، کەلەزمانی (خوردادیەوە وەرگێڕداوە) دەبینین ئەوانەی ناوی چەندین عەشیرەتی کوردی دەهێنن کە لەوناوچانەدا ژیاون، لەگەڵ هەندێ ناوچەی تری ئێران لەدەرەوەی سنووری کوردستان. بۆ نموونە (خۆراسان) هەروەکو بەردەوام ناوچەیەکی بەربلاو لەخۆراسان دا ناو دەبرێت بە: (خۆراسانی کوردستان) یان کوردستانی خۆراسان) کەسەدان هەزار کوردی تێدا دەژین زمانیان کوردیەو بەزاراوەی سەرنج ڕاکێشەری کرمانجی سەرو دەدوێن.

٢٣- دەگێڕنەوە کەبەرامیکە یان (بەرمەکیەکان) خێزانێکی کوردی ناسرابوون کەپیاوی روناکبیرو زانای مەزنیان تێدا هەلکەوتووە. ئەم بەرمەکیانە خزمەتی زۆری بەنی عباسیان کردووە، کەچی لەگەڵ ئەوەدا عەبباسیەکان هەستان بەقەلاچۆکردنیان لەشیرینی خەودا، تاوانبار کرابوون بەکا فرو زەندیقی و مەزدەگی

شاعیری ڕەگەزپەرستی عەرەبی (اسمعی) دەلێ:

اذا ذکر الشرک فی مجلس + اضاءه وجوه بنی برمک

وان تلوث عندهم ایه اتوا باحادیث عن مزدک

سەرنج لەخیرالله تولفاح بدە: الشعوبیه عدو العرب الاول هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٨٢.

٢٤- ابو الحسن علی بن الحسین المسعودی: مروج الذهب ومعادن الجوهر، بەشی دووەم لاپەڕە ١٩٠ مسعودی لەدایک بووی بەغدایە، لەساڵی ٩٥٦/٩٥٧ز لەمیسر مردووە.

٢٥- الشیخ کمال الدین الرمیدی: (من حیاه الحیوان الکبری) (باب الهمزه

الاسد) بەشی یەکەم میسر ۱۳۳۰ کۆچی لاپەڕە ۱۲. هەروەها (ابن الاثیر الجزری) (الکامل فی التاریخ) المجلد الرابع دار الکتاب العربی، بیروت ۱۹٦۷ز. لاپەڕە ۳۳۵. وقد اخذت عن ابن الاثیر - لەئیبن الاسیرەوە وەرگیراوە.

۲٦- زانای بەناوبانگی کورد ابو حنیفەی دەینەوەری دەدوێ لەسەفەرە بەنرخەکەی دا (الاخبار الطوال) چاپی یەکەم، مالایدن ۱۸۸۸ز. لاپەڕە ۳۳۸ لەڕووی خزمایەتییەوە لەنێوان ئەبو موسلمی خۆراسانی و بابەکی خورەمی.

۲۷- بگەڕێوە بۆ ئەوباسەی کەمامۆستا محەمەد ئەمین هەورامی (پەراوێزی ژمارە هەشت) نووسیویەتی.

۲۸- لەدیاردەکانی سیاسەتی بەعەرەب کردن کەوا عەباسیەکان لەسەری دەڕۆیشتن ئەوەبوو موسوڵمانێکی کورد یان فارسی بەناچاری دەبوو ناوەکەی عەرەبی با. بەعەرەبی بخوێنێ و بەعەردبی بنووسێ. هەموو شتێکی تریش.

۲۹- سەرنج لەجمال نەبەز بدە: لەدەوری کێشەی کوردا (حول المشکلە الکردیە) لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نەتەوەیی قوتابییە کوردەکان لەئەوروپا (نوکسە -Nuk se)، ۱۹٦۹، لاپەڕە ۷.

۳۰- هەندێکیان وتی: کوردەکان تایەفەیەکن لەجنی (ئەجنە) یەزدان پەردەی لەسەر هەڵماڵیوە، سەرنج لەضیاء گول الب: ساڵنامەی ولایەتی دیاربەکر (التقویم السنوی لولایە دیاربکر) بەزمانی تورکی عوسمانی: دیاربکر ۱۳۰۱ کۆچی ۱۸۸٤ز.

۳۱- ابو القاسم فیردوسی: شانامە: چاپی Vullers ، لایەن ۱۸۷۷. بەشی یەکەم لاپەڕە ۳۷- ۳۸، بیتان ۳۷.

۳۲- ابن الاثیر الجزری: (الکامل فی التاریخ) المجلد السادس. چاپی دووەم ۱۹٦۷/۱۳۸۷. دار الکتاب العربی بیروت لاپەڕە ۷۳.

۳٤- شاعیری گوردی فارس حەکیم سنائی کەلەسەدەی پێنجەمی کۆچی دا ژیاوە لە مەدحی ئەبو وەفاء وەزانای گەورەی کورد سۆفی وەیس القەرەنی دا دەڵێ:

قر نهاباید کەتا از پشت ادمی نطعەی
(بو الفاء کرد) گردد یا (اویس) قرن

ماناکەی بەکوردی: چەند سەردەمێک دەبێ بپێچرێتەوە بۆ ئەوەی لەنوقتەی نەوەی ئادەم کەسێک وەک خاوەن وەفای کوردی یان وەیسی قەرەنی لەدایک ببێت.

۳۵- ئەوەو کاتێک زاناو سەرکردە کوردەکان ئەو هەموو خزمەت و فیداکاریە

پێشکەش بە ئاینی ئیسلامی و موسڵمانان دەکەن، لەهەمان کاتدا ولیدی کوڕی عبدالملک کوڕی مەروان کەت و کوت دەکات و ئەم شیعرە دەڵێ:

واذ اتاک ربک یوم حشر فقل یارب مزقنی الولید

ماناکەی: ئەگەر خواوەندەکەت ڕۆژی حەشر هاتە لات پێی بڵێ وەلید ئاوا لەت و کووتی کردم.

٣٦- عەلەوییەکان ، لەلایەنگرانی ئاین عەلەوی بوون کەلەباکووری کوردستان و ولاتی ئەنادۆڵ بلاوببوەوە، چەندین ملیۆن تورک باوەڕیان بەو ئاینە هەیە لێرەدا هەن بەشیعەیان دادەنێن یان دەڵێن ئەوانە نصیرین. لەراستیدا عەلەوی یەکان کوردو تورک هیچ پەیوەندیانکیان بە موسوڵمانە شیعەکانەوە نییە. ئەم عەلەویانە ڕێبازێکی مەزهەبی سەربەخۆیان هەیە ، لەو باوەڕەدام کەناوی مەزهەبە (عەلەویە) بۆتە هۆی ئەوەی ئەو بۆچوونانەی بەرامبەر بکرێ کەئەمانە لەشیعەکانن. ڕاستی یەکەی وشەی عەلەوی ئەوان زۆر لەئیمامی عەلی یەوە دوورە هەروەکو چۆن وشەی یەزیدیەکان هیچ پەیوەندیەکی بە یەزیدیەوە نییە لەسەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە عیلمییەکان هەروەکو لەم بوارەوە ئەنجام دراوە بۆم دەرکەوتووە کە زاراوەی (علوی) لەڕیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ وشە کوردییە کە هالاڤ halav و هالاڤ بەواتە هەڵمی ئاوی کولاو کەلەسەر ئاگرێکی بەکڵپە داندرابێ، یان هالاوی ئاگرەکە خۆی بێت لەتین و تاوی سوتاندنەکەی. لەکوردیدا دەگووترێ Halavi agir ، بەواتە تین و تاو تیشکی ئاگر. تورکەکانیش ئەم زاراوەیان لەزمانی کوردییەوە وەرگرتووە، لەسەر شێوازی Alev کەمانای (تاوتینی ئاگر) دەگەیەنێ (لظی النار) وشەی Alevi لەزمانی تورکی دا وەک زاراوەی باوەڕی ئەم مەزهەبە دەگەیەنێ. عەلەویەکانیش وەک یەزیدیەکان و کاکەییەکان و شەبەکەکان و مەزهەبەکانی تر لەکوردستان بلاوبوونەتەوە بێشکەی لەدایکبوونی زۆربەی ئەم مەزهەبانە چیای زاگرۆسە .

ئەمانەلە مەزهەبەکانی (سنسکریتین) مەبەستیش لە سنسکریتی Syncre-tism مەبەست یەکێتی نێوان ڕەگەزە مەزهەبییەکانە. کە پەیوەندی بەئاینی جۆربەجۆرەوە هەیە کە لەتێکەلاوکردنی دا یەکێتیەکی عەقیدەیتی یەکگرتووی تازەو کامل دروست دەبێ. ئەم جۆرە یەکێتیەش جیاوازە لەکردەی تێکەلاوکردن، چونکە لەکردەی تێکەلاوکردندا ڕەگەزە جۆر بەجۆرەکان لەیەکدا دەتوێنەوە یەک لەناویەکدا ، بەلام لەیەکێتی سنکریتیستی ڕەگەزەکان پارێزگاری لەخاسیەتەکانی خۆیان دەکەن. دەتوانم ئاینی سنکریتیستی بەباقە گولێک بشوبهێنم، هەرگولێک لەوی تر

جیاوازە ، ئەگەر هەرکامێکیان بەجیا بگریت لەگەڵ باقە گوڵەکە بەراوردی بکەیت لەوان جیاوازەو هەر گوڵێکیش بەتەنیا لەگەڵ گوڵەکانی تر یەک نایەتەوە لەڕووی ڕەنگ و بۆن و شێوەی دا. بەڵام هەموومان لەباقەکەدا شتێکی تر پێک دەهێنێ. یان دەتوانم ئەم پێکهاتەیە بەکۆرسێکی مۆسیقا بشوبهێنم ، لە کۆرسە مۆسیقیەکەدا هەموو عازفەکان بەیەکەوە ئاوازەکە دەچڕن . هەرچەندە هەر ئامرازێکی مۆسیقی بەتەنیا ئاوازێک دەچڕێ جیالەوەی کەلەگەڵ کۆرسی دا گوێت لێ دەبێت. یان کە لە ئامرازەکانی ترەوە دەردەچێت. مرۆڤ دەتوانێ هەرکاتێ ویستی ئەو جیاوازیە لەیەکتری جودا بکاتەوە. بەڵام ئاوازەکان هەموو بەیەکەوە یەکەیەکی یەکگرتووی نوێ پێکدەهێنن، کە لەگەڵ ئاوازی تاکە ئامرازێکی مۆسیقی جیاوازی هەیە بەمەشدەڵێن پارچە مۆسیقای تەواو. لەم ئاینە سنکریتیستیانەش کە (نیشتمانی سەرهەڵدانیان کوردستانە) چەندین ڕەگەزی ئاینی لێک جیا دەبینین وەک: میترانی (پەرستنی نور) ، زەردەشتی، (باوەڕی خێرو شەڕ کەبنەمای خەلیقەتە) .

وەک سێ کوچکەی ژیان ! بیری چاک، وتەی چاک، کردەوەی چاک. یان مانەوی (نورو) (گیان) لەگەڵ تاریکی (مادە) یەکەم بەرەو ئاسمان و دووەم بەرەو زەوی لەگەڵ تێرامانی (میزوپۆتامی) نەسخ بوونەوەی گیان جیا لەمانەش. ئەم ڕەگەزانە لەگەڵ یەکتردا یەکدەگرن، بەهەموویان ئاینێکی نوێ دروست دەکەن. ئاینێکی نوێ و کامڵ بوو. ناتوانی لەهەریەکێک لەم ئاینانە زانیاری تەواو وەربگریت یان لەناوەڕۆکی فەلسەفەکەی بگەیت ئەگەر بەکۆمەڵ لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر هەموویان ئەنجام نەدەیت لەوەی بەکۆمەڵ خاسیەتی هاوبەش دەیان بەستێتەوە. لەباوەریە نەریتەکانی ئەم ئاینانە باوەڕی یە بەیەک خواوەندی نەمرو هوشیار و خاوەن لۆجیکی.

ئەم یەزدانەش خاوەنی سەرجەم ئەم کەونەیە، بەسەرجەم بونەوەریەکانیەوە. بەڵام بەلای باوەڕی ئەوانەوە ئەم یەزدانە ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایەتی ئەم کەونە ناکات لەگەڵ بونەوەریەکاندا. بەڵکو لەرێگای جێ گرەکانییەوەیە (الاولیاء) لەپیاوچاکان. ژمارەیان (٧) ئەوانیش فریشتە هاوسێ کانی خوێنی. هەر پاشایەک لەم حەوتە بەپێی پسپۆڕی تایبەتی ئەرکەکانی بەجێ دەگەیەنێ یەکێک لەم حەوت فریشتەیە سەرپەرشتیاری ئەوانی ترە. بەلایەن یەزیدیەکانەوە (Tawuse Melek) (مەلیک تاوس)ە. بەلایەن کاکەیی یەکانەوە (Pir Binyamen) بەلایەن عەلەویەکانەوە

(Pir Sultan)ە بەلایەن شەبەکەکانەوە (Pir simayil). وە لەبەاوەڕەکانی تریان ئەوان باوەڕیان بەگواستنەوەی ڕۆح (تناسخ الارواح)ە، (Dona don) ئەمەش هۆکارێکە بۆ پاکبوونەوەی ڕۆح لەوەی کەتێکەڵاوی دەبێت لە چەپەڵییەکانی مادە. هەروەها ئەوان باوەڕیان بەبوونی شەیتان نییە بەڵکو ئەوانە (نفس) دەروون و خواستەکانی بەشەیتان دادەنێن. ئەفسانە ئاینی یەکانی ئەم ئاینەش لەناو نیشتمانی کوردستاندا دەخولێتەوە. لەم وڵاتەدا چیای پیرۆز و ڕووباری پیرۆز هەن. بۆ زیادەی زانیاریشتان دەکرێ سەرنجێک لەوبابەتە بدەن کەبەزمانی کوردی لەئەمستردام پێشکەشم کرد لەلایەن ئەکادیمیای کوردی بۆ هونەرو زانست چاپیان کرد. ـجمال نەبەز) (سەرنج دانێک لە میتۆلۆژیای کورد) (لمحە خاطفە عن میتولوجیا الکرد) ٢٥٩٨ک/ ٢٩٨ز.

٣٧- یەزیدیەکان: ئەوکەسانەن لەسەر ڕێبازی مەزهەبی یەزیدی دەڕۆن بەڕێوە. کەلە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە. (وە مەرکەزەکەیان ژەنگارە) (شێخان - سنجار). بەڵام ناوی ڕاست و ڕەوان کەخودی ئەم کۆمەڵە ئاینییە بەکاری دەهێنن (ئایزیدی)یە ( Ezi d i ) نەک (یەزیدی) (Yezidi) هەروەکو لەلای زۆربەی خەڵکی واباوە. موسوڵمانەکان و مەسیحیەکان چ بەهەلە یان بەمەبەست دەیانگێرنەوە بۆ بەرەی یەزیدی کوری معاوییە، کە هەرگیز ئەمە رەوانییە. یان تاوانباریان دەکەن بەوەی (بەندەی شەیتانن) بەسەهو لەراستیشدا یەزید کوری معاوییە هیچ نزیکی و کەسایەتییەکی لەگەڵ ئەم ئاینەدا نییە. وشەکەش لەبنەڕەتدا لە وشەی کوردی ڕەسەن (ئەیزد) (Ezd) بەمانای خوداوەند بەواتە بەندەکانی خوداوەند ئایزد هاتووە. لەبەر ئەوە ئەوان بەندەی شەیتان نین. هەروەها ئەوان هەرگیز باوەڕیان بەشەیتان نییە هەروەکو لەپێشەوە باسمان کرد سەرنج لەپاش بەندی (٣٦)بدە.

یەزیدیەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە لەسەرەتای خەلیقەتەوە پاشایەک هەبووە خواوەند خۆشی ویستووەو ریزی لێ ناوە. بەڵام تووشی هەڵەیەک بووەو لەسەر ئەوە خوداوەند سزای داوە بەوەی کەخستویەتییە دۆزەخەوە. بەڵام لەسەر ئەوە پەشیمان بۆتەوەو گریاوە ماوەی (١٠٠١) ساڵ تادوای ئەوەی یەزدانی گەورە ئاوڕی دۆزەخەکەی دامراندووە بەفرمێسکەکانی. بەوە یەزدان لێی خۆش بووەو دووبارە بردویەتییە لای خۆی. بۆیە هەر لەوکاتەوە نەشەیتان و نەدۆزەخ بوونیان نییە. شەیتان (بەد رەفتاری) بەتێروانین ئەوان شەیتان لەدەرونی مرۆڤ بەواتە لە نەفسی

مرۆڤ دا هەیە. لێرەدا حەقیقەت و راستیەک هەیە لەم سالانەدا بۆم دەرکەوتووە، دوای ئەوەی ماوەیەکی باش خۆم خەریک کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای ئەم ئاینانە لەکۆمەڵی سنکریتیستی یەکان. بەوەی وتەی شەیتان لەزمانی عەرەبیدا لە (ساتان) عیبری وەرگیراوە ئەمەش خودی وتەی شەیتان(S.eytan) ناگەیەنێ، لەزمانی کوردیدا. لێرەدا وشەی (S.eytan) لەکوردیدا وشەیەکی لێکدراوە لەدووبەش پێکهاتووە یەکەم شا S. a بەمانای پاشا (ملک) لەگەڵ تەن (ten) بەواتای جسم لاشە. وەشەیتان (S.eytan). لەشێکی مزیشقەیی دەگەیەنێ. بەرە بەرە ئەم وشەیە گۆڕدراوە بۆتە شەیتان (S.eytan) ئەم وشە لێکدراوە گۆڕدراوە لەلای یەزیدیەکان و نەلەلای کاکەییەکان بوونی نییە. لێرەدا دەبینین کەیەکێک لەزاناو پێشەوایەکانی و سەرۆکی رۆحیان لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا مەبەستمان لە (حاجی نعمت الله موکری یە) جەیحون ئابادی (جوناوایی) رەخنە لەکوردە گۆرانیەکان دەگرێت Goran لەوەی کەجیاوازی ناکەن لەنێوان شەیتان و شاتەن. سەرنج لەشانامە - حەقیقەت، یان کتێبی حەقیقەت. بەزمانی فارسی لەدارشتن و نووسینی حاجی نعم الله موکری. (مجرم) پێداچوونەوە پاکنووس کردنی و دەرهێنانی دکتۆر محمد موکری - پاریس ١٩٦٦ لاپەرە (١٢٠-١٢١) ئەمەو بەلای ئیزیدیەکانەوە دووکتێبی پیرۆز هەیە بەزمانی کوردی ئەوانیش Meshefres (مەسحەفی رەش) (المصحف الاسود) ز لەگەڵ (Celwe) (وەحی) لێرەدا ئایەتی پیرۆز زۆر هەن کە پێ یان دەوترێ (وتەکان) ئەوانیش بەزمانی کوردی نووسراون. ئەم دوو کتێبە بەسەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێن بۆ زانیاری فێربوون لەسەر ئەم ئاینانە. دۆستی بەرێزمان (شەوقی فازیل) زۆری لەم سەرچاوانە کۆکردۆتەوە ناوبراو کەسایەتییەکی ناسراوە لەسەر تۆژینەوە لەئاینی یەزیدی. کۆمەڵێک لەم ئایەتی (وتانە)کۆکردۆتەوە لەگەڵ روونکردنەوەو چەندین روونکردەوەو شت بۆ زیادکردن بەهەردوو زمانی کوردی و ئەلمانی. پێشەکییەکمان بەزمانی ئەلمانی بۆ لەسەر نووسیوە. وەک رێزدانان بۆ هەولی پیرۆزی برامان کاک شەوقی فازیل. ئەم هاوکاری کردنە جێگای رێزو پێزانینە لەم بوارەدا. ئێزیدییەکان ٧ فریشتەیان هەیە هەریەکێک لەم فریشتانە دەشوبهێندرێنە سەریەکێک لەشێخەکانیان. پێشەوای ئەم فریشتانەش مەلەکە تاوسە Tawase Melek ، بەوەی کەرۆحی ئەم کەسایەتییە لەگەڵ تەن جیسمی دا دەگونجێ رێزدار شێخ هادی (ئادی)یە. ئەویش لەرووی شێوازەوە بەوەی کەگیانی کەسێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو چۆتە

جەستەی کەسێکی ترەوە، بەشێوازێکی تر بەدی کراوە، هەروەها Tawase بریتی نییە لەو مەلە یان بالندە ناسراوە بە (تاوس) (طاوس). چاکتر وانییە ریشەی ئەم وشەیە بگێردرێتەوە بۆ وشەی هیندۆ ئەلمانی کۆن، هەروەکو لەچەندین زمانی ئەوروپیدا بوونی هەیە، بەشێوازی جۆراوجۆر لەوانە Thoes ی یۆنانی بەواتای (یەزدان) (الرب)ەوە Dieu ی فەرەنسی بەواتای (یەزدان) لەسەر ئەم بنەمایە مەلیک تاوس بریتییە لەو مەلیکەی کەیەزدان هێناویەتە خوارەوە. بەپێی میسولۆژیای ئێزیدیەکان یەکەم گیان لەبەرە کەیەزدان دروستی کردووە.

٣٨- کاکەییەکان: ئەمان هەڵگری رێبازی ئاینی (کاکەیین) لەباشووری کوردستاندا. (کرکوک و دەوروبەری) هەروەها لەرۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان، پاوە، هەورامان) کە ناسراون بە (ئەهلی حەق) یان یاوەرانی ئاینی (یاریسان -Yae san). کتێبە پیرۆزەکانیش کەبەکوردی نووسراوە (زاراوەی گۆرانی) لەوانەش Dew rey Behlol ، سەردەمی بالوڵ، لەگەڵ Defteri - pirdwer کتێبی پردیوە، وا وتراوە کەکتێبی دووەم لە وتەکانی Sultan - sehak، (سولتان سوهاک) پێکهاتووە. ئەمیش بەلای لایەنگرانی ئاینی کاکەیی یەوە وێنەی یەزدان یان شێوازی یەزدان دەگەیەنێ. یەزدان بۆ یەکەم جار بەلای هەڵگرانی ئەم رێبازە ئاینییەوە لەسەر شێوەی (خاوەندگار) Xawend kara هەروەکو لەشێوازی (سولتان سوهاک)Sultan - sehak ، لەرێگای گواستنەوەی رۆح و شێوە داری. هەروەها بەلای ئەوانیشەوە یەزدانی ئەم جیهانە لەرێگای حەوت فریشتەوە بەرێوەدەبات. مەزنەکەیان Pir - Binyamen لەنێوانیاندا یەکێکیان کەناوی Daye Rezwar (دایکە رێزوەر) بەتایبەتی دەپەرسترێ ئاینی کاکەیی وەک ئاینی یەزیدی و عەلەوی راستەقینە وایەو ئاینێکی کۆمەلایەتییە بەواتە گرنگی دەدات بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ و پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە بەپلەی یەکەم لەوانەوە سەری هەڵداوە.

٣٩- بۆ ئاشنابوون بەوەرگێردراوەکانی ژیانی ئەم کەسایەتیانە دەکرێ بەسەر ئەو دوو سەرچاوەیەدا بچیتەوە. محمد ئەمین زەکی !( ناودارانی کورد کوردستان لەسەردەمی ئیسلام دا) وەرگێرانی محمد علی عەونی. قاهیرە. ١٣٦٦ کۆچی لاپەرە ١٩٤. عبدالكريم محمد المدرس. زاناکانمان لەخزمەتی زانین و ئاین دا محمد علی قەرەداغی بلاوی کردۆتەوە چاپی یەکەم ١٤٠٣/ ١٩٨٣ز (دار الحريه للطباعه - بغداد).

٤٠- سەرنج لەشێخ محمد خال بدە. پەندی پێشینان (حکم واقوال کردیه مأوره) سلێمانی ١٩٧١ر.

٤١- لەدەقەکەدا لەفزی (داگیرکەر) پێچەوانەی (گرتنەوە) لەبەر ئەوەی عوسمانییەکان وا خۆیان نیشان دا کەئاینی ئیسلامی جێ بەجێ دەکەن، کەچی زۆربەکەمی لەسەری دەڕۆیشتن. ئەوەی پەیوەندیشی بە وشەی ئەستەنبۆڵەوە هەیە ئەم تێبینی یەی خوارە وەمان لەسەری هەیە! نەتەوە پەرستە توندرەوە تورکەکان وشەی (الاستانه) (استنبول) لەوشەی (ئیسلام بول) ی تورکی وەرگیراوە. ماناکەشی وڵاتی موسوڵمانانە، یان (دار الاسلام) ئەمەش لەخۆی دا شێواندن و بەراوژوکردنەوەی حەقیقەت و مێژووە وشەی (استنبول) لەوشەی یۆنانی شێوێندراوە وەرگەڕاوە کە (کرنستانیتنوبل)ە لەسەرەتادا ئەم شارە کوردو یۆنانی تێدا ژیاوە، پێش ئەوەش بکەوێتە دەست تورکەکانەوە . لەوکاتەدا پەیوەندیەکی بازرگانی توندوتۆڵ لەبەینی دەوڵەتی بێزەنتینی و دەوڵەتی کوردان دا هەبووە، کەدەوڵەتی دۆستەکی بووە کەخاوەنی شارستانییەتێکی پیرۆزو بایەخداربووە. سەرنج بدە لە (عبدالرقیب یوسف) شارستانییەتی دەوڵەتی دۆستەکی لەکوردستانی ناوەند (سەرچاوەی پێشوو).

٤٢- سەرنج لەوەرگێڕانی ژیانی مەولانا ئیدریس بتلیسی لەکتێبی (زاناکانمان لە خزمەتی زانست و ئاین دا بدە. نووسینی عبدالکریم المدرس) (سەرچاوەی پێشوو).

٤٣- دکتور بلبح شیرکو: مەسەلەی کورد رابردووی کوردو ئێستایان لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی، خۆیبوونی کوردی نیشتمان پەروەر - بڵاوکراوەی پێنجەم ١٩٣٠ز چاپی دووەم - دار الکاتب - بیروت ١٩٦٨ز لاپەڕە ٤٥ - دکتور بلج شێرکو نازناوی زاناو لێکۆڵەرەوەی کوردی میسری خوالێخۆشبوو محمد علی عونی (خوالێی رازی بێ).

٤٤- دەوڵەتی بروسیای ئەڵمانی هاوپەیمانی تورکە عوسمانییەکان بوو لەسەدەی رابردوودا میرنشینی یە کوردیەکان یەک بەدوای یەکدا لەژێر فشارو هێرشی ئەمانەوە لەبەین چوون لەئاکامی هێرشی سوپایی عوسمانییەکانی کەپرچەک بوون بەچەکی ئەڵمانی ئەفسەرە ئەڵمانییەکان سەرپەرشتی ئەم پەلامارانەیان دەکرد لەناو ئەفسەرانە (هیلموت فون مولتکە) کەدوابەدوای ئەم شەڕانە بوو بە فیلد مارشاڵ لەسوپای ئەڵمانی دا. وە لەجەنگی جیهانی یەکەم دا جارێکی تر دەوڵەتی ئەڵمان

بوو بە هاوپەیمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.
لەراستیدا لەگەڵ ڕێکخراوی تورکە نازیەکان دا بەکۆمەکی دەوڵەتی ئەڵمانیا سولتان عبدالحمیدیان لەناوبرد. هێزەکانی ڕێکخراوی تورکە لاوەکان هەستان بەقەڵاچۆکردنی ئەرمەنییەکان - قەسابخانەی تۆقێنەریان بۆ سازدان. لەکوردستاندا، لەجەنگی جیهانی دووەمیشدا تورکیا بەشداری جەنگی نەکرد وەک لایەنگ بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی. بەڵام سەرکردە تورکەکان بەنهێنی لەگەڵ هیتلردل ڕێکەوتن بەوەی دەوڵەتێکی تۆرانی لەووڵاتی چینەوە تا قەفقاس پێکبهێنن، ئەوخەونەی کەسەرۆکەکانی ئەمڕۆی تورکیا دەیانەوێ وەدی بهێنن لەڕێگای هەڵخەڵەتاندنی ئەمریکاو ئەوروپاوە. بۆیە لە ١٩٤١/٦/١٨ دا تورکیا پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەڵمانیای نازی دا مۆرکرد لەونامە نهێنی یەی کە (بارون ئارنست مایتزکر) وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانی ناردی بۆ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (ربنبتروب) بەوەی ڕێکەوتن نامەیەک لەمەڕ پێکهێنانی دەوڵەتێکی تۆرانی پێکهات لەو کۆبوونەوەیەدا کەهیتلەرو نوێنەری دەوڵەتی تورکیا (نوری پاشا) ئامادە بوون تێیدا.

٤٥- سەرنج لەکتێبەکەمان لەبارەی (میرەکۆرە)وە بەزمانی ئەڵمانی کەلەساڵی ١٩٧٠ز دەچووە لەشاری هامبۆرغ. بەڵام وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی لەشاری هەولێر پایتەختی کۆماری کوردستانی فیدراڵی ساڵی ١٩٩٤ بەم شێوەیە بەچاپ گەیشتووە.

جەمال نەبەز میری کوردی محمد ڕەواندوزی ناسراو بە (میرەکۆرە) لەسەر لاپەڕەی ئاوێنە دیتراوەکان و بەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی. هاوکاریەکی زانستی یە بێ لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد. وەک باسێکی ئتروحەی زانکۆیی چاپکراوە ساڵی ١٩٧٠ز. لەزمانی ئەڵمانییەوە بۆسەر زمانی عەرەبی! فخری سیلاح شور وەریگێڕاوە. لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کورد بۆ زانست و هونەر. هەولێر ١٩٩٤ز.

٤٦- ئەمیر شرف خانی بتلیسی: شەرەفنامە لەمێژووی دەوڵەت و میرنشینی یە کوردیەکان وەرگێڕانی بۆسەرزمانی عەرەبی مەلا جەمیل مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی. بەغدا - ١٣٧٢ک / ١٩٥٣ز. لاپەڕە ٢١.

٤٧- عێراقی - نیشتمانی چیایە یەکێکە لەدەڤەرەکانی وڵاتی ئێران کەهاوسنووری عیراقی عەرەبییە (سەرچاوەی پێشوو) ژمارە ٤٦. لاپەڕە ٢١.

٤٨- ئەرمینیای بچووک: ئەو وڵاتەیە کەبەویلایەتی ئەدەنە ناسراوە - کلیکیا، و ئەرمینیای گەورە بەو وڵاتە دەگوترا کەکەوتبووە ڕۆژهەڵاتی گولاوی وان چیاکانی قەفقاس کە شاری ئەران و (یەریڤان) نیشی دەگرتەوە (سەرچاوەی پیشوو ژمارە ٤٦. لاپەڕە ٢١).

٤٩- عێراقی عەرەبی دەکەوێتە خۆرئاوای باشووری وڵاتی ئێران. دیاریەکرد ئەو شارە کوردیە ناسراوەیە ناوی رەسەنیشی Amed دە (ئامەد)، شوێن و نیشتەجێی میدیەکان بووەج، لێرەدا چەندین شارو شوێنی دیکە هەیە لەکوردستاندا بۆ رابوردوی میدیەکان دەگەڕێتەوە لەوانە:

Amed - (ئامێدی) عەرەب گۆڕیویانە بۆ (عمادیە) هەروەکو ناوی ئامەدیان گۆڕیوە بۆ (دیاربەکر) وەناوی AMEDE بە (عامودە).

٥٠- (٥١) بۆ زیادەی زانیاری دەربارەی ئەو ماوە مێژووییەش دەتوانرێ بەو باسەدا بچێتەوە کەبەزمانی ئینگلیزی لەزانکۆی پاریس رۆژی ١٩٩٣/١١/٢٨ ئەویش بەبۆنەی کۆنگرەی جیهانی کەلەژێر ناونیشانی [زمانی کوردی لەکۆتایی هەزارەی دووەم دا] خوێندومەتەوە.

Jemal Nebez: The Kurdish Language From Oral Tradition To Written LANGUAGE, Lecture given on 28 November 1913 in paris at the conference the Kurdish Language Towards The year 2000, conference organised by the Sorbonne University and the Kurdish Institute of Paris 28/22/11/1993.

هەروەها ئەوباسەی کەبەزمانی ئەڵمانی لەئەکادیمیای تیودورغویس

Gummersbach - Theodor - Heuss Akademie die Kur -

%oئەڵمانیا لەبەرواری ١٩٩٤/٢/٧ لەژێرناوی (زمان و ئەدەبی کوردی)

dishe Sprache and literatur

هەروەها ئەوباسەی کەبەزمانی ئەڵمانی بلاو کردەوە لەژێرناوی (زمانی نووسین لای کورد) لەمەوسوعەی لێکۆڵینەوە ئێرانیەکان - لایدن - ١٩٧٥، لاپەڕە ٩٧-١٢٢.

Jemal nebez Die Schriftsprache der kurden in Acta iranica. Monumentum H, S, Myberg. Deuxieme Serie. Volum II, Leiden 1979. s 97 - 122.

≤٥- مەلا ئەحمەدی کوڕی محەمدی بەهتی زخنکی، (العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزری) بەشی دووەم، قامشلی ١٩٥٩ - ٨٢٤.
٥٣- خانی لەنووسینی شاکارەکەی بووە وە لەساڵی ١٠٦١ کۆچی - ١٦٩٤ / ١٦٩٥ز ئەوکاتەی تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو خوێنەری زمانی ئەڵمانی دەتوانێ ئەوباسەم کە لە (دار الادب) : (memuzin) ، کەلەلایەن کۆمەڵی دۆستانی گەلی کورد نەمساویەکان و ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر لەنەمسادا. بۆزانین من ئەو شاکارەم بۆیەکەم جار وەرگێڕاوە لە شەستەکانەوە کاتێک خوێندکاربووم لە زانکۆی هامبورغ - رێکخراوی نوکسە (Nakse)
ئەرکی چاپکردنی لەساڵی ١٩٦٩ گرتە ئەستۆ.
٥٤- تێبینی پەراوێزی (٥٣)بکە.
٥٥- تێبینی وشەی (عیفریت) بکەو بەراوردی بکە بەبۆچوونە کۆنەکە لەسەری بەلایەن (مسعودی) یەوە یان کەسانی تر: بەوەی کورد تایفەیەکن لەجنۆکە، کەیەزدانی مەزن پەردەی لەسەر هەڵماڵیون - ئەوان بەواتە (کوردان) لەئاکامی ژن و ژن خوازی لەنێوان، عفریت و مرۆڤ دا بەدنیا هاتوون.
٥٦- ئەم داواکاریە لەساڵنامەی میرنشینی (دیاربەکر) داهاتووە لەساڵی ١٨٨٤ سەرنج لەپەراوێزی ژمارە ٣٠ بدە.
٥٧- سەرنج لەبتلیسی بدە: شەرفەنامەو سەرچاوەی پێشوو: لاپەڕە ٢٦.
٥٨- بەزمانی فارسی: زبان اول واخر است.

ترکی هنر أست
فارس شکر أست
کوردی گوز خر أست

٥٩- بەزمانی کوردی:

mewcan farsi sekiren
Herv and
Kurdice Iay min sirntiren
Malumen cedewir dinyay bedenes
Dilsaden herkes be zimani wes
Ereb in Kari Fezli ewe nakem, efzelin. 60 Emma.
Selaheddin ke dinyayigirt, le zumrey kurdi Baban bu

٦١- شمس الدين سامي: فەرهەنگی راگەیاندن، بەشی پێنجەم/ ئەستەنبۆل - ١٣١٤ کۆچی [ ١٨٩٦/ ١٨٩٧ ]لاپەڕە ٣٨٤٢.

٦٢- شێخ مارفی نۆدێ (الشیخ معروف النوریی) ، ئەحمەدی (احمدی) چاپی دووەمین (الطبعە الثانیە) سلێمانی چاپخانەی ژیان (مطبعە زیان) ١٩٥٣.

٦٣- شێخ مارفی نۆدێی: ئەحمەدی. سەرچاوەی پێشوو (پێشەکی) بۆ زیادەی زانیاریەکانت دەربارەی زانست و چاکەکەی شێخ مارفی نۆدێیی دەتوانی بۆ کتێبی: شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجی بگەڕێتەوە بەخامەی مامۆستا شێخ محمدی خال - بەغدا ١٩٦١.

٦٤- خیرالله تلفاح: شعوبیەت دوژمنی یەکەمی عەرەبیە. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٥ - ١٥ - ١٧.

٦٥- بەلام تورکمان نتەوەیەک بوون لەنەتەوەکانی ئاسیای ناوەند. بەیەکێک لەزاراوەکانی تورکی کەوەک هەموو زاراوەکانی تری تورکی وشەی عەرەبی بەسەریدا زاڵە لەگەڵ کوردی و فارسی. ریشەی ڕەگەزی تورکی و تورکمانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی چیاکانی (ئەلتای) لەبەر ئەوە زمانەکەیان لەڕووی دابەشکردنی (فیلولۆژیەوە) دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکانی (تائی) کۆچڕەوی تورکمانەکان لەنیشتمانی ئەسڵی خۆیانەوە بۆ ولاتی خیلافەتی ئیسلامی ئەوەی ئەوکاتە ئێران و کوردستان و عێراق و ولاتی ئەنادۆڵ و ولاتی شام، و حیجازو ناوچەکانی تری دەگرتەوە لەسەردەمی خەلیفەی عەبباسی (معتصم باللە) کەوا لەساڵی ٨٣٣ز فەرمان ڕەوایەتی گرتە دەست، دەستی پێکرد. لەوکاتەی ژمارەیەکی زۆری لە تورکەکانی دایشتووی خۆراسان ولاتی ئەودیوی رووباری (ما وراء النهر)ی هێنا بۆ بەغداو هێزێکی شەڕکەری لێ پێکهێنان لەسەرشێوەی شەڕکەرو بەکرێگیراو بەناوی (غیلمانی تورکی) بۆ ئەوەی پارێزگاری خۆی پێ بکات بەرامبەر نەیارە عەرەبەکانی و فارس و کوردەکان لەگەڵ رۆمیەکان. خەلیفە معتصم لغاوی لەسەر ئەم تورکانە داماڵی بوو کەدوو سەرتیپی تورکی کەناویان [ئیتاخ - وصیف] بوون بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆیان ولات تالان بکەن و دانیشتوان بروتێننەوە بەتایبەتی لەکوردستاندا و لەسەردەمی بزوتنەوەی شۆڕش شۆڕشگێڕی پیشکەوتن خوازی کوردی [بایەکی خورەمی کەناوی لەم باسەی مندا هاتووە هەروەها لەسەردەمی دامرکاندنەوەی شۆڕش سەرکردەی کوردی ئێزیدی جەعفەری کوڕی حسن. (میرجێژن) دا لەموسڵ.

دوای ئەوەی معتصم ئاواتەکانی بەدیهاتن، دەنگی برین و بلاوەی پێکردن. بەشێکی بەرچاویان لەو لەشکرە تورکانە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان بەشێکیان بوون بەچەتەو ڕێگر لەکوردستان و ئێران. بەشێکی لەبەیان و ئەفشاریەکان لەکوردستاندا جێ نشین بوون. دوای ئەوەی دەوڵەتی بۆهیمی پێکهات لەسەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی - کوردستان و عێراق و ئێرانی داگیرکرد تورکەکان نۆکەرایەتی خۆیان بۆ سەرکردەکانی ئەم دەوڵەتەش ڕاگەیاند و بوون بەنۆکەرو جاشی دەوڵەتی بۆهیمیش. هەستان بەکوشتنی خەلیفەی عەبباسی (مستطفی بالله) هەرچی فەسادو بێ ڕەوشتی یەک هەیە لەسەر ئەرزدا بەئەنجامیان گەیاند.

ڕووبەڕووی ئەوهێزە بەکرێ گیراوەدا دوو سەرکردایەتی دەوڵەتی کوردی بەدنیا هاتن: یەکێکیان دەوڵەتی حەسنەوی بوو لەکوردستان کەناوچەکانی لورستان و خۆزستان و دووەمیان میرنشینی کوردی شاهینی بوو لەناوچەی کوت و زۆنگاوەکان. لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی دا تورکە سەلجوقیەکان توانیان بەسەرکردایەتی (ئەلپ ئەرسەلان) میرنشینییەکی بەهێزیان دروست کرد بەوە توانیان هێزو دەسەلات لەهەردوو میرنشینی دەوڵەتی کوردی بستێنن. هەروەکو توانیان دەسەلات لەدەست بۆهیمیەکانیش بستێنن لەگەڵ خوارزمیەکان دا. پشتگیری عەباسیەکانیان کرد. دوای ئەوە پەلاماری هێرشەکانی جەنگیزخانی مەگولی دەستی پێکرد (١٢٠٣ - ١٢٢٦ز) لەگەڵ هۆلاکۆی تەتاری [١٢٥٨ز) کەتوانیان کۆتایی بەخیلافەتی ئیسلامی بهێنن بەمە ڕووبارو جۆگای خوێن لەکوردستان و بەغداو ئێران دا سەری کرد. هەر لەوسەردەمەوە تورکومانەکان لەهەندێ ناوچەی ئازربایجانی کوردی دا جێگیربوون و دەستیان کرد بە هەلکێڕانەوەی دانیشتوانی و بەتورک کردنیان.

لەهەمان کاتدا، لەبەغداو کوردستان و ئامەد(دیاربەکر) و کەرکوک و شارەزوور هەندێ کاربەدەستی تورکی بچووک بالادەستبوون. کاتێک تیموری لەنگی مەگۆلی دەرکەوت (١٣٣٢ - ١٩٦٩) بەسەر سەرجەم کاربەدەستە تورکمانیەکان دا زاڵبوو و لەناوی بردن. دەستی کرد بەبەربەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە لەباکوری خۆر ئاوای ئاسیای بچووک پێکهاتبوو لەکۆتایی سەدەی سیانزدەهەمی زاین دا. (١٢٩٩ز) تا سوڵتان بایزیدی عوسمانی بەدیلی کەوتە دەست تیموری لەنگ (١٤٠١ - ١٤٠٢ز) کوردەکان لەو سەردەمەدا توانیان خۆیان کۆبکەنەوە جارێکی تر، وە تورکە داگیرکەرەکان لەکوردستان دەربکەن. چەند میرنشینی یەکیان

دامــەزراند. لەبۆتـان و بتلیس و مــوكــریان و ئەردەلان و شـــارەزوور و بادینان (دەربارەی ئەم سەردەمە سەرنج لەشەرەفنامە بدە نووسینی زانای گەورە شەرەفخانی بتلیسی) كەلەم باسەی مندا ناوی براوە.

لەكاتێكدا (سەفەویەكان لەئێراندا سەریان هەڵدا لەسەرەتای سەدەی پانزەهەمی زاینی) لەڕیشەوە سەفـەویەكـان لەخێـزانێكی كوردیەوە بەدنیـاهاتن ، كەشێـخی دەروێشـە سـونـیـیـەكـان بـوون، بەڵام دوایی وازیان لەڕێبـازی سـونـنە هێناو بوون بەشیـعـە، زۆربەی سـوپاكـەیان لە توركـمانەكـان بوون - چەندین شـەڕی خـوێناوی لەنێـوان سـەفـەویەكـان و گـەلی كـورددا بەرپابوو. وەلەبەینی سـەفـەویەكـان و عوسمانیەكاندا هۆكاری ئاشكرای دەمارگیری مەزهەبی (شیعەیی و سوننەیی)بوو. سەفەویەكان هەوڵی ئەوەیان دەدا دەسەڵاتی تەواوی كوردو میرنشینییەكانی لەبەین بەرن هەروەكـو لەم لێكۆڵینەوەیەدا باسی لەسـەركراوە. بەم هۆیە كـوردەكـان لەگـەڵ عـوسـمـانییـەكـان ڕێككەوتن سـەفەویەكان لەشەڕی (چالدێران)دا تێكشكاندووە لەساڵی (١٥٢٣ - ١٥٢٤ز) سەرلەشكری كورد (زولفەقار كەلهور) توانی بەغدا داگیربكات. وەفەرمان ڕەوایەتی تێدا بكات تا ساڵی (١٥٥٥- ١٥٥٦ز). دوای ئەوە بەئارەزووی خۆی ئەم دەسەڵات داریەی گواستەوەو دای بەسولـتانی عـوسمـانی سلێمانی قانونی. دوابەدوای ئەم ماوەیە سەرجەم توركومانەكانی كوردستان و عێراق پەیوەندیان بەدەوڵەتی عـوسـمـانی كـردەوە. دەوڵەتی عـوسـمـانی ڕاپێـچی كـردن بۆ دەڤـەری تازەخـورمـاتوو لەكـاتـی خـۆی ناوی بەپێی بۆچوونـی زانای ناوداری كـورد محمد جمیل ڕۆژبەیانی سوارچاكی زمان زانی كوردی و توركی و فـارسی و عەرەبی لەگەڵ شارەزایەتی لەمێژووی ئیسلامی و فـیـقـهی ئیسـلامـی. (خۆی لێن) (خۆی بەكـوردی هەر خـوێ یە)وە بەتوركی طوز، كـەچی ئەم ناوە لەزمـانی عـەرەبیـدا چەواشەكراوە بۆ (خولنجان)و خولنگان.

بەڵام توركـەكان بۆ وشـەی طوز خورمایان زیادكـرد (بەزمـانی كوردی و فـارسی و توركی) هـەر خـورمـایە. وەتو بەمـانای (توت) ئەمـەش ئەو سێ شـتـەن كـەتەیموری لەنگ لەگەڵ خۆیدا بردن بۆ وڵاتەكەی خۆی.

بەڵام سەفەویەكان لەسەردەمی جەنگەكانیان دا بەرامبەر عوسمانیەكان و میللەتی كـورد وەداگیـركردنی باشووری كـوردسـتـان و عـیراقدا (١٥٠٢ - ١٥٢٤ز) هاتن توركمانە شیعـەكانیان لەئازربایجانەوە هێناو لەباشووری كوردسـتان دا جێگیریان كردون.

وەک دەڤەرەکانی - کفری - قوورەتوو - تازەخورماتوو - بەشیر - لەیلان - لەوان بنکەیەکی سەربازیان پێکهێنا. ئەم ناوچەیەش بەپیت و بەرەکەتن بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات. بەڵام د وای ئەوەی سەفەویەکان دەربەدەرو ترزۆکران بۆ وڵاتەکەی خۆیان دوای شکست خواردنەکەیان. تورکمانەکان لەگەڵیاندا نەگەڕانەوە لەبەرئەوەی باری ژیان و گوزەرانیان زۆرباش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی دەسەڵاتداری عوسمانیەکاندا، عوسمانیەکان هەوڵی بڵاوبوونەوەی زمانی تورکیان دا لەکەرکوک بەم هۆیەوە زۆربەی خێزانە ناودارە کوردیەکان بەشانازیەوە زمانی تورکی بەکاردەهێنا بۆ قسەپێ کردن - شتێکی زانراوبوو کە دەمارگیرە ڕەگەزپەرستەکان لەتورکمانەکان ئەوانەی کەبەڕیشە کورد بوون وەک (شاکر سابیر) کەناوە ئەسڵیەکەی ناسراوبوو بە (شاکر نانەوا) هەروەها بنەماڵەی حاجی عەتا ئاغا لەهەولێر کە لەریشەوە لەخێڵی گەردی بووە کەعەشیرەتێکی کوردن.

هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هەتا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی لەعیراقدا ( ١٩٢١ - ١٩٥٨ ) تورکمانەکان هیچ نفوزو دەسەڵاتێکی بەرچاویان نەبووە لەباشووری کوردستاندا جیا بەوەی سەر بەدەوڵەتی تورکانی بوون دەوڵەمەندەکانیشیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ناوچانەدا هەبووە کەبازرگانیان تێدا کردووە تێدا ژیاون. بەڵام دوای ئەوەی پەیمانی بەغدا مۆرکرا کەدژ بە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد بوو لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەبی تورکمانەکان بەهەموو هێزێکیانەوە پشتیوانیان لەو پەیمانە ئیمپریالیزمی یە کرد. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی تورکان ئەندامێکی گورج و گۆڵی ئەم پەیمان نامەیە مۆرکراوەبوو.

لەگەڵ ئیران و پاکستان و بەریتانیا و عیراقدا. ئەمەو یەکێک لەسەرکردە تورکومانە بە ڕەگەز کوردەکان لەکەرکوک (شاکر سابیر) هەروەکو باسمان کرد نووسراوێکی ڕاگەیاندو بڵاویکردەوە لەژێر ناوی (کورتەیەک لەمێژووی تورکومانە لەعێراقدا).

بۆ ئەوەی بایەخ و ڕێز بۆ پەیمانی شومی بەغدا دابنێ کەتێیدا هاتبوو کەچەندین لە عەشایەرە کوردیەکان لەریشەدا تورکمانن.

دوای ئەوەی سەرۆک عبدالکریم قاسم شۆڕشی چواردەی تەمووزی سەرخست ١٤ تەموز ١٩٥٨ ز ڕژێمی پاشایەتی کۆتایی پێ هێناو ڕژێمی کۆماری ڕاگەیاند.

تورکمانەکان دژ بەم شۆڕشە ئازادیخوازیە وەستانەوە لەرۆژی لەدایک بوونییەوە.

یەکێک لەسەرکردەکانیان کە عمرعلی بوو یاخی بوونی راگەیاند - گیرا - درایە دەست (دادگای گەل) دوای ئەوەی سەرۆکی کۆچ کردووی کورد (مصطفی بارزانی) دوای گەڕانەوە لە دورخراوەیی بۆ کوردستان و هەستا بەسەردانی شاری کەرکوک و بووبەمیوانی (یانەی ئەفسەران) لەکەرکوک لەدوا بەدوای ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ز تۆرانیەکان هەوڵی هەڵچوون و بزووتنەوەیاندا. بەڵام لەهەمان کاتدا رۆڵەکانی گەلیان راپەڕین لەگەڵ ئەفسەرو سەربازە کوردەکاندا - فیتنەکەیان کوژاندەوە زۆر بەپەلە. تۆرانیەکان بەهاوکاری بەعسیەکان و نەیارەکانی رژێمی نوێی عبدالکریم قاسم ئەم کارەیان ئەنجام دا. لەبەر ئەو سەرکردە نیشتمانییە بەناوی برایەتی کوردو عەرەب و کەمە نەتەوایەتیەکانەوە دەداو لەعێراقدا. بۆتا هەتایە پەیمانی بەغدا گۆڕبەگۆڕ کرد. یەکێک لەسەرکردەکانیان کە (ناظم طبقجلی)کەی قائد فرقەی کرکوک بوو لەگەڵ عەقیدی بەعسی (عبدالامیر الشواف) قائدی لیوای موسڵ - بۆ خۆشکردنی ئاگری فیتنەیەی (الشواف) لەموسڵ.

هەروەکو سەرۆکە تورکومانەکان لە ١٩٥٩ بەهاوکاری لەگەڵ بەعسیەکان داو نۆکەرەکانی شەریکەی نەوتی عێراق .I. P. C پیلانێکی گلاویان سازدا بۆ ئەوەی ئەو کۆمۆنیستانەی کەلایەنگیری قاسم بوون بەتەڵەیانەوە بکەن.

بەراستی کۆمۆنیستەکان کەوتنە تەڵەکەوە، پەلاماری راستەوخۆ لەنێوان کۆمۆنیستەکان و تۆرانیەکان بەرپابوو. ئەویش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لەتورکمانەکان بکوژرێن. ئەوانەی کەبەعسیەکان و تۆرانیەکان وەک کراسەکەی عوسمان دژ بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی لەعێراقدا بەکاریان هێنان لەگەڵ نەیاری بەرامبەر بزوتنەوە سیاسیەکانی میللەتی کورد.

دوای ئەوە پەیوەندی و هاوپەیمانی لەنێوان بەعسیەکان و تۆرانیەکان بەقوڵی دامەزرا. تۆرانیەکان و بەعسیەکان تیپی چەقۆکێش و پیاوکوژیان دروست کردن لەکەرکوک دا. ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی پارتی کۆمۆنیست و کوردەکانیان کوشت. لەگەڵ دیموکراسی خوازە عەرەبەکاندا هەتا کۆمەڵێک لەو پیاوە چاکانەی کەهیچ پەیوەندیەکیان بە کۆمۆنیستەکانیشەوە نەبووە وەک: صدیق بلوکین سەرنووسەری رۆژنامەی رای گەل (الرأی العام) لە کرکوک - کەلێپرسراوی لقی کەرکوکی پارتی نیشتمانی دیموکراسی عێراقی بوو بەسەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو (کامل چادرچی) باشە لێرەدا ئەوەیە کە تورکە تۆرانیەکان هەر لەسەرەتای

بەدنیاهاتنی رژێمی کۆماری لەعێراقدا دژ بەهەموو داخوازیەکی دیموکراسیانەی نەتەوەی کورد بوون.
کاتێک ئێمەی مامۆستای ناوەندی و سەرەتایی لەیەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەستاین بەپێشکەشکردنی داخوازی نامەیەک بۆ سەرۆک قاسم وەزیری پەروەردەی ئەو سەردەمە دکتۆر (جابر عمر باسم) بەناوی مامۆستایانی ئازادی خوازەوە داوامان کردبوو کە میللەتی کورد پێویستە مافی فەرهەنگی بدرێتێ - بەدامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی مەعاریفی کوردستانی گشتی. بنکەکەشی کەرکوک بێت. ناوبراوی تۆرانی (ناظم طبقچلی) هەستا بە دژایەتی کردمان (سەرنج لەیادەوەریەکانی طبقچلي بدە). دژایەتی کردن و گەردەش و ئاشوب نانەوەیان بەردەوام بوو تاگەیشتە ئەو رادەیەی کۆنگرەیەکیان بەست بەناوی (کۆنگرەی مامۆستایانی تورکمان) رایانگەیاند بەوەی تورکمانەکان نایانەوێ لە قوتابخانەکانیاندا بەزمانی تورکی بخوێنن، بەڵکو دەیانەوێ بەزمانی عەرەبی بخوێنن ئەویش لەبەر ئەونا کەرێز لەزمانی عەرەبی دە گرن و خۆشیان دەوێ و دۆستی عەرەبن. بەڵکو لەبەر دوژمنایەتیان بەنەتەوەی کوردبوو. وەبەرپەرچی دانەوەیەکی ناشەریفانەبوو کەلەئەنجامی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لەشەقلاوە دەریان بڕی. کە لە ١٣/٩/١٩٥٩-١١ بەستراو تێیدا بڕیاریاندا لەقوتابخانەکانی کوردستان دەبێ بەزمانی کوردی بخوێندرێت. فاتح بەگ کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری دواناوەندی کەرکوک بوو لەتورکمانە ژیرو وشیارەکان بوو، دەربارەی ئەو بڕیارە ناماقوڵانەی تورکمانەکان ئەو پەندە کوردیەی لەبەرامبەردا وت:( کەرە دێزە ئاواتی تۆبینی خۆبەتی بۆ ئەوەی زەرە لەخاوەنەکەی بکەوێ) وە وتی دوژمنایەتی کردنیان بەرامبەر میللەتی کورد رووناکی لەچاوان بڕیوە، ئەمەش نموونەی دان پێدانانێکە لەکەسێکەوە کەخودی خۆی سەر بەنەتەوەی تورکمانە. کەچی لەکاتی هەڵگەڕانەوە شومەکەی هەشتی شوباتی بەعسیەکاندا (١٩٦٣)ز تۆرانیەکان وەک نۆکەرو بەکرێ گیراو لەهێزی □چەقۆکێشە فاشیستە ناسراوەکانی بەناو (پاسەوانی نەتەوەیی) (الحرس القومي)دا دژ بەگەلی کوردی بێ تاوان بەشداریان کرد بەهەموو شێوازێک - بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەعسیەکان و بەتایبەتی سەرۆکەکەشیان (صدام حسين) دانی بەبوونی نەتەوییان دا نەنا بەقەدەر تالەموویەک بەرەوای نەناسین - و دەستی کرد بە کوشتن و گرتن و دەربەدەرکردنیان لەبەر ئەوەی بەعسیەکان باوەڕیان بەوەنەبوو کە تورکومانەکان هاونیشتمانیەکن بۆیان هەبێت مافی نەتەوایەتیان پێ

بدرێ. بەڵکو وایان تەماشا دەکردن کەسیخوڕی دەکەن لەخزمەتی دەوڵەتی تورک دا. لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی هەندێک لەسەرکردە تۆرانییەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەراوەدونان و گرتنە بپارێزن هەستان خۆیان گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بۆ ئەوەی لەباوەشی گەرمی رۆڵەکانی نەتەوەی کوردا بحەوێنەوەو شۆڕشی کورد ببێتە چەترێک بۆسەرییان. بەڵام کاتێک رێکەوتنی ئازار مۆرکراو دەوڵەتی بەعس دانی نا بەمافی نەتەوایەتی کورد، لەنێوان سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە سەرۆکایەتی بەڕێز مصطفی بارزانی لەئازاری ١٩٧٠ز بەعسیەکان ناچاربوون کەدان بەمافی کورددا بنێن بەحوکمی زاتی ، هەرچەندە بۆماوەیەکیش بوو.

ئەمەو لەکاتێکدا مافی تورکمانەکان بەناچاری بوو لەباوەڕەکانی شۆڕشی ئەیلولی کورد دا - بەعسیەکان بەدژایەتی نەتەوەی کورد هەندێ مافی رۆشنبیریان بڕیار بۆ دان - بۆ تورکمانەکان - ئەویش ئاکامەکەی ئەوەی لێ شین بووەوە کەهەردوولا بەکاریان هێنا: بەعسیەکان و تۆرانیەکان لەسەریەک ئاستی بیرکردنەوە دژ بەمیللەتی کورد بۆ ئەوەی یەکێتی ناوچەی حوکمی زاتی کوردستان لێک هەڵبوەشێنن.

کەچی بەعسیەکان لەماوەیەکی کورتدا ئەم مافەی تورکمانەکانیان رەتکردەوە هەنگاو بەهەنگاو، دوای داگیرسانەوەی ئاگری شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەئازاری ساڵی ١٩٧٤ز دا. ئەمەو لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان کرد بەراوەدونیانی سەرکردەکانی بزوتنەوەی تورکە تۆرانیەکان کەناسرابوون بەچالاکی سیاسیان.

ئەمەش ئەو سەرکردە تورکمانانەی ناچارکرد کەرابکەن و خۆیان بگەیەننە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان و پەنا بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەرن لەچیا سەرکەشەکانی کوردستان.

ئەوەبوو سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەخێرهاتنی لێ کردن شوێنی حەوانەوەی پێ بەخشین، خواردن و خواردنەوەی بۆ دابین کردن بۆ ئەوەی لەبرسیەتی پارێزراوبن و لەترسیش رەهابن. یەکێک لەو سەرکردە تورکمانانە تۆرانیانە عزالدین قۆجەوەی بوو هەروەکو لەوەپێش باسمان کرد. هەروەها لەراپەڕینی ١٩٩١ز جەماوەری پیرۆزدا لەکوردستان و عێراق رووبەڕووی رژێمی صدامی خوێن مژ، ئەوەبوو زۆربەی باشووری کوردستان رزگارکرا لەوانەش ئەوناوچەیەبوو کە کەمایەتییە تورکە تۆرانیەکانی تێدا نیشتەجێ نشین بوون لەکەرکوک، تورکومانەکان هیچ رۆڵێکیان

نەدیت کەشایەنی باس بێت. وەلەکاتێکدا صدام بەسوپایەکی بێ شومارەوە گەڕایەوە کوردستان، دوای تێکشکانە ئابڕو بەرانەکەی لەکوێت دا. دەستی کرد بەقەلاچۆکردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد بەلووت بەرزی و خۆبەزۆرزانی و خۆ بەفیرعەون دەرخستن، هەروەکو پەندە کوردیەکە دەڵێ: حیز هەربەحاڵی خۆی فێرە (hiz bixaloyxoy fere) ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کەدوومليۆن و نیو لەرۆڵەکانی نەتەوەی کورد سەرنجی سەرجەم میللەتان و وڵاتانی دنیا بۆ لای خۆی رابکێشی بەرووی ئەو قوربانییە زۆردارانەی نەتەوەی کورد بەخشیویەتی لەرێگای قەسابخانەی ئازادی و رزگاریدا. ئەوەش ئاکامەکەی پێکهاتنی ناوچەی پارێزراو بوو لەژێرسایەی هێزی نێو نەتەوەیی بەناوی چەکوشی ئامادە بۆ پارێزگاری کوردان لەناوچەیەک دا کەژمارەیەکی کەم لەکەمە نەتەوەیی تورکمانی تێدا دەژیت. نەتەوەی کورد، هەرچی لەدەستی هاتبێ و پێی کرابێ بۆ خزمەتی ئەو برا تورکمانانەی پیشکەشی کردووە. چ بۆ خۆیان یان ئەوانەی لەشوێنی ترەوە بۆی هاتوون و لەو ناوچەیەدا جێگیربوون. تورکمان بەهۆی لێبوردەیی گەلی کوردەوە، کەشانازی پێوەدەکات، لەکتوپڕێکدا بوون بەخاوەنی خوێندنگا بەزمانی خۆیان، دەزگای بڵاوکردنەوەو تەلەفزیۆن و رۆژنامەو گۆڤار تەنانەت پێکهاتنی پارتی سیاسی، ئەمەش لەگەڵ فشارو تەنگەتاوکردنی صدام لەبەغداو نۆکەرەکانی لەکوردستاندا.

ئەمە تورکمانەکان جیالەوەی کەدەبوو ئەمڕۆ لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوەو پشتگیری و دۆستایەتی نەتەوەی کورد بکەن بەتایبەتی سەرکردە تۆرانیەکان، ئەو چاکەیان لەبەرچاوبێت - کەچی زیاتر لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا چوونە پێشەوەو (نانیش دەخۆن ناندێنیش دەدڕن) ئەو دەوڵەتی تورکەی کەهەرگیز باوەڕی بە بوونی کورد نییەو حەز بە چارەی هیچ کورد ێک ناکات. ئەو دەوڵەتی تورکەی کە ئێستا بە پۆستاڵەکانی سەربازە بەر بەریەکانی مافی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کوردی خستۆتە ژێرپێیەوە، ئێستا تورکمانەکان لەبارودۆخێک دان لەقوتابخانەکانیان دا سرودی تورکی حەماسەت خولقێن و فاشیزمی و خۆ بەزۆرزان فێری منداڵەکانیان دەکەن - کەتێیدا دەیانەوێ رەگەزپەرستی تورکان بەوەی شانازی تێدا بە ئەتاتۆرکەوە دەکەن.

ئەو ئەتاتۆرکەی خودی هیتلەر لەبارەیەوە وتویتی: ( ئەتاتۆرک مامۆستای من بووە) لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ ئەوتورکە تۆرانیانە هەل و مەرجی برسیەتی و باری ئابووری نالەباری کوردیان کردووە بەهۆکارێک پارەو ئازوقە لەدەوڵەتی تورکیا وەردەگرن بۆ ئەوەی بەناوی یارمەتی بۆ هەژارانی کورد دابەشی بکەن لەبەرامبەر

ئەوەی ئەو بنەماڵە کوردانە ناوی خۆیان و سەرجەم خێزانەکانیان بەتورکمان بنووسن لەهەولێــرو ناوچەکـانی تردا. بەزۆرو دڕندانە ، وەک بەردەوامی لەسـەر یارمـەتی تۆرانیـەتی تاوانکاری و رەگـەزپەرسـتـانەیان هەروەکـو لەسـەرەتای دامـەزراندنی دەولەتی تورکـان هەر ئەوە هەڵوێسـتـیـان بووە لەسـاڵی (١٩٢٣)ز ینەوە تارۆژی ئەمڕۆ. ئەمـەش بەشـاراوەیی نا بەڵکو لەبەرچاوی سـەرجەم سـەرکردە کوردەکـان و، لەبەر گوێی ئەوان کەئەمڕۆ فەرمان رەوایەتی کوردستان دەکەن و ئەمڕۆناکۆکی نێوان خۆیان زەمینەیەکی لەبارتری بۆ ئەم رەگەزپەرستانە رەخساندووە. تەنانەت رۆژنامەی (العراق) کە رۆژنامەیەکە بەزمانی ئەو کوردانەوە دەدوێ کەسەر بەرژێمی صدامن. وتارێکی بڵاوکردۆتەوە دەڵێ: دەزگای موخابەراتی تورکی (میت) لەچالاکی پتردایە بۆ کردنەوەی قوتابخانە بەزمانی تورکی تاڵ و رێگایەوە هەر لەسەرەتای منداڵیەوە - نەوەکـانی گەلی کـورد بکەن بەتورکـمـان و رۆشنبیـری تورکـمـانی و تۆرانیـەت بڵاوبکەنەوە نۆکـەرەکـانیـان وەک سـەربازی بۆ تورک باربێنن!( لەزمـانی رۆژنامـەی)(الشـرق الاوسط)ەوە وتارێکی لەژێر ناوی: (بەغـدا ئەنقـەرە تاوانبـار دەکات لەسیاسەتی بە (تورک کردنی هەولێر)دا.

تارادەیەک کـەمی حەیاو دژکـاری و کینە سـۆزی نهێنی لەدڵی ئەم تۆرانیانەدا دژ بەمـیللەتی کورد گـەیشـتـۆتە رادەیەک نوێنەری بەناو (بەرەی تورکـمانی عێـراقی) (عصمت قوجان) بۆ هەواڵ نێری (الشرق الاوسط) زۆر بەبێ شەرمیەوە بڵێ:(ئێمە ئەوە رەتدەکەینەوە کەوشەی کوردستان لەجێگای باکوری عیراقدا بەکاربهێندرێت. بەدەلیلی ئەوەی کـەلەباکوری عـێراقـدا تەنیـا کـورد ناژین و تـورکـمـان و ئاشـوری و زێباری و یەزیدیش و عەرەبیش هەن.

هەربەپێی ئەو بنەمایەی (کەتورکمان بەشێکن لەنەتەوەی تورک، وە وای راگەیاند کە رێژەی تورک لەعیراقدا بەرادەی ٢١٪ بەپێی کۆی سەرجەم دانیشتوانی عێراق.

بەڵێ: قـۆجان بەگ قـبولی ئەوەناکات کوردسـتـان بەکـوردسـتـان ناو ببرێت لەبەر ئەوەی لە کـوردسـتـاندا چەند هەزار تورکـمـانێک دەژین بەڵام دەوڵەتی دروستکراوی تورکـیـا بۆی هەیە بە (تورکـیـا ) بناسرێت لەگەڵ ئەوەدا کـە ٢٠ ملیۆن کـوردی تێدا دەژی. کە لەدانیشـتـوانی رەسەن و ریشە داکوتراوی وڵاتەکەن. جیالەوەی بەملیۆن عەرەب و یۆنانی و لازو چەرکەش و ئەرمەنی و ئاشوری تێدا دەژین. هەروەکو دەڵێن یان گـوتراوە (حەیا تنۆکـێکە) لەگەڵ ئەمانەشدا - عەشیرەتی زێباری و یەزیدیەکان کەرەسەنی کوردن بەناکورد دانانیان جەهالەت و خۆگێل کردنە پێش ئەوەی بەرەگەز پەرستییەکی کوێرانە لەقەڵەم بدرێ.

جێگای پێکەنینە ڕێژەی تورکمان ٢١٪ دابنرێت لەگەڵ سەرجەم دانیشتوانی عێراقدا خۆ ئەگەر ڕێژەی کورد بەوپێیە دوو ئەوەندەی تورکمانەکان بێت بەوپێیە ئەوا ڕێژەی سەرجەم دانیشتوانی کورد ٤٢٪ کەواتە ڕێژەی کوردو تورکمان دەگاتە ٦٣٪ لەکۆی سەرجەم دانیشتوانی عێراقدا. هەروەکو لەعێراقدا نەتەوەی تر هەن وەک ئاشوری و فارس و سابئە. ئایا دەبێ قۆجان بەگ چ ڕێژەیەک بۆ عەرەبەکانی دانیشتووی عێراق ببەخشێت..؟ لەکاتێکدا بەهەر پێوانەیەک ڕێژەی تورکمان لەعێراقدا بخەملێنیت لەسەد هەزارکەس تێ پەڕناکەن.

٦٦- ئەوەی پەیوەندی بەشاری کەرکوکەوە هەیە واخەملێندراوە کەدانیشتوانی دەگەنە سی هەزار کە (٢٣) هەزاریان کوردن و ٧ هەزارەکەی تریش تورکمان و جولەکەو کلدان و ئەرمەن و عەرەبن. هەروەکو لەکتێبی (قاموس الاعلام)دا هاتووە.

٦٧- سەرنج لەکتێبی (افسانه خلقهای ایران)(اسطوره)(الشعوب الایرانیه) ئەفسانەی گەلانی ئێران بدە بەپێنووسی م ماکان فلورنس/ ئیتالیا ١٩٦٩ز (نیگاه انتشارات مزوک لاپەڕە ٣-١٠) کەتێیدا نکوڵی لەبوونی گەلانی ئێرانی دەکات. بەکو ئەو وای دادەنێت: کوردو تورک و ئازەریەکان و بلوج جیا لەوانیش هەموویان بریتین لەخێڵە فارسەکان وە زمانەکانی کوردی و ئازەریش لەزاراوە فارسیەکانن. دەتوانی سەرنج لەگۆڤاری (نهضت)بە واتە ڕاپەڕیت، کەزمانحاڵی بەناو کۆمەڵی ڕاپەڕین و بەرگری ئێرانین. (نهضه المقاومه القومیه الایرانیه). بەسەرۆکایەتی شاپور بەختیار دوا سەرۆک وەزیرانی ئێران لەسەردەمی شادا، کە لەپاریس کوژرا.

ئەم گۆڤارە لەژمارە (٥٠)یدا کەلە ١٩٨٣/١٠/٦ دەچووە وتارێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناوی (کرد کرس واقای مکری) الکرد والکرس والسید مکری، (کوردو کورسی و بەڕێز موکری) لەم وتارەدا ڕاگەینراوە کە ئێران وڵاتێک نییە فرەنەتەوەی تێدا بژیەت. کوردیش نەتەوە پێکناهێنن - لەمەدا پشت بەپێناسەیەکی ستالینی دەبەستێ، کەئابووری یەکی هاوبەش بەکۆمەڵگەیەکی سەختی بوون بەنەتەوە دادەنێت - لەکوردان دەخوازیت کەئەم پێناسەیەی ستالین قبوڵ بکەن بۆ بوون بەنەتەوە. بۆ ئەوەی ئێران لەمەترسی بەش بەش بوون ڕزگاربکەن. سەیرن ئەم خۆ بەزۆر زان و داگیرکەرانە. جێگای سەرسوڕمان نییە کەبەختیارو دارو دەستەکەی کەدوژمنی سەرسەختی کۆمۆنیزمین ، ئا لێرەدا پێناسەو گوتەکانی ستالین دەربارەی مەرجەکانی بوون بەنەتەوە پەسەندبکەن؟

بۆ ئەوەی ئەم پیاو چاکانە لەمەترسی شەڕو ئاژاوەی دابڕبوون و بەش بەش بوون ئێران بپارێزن، هەمان وتار وای ڕاگەیاندووە کەکورد شارستانیەتیان نەبووە!! شارستانیەتی ئەوان کەبووبێت فارسی بووە. ئەوەی شایەنی باسە لێرەدا ڕۆژنامەی کەیهان... کەلە لەندەن دەردەچێت و خۆی بەنوێنەری شا پەرستەکان دەزانێت لەگەڵ هەندێک لەساواکیەکان ، وە کەناوی خۆیان ناوە (قوی المعارضه ضد النظام الخمینی فی ایران) (هێزەکانی ئۆپۆزسیون دژ بە ڕژێمی خومەنی لەئێراندا). بەردەوام و یەک بەدوای یەک وتار دژ بەنەتەوەی کورد بڵاودەکاتەوە. بەبەشێک لەنەتەوەی فارسیان دادەنێت. لەگۆڤارێکی تردا کەفارسە ناسیونالیستەکان لەپاریس دەری دەکەن بەناوی:(پیام ما ازادگان) (رسالتنا نحن الاحرار) نامەی ئێمەی ئازادیخواز:

ئەم گۆڤارە دکتور حسن عباس سەرپەرشتی دەکات. دکتور کورش اریا منش لەژمارە ١٩٩٨/٢٩/٢٧٥ ، نووسراوێکی کورتی بۆ کوڕی حەمە ڕەزا شای ترۆکراو نووسیوە کەتیشکی خستۆتە سەرئەوەی کوردان هەقی ئەمەیان هەیە خود موختاریان پێ ڕەوا ببینرێ، لەهەواڵەکان داهاتووە کەوا (ڕەزا پەهلەوی) وتویەتی:( کوردەکان ئازادن بەوەی زمانی خۆیان لەپاڵ زمانی فارسیدا بەکاربهێنن. ئەو نەزانانەی ئەم نامەیان نووسیوە. شارەزایەتیان لە دەستوری زمانەوانیدا نییەو لەگەڵ زمانی فارسیش داو تارادەیەکیش لەوە بێ ئاگان کە کوردی و بلوچی وەک جیلکی و مازندەرانی و خۆراسانی و شیرازی. هەموو لەهەمووی زاراوەی فارسین هەموویان چەند لقێکن لەزمانی دایک، کەچەند ناوچەیەکی جیا جیا بەکار دەهێنرێت، وەک زاراوەی جۆر بەجۆر لەخۆراسان دەڵێن: اتیش بەئاگر لە ئازەربایجاندا ازر وە لەکوردستان ار ... ت...د... لاپەڕە ٤ ، بەڵام بەداخەوە ئەم دکتۆرە ئەوەی بیر چووە کەبلێ ئەڵمانی و ئینگلیزیش فارسن .. لەبەر ئەوەی کچ ینت ی بەفارسی دختر بەئەلمانی توختر Tochter وە بەئینگلیزیش DANGH-TER ئەمانە وشەی لێک نزیکن سا من بۆیە ئەم بەرەڵلایی و بێ ئاگاییەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی هێژا لەوە بگەن کەرادەی زانستی و ڕۆشنبیری بەرزی ئەم دکتۆرە فارسانە لە چ ئاستێک دایە، کەخەڵکی جیا جیا لەخۆیان بەنزان و جاهیل دادەنێن، لەکاتێکدا خۆیان نادان و نەزانی ڕاستەقینەن، ڕەگەزپەرستی سەری لێ شێواون. لێکۆڵینەوە ئێرانیەکان سەلماندویانە ، سەرنووسەری ئەم چەند دێرەش پسپۆرە لە لێکۆڵینەوە ئێرانیەکان، بەوەی کەزمانی کوردی زمانێکی تایبەتی

و سەربەخۆیە، زمانێکی ئێرانی زۆر کۆنە، ئەم گۆڤارە جارێکی تر دەست پێدەکاتەوە، لەکاتێکدا لەوە تێگەیشتووە کە ئەم نەتەوە کوردە بەش بش کراوە لەو بێ خودایی و بێ ویژدانییە بێ دەنگ نابێ کەبەرامبەری ئەنجام دەدرێت، بەڵکو دەیەوێ خۆی لەوبازنەی زوڵم و ستەمە دەربازبکات وەکوردستان درەنگ یازوو ئازادو رزگاردەبێ. دەبینین لە ژمارە ٢٧٩ دا دەنووسێ کە لە ١٩٩٥/١/٢٤ز دا دەرچووە وتارێکی لەژێر ناوی (عاشت كوردستان الكبرى الايرانيه) داوا لەکوردان دەکات کەنیشتمانەکەیان ئازاد بکەن لەژێر دەستی عەرەب و تورکان و وە ئێرانی بلکێننەوە لەبەر ئەوەی کورد بەرەگەز ئێرانین. بەڵگەشی بۆ ئەمە گەورەترین پەرستگا (اناهيتنا) لەشاری کنگاور) (Kengewer) لەکوردستان.

بەڵام کورد کەبەریشە ئێرانین، ئەمە مەسەلەیەک نییە کەقابیلی کێشەلەسەرکردن بێت. کورد گەورەترین شارستانیەتیان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەدنیا هێناوە ئەویش، ئیمپراتۆریەتی (میدیا)یە لەسەدەی حەوتەمی پێش میلاد دا.

ئەمەش راستی یەکە جێگای نکوڵی نییە. بەڵام رێژەی کوردو فارسی و بلوج و هەموو گەلانی ئێران و ئێران وەک رێژەی ئەلمانەکان و فەرەنسیەکان و سوێدیەکان و سەرجەم گەلانی ئەوروپایە بۆ ئەوروپا. ئایە رەوا دەبینرێ بۆ مرۆڤێکی نەمساوی کەداوا لەهەموو ئەوروپاییەکان بکات کەیەک بگرن و ببنە پارێزگایەکی نەمساوی لەبەر ئەوەی ئەوروپین..؟

ئایا عەقل ئەوە قبول دەکات کە ٤٠ ملیۆن کورد یەکبگرن کەخۆیان لەسەر زەویەکدا دەژین لەچیای قەفقاسەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست وەلەوێشەوە بۆ کەنداوی کوردی فارسی عەرەبی. بۆ ئەوەی ببێت بەپارێزگایەکی ئێرانی...؟ کەمێک هوشیاری و حەیاو حورمەت ئەی برا فارسەکانمان...!

٦٨- لێرەدا چەند کۆپلەیەک لەوتاری (عطاالله) مهاجرانی بریکاری سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆکێشە یاساییەکان، کە لەو کۆنگرەیەی لەپایزی ساڵی ١٩٧٩ز لەشاری سنە (رۆژهەڵاتی کوردستان) وەک رێزلێنان بۆ ١٣ زانا لەبەناوبانگرتین زاناکانی کوردستان. دەقی ئەم وتارە لەژمارە (١٢٣ - ١٢٤) لەگۆڤاری (سروە) کەوا بە زمانی کوردی دەردەچێ لەشاری ورمێ، لەرۆژهەڵاتی کوردستانن ئەویش بەو کۆمەکە دراویەی لەدەوڵەتی ئێرانەوە خەرج دەکرێت.

موهاجەرانی دەربارەی مەسەلەی بەلایەنی (الانتماء) و پێناسە دەڵێ:( سەرەتا ئێمە موسڵمانین، دووەم دانیشتووی ئێرانین. دوای ئەم دوو بنەرەتییە کەسایەتی لق

و لایەنەکان دێنە بەرباس و قسەلەسەرکردن ئەویش ئێمە کوردین - فارسین - تورکمانین - بلوجین - ئازەرین، .. تادوایی.
ئەم پێشەکیەتان خراوەتە بەردەم لەبەر ئەوەی دەشێ لەلای ئێمە وێنەیەکی سێ لایەنی لەلامان بەرجەستە بکات بەشێوەیەکی پێچەوانە. بەواتە ڕێژەی (ئەم مێژووە لەنووسینە عەرەبیەکەدا ١٩٧٦ز، بەهەڵە نووسراوە) ئەم سێ کەسایەتییە بەشێوەیە پێچەوانە هەڵبگەڕێتەوە لەم حاڵەتەدا ناتوانین بگەینە پایەی شارستانییەتێکی نوێ و کلتور (Culture)ێکی نوێ لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا لەجیهان.
لە کۆپلەیەکی تری مهاجرانی دا دەیەوێ کەسایەتی لقێکی تر کەبەسەتراوەوەتەوە بەکەسایەتی کوردەوە بسڕێتەوە بەشێوەیەکی بنەبڕکراو لەجێگای ئەو کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی بچەسپێنێ وەکو دەڵێ: ( ئێمە کە موسوڵمانانی ئێرانین کاتێک هەڵدەستین بە ئەرکی ڕێزلێنانی یادەوەری مەزنەکانمان و زاناکانمان وەلەبەر ئەوەی لەپلەی یەکەمدا موسوڵمانین کەواتە ئێمە خاوەنی پایەگەی (شارستانین)، وەلەبەر ئەوەی ئێرانین خاوەنیەتی پاشەرۆکێکی کلتوری پیرۆز دەکەین. وەهەر وەکو کورد کەلەو پارێزگەیەدا دەژین لەوماوە سەردەمە لەژێر کاریگەری بارودۆخێکی تایبەتی و دیاریکراودا کەسایەتی سێیەم پێکدەهێنن. ئەویش بریتی یە لەشۆڕشگێڕیەتی موسوڵمانانە - لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە موسوڵمانین - ئێرانین - و شۆڕشگێڕین.
ئەوە هەرسێ بنەماکانی کەسایەتییە گرنگەکەن کەبەیەکتریمانەوە دەبەستێ.
لەم یاریکردنە بەوشەو زاراوەیە دەردەکەوێ کەوا کەسایەتی کوردی هیچ ڕۆڵێک نابینێت وەک رۆڵی بنەڕەتی و بەرچاو تەنانەت مامناوەندیش - بەڵکو لەژێر کەسایەتی ئێرانی گەریدا وندەبێت لەگەڵ کەسایەتی شۆڕشگێڕانەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە مهاجرانی ناوی پێناسەی خەڵکی سادەو ساویلکە بەتەنیا لەیاسای بنەڕەتی ئێرانی داهاتووە کەوا سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئیران پێویستە کەسێکی ئێرانی نەژادبێت.
بەواتە دەبێ کەسایەتییەکی موسوڵمانی لەئێران لەدایک بووبێت و جنسیەکەی ئێرانی بێت. ناتوانێت ببێت بەسەرکۆماری ئەم وڵاتە ئەگەر کەسایەتییەکی غەیرە ئێرانی بوو. نموونەشمان بۆ ئەمە جلال الدین الفارسی الافغانییە کەریشەی بەئەسڵی ئەفغانییە، کەخۆی بۆ پلەو پایەی سەرۆک کۆماری هەڵبژارد، بەڵام خومەینی ڕەتیکردەوە. لەبەر ئەوەی لە نەتەوەی ئێرانی ئەسڵی نەبوو. هەروەها ئەم پەردە پۆشییە ئیسلامیەش، کەبە درۆ کە پێچراوەتە پێناسەی ئێرانیەوە ڕاستەوخۆ

بەدرۆ دەردەکەوێ کاتێک مرۆڤ لەوە دڵنیا دەبێ کەدەوڵەتی ئێرانی تەنیا دەوڵەتی شیعەیەو دەوڵەتی (شیعەو سوننە) نییە. ئەمەش یەکێکە لەبەندە زۆرەملێ یەکانی یاسای بنەڕەتی ئێرانی دا. دوای ئەوە پێناسەی ئێرانی کەپێش پێناسەی کوردی خراوە. بەردەوام مەبەستی پێناسەی فارسی دەگەیەنێ نەک پێناسەی سەرجەم گەلانی ئێران. لەبەر ئەوەی زمانی فارسی زمانی سەرەکی یە لەئێراندا بۆ زانست و فێرکردن - سەرجەم دەزگا دەوڵەتیەکان دادگاکان، سوپا، یاسای بنەڕەتی ئێرانیش دیاریکردووە. بەواتە کۆماری ئیسلامی ئێرانی گرنگی پێدانی بێ مشتومڕ بۆ بەکارهێنان و بەرەسمی ناسینی زمانی فارسی بڕیار بۆ دەدات. لەکاتێک دا ئاینی ئیسلامی بەرەندەیی و تایبەتمەندی بۆ هیچ زمانێک و نیشتمانێک و رەگەزێک دیاری ناکات. تەنیا تایبەتمەندی بۆ ئەو کەسانەیە کەزیاتر فەرمانەکانی خواپەرستی بەجێ دەگەیەنن لێرەدا دەوڵەتی ئێرانی ئیسلامی وەک شۆڤینسیتە فارسەکان - سنوری ئێران بەپیرۆز ناودەبات، قسەلەسەر یەکێتی خاکی ئێران دەکات، وەکو فارسەکان بە ( تمامیت ارضی مقدس) وە یاسای سزادانی ئێرانی بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانە بەکار دەهێندرێت کەداوای دابڕینی بەشێک لەزەوی ئێرانی دەکەن. هەتا ئەگەر بێت و ئەوکەسە لەدەرەوەی ئێرانیش ژیان بەسەر بەرێت. یان ئەوکەسە بیانی بێت و داخوازیەکی لەو بابەتە بەرزبکاتەوە. سەرنج لەو کۆمەڵە سزایانە بدە کەوا لەلایەن (مەجلیس بەناو شورای ئیسلامی رۆژی ١٩٩٧/٦/٢٢) بڕیاری لەسەر دەرکردووە. هەروەها دەوڵەتی ئێران هەرسێ دورگەی:- طنب الکبری طنب الصغری - ابی موسی) لەنیوەی دورگەکە هێزەکانی شای گۆڕ بەگۆڕکراو لەساڵی ١٩٧٣ داگیری کردن - بە بەشێک کەجیا ناکرێتەوە لەئێران دادەنرێت. وەبیر لەگێڕانەوەیان ناکاتەوە بۆ (ئیماراتی عەرەبی) لەنیوە دورگە.

٦٩- دەکرێ چاو بەو بەیانانەدا بخشێندرێ کە لەلایەن (روح لله خومەینی یەوە)و لایەنگرەکانییەوە دەرچووە کاتێک لەئاوارەییدا دەژیان لەنزیک پاریس پێش کەوتنی دەسەڵاتی شاهنشاهی وە داوای ئەویش بەماوەیەکی کورت.

٧٠- رۆژنامەی (کەیهانی هەوایی) فارسی نووسیویەتی کەوا لەتاران دەردەچێت لەژمارە (٣٣١) بەشانازی و خۆبەزۆر زانینەوە قسەلەسەر لێدانی کوردستان دەکات لەلایەن سوپای ئێرانەوە - بەفڕۆکەی جەنگی و تۆپ و ساروخ و راجیمەو کاتیۆشاو زرێپۆش، ئەو چەکانەی نە لەئێران و نەلەهیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی دا دروست نەکراون. بەڵکو لەسەردەمی شای ترۆکراوەوە کڕدرابوون بۆ ئێران

لەدەوڵەتی ئەمریکاو وڵاتە خۆرئاواییەکان. بەیەک وشە نووسیبووی، بەفرۆکەو تۆپ و زرێپۆش سوپا هەستا بەپەلاماردانی کوردستان و پەلاماردەران، گەلی کوردی ستەملێکراو بە پەلامار بەر ناوبردبوو، کەداوای مافی رەوای خۆی دەکات و بەس.

٧١- خومەینی بەزمانە فارسیەکەی و بەم دەقە وتی:( اگر مختصر کوتاهی درامر کردستان به عمل ایدو دوشمن را هرچه زووتر سرکوب و منکوب نکنند، شخصا به کردستان حرکت خاهم کرد.) (کیهان هوائی شماره ١٤، ٣٣٢ شهریور ١٣٥٨، ١٩٧٩/٩/٥).

٧٢- گۆڤاری ئامانج (الهدف) ساڵی پێنج ەم، ژمارە ٢٥ مانگی سەرماوەز/ بەفرانبار ١٣٦٧ کۆچی رۆژی - ١٤٠٩ - مانگی ١٢٠ ئازاری ١٣٥٨ (لەبەرامبەر مانگی کانونی یەکەم ١٩٧٩. لاپەڕە ٨-٩، ئەم گۆڤارە - گۆڤارێکی ئیسلامییە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەردەچێت لەتاران، لەدەرچوون وەستا.

٧٣- بەیەک گەیشتنم لەگەڵ نیشتەنی (جنان) رێزدار محسن الحکیم (خوالێی رازی بێ) لەپایزی ساڵی ١٩٥٩ لەکاتێک مامۆستای دواناوەندی (الجعفریە بووم لەبەغدا) ئەم دواناوەندیە کەوتبووە نزیک فولکەی (حافظ قاضی) لەبەغدا. قوتابخانەیەکی ئەهلی شیعەکان بوو کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ناوی (حسن زەلزەلە )بوو. دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز گوازرامەوە بۆ ئەم دواناوەندیە وەک مامۆستای ریازیات و فیزیک دوای ١٤ تەمموز ١٩٥٨ز.

بەڵام سەردانم بۆ لای رێزدار سیدمحسن الحکیم بەیاوەری دۆستی بەڕێزم مامۆستا شێخ (عبدالزهرە الصغیر) مامۆستای زمانی عەرەبی و ئاینی ئیسلام بوو. لەهەمان خوێندنگا. رێزدار (الحکیم) بە بەخێر هاتنێکی گەرمی لێ کردم و پێی وتم: سڵاوی تایبەتیم بەخوشک و براکانم لەکوردستان بگەیەنە. لەکاتێک دا گەڕامەوە بۆ بەغدا راپۆرتێکم بەزمانی عەرەبی نووسی دەوروبەری ٧٠ لاپەڕە دەبوو، لەسەر بارودۆخی ژیانی میللەتی کورد. بەرلەوە من چەند وتەیەکی رێزدار (الحکیم)م پەراندبوو ئەوا تەواوی دەکەم (وەرگێڕ)..! دوای ئەوەی فەرموویان سڵاوم بەخوشک و براکانم لەکوردستان بگەیەنە ، بەردەوام بوو، وە پێ یان بڵێ رۆژی رزگاری نزیکەو دەوڵەتی مەیمونان زۆر ناخایەنێ..!.

داخوازی لێ کردم کەگەڕامەوە راپۆرتێکی تێرو تەسەل لەسەر بارودۆخی ژیانی کوردان بنووسم، ئەوەبوو لەسەر سینگی. ٧ لاپەڕەدا ئەو ئەرکەم بەجێ گەیاند دەربارەی ژیانی کوردو داخوازیەکانیان. ئەوەبوو کە (ساکن الجنان) لەکۆتایی

شەستەکاندا فتوای خۆی دەرکردو شەڕکردنی لەگەڵ گەلی کورد بەحەرام و ناڕەوایی ئیسلامی راگەیاند - خوا پاداشتی دڵفراوانی بداتەوە.
٧٤- سەرنج لە رۆژنامەی (الحیاه)ی سعودی بدە کە لەلەندەن دەردەچێت (١٩٩٤/٤/١٩).
٧٥- تەماشای: بن علوی للحیاه - لانتوسط لدی العراق لا اختلافات بین الدول الخلیج (الحیاه، ٢٦/٤/ ١٩٩٤ - لاپەڕە ٦ بدە).
٧٦- عزیز شریف: المسأله الکردیه فی العراق، خوالێی خۆشبوو مامۆستا عزیز شریف ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەسەرەتای پەنجاکان دا بەشێوەیەکی نهێنی و بەناوی نهێنی یەوە بڵاوکردۆتەوە.
٧٧- لێدوانەکەی سەرۆک عقید قەزافی بەبۆنەی سەردانی نجم الدین ئەربەکان بۆ جەماوەری لیبی لە ١٩٩٦ ز دا. لەگەڵ سەردان و بەدیدار شادبوونی نمایندەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٩٧. راگەیەندراوە هەرچەندە ئەوکاتە ئەم لێکۆڵینەوەیەم بەچاپ نەگەیشتبوو، وامان بەباش زانی ئەم دوو رووداوە گرنگەی بۆ زیادبکەین بۆ دەقی لێکۆڵینەوەکە.
٧٨- پشتم بەهەندێ وێنەو نموونە کورتانە بەستووە لەوتەی نووسەرەکان کە لەسەر لاپەڕەی چەندین وتاردا نووسراون و ئەو راگەیاندراوانەی کەبرای بەڕێز (کرداخی) (جان کورد) لەکتێبەکەیدا!( موسوڵمانەکان و مەسەلەی کورد!! دا کۆی کردونەتەوە لەبڵاوکراوەکانی (جودی) ١٩٩٤ز.
٧٩- بەشی کوردی ئیستگەی دەنگی ئەمەریکا (Denge Emrika) رۆژی ١٩٩٥/٧/٢٤ لەهەواڵێکدا کەتێیدا هاتبوو: یەکێک لەو بڕیارانە بڕیاردان لەسەر بەڕێز سعید قزاز وەزیری ناوخۆی عێراق لەسەردەمی پاشایەتیدا. لەسەردەمی دەوڵەتی عبدالکریم قاسم دا لە ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨- لەسێدارەدانی لەبەر ئەوەی کورد بووە، بۆیە بڕیاری لەسێدارەدانی و مایە بۆ دانانی ناوبراودا خوالێ خۆش بوو سعید قزاز بەشەهیدی بڕیاری بۆ درا.

# پاشبەندی ژمارە (١)
# دەربارەی بزووتنەوە ئیسلامییە
# ( ئوسولیەکان )
# لەنێوان کوردو لەکوردستان دا
# دەربارەی بزووتنەوە ئیسلامییە ئوسولیەکان
# لەنێوان کوردو لەکوردستان ..دا

لەم لێکۆڵینەوەیەدا توانیومە چارەسەری پەیوەندی کوردان بەشێوەیەکی کوردانی بێچارەو موسوڵمان بەبرا موسوڵمانەکانی نەتەوە ئیسلامیەکانی تر - گێڕانەوەیەکی زۆر کورتم دەربارەی ئەو کارە مەزن و خزمەتە گەورەو گرنگانەی پێشکەشی ئیسلام و موسوڵمانانی کردووە لەسەرجەم بوارەکاندا. لەسەرجەم سەردەم و مێژووی کۆن و نوێی ئیسلام، ئەوەشم وەک یادەوەری بەشێوەیەکی کورت وەک دەستکەوت و پاداشت بۆ روونکردنەوە کەچۆن لەبرا موسوڵمانەکانییەوە بەرامبەری خۆی و خاک و نیشتمانەکەی وەڵامی پێداوەتەوە وەک پاداشت.

ئێستا بۆ تەواوکردنی باسەکەم دەمەوێ تێرامان و تێڕوانینێکی بەپەلە لەڕووی پەیوەندی نەتەوەی کورد بە بزوتنەوەو رێکخراوە ئیسلامیەکانتان کەلە خۆرئاوا پێیان دەلێن بزووتنەوە (ئوسولیەکان) بۆ شیبکەمەوە.

هەرچەندە ئەم پێناسەیە بەتێرو تەسەل نازانم بۆ ئەو بزوتنەوانە - بەڵام ئەگەر بگوترێ (موسوڵمانی دەوڵەتی) یان (دەوڵەتی مەلایان) گونجاوترو رەواترە - لەڕووی ماناشەوە زیاتر وێچوە. لەوەی کە پێیان بوترێ (موسوڵمانی ئوسوڵی) هەروەها زاراوەی (ولایەتی فەقیە) کەشیعە فارسەکان بەکاری دەهێنن - مەبەستیان ئەو دەوڵەتەیە کە (فیقە) بەشێوەیەکی موتڵەق فەرمان رەوایەتی دەکات. ئەمە لەواقیع نزیکترە.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کوردمان هەڵدایەوە دەبینین کەزۆربەی میرنشینی یە کوردەکان و دەوڵەتە کوردیەکان کەدوا بەدوای داگیرکاری و دەست بەسەردا گرتنە ئیسلامیەکان دروست بوونە لەکوردستاندا. سەرجەم ئەم میرنشینی و دەوڵەتە

کوردیانه لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوەچووە - تەنانەت دەوڵەتی سۆران لەسەردەمی میری گەورە ، میر محمدی رەواندزی ناسراو (میرەکۆرە) (١٨١٣ - ١٨٣٦) ئەوانیش بەگشتی لەسەر یاساو نەریتی ئیسلامی کارە یاساییەکانیان بەڕێوە دەبرد. زانا ئاینیەکان رۆڵی گرنگیان دەگێڕا بۆ دەرکردنی فتواو راوێژکردنی (میرە کۆرە) سەرنج لە (جمال نەبەز بدە:[ ئەمیری کورد میر محمدی رەواندزی ناسراو بەمیرە کۆرە]).

(لەسەر لاپەڕەی ئاوێنە دێراوەکان بەڵگە رۆژهەلاتی و رۆژئاواییەکان - هاوکاریەکی زانستی یە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد) کە لەزمانی ئەڵمانی یەوە کراوە بەعەرەبی لەلایەن کاک فخری سلاح شور لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی یە بۆ زاسنت و هونەرو چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان (هەولێر ١٩٩٤) لەوەش تێ دەپەڕێنم بەوەی هەندێ زانای کورد هەوڵیان داوە وەک زانای ریازیاتی کوردو عبدالرحمن کواکبی و شێخ محمد عبدە هەوڵێکی بێ سنوورو بێ هاوتا بۆ بەستنی کۆنگرەی راپەڕینی ئیسلامی. لەشاری مەککە سالی ١٣١٦ کۆچی، کەبانگەوازی یەکیەتی ئیسلامیان بەرزکردەوە لەگەڵ دوپاتکردنەوەی سەربەخۆیی بۆ هەر نەتەوەیەک لەنەتەوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی (سەرنج لەدۆسیی یاددەوەریەکانی کۆمەڵەی [ ام القری] ذی العقدە ١٣١٦. لەلایەن بەڕێز فوراتی بڵاوکراوەتەوە.

پور سعید ١٣١٦ کۆچی لاپەڕە ١٤٤) کەچی لەرابردوودا لەبەینی زانا ئاینیە کوردەکاندا ئەگەر ئوستادی فیقە ئیسلامی و فەلسەفەکەی بوبن لەپەیمانگاکانی کوردستاندا یان لەسەر کردەوەو پێشەواکانی ئیرشادوو رێبازی سۆفیەتی جۆر بەجۆر بووبن وەکو (فەقیە) ی رێبازی نەقشبەندی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٨٢٧/١٧٧٦/٧) یان زانای نطاس رابەری رێبازی قادری شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی (١٧٥٣ - ١٨٣٨) یان کەسێک نەبووە کەویستبێتی یان لەبەرنامەی دابووبێ دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ هەروەکو دەوڵەتە ئیسلامیەکەی سەردەمی پەیام نێر محمد (د.خ ) یان دەوڵەتێک دروست بکات دەسەڵاتەکەی مەلا بەرێ وەی بەرن بەتەنیا لەرێگای پێکهێنانی پارتێکی ئیسلامییەوە کەخوازیاری باڵادەستی موتڵەق بێت بۆ خۆی و کارەکانی و چەکدارەکانی لەوانەی رێگە بەخۆیان

دەدەن کەدەست بخەنە کاروبارە تایبەتیەکانەوەو کاروبارە گشتی یەکان. بۆ سەرجەم خەڵکی. بەپەلە دەیەوێ دەست بەسەر دەزگای دەوڵەت دابگرێ لەدەڤەرێکی دیاریکراو ، بەسەر نەیارو دوژمن و ناحەزەکانی دا زاڵ بێت بەهێزی چەک. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی ئاسایی کۆمەڵگەیەکی ئازادبووە، رۆڵی زاناو پیاوە مەزنە کوردیە ئاینیەکان رۆڵێکی ئیرشادی بووە - رۆڵی وشیارکردنەوەو ئیسلاح بووە بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە بەدوور لەنمایش کردنی بازۆڵەو خۆنواندن و بەکارهێنانی توندوتیژی یان بەزۆر باوەڕ ڕێبازی خۆیان بسەپێنن بەسەرخەڵکی دا بەپێی ئەم ئایەتە پیرۆزە (لا اکراه فی الدین) قد تبین الشد من الفی (لەسورەی بقرە ئایەتی ٢٥٦٩) لەبەر ئەوە بەردەوام دەبینین کەرێبازە سۆفیگەریەکان پلەو پایەکی شایستەیان لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبووە، لەراستیدا بیرۆکەی (ئیسلامی دەوڵەتی) یان (دەوڵەتی مەلایان) شتێکی تازەیە لەکوردستاندا. هەروەکو باسی لێوە دەکەین.

بۆ ئەوەی ئەم لایەنە بەراشکاوی بۆمان روون ببێتەوە پێویستە لەسەرمان ئەوە بزانین کە گەیشتن بەئامانجی (ئیسلامی دەوڵەتی) یان (دەوڵەتی مەلایان) لەرێگای پارتێکی سیاسی چەکدارەوە لەنیوەی ئەم سەدەیەدا سەری هەڵداوە. لەنێوان عەرەب و پاکستانیەکان دوای ئەوان بۆ فارسەکان گواسترایەوە - دوای ئەوان بۆ تورکەکان لەدوایشدا وە هەر لەسەرەتای نیوەی ئەم سەدەیەدا بەرە بەرەو بەگرانی و زەحمەتەوە دەرکی پێ کراوە کەوتە ناو کوردانیشەوە.

بۆ من رەخسا بەرێکەوتێکی زۆر نامۆوە کەچاوەدێری هەندێ لەو گەشەکردن و گۆڕانکاریانە بکەم زۆربەوردی. لەبەر ئەوە بەشێکی بەکەڵکی دەزانم کەهەندێ لەم یادەوەریانە تۆماربکەم کە هاوئاهەنگن لەگەڵ ئەم باس و مەسەلەیەدا. بەڵام پێش ئەوەی بەوەهەڵبستم دەمەوێ پەنجە بۆ خاڵێکی گرنگ رابکێشم بەوەی کەیەکەم کەس کەبیرۆکەی (ئیسلامی دەوڵەتی) یان (ئیسلامی سیاسی) بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی لەرێگای پارتێکی سیاسیەوە بەکارهێنانی هێزی چەکداری و توندوتیژی بەکارهێنان بۆ بەدیهاتنی ئاکامەکانی. ئەوانیش ٣ کەس بوون لەوانە حسن بنا (١٩٠٦ - ١٩٤٩) رابەرو دامەزرێنەری کۆمەڵەی برا موسوڵمانەکان (اخوان المسلمین) لەمیسر ١٩٢٨، کەبەدەستی موخابەراتی میسری کوژرا لە

١٩٤٩/٢/١٢. کوشتنەکەشی پەیوەندی بەکارەساتی کوشتنی (نقراشی پاشا) سەرۆک وەزیرانی میسرەوە بوو بەدەستی کۆمەڵەی (اخوان المسلمین) لە ١٩٤٨، هەروەها ابە الاعلی المودودی ١٩٠٣ - ١٩٧٩ (دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیسلام - پارتی ئیسلام لە پاکستان، فەرمانی کوشتنی بەسەردا درا بەتۆمەتی ئاژاوە گێڕی و فیتنەنانەوە - حوکمەکەی دابەزێنرا بۆ زیندانی کاتی).

سێیەم خمینی (دامەزرێنەری پارتی: فیدایانی ئیسلام - بەهاوکاری لەگەڵ نواب صفوی کە لەلایەن رژێمی شایەتیەوە لەسێدارەدرا دوای ئەوەی هەستا بەکوشتنی سەرۆک وەزیرانی ئێران. پارتی فیدایانی ئێران یەکەم کاری ئەنجامی دابریتی بوو لە کوشتنی نووسەرو لێکۆڵینەوەی ئیرانی احمد کیسرەوی - لەجەلسەیەکی دادگادا کەلە ٢٠ ئەسفەد ١٣٢٤ - ١٩٤٦/٣/١١ بۆ تەماشاکردنی داوایەک کە کۆمەڵێک لە ئاخوندەکان بەرزیان کردبووەوە دژ بەکسروی بەبۆنەی کتێبەکەی لەسەر شیعە (سەرنج لە اعتزاز حجە الاسلام عظیمی بدە بەکوشتنی کسرەوی لە رۆژنامەی نبردملت. [نضال الشعب]ی فارسی لە ١٣٥٩/٦/٢٢ - ١٩٨٠/٩/١٣).

هەرلەوکاتە بیرۆکەی (ولایەتی فقیە) بەواتە دەسەڵاتی موتلەقی یەکێک لەفقیهەکان بەسەر سەرجەم خەڵکی دا بەگشتی کەوتە رێگەبڕین لەجیهانی ئیسلامی دا بە وێنەیەکی تایبەت دوای ئەوەی خومەینی توانی رژێمی شا بروخێنێ لە ئیران داو کۆماری ئیسلامی ئێرانی رابگەیەنێ - دوای سەرکەوتنی پرۆسەی دەنگدان لە ١٩٧٩/٣/٣٠.

کەبوو بەهۆی سەپاندنی وڵایەتی فقیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی. هەروەها هەڵگەرانەوەی سوپایی عمر البشیر لەسودان ١٩٨٩/٦/٣٠ دژ بەحکومەتی صادق المهدی و راگەیاندنی دەولەتی سودانی ئیسلامی. کەبەهۆی هێنانە سەرکاری دەستەی حسن الترابی بزوتنەوە ئیسلامیەکان جموجۆڵ و بوژانەوەیەکیان بەخۆوە دیتەوە بەتایبەتی لە لوبنان و جەزائیرو میسرو ئوردن. پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێت کەدەولەتی سعودیەکان لەحجازو دەولەتی ئەوەردیەکان لەپاکستان بەتایبەتی دوای هەڵگەڕانەوەی ضیاء الحق لەرێگای سوپاوە لەتەممozی ١٩٧٧.. وە راگەیاندنی بەجێ بەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی لە ١٩٧٩/٢/١٠ یارمەتیەکی زۆری ئەم بزوتنەوانەیان دا نەک لەبەر خۆشەویستی ئەم بزوتنەوانە

بەڵکو بەربەستیەک دژ بەدنیای کۆمۆنیستی بنیات بندرێ.. ئەمەش بیرۆکەکەی شای ئیران و انور سادات لەمیسرو نمێری لەسودان تاقیان کردەوەو کرێی ماندوو بوونەکەشیان وەرگرت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەلێرەدا پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین بەوەی کەرژێمی سعودی بۆ ابو الاعلی المودودی خەڵاتی مەلیک فەیسەلی پێشکەش کرد بەبۆنەی خزمەتگوزاری زۆرگەورەی بەرامبەر ئیسلام. ئەوەی پێویستە لەبیرنەکرێت ئەوەیە (ولایەتی فەقیە) لەبەر دیدی زۆربەی زانا ناودارەکان دا، کارێکی پێچەوانەی شەرع ونەریتی ئیسلامییە هەروەکو لەیەکێک لە نووسراوەکانی ئایەت الله تەباتەبایی قومی داهاتووە.

(تەباتەبایی قومی یەکێکە لەچوار سەرچاوەکانی شیعە) لەشانی شەریعەت مەداریەوە) (مەرعەشی نەجەفی - گولپایەگانی) هەروەکو لەچاوپێکەوتنێک دا لەگەڵ رۆژنامەی (کیهان) فارسی دا کەوا لەلەندەن دەردەچێت روونی کردەوە لە لێدوانێکدا لەگەڵ ئەم رۆژنامەیە ، بۆ زانین حجە الاسلام محمد تەباتەبایی ماوەیەکی دوورو درێژە لەئاوارەیدا دەژیەت، باوکیشی جەنگاوەرێک بووە پێش سەرهەڵدانی رژێمی خومەینی، هەروەکو شەریعەت مەداری و منتەزری، رێزدار حجە ئیسلام محمود تەباتەبایی وتی:

(ولایە فەقیە) هەروەکو باوکم لەچەند لاپەڕەیەکی نووسراوە یان نامیلکەیەکدا کەچاپی کردووە لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامی لەئیران بڵاوی کردۆتەوە. پێچەوانەی لایەنی شەرعی و عەقلییە. بەلایەنی فتوای شەرعەوە یەزدانی مەزن تەنیا بۆ چواردە بێ گوناهەکە بڕیاری فەرمانڕەوایەتی (دەولەتی فەقیە) راگەیاندووە تەنیا. ئەم حەقیقەتە لەفیقە ئیسلامی دا دوپات کراوەو بڕیاری لەسەر دراوە، وەلەلێکۆڵینەوە مەزهەبیەکانمان دا بەراشکاوی خراوەتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی ئەم چواردە کەسە دەست نیشان کراوانە لەبەندەکانی یەزدان - کەسانێکن خاوەنی بێ گوناهی و بێ خەویشن - لەدرێژەی ژیانیان دا هیچ هەلەیەکیان لێ پاشەکەوت نەبووە لەبەر ئەوە نێردراوی یەزدان محمد فاتمەی زەهرا سەلامی خویان لەسەر بێ وەهەر دوانزە ئیمامەکان خاوەنی ئەو پاداشتی پاکدامانی و بێ گوناهین. وە لە ریدایەتی بێ گومانەکان و باوەڕ پێ کراوەکاندا هاتووە کە لەبەر دەستمان دان کەوا ئیمامە مەزنەکانمان هەرگیز کەلکی تایبەتیان لەم دەولەتی فقیە بۆ سوودی خۆیان

وەرنەگرتووە ئەگەرچی بۆ جارێکیش بێت. بەوەی وەک نموونە شتێک بەسەپێنن دژ بەبەرژەوەندی خەڵکی بێت لەرێگای بەکارهێنانی توندوتیژیەوە. بێجگە لەدەولەتی ئاکار پاکان و بێ گوناهان، بە پێی فقهی (جعفر) ئەم دەولەتە سنوری دەبێ دیاریکراوبێ کەئەویش پەیوەندی بە مافەکان و شەریعەتەوە هەیە. بۆ نموونە: یەکێک دەمرێ و دەبێ کەسێکی تر لەجێگای دابنرێت. دەرمالەیەک بۆ منداڵە وردەکانی دەبرێتەوە - یان مەسەلەکانی پەیوەندی دار بەسامانی وەقف کراوەوە ئەوەی کەفەقیە دەتوانێ هەندێ دەسەڵاتی خۆی بەرامبەر دا بەکار بهێنێ - بە درێژایی مێژووی ئێمە - کەسێک یان زانایەکی ئێمە هەرگیز فەتوای لەسەر رژێمی (دەولەتی فیقە) (یان دەولەتی مەلایان) نەداوەو بەراستی نەزانیوە لەسەر ئەو شێوازەی کەئەمرۆ لە ئیران دا فەرمانرەوایەتی پێ ئەنجام دەدرێ.

بەڵام لەروانگەی عەقلەوە: چۆن دەشێ کەیەزدان دەسەڵات بدا بەمرۆڤێک کەجیاوازی نەبیت لەگەڵ هەرکەسەکی تردا یان سەرجەم مرۆڤی سەر زەوی بەئارەزووی خۆی دەست بخاتە کاروباری دەسەڵات و بەکارهێنانی سەرمایەو داهات و گیانی سەرجەم بەندەکانی یەزدان بەئارەزووی خۆی چۆنی بوێ و حەزی پێ بکات..؟

(سە رنج لەو لێدوانە رۆژنامەییە بدە کە رۆژنامەی کەیهان - فارسی کەوا لە لەندەن دەردەچێت لەگەڵ ر یز د ا ر حجە ئیسلام محمود تەباتەبایی ئەنجامی داوە. ژمارە ٦٦١ پێنج شەممە ١٩٨٧/٦/١٩، لاپەرە ١٢.

لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی ئێران مەسەلەی (ولایەتی فەقیە) لەمەسەلەی پێغەمبەرایەتی زیاتر گرنگی پێدەدەن، رێگا بەکەس نادەن کەدەست بخاتە کاروباری فەرمانرەوایەتی و سیاسەت، ئەگەر بێت و ئەوکەسە (فەقیە) نەبێت. محمدی یزدی سەرۆکی هێزی قەزاوەت کردن لەئێراندا رۆژی سێ شەممە ١٩٩٧/٧/٨ لەبەردەم کۆمەڵێکی زۆر لەقازیەکان و کاربەدەستانی (سیاسەت و دەولەت و ولایەتی ئیسلامی ئەمانە هەمووی لەدەسەڵاتی) (مەلا روحانییەکان دان). ئەوانەی تەواوی ئەو مەرجانەیان تێدایە.

جیا لەروحانیەکان کەسی تر بۆی نییە دەست لەکاروباری سیاسەتەوە وەربدات، هە روەها وتی: (لەکاتێکدا و لەشوێنێکدا فەقیە، هەبوو کەهەموو مەرجێکی

بەتەواوەتی تێدایەو سەرۆکی رژێمی ئیسلامی هەبوو، بۆکەسی تر نییە قسە لەسەر مەسەلەی کاروباری دەولەتیەوە بکات). بەلام موشاوری بالادەستی بەڕێز: ئەبو الفضل موسوی وتی بەبۆنەی گرنگی (ولایەتی فەقیە) کەبەرزترین پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی یە، خوای گەورە دوای ئەوە (وەلی) بەجێگیر دیاری دەکات، کە لەئەرکەکانی دیاریکردنی کەسەکانە.. وە لەرژێمی کۆماری ئیسلامی دا خەڵک بەدەنگدان لەرێگای مەجلیسی خوبرەگانەوە.

(رۆژنامەی ریسالەتی فارسی، ١٩٩٧/٦/٧). دوای ئەم پێشەکیە کورتە دەگەڕێینەوە سەر باسە تایبەتیەکەمان بە (دەولەتی ئیسلامی و کۆمەڵگای کوردی).

لەپەنجاکاندا بووم لەزانکۆی بەغدادا فیزیاو ریازیاتم لەکۆلیژی پەروەردە دەخوێند. ئەو کاتە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی لەبەغدا سەری هەڵدابوو لەسەر شێوازی بزوتنەوە برا موسوڵمانەکان لەمیسر) ئەم بزوتنەوەیە بانگەوازی بەرامبەر جێ بەجێ کردن و سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی لەعێراقدا بەرزکردبووەوە. بێ ئەوەی داخوازی بەرزبکەنەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا وەک بەرنامە بۆگۆڕینی رژێم لەو سەردەمەدا. ئەوکاتە رژێمی پاشایەتی سەربەئینگلیز هیچ جۆرە دژایەتیەکی بەرامبەر چالاکیەکانی ئەم بزوتنەوە ئیسلامیە دەرنەبڕی. لەبەر ئەوەی بەسەنتەرێکی دژ بەشیوعیەتی لەقەلەم دەدا. کەببوو بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری. هەروەها ئەوکاتە مەسەلەی فەلەستین لەپۆپەی پێگەیشتنی دابوو، ئەوکاتە چەند ساڵێک بەسەردان پێدانان و دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیل (فەلەستین عەرەبیە) و رزگارکردنی فەلەستین لە جولەکە سەهیۆنیەکان وە خنکاندنیان لەدەریادا دروشمێکی سەرەکی بوو ناسیونالیستە عەرەبەکان (سەربەخۆ خوازەکان ئەوکاتە)و دیمرکراتخوازەکان (کۆمەلی پارتی نیشتمانی دیموکراتی بەسەرۆکایەتی کامل جادرچی) و موسوڵمانەکان وەک هێزێکی یەکگرتوو بەرزیان کردبووەوە.

ئەوکاتە سەرکردایەتی (بزوتنەوەی ئیسلامی (ئیخوانەکان) لەدەست پیاوێکی ناسیونالیستی عەرەبی دانیشتووی (موسڵ) کەناوی محمد محمود سەواف بوو. ناوبراو لە میسرەوە نووسین و بەرهەمەکانی (حسن بنای) دەهێنا بۆ عێراق. هەروەکو کتێبەکانی سید قطب دەهاتن بۆ عێراق (کە لەسێدارە درا لە ١٩٦٦/٨/٢٩) دوای هەوڵی تیرۆرکردنی عبدالناصر لەلایەن رێکخراوی (برا

موسوڵمانەکانەوە) لەگەڵ محمەد غەزالی (لە دامەزرێنەرانی ئەم بزوتنەوە ئیسلامیە بوون لەگەڵ حسن بنا) لەوکتێبانە: (ئیسلام نەک شیوعیەت، و نەسەرمایەداری لەگەڵ کتێبی (ئیسلامی بوختان پێ کراو) لەگەڵ چەندین کتێبی (ابی الاعلی المودودی الباکستانی) وەرگێڕدرابوون لەئەوروپییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەکو تیۆری ئیسلامی سیاسی لەگەڵ (بەرنامەی شۆڕشی ئیسلامی). (مەودودی نەیدەتوانی بەعەرەبی بنووسێ) ئەوەندەی لەبیرەوەریەکانم لەبیر چووبنەوە وادێتە خەیاڵم رۆژێک بڵاوکراوەیەکی بچکۆڵەم خوێندەوە بەزمانی فارسی سەر بەکۆمەڵەی (فیدایانی ئیسلام) بوو لە رێگای نەجەفەوە گەیشتبووە بەغدا. رێکەوتنێکی سەرسورهێنەر بۆ خوێندکارێکی عەرەبم ناسی لەبەشەکەی من فیزیایی دەخوێند ناوی: (منیب عبدالواحد الدروبی) بوو منیب لەدەستەی ئیخوانەکان بوو رێکخەری لاوان و خوێندکاران لەم رێکخراوەدا.

منیب لاوێکی رەوشت تایبەتمەند - زیرەک رۆشنبیر نەریت بەرز - کەبینی خوێندکاری بەشی فیقهی ئیسلامیم لەگەڵ ئەدەبی عەرەبی دا لێم نزیک بۆوە، ئەم نزیکی و دۆستایەتیەمان رۆژ بەرۆژ گەشەی دەکرد تا بوو بە هاوەڵیەتی پتەوو توندوتۆڵ لەگەڵ جیاوازیەکانمان دا لە رووی چەندین مەسەلەو راو بۆچوون منیب دانیشتووی گەڕەکی (اعظمیە) بوو لەبەغدا ماڵەکەیان دوربەکەی بەقەدەر دوری بەردە فرکەیەک بوو لەشەریعەتی ئیسلامی. (کلیە الشریعە الاسلامیە) ئەوکاتە لەبەر سەردانی چەند جارەم بۆلای منیب، وە سەردانمان بۆ کتێبخانەی کۆلیژی شەریعە چاومان بەژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارانی کۆلیژی شەریعە دەکەوت - لەوانە ژمارەیەکی زۆرم لە خوێندکارە کوردەکان دەبینی لەوانە: مامۆستایان، شوکر مستەفا ، نوری عبداللە، احسان عبدالحمید، نظام الدین عبدالحمید، ئەمانە زۆربەیان خەڵکی کەرکوک بوون.

بەڵام ئەمانە لەبزوتنەوەی سەواف رازی نەبوون. ئەوان وای بۆ چووبوون کەبزوتنەوەکەی سەواف و دەستەو لایەنەکانی کاردەکەن لەپێناو بەرزکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەی عەرەب. لەژێر سێبەری ئیسلام دا. تەنانەت منیبی هاورێشم لەسەواف دوور کەوتەوە وای ناسیبوو: کەپیاوێکی بەرژەوەند پەرست، مامەیی کەرو ترسنۆکە. هەندێ لەرووداوەکانی بۆ گێڕایەوە.

بەڵام سەواف پیاوێکی گورج و گۆڵ ، قسەزان وتاری دورو درێژی دەخوێندەوە لەجۆرراو جۆر کۆبوونەوەدا لەناو ئەو کۆمەڵەی کەپێکی هێنابوو، کەناوی کۆمەڵەکەیم ئیستا لەبیر نییە. ئەو وتارانەی بە ناوەڕۆک و باسی حەماسەت خولقێنی دەرازاندەوە، هیچ جۆرە رەخنەیەکی بەرامبەر رژێمی پاشایەتی ئەوسەردەمە لەخۆنەدەگرت. لەکاتێکدا دەرکی بەوەدەکرد کە ئامادەبوان بەرەو بێزاری گوێ گرتن دەرۆن و ماندوو بوونی گوێ گرتنیان پێوە دیارە بەبێ بەرنامە هۆکارێک ناوی فەلەستینی دەخستە ناو باسەکەیەوە: لەیەزدان دەخوازم کە فەلەستین لەژێر چەپۆکی جولەکە ئازاد و رزگاربکات، سەرشۆڕی بۆ ئیمپریالیزم. ئەو ئیمپریالیزمەی بەناوی خۆیەوە ناوی نەدەبرد.

منیش هەرگیز باوەڕم بەوتەکانی سەواف نەبوو، نەک لەبەر بێ ناوەڕۆکی قسەکانی بەتەنیا بەڵکو بەهۆی ترەوە . بەڕێز مامۆستا عبدالله زێباری بۆی گێڕامەوە(کوردێکی بادینی)یە. مامۆستایەکی دوا ناوەندی سلێمانی بوو بۆ زمانی عەرەبی و ئاین لەپەنجاکاندا بەوەی کە سەواف کەسێکی تر بەناوی (علائەدین خروفە) سیخوریان لەسەر کردووە لەسەرحسێن رەشوانی (کوردی هەولێر )بوو - کاتێک خوێندکاری زانکۆی ئەزهەر بوون. لە میسر لەچلەکاندا.

مامۆستا زێباری درێژەی بەقسەکانی داو وتی: سەواف و خەروفە راپۆرتێکیان بەرزکردبووەوە بۆ مخابەراتی میسری ناوەڕۆکەکەی ، زێباری و رەشوانی دوو کوردی جیاخوازی کارو ئاژاوە گێڕو دوژمن بە ئیسلام.

لەئاکامی ئەم راپۆرتە پۆلیسی میسری لەقاهیرە هەستان بەپشکنینیماڵەکەیان لە قاهیرە - راپێچ کران بۆ دەست گیرکردن - زێباری رەشوانی دەستەی یەکەم بوون لەو خوێندکارە کوردانەی هێژاو خێرخوازی علی کمال بەگ لەسەر کیسەی خۆی ناردبووی بۆ خوێندنی زانستە ئاینییەکان بۆ زانکۆی ئەزهەر بۆ ئەوەی پسپۆری لە لاهوتی ئیسلامی دا بهێنن. لەوکاتەدا خروفەو هاوەڵەکەی لەمیسر دەژیان. ئەمەو هەردوو خوێندکار رەشوانی و زێباری ئازاد نەکران تا رێزدار علی کمال بەگ خۆی کۆمەکی پێنەکرد. لەرێگای پەیوەندیەکانی خۆی وەک کەسایەتیەکی ناسراوی کورد لەگەڵ سەفیری میسری لەبەغدا. ئەم چیرۆکە خوێندکارێکم جارێکی تر لە زبیر بۆی گێڕامەوە.

لەساڵی ١٩٥٧ کاتێک بەفەرمانی کارگێڕی لەکەرکوکەوە بۆ بەسرە گوازرامەوە ئەو مامۆستایە ئەوکاتە خوێندکاربووە لەزانکۆی ئەزهەر.

لەوباسە بەتەواوەتی دڵنیابووم کاتێک لەساڵی ١٩٦٠ گوازرامەوە بۆهەولێر و بەڕێزحسین رەشوانی بۆخۆی رووداوەکەی وەکو بووە بۆ گێڕامەوە. کەهەردووکمان لەدوا ناوەندی هەولێر وانەمان دەوتەوە. لەدوایشدا هەمان چیرۆکم لەدەمی مامم علی کمال بەگ بیست کە لەساڵی ١٩٦٥ لەمیونخ سەردانی کردم.

کورتەی باسەکە ئەوەیە کەمنیش سەواقم ناسی، لەئاکامی (ئاکارە پیرۆزەکانی راستیەکەش ئەوەیە کەگوێچکە هەندێ جار لەپێش چاوەوە عاشق نابێ هەروەکو شاعیر دەڵێ: هەندێ جارگوێچکە پێش چاو ناحەزی خۆی دەردەبڕێ. بەڵام لەو حاڵەتەدا هەردوولا گوێچکەو چاو دوو بەدوو بڕیاریان بەیەکەوە دەرکرد. لەگەڵ ئەوەشدا سەواف بەفێڵبازی و زمان لوسی خۆی لەگەڵ دوژمنکاریەکەی بەرامبەر نەتەوەی کورد توانی زانای ناسراو شیخ امجد الزهاوی) لەخشتەبەێ، کاتێک لەبەغدا دەژیاو دەیخوێند. ئەوکاتە شێخ زەهاوی - هەروەکو خودی خۆم دەمناسی دەهاتە دوکانی بەشیر مشیر کە کەوتبووە بەرامبەر مزگەوتی حیدر خانە لەبەغدا. تاوای لێهاتبوو بە ماڵی کوردو دۆستەکانی لەبەغدا. لەخوا ترس و بەزیبک و ئازاو نەقیە بەشێوازێکی پایەبەرز، خراپ بەزمانی کوردی دەدوا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خاسیەتەکانی نەتەوەی کوردی پێوەدیاربوو. لەوانە سادەیی، دڵپاکی خۆ بەزۆر نەزان. تارادەی خۆگێل کردن. سەواف لەهەموو هەڵسوکەوت و هاتوچۆیەکی لێی جودا نەدەبووەوە. بەکاری دەهێنا بۆ ئەنجام دانی خواستە دینیەکانی خۆی. لەوکاتەدا لە کۆلیژی شەریعە لەبەغدا زانای هەڵکەوتوو شێخ محمدی قزلجی دەرس دەڵێتەوە کە لە خانەوادەی ناسراوی تورجانی یە ئەو دەبوو بەمیوانی دوکانەکەی بەشیر مشیر. بەڵام قزلجی بەپێچەوانەی زەهاوی ناوبراو سەوافی وەک خۆی دەناسی. چەند جارێک هەوڵی ئەوەمان دەدا کەناوەڕۆک کەسایەتی سەواف لەزەهاوی بگەیەنین جارێک لەو جارانەو بەئامادەبوونی قزلجی - کەچی زەهاوی بەم ئایەتە وەڵامی ئەدانەوە: ( ان بعض الظن إثم). مامۆستا قزلجی وەڵامی دایەوە فەرمووی: بەڵام ئەی مامۆستا ( هەندێک هەموونیە، شک و گومانیش سەرەتای گەیشتنە راستی یەکانە. هەرچەندە ئەو زەهاوی یە لەهەردوو بوارەکەدا زۆر بلوغی

کـردبوو نەمـان توانی قـەناعـەتی پێ بکەین. بەهەرحـاڵ خـوێندکـارو لاوانی کـورد کـەخـاوەنی بیـرۆکـەی ئیـسـلامی بوون، خـۆیان بەرەوت و دەسـتـەی سـەوافـەوە نەبەستەوە . زانای بەتوانا قزلجی بەردەوام راوێژی خوێندکـارە کوردەکانی دەکرد بۆ ئەوەی نزیکی سـەواف نەکەون. لەبەر ئەوەی سەواف بەکـەمـترین هەڵسـەنگاندن کـەسـایەتیـەکی روناک و خـاوێن نەبوو. کـە خـاوێنی ودەروونپـاکی لە نەریتی راستەقینەی موسوڵمانییەتییە. هەروەکو زۆرجار مامۆستا قزلجی دوپاتی دەکردەوە.

ئەوەی شـایانی باسـیـشـە سـەواف سـەربە مـەزهەبی سـونی بوو لەبزوتنەوە ئیسلامیەکەدا زۆربەی وتارەکانی لە (اعظمیە)پێشکەش دەکرد. هەر لەهەمان کاتدا پیاوێکی شیعەی ئێرانی فارس لەبەغدا بوو. لەمەلا ئاخوندەکان، لەکازمییە وتاری دەخـوێندەوە. وەکـو لەبیـرم مـابێ ناوی (الشـیخ الخـالص) بوو قـسـەکـردنەکـەی بەعـەرەبیەک بوو زۆر تۆنی پێوە دیاربوو بەئاشکرا. هەندێ جار دەربارەی لەزەت و خۆشی گوزەرانیشی دەکرد، لە وتارەکانی دا هێـرشی دەکردە سـەر کۆمـۆنیسـتی و کـۆمـۆنیسـتـەکـان. چەند جـارێک ئامـادەی وتارەکـانی هەینی دەبووم - لـەیەکـێک لەوتارەکـانی رەسـەنی سـتالینی شی دەکـردەوەو وتی:(هزا) سـتالین نـاوی (ئوسـتـە ئەلی) بووە وە ووشـەی ئوسـتـە ، وشـەیەکی کـوردییـە چووەتەناو زاراوەی عـەرەبی عێراقیەوە بەواتە (وەستا ) وەک مامۆستا بۆ هونەرو پیشە بەکاردێت. ئالیەکەش (علی)یە لەبەر ئەوەی فارسەکان وشەی (علی) بە (ئالی) دەردەچن)

ئەم وەسـتـا ئەلـیـیە لەئێران بووە - کـاری چاپچـیەتی کـردووە (بەواتە چاپخـانەی هەبووە)هەروەها ئەم وەستا ئەلییە رەفیقم بووە (رەفـیقی) چونکە فارسەکان ق بە غ دەخوێننەوە، ئوستە ئەلی .. ئوستە ئەلی - ئوستە ئەلی.

بەپێی گـۆڕانکاری سـەردەم و زەمـانە بەرە بەرە ناوی بوو بە (ئوسـتـەلی - وەسـتـا تابوو بە ستالین)

جـارێکی تر خـالصی (١) بەرپەرچی تیـۆری داروینی ئەدایەوە دەربارەی ئەسـڵی ریشـەی مـرۆڤ وتی: یغـول داروین، ان أصل الانسـان سـمکە) داروین دەڵێ لەبنەچەدا مرۆڤ ماسی بووە.

فـبالله منو یقبل ان یکون ابوە سمکە...؟ کێ لەئێوە ئەوە قـبوڵ دەکا کـەباوکی ماسی بووبێت؟.

خالصی(٢) و سەواف هەردووکیان لەیەک پارچەبوون لەڕووی دەجالی و هەڵ خەڵەتاندن و تەڵەکەبازیەوە . بەڵام هەرچی خالصی بوو ئەو دەم پاراوی و توانا زمانەوانییەی نەبوو کەبەشێوەی سەواف بەسەر زمانی عەرەبیدا زاڵ بێت. کەرەفیقی (رفیقە) سەواف بوو.

وەنەبێ بزوتنەوەی ئیخوان کاریگەری نەبوو بێت لەسەر هەندێ لەلاوە کوردەکان مامۆستا نظام الدین عبدالحمید هەوڵی زۆریدا بۆ ئەوەی لاوە کوردەکان کەلەدەوری بیرۆکەی (ئیسلامی دەوڵەتی) بەکاریگەری بیرو بۆچوونەکانی کۆمەڵی (ئیخوان) کۆبکاتەوە.

هەنگاوی یەکەمی نا بەوەرگێڕانی کتێبێکی عەرەبی لەژێر ناوی (بۆ گەنجەکان) (الی الشباب)

تکای لەمن کرد کەهەڵە زمانەوانییەکانی بۆ ڕاست بکەمەوە. وە هەڵبستم بەداڕشتن و جوانکاری شێوە نووسینەکەی.

منیش ئەوەم بۆ ئەنجام دا کتێبەکەی لەساڵی ١٩٥٥ لەبەغدا بەچاپ گەیشت. هەروەکو دوا بەدوای ئەوە هەستا بەدانانی کتێبێک بەزمانی عەرەبی لەژێرناوی (قل - هذه سبیلی) ئەمەش لەئەنجامی بەرپەرچ دانەوەیەکی یەکێک لەچاپکراوەکانی زانای میسری ناسراو خالد محمد خالد بوو بەناوی (من هنا نبدأ) مامۆستا پێشەکییەکی کورتی بۆ کتێبی :(قل - هذه سبیلی)دانا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی نظام الدین لەهەندێک پەیوندی تاکەکەسی پێپەری نەکرد. هیچ ڕێکخستن و دەستەیەکی لێوە نەهاتە بەرهەم. بارودۆخی سیاسی و هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد نەگونجاو بۆ ئەم مەسەلەیە.

دوای شۆڕشی عبدالکریم قاسم لەعێراقدا ١٩٥٨/٧/١٤. لەگەڵ لێشاوی کۆمۆنیستی ناسراودا وای لەدەستە ئیسلامیەکانی عێراق کرد بە تایبەتی ئەهلی سوننە هاوکاری لەگەڵ بەعس و عبدالناصر بکەن دژ بەقاسم. کە هاوپەیمان بوو لەگەڵ کۆمەنیستەکان هاوپەیمانێکی کات بۆ دیاریکراو. لەوسەردەمەدا پارتی ئیسلامی عێراقی سەری هەڵدا. کە ئەوکاتە لەبەرنامەکەی دا باسی مافی ڕەواو پێ شێلکراوی نەتەوەی کوردی نەخستبووە چوارچێوەی بەرنامەکەی خۆیەوە تەنانەت بە وشەیەکیش بەپێچەوانەی ئەوەی کە زۆر پێی لەسەر یەکێتی عەرەب دا دەناو

بەفەرمانێکی سروشتیشی لەبەرچاو گرتبوو. شتێکی دیاریش بوو کە لەسەر کیسەی گەلی کورد بەڕێوەدەچوو. وە وەکو بەرپەرچ دانەوەیەک بۆ ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییە ناسیونالیستە عەرەبییە، لەناوچەی هەلەبجە کۆمەڵێک لەزانا ئاینەکان هەستان بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئیسلامی کوردستانی. بەڵام ئەوانیش لەبەر هێزو توانای جەماوەری کۆمۆنیستەکان نەیان توانی ئاواتەکەیان بەدی بهێنن. ناچار بوون واز لەبیرۆکەی ئەم ڕێکخراوە بهێنن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەچوونە ناو ڕێکخراوە ئیسلامیە عێراقیەکە. کەبە نهێنی کاری دەکرد. لەبەر ئەوەی دەولەتەکەی قاسم ڕێگەی نەدا ئەم پارتە ئیسلامی عێراقیە بەئاشکرا کاربکات. دوابەدوای هەڵگەڕانەوەکەی یەکەمی بەعسیەکان لەعێراقدا (لە ٨ ی شوبات ١٩٦٣) تا رووخانی رژێمی شا لەئێران(زستانی ١٩٧٩) و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران. هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ دامەزراندنی هیچ بزوتنەوەیەکی ئیسلامی لەهیچ بەشێک لەچواربەشەکەی کوردستانی بەزۆر دابڕاودا.

لەگەڵ ئەوەشدا کەهەندێ راو بۆچوون لەناو هەندێ زانایانی ئاینی کورددا هەبووە بۆ پێکهێنانی بیرۆکەی (ئیسلامی دەولەتی) وەکو شێخ احمد فقی زادەی سنەیی. لەرۆژهەلاتی کوردستان و شێخ عوسمان عبدالعزیز لەباشووری کوردستان و لێرەدا دەستەیەک لە مەلا هەبوون لەباکووری کوردستاندا لەلایەنگرانی رابەری گەورە سعید کوردی (نورسی)

دوای راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بەسەرکردایەتی خومەینی. ئەوەی کەپێویستی سەرشانی خۆی دا شۆڕش بگوازێتەوە بۆ هەموو ناوچەیەکی جیهان لەباشووری کوردستان هەندێ بزوتنەوەی ئیسلامی دروست بوون. هێزو بژێویان سەرچاوەکەی کۆماری ئیسلامی ئیرانی بوو. ئەم ڕێکخراوە ئیسلامییە کوردیانە خۆیان بەسوپای ئیسلامی کوردی دایە قەڵەم.

Leskiri islamiy کە لەساڵی ١٩٨٠ - ١٤٠٠ کۆچی. بەواتە دوای دروستبوونی دەولەتی خومەینی بەچەند مانگێک. ئەم سوپایە لە ٥٠٠ شەڕکەر پێکهاتبوو

(پێشمەرگە Pesmerge) بەرامبەر رژێمی بەعسی عێراقی دەجەنگان. ئەم هێزە

ناخۆشی کەوتە بەینی سەرکردەکانیان و نێوانی رژێمی ئێرانی. کەباوەڕیان بەوەنییە کە کورد نەتەوەیەکن خاوەنی زمان و زەوی و مێژوو تێڕوانینی خۆیانن. سوپای موسوڵمانی کورد ئەوەی رەتکردەوە کەشان بەشانی سوپای ئیران بچێتە سەنگەرەوە دژ بە رژێمی صدام دوژمنایەتی گەلی عێراق ناکات. هەروەها سوپای ئیسلامی کوردی ئامادەنەبوو بۆ ئارەزووی ئەوان ناوی خۆی بگۆڕێ بەسوپای ئیسلام و بەس. یان سوپای ئیسلامی کوردەکانی عێراق. بەو دەلیلەی کورد لە هەربەشێکی کوردستاندا بژین هەر کوردن. هیچ جیاوازیەک لەنێوانیان دا نییە. لەکاتێکدا علی خامەنەئی هەستا بەپێکهێنانی وەکو ناوی دەبەن بە (المجلس الاعلی للشورە الاسلامیە فی العراق) بۆ شیعەکانی عێراق. داوای لەسوپای ئیسلامی کورد کرد لایەنگری ئەم مەجلیسە بکات سوپا ئەم داخوازیەی رەتکردەوە بەو دەلیلەی زۆربەی ئەندامانی ئەم مەجلیسە لەنۆکەرانی بەریتانیاو ئەمریکان ئەمە رق و تووڕەیی خامنەیی هەلچواند. بەوەی کەسێکی هێنا بەناوی محمد برزنجی، بۆ ئەوەی بکەوێتە پەیوەندی بەدیلێک لەجێگای سوپای ئیسلامی کوردی دروست بکات. بزوتنەوەیەکییان دروست کرد لەژێر ناوی (بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ کوردستانی عێراق) بە سەرۆکایەتی عثمان عبدالعزیز. لەلایەکی ترەوە رووبەڕووبونێکی چەکداری لەنێوان بزوتنەوەدو یەکێتی نیشتمانی کوردستان سوپای ئیسلامی کوردی لێکدانەوەی بۆ ئەم بەرهەڵست کاریە نەزانانەبوو لەڕووی ژمارەی شەڕکەریشەوە زۆرکەمتربوون بەبەراورد لەگەڵ یەکێتی دا. ریزەکانیان لێک هەڵوەشا ئەمەش وایکرد تێکۆشانی چەکداری خۆیان بگۆڕن بەتێکۆشانی سیاسی.

سوپای ئیسلامی کوردی ئامانجەکانی لەم چەند خاڵەدا راگەیاند:

لەئامانجەکانی سوپای ئیسلامی یەکێتی نێوان کوردە لەچوارچێوەی یەکێتی ئیسلامدا. ئەویش بەپێی بەخشینی ئەو مافانەی ئیسلام بۆ کوردی دیاریکردووە. لەگەڵ کەمە نەتەوەکانی تر. هەروەکو چۆن بۆ برا عەرەب و تورک و فارسەکانی بەڕەوا دەبینێ. بەپشت بەستن لەسەر وتەیەکی پێغەمبەر (د.خ): (لهم مالنا وعلیهم ماعلینا) لەسەر ئەم بنەمایە لەبەر ئەوەی ئەو برایانە فەرمان رەوای ئەوان سەربەستن لەداب و نەریت و رۆشنبیری و جل و بەرگیان و زمان بەکارهێنانیان لەبازرگانی کردنیان پێویستە برا کوردەکەش بەو وێنەیە بێت.

ـسەرنج لەرێگای خاوەن باوەڕەکان بدە، لەبلاوکراوەکانی سوپای ئیسلامی کوردی) ژمارە ٢، لە ١٩٨١/٨/١٨. لاپەڕە ٧-٨ شوێنی لەچاپدانی لەسەرنییە).

ئەوەی دەبیندرا ئەوەبوو گوایە سەرکردەکانی سوپای ئیسلامی کوردی لەوە نەگەیشتبوون کەبرا موسوڵمانەکانیان لەفارس و تورک و عەرەب دان بەوەدانانێن کە کورد نیشتمانی خۆی هەبێت. تا فەرمان ڕەوایەتی تێدابکەن.

ئەوان وایدادەنێن کوردستان بەشێکە لەنیشتمانی خۆیان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا خاڵی یەکەم بوو لە هۆکاری ناکۆکی سوپای ئیسلامی کوردو کۆماری ئیسلامی ئێران. هەروەها سەرکردەکانی سوپای ئیسلامی کورد لەوباوەڕەدانەبوون بەوەی موسوڵمانە دەوڵەتیەکان لە عەرەب و فارس و تورک لەناسیونالیستە عوسمانییەکان ڕەگەزپەرست ترن لەباری نەتەوایەتییەوە. لە نەتەوە پەرستە عیلمانییەکان. مەلیک فەهد لەتەمموزی ١٩٩٢ - ٨٠٠ هەزار دۆلری بەخشی بۆ بەرنامەی فێرکردنی زمانی عەرەبی بۆ ئەوکەسانەی دەیانەوێ فێری زمانی عەرەبی بن. (الحیاە لە ١٩٩٥/٧/٩). لەحەفتاکاندا کاتێک ئەڵمانیا ویستی بەرنامەیەک پێک بهێنێ بەزمانی کوردی بدوێ لە ویستگەی شاری دورتموند ( Dortmund ) زیاتر لە ٦٠ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکی ئیسلامی ناڕەزایەتیان بەرزکردەوە بۆ ئەڵمانیا بەرامبەر ئەو پێشنیارە - وەداوای ئەوەیان کرد کە ئەو بەرنامە کوردیە ڕەت بکرێتەوە لەئیستگەی ئەڵمانیا لەتۆمەتی کردنەوەی بەرنامەیەکی کوردی ئاوا هاندان و کۆمەک کردنە بە بزوتنەوەی جیا خوازی (انفصالی). لەراستیدا نجم الدین ئەربەکان سەرۆکی پارتی رەفاهی ئیسلامی و سەرۆکی دەوڵەتی تورکی پێشوو زیادەرۆیی نەکردووە کەوتوبەتی: ( ئەگەر ئەتاتۆرک زیندوو بیایەوە ئەمرۆ دەبوو بەئەندامی حیزبەکەی ئەربەکان) ئەمەش سەرۆکی ئەنجومەنی ئیسلامی بەرزی شیعەیە لە لوبنان( ئیمام محمد مهدی شمس الدینی لوبنانی) کەوا وڵاتەکەی هیچ نزیکی و پەیوەندیەکی بەکوردستانەوە نییە دەربارەی هێرش و سنوربڕینی سوپای تورکی بۆ کوردستان و داگیرکردنی باشووری مەزن بەوەی ئەم پرۆژە تورکیە لەسەروی عێراقدا (بەوشێوەیە) دەشێ ببێتە هۆکاری دابەشکردنی عێراق. لەبەر ئەوە ئەمە بەکارێکی پێچەوانەو رەتکراوەو ئێدانە کراودا دەنێین چ وەک ئیسلام و چ وەک

عەرەب پێویستە بەهەموو هێزێکمانەوە بەرەنگاری ببینەوە. بۆ پارێزگاری کردن لەیەکێتی عێراق وەک جوگرافیاو باری ئینسانی) (الحياه ٢٠/٩/١٩٩٦) بەواتە پێویستە بەرگری لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی بکەین لەسەر زەوی باشوری کوردستان بەهەموو هێزێکمانەوە - ئەو یەکێتیەی ئیمپریالیزمی بەریتانی بەپیرۆزی داناوە. ئەم راگەیاندن و وتانەی محمد مهدی شمس الدين هەروەکو وتەکانی ناسیونالیستی عەرەبی و سەرۆکی دەولەتی فەلەستین یاسر عەرەفات وایە کە وتی:( من دژ بە بیرۆکەی دابەشکردنی عێراقم، نامەوێ فەلەستینیەک لەعێراق نیشتەجێ بکرێت ، لەبەر ئەوە فەلەستینیەکان بەک نیشتمانیان هەیە ئەویش فەلەستینە) (الحياه ٢٠/٦/١٩٩٦). بەڵام کورد مافی ئەوەی نییە نیشتمانی خۆی هەبێت.!

سوپای ئیسلامی کوردیش وای رادەگەیەنێ بەوەی دروستبوونی ئەم سوپایە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لەئێران بەبریاری ئێران نەبووە وەکو دەڵێ:( شاردراوە نییە لەبرا موسوڵمانەکانمان کەوا ئەم سوپایە بوکێکی یاری نییە بەدەست رۆژهەلات و رۆژئاواوە، یان بەدەست دراوسێ ی کوردانەوە، بەلکو راستیەکە لەدڵی هەموو کوردێک دا چەکەرەی کردووە، بۆیە هاتۆتەبوون، بۆ شکاندنی زۆرداری و سارێژبوونی کوانەکان و گێرانەوەی ماف و دادەوەری بۆ خاوەنەکانی. بەدامەزراندنی ئەم سوپایە لەلایەن یەزدانەوە ئاوەکان بۆ سەرچاوەکانیان دەگێردرێتەوە) مافیش بۆ ماف زەوتکراوەکان ئەوەی بەسەر چووە دوبارە نابێتەوە تەبایی و ئاشتی لەبواری ئاین و دنیا بەدی دێنێ و (سەرچاوەی پێشوو).

لێرەدا پرسیارێک خۆی دێنێتە پێشی لەلای هەموو کەسێکی خاوەن بیرو وشیاری و بەقەناعەت کە (بۆچی و لەبەر چ مەبەستێک ئەم سوپایە دروستکرا...؟ تەنانەت دوابەدوای پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی ئیران بەدنیا هێندرا نەک پێش هاتنە سەرکورسی دەسەلاتی سەرجەم سوپاکانی ئیسلام دەداو برایەتی و نزیکیان لەگەڵ داگرێ دەدات لەپێش هەموویانەوە سوپای ئیسلامی ئێرانی، کەبەرێنمایی و بریاری ئیمامی نوێ خومەینی پێکهاتووە. هەروەها لەگەڵ پارتو رێکخرا و ەکوردیەکاندا ئەوانەی :(نەکوفرو) و نەستەم و نەبەدردوشتی و دزیی و درۆزنی رەفتار دەکەن، (سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٢١-٢٢). بەڵام ئەم بانگەوازە نەبوو بەهۆی ئەوەی

لەلای سوپای ئیسلامی ئێرانی هیچ جۆرە شەفاعەتێک و قەناعەتێک دروست بکات چونکە ئەم رژێمەی ئەوان رژێمێکی فارسی نەتەوەپەرستە، بەرگی ئیسلامیەتی بەسەرخۆیدا کێشاوە باوەڕی بەیەکسانی نییە، ئەوەبوو کۆمەکی مادیان لێ برین، بەشێوەیەک کەنەیاندەتوانی پارێزگاری لەخۆیان بکەن، سەرۆکەکەیان مامۆستا عباس شبک (ابو اسامە)و ناچاربوو بچێتە دیمشق و دوای ئەوەش بوو بە پەنابەر لەفەرەنسا.

دوای ریزەکانی سوپای ئیسلامی کوردی لێک هەڵوەشێندران، بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دروستبوو، بەناوی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ کوردستانی عێراق. بەسەرکردایەتی مامۆستا مەلا عثمان عبدالعزیز. (هەروەکو باسمان لێوەکرد).

ئەو هێزێکی سوپایی بچووکی دروستکرد ناوی لێنا (سوپای قورئان) لەسنورەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی (ئێران) و باشووری کوردستانی (عێراق) دا بلاوبوونەوە. هەروەها لە سالی ١٩٨٠ (حزب الله کوردستانی) دروست بوو بەسەرۆکایەتی شێخ محمد خالیدی بارزانی. وەکوڕی براکەی شێخ ئەدهەم بارزانی. کەلەدوایدا لێی جودابووەوەو حیزب اللەی شۆڕشگێڕی کوردستانی دروستکرد ئەوەی لێرەدا شایەنی باسە ئەوەیە کەئەم رێکخراوانە (رێکخراوی کوردی ئیسلامی مەزهەب سوننی) لەبەرامبەر ئەمانەشدا رێکخراوێکی ئیسلامی شیعی تر دروست بوو بەناوی (بزوتنەوەی کوردە موسوڵمانە فەیلیەکان).

ئەم رێکێخراوانە راگەیاندن و رۆژنامەو گۆڤاریان هەن. (سوپای ئیسلامی کوردی) گۆڤاری (بانگی راستی) دەردەکات بزوتنەوەش (یەکگرتوو) (ئاسۆی ئیسلام). وە بزوتنەوەی کوردە موسوڵمانە فەیلیەکان جاران (دەنگی تفەنگ) (صوت البندقیە)ی دەردەکرد شتێکی ئاشکراشە کەئەم بزوتنەوانە لەسەر هێڵی پەیوەندی لەگەڵ رژێمی ئێراندا بەڕێوەدەچن. هەوڵی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی ئەدەن. لەسەر شێوازی کۆماری ئیسلامی ئێرانی. لەباشوری کوردستاندا. مەلا عوسمان عبدالعزیز رایگەیاند لەبەردەم رۆژنامەی (کەیهانی هەوایی فارسی) لەمانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٧ بەواتە دروستبوونی دەڤەری پارێزراو لەباشوری مەزن بەم شێوەیە:

بۆ بەڕێوەبردنی کوردستانی عێراق دوای ڕژێمی صدام لەیاساکانی قورئان سوود وەردەگرین. لەگەڵ ئەزمونی ئیسلام(کیهان هوائی لاپەڕە ٢٤ ژمارە ٧٥٢ لە ١٩٨٧/١١/٨). ئەمڕۆش بزوتنەوەی ئیسلامی بۆکوردستانی عێراق ئێستا هێزێکی بچووکە لەناوچەی هەڵەبجە بۆ بەردەوام بوونی پشت بەئێران دەبەستێ - ئەمەش ڕاستی یەکە کە سەرکردەکانی نکوڵی لێوەناکەن. یەکێکە لەسەرکردەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق ( یەکگرتوو، ئەویش بەڕێز عبدالطیف برزنجی بوو دانی بەوە دانا لە مانگی نیسانی ١٩٨٧ بۆ ڕۆژنامەی (الجهاد الکردی) کەبەزمانی کوردی لەتاران دەردەچێت. لەڕووی کۆمەکی ئێرانیەوە بەم شێوەیە: ( مەبەستی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بریتیە لەپەیوەندیەکی برایانەی بەتین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کۆماری ئیسلامی ئێرانی پاڵپشتی تاک و تەنیای هێزە چەکدارەکانی ئێمەن. ئەوان بەپارەو چەک و هەموو پێداویستی یەک یارمەتیمان ئەدەن (الجهاد الکردی) لاپەڕە ٧ و ٢ ژمارە ١١٨ لە ١٩٨٧/٤/١٣).

ئەگەر ئەمە ئاوابێ: شتێکی سروشتی یە کەرژێمی ئێرانی بەردەوام ئەو شتەیان بەسەردا دەسەپێنێ کەبەرژەوەندی دەوڵەتەکەی خۆیانی تێدا بەدی بێت نەک پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد. شتێکی دیاری یە کەبەردەوام ڕژێمی ئێرانی خەریکی دەست تێوەردان و بەهێزکردنی نفوس و دەسەڵاتی خۆبەتی لەباشووری مەزن. بەتایبەتی لەناوچەی (چەکوشی ئامادە) چەند گۆڤارێک بەزمانی کوردی دەردەکات وەک (گۆڤاری سروە)لەورمێ - کوردستانی ڕۆژهەڵات، وە گۆڤاری ئاوێنە (المرآت) لەتاران. چەند کتێبێکی ئیسلامی دەوڵەتی بەزمانی کوردی دەردەکات.

لەڕێگای دەزگای ڕاگەیاندن و هەواڵ، لەتاران. هەروەها ڕژێمی ئێرانی هەستاوە بە دروستکردنی کۆمەڵەی ئیسلامی بۆ خوێندکاران و لاوانی کورد، ئەوانەی لەهەندەران دەخوێنن. وەک زانیاری لەبەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات لکێندراوە بە ئێرانەوە - قەدەغەیە، هەر کۆمەڵەو ڕێکخراوو پارتێکی سیاسی کوردی هەبێت بەڵام لەدەرەوەی کوردستان دەوڵەتی ئێران کۆمەکیشی پێ دەکات و یارمەتیشی دەدات و پشتیشی دەگرێت. لە ١٩٨٧/١/١٥ ڕۆژنامەی (جهاد الکردی)

هەواڵێکی راگەیاند - کەوا کۆمەڵەی یەکگرتنی خوێندکارو یەکگرتنی موسوڵمانە کوردەکان دامەزراوە لەدەرەوەی کوردستان . ئەم یەکگرتوود ساڵی ١٩٨٦ بەدەست پیشخەری رژێمی ئێرانی دروست بوو. بەناوی (ئاڵای ئیسلام) (رایە الاسلام).
ئەم گۆڤارە لەشاری تۆرنتۆ (کەنەدا)وە دەردەچوو. دوای ماوەیەک گوازرایەوە بۆ مالیزیا - دوای ئەوە ناوی ئەم کۆمەڵە یەکگرتووە بوو بە (یەکگرتووی خوێندکارە موسوڵمانەکان لە کوردستان مەبەستیش لەکوردستان بەشی لکێندراو بەعێراقەوە.
دوای راپەرینی ئازاری پیرۆز لەباشوری گەورەی کوردستان کۆمەڵێک دژ بەرژێمی فاشی وە رزگارکردنی چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان کۆمەڵێک درزوست بوو بەناوی (یەکێتی ئیسلامی بۆ خوێندکارو لاوانی کوردستان) وە یەکگرتوو لەساڵی ١٩٩٢ز نەوە رۆژنامەیەک بە ناوی رابوونەوە دەردەکات (الصحوە) یەکگرتوو خۆی وا رادەگەیەنێ کە کۆمەڵێکی پیشەیی یە ئەمەو بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق هاوبەشی کرد لە هەڵبژاردنەکانی کە لەناوچەی پارێزراو ئەنجام درا رێژەیەکی لەدەنگەکان بۆ خۆی بەدەست هێنا کە لە ٥ ٪ زیاتردەبوو، هەرچەندە کەرژێمی ئێرانی کۆمەکی دەکردن و یارمەتی دەدان. ئەمەش بەڵگەیەکە ئەم رێکخراوە خاوەنی پشتگیریەکی ئەوتۆ نییە لەکوردستاندا. (خۆئەگەر هەش بن ئەوا لە ئاکامی بارودۆخی ناهەمواری ئابوری و خەڵک و کۆمەکی ئازوقەی ئەمانەی بۆیان ...
هەروەک چۆن چەندین بنەماڵەو کەسی کورد بۆ موچە یان برە ئازوقەیەک خۆیان بە تورک لەقەڵەم داوەو سەربەبزوتنەوە تۆرانیە تورکەکان.. یان لەئاکامی شەڕی ماڵکاولکەری نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار روویان کردۆتە ریزەکانی ئەم بزوتنەوەیە.. گومان لێ کراوانە).
لەساڵی ١٤٠٠ کۆچی - ١٩٨١ ز پارتی ئیسلامی کوردستان دروست بووە، ئەم رێکخراوە جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ (بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان) عێراق وە لق و بەشەکانی وەک: (یەکگرتوی خوێندکارو لاوانی ئیسلامی کوردستان) جیاوازیەکەش بەرادەیەکە کەدەتوانین بڵێین لێرەدا دوو تەوژمی بزوتنەوەی ئیسلامی سەردکی لەنێو کورددا هەن لەم رۆژگارە: یەکەم تەوژمێکی ئیسلامی سەربەخۆ کەهیچ پەیوەندیەکی بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە نەبێت کەکوردستانی پێوە لکێنراوەو کورد دچەوسێنیتەوە لەمانەش (کۆماری ئیسلامی

ئێرانە) ئەم بزوتنەوە ئیسلامییە سەربەخۆیە بەسەرکردایەتی زاناوی بەناوبانگ و نوێخواز پرۆفیسۆر (محمد صالح گابوری) یە (مامۆستای دەستورە ئاینەکان لەزانکۆی ریاض) جاران، وەزانای رەببانی کرێکار شێخ عمر غریب. لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەیی دا لەگەڵ مەرکەزی زانستی بۆ راگەیاندن و دەست نووسەکان لە بۆن: وتی: پرۆفیسۆر محمد صالح گابوری دەربارەی حیزبەکەی ئاوا دوا:

(حیزبەکەی ئێمە باوەڕی بەیەکسانی لەنێوان مەزهەبییەکان و مافە دنیاییەکان نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەیە).

حیزبەکەی ئێمە بانگەوازی دروستکردنەوەی کوردستانی گەورەی راگەیاندووە لەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا . لەسەر ئاستی ناوچەکە، وەهەر لەئاستی مافی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و حوکمی زاتی یان فیدرالی و کۆنفیدرالی ناوەستێت.

حیزبەکەی ئێمە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەکات بۆ هەموو گەلانی موسوڵمان لەسەر ئاستێکی جیهانی. حیزبەکەی ئێمە لەڕووی فیکرو بەڕێوەبردن و لایەنی دەرامەتی سەربەخۆیە. هیچ پەیوەندیەکی بەئێران - سوریا - تورکیا - عێراق - ەوە نییە یان هەرلایەنێکی ناحەز بەکوردو کوردستان . حیزبەکەی ئێمە سەرجەم بەندی باوەریەکانی خۆی راگەیاندوو وێنەی سیاسەتی دیاریکراوی خۆی کێشا - نەخشەی کوردستانی بڵاوکردەوە لەسەرەتادا بەئاشکرابوو - یان پلە بەپلە بوو.

حیزب تەرحی نوێی مەسەلەی دیموکراسی بەمانای شورای دەسەڵاتدارو رەتکردنەوەی تۆقاندن راگەیاند. وە فتوای جیهادی بۆ ئەوە کە لەپێناو نەهێشتنی زولم و ستەم و پشتگیری زولم لێکراوان و زەحمەتکێشان رادەگەیەنێ نەک بۆ کوشتنی کافران و بانگهێشت بۆ بوون بە موسوڵمان. (جریده الاستقلال) بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە بۆ پارتی ئیسلامی کوردستانی، ژمارە ١٧ کانونی یەکەم ١٩٩٦ز - ١٤١٧ - ک - ٢٦٠٨ کوردی لاپەڕە ٣.

دەمەوێ لێرەدا پەنجە بۆ خاڵێکی گرنگ رابکێشم، ئەویش (سورای زۆرەملی) یە ئەویش بەرای گشتی راگەیاندنی بریارێکی تایبەتییە لەفیقە ئیسلامی دا، ئەویش لەخۆیدا هەواڵێکە بۆ نزیک کردنەوەی ئیسلام و دیموکراسیەت. تا ئێستا حیزبە

ئیسلامی ویستویانه نزیکی و کەسایەتی لەنێوان ئیسلام و نەتەوایەتی دا پەیدا بکەن. ( هەموو حیزبە ئیسلامیە تورکی و عەرەبی و فارسەکان. ) نموونەیەکن لەسەر ئەم بۆچوونە. یان لەنێوان ئیسلام و سۆشیالیزمی (الاشتراکیه) (مدەرەسەی علی شەریعەتی کە لەساڵی ١٩٧٧ لە لەندەن وەفاتی کردووە لەهەل و مەرجێکی نادیاردا. تەنانەت تا (مارکسیەت) (مجاهدینی خەلکی ئیران نموونەیەکن لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە).

بەڵام لێرەدا هاوسەنگی لەنێوان ئیسلام و دیموکراسیەت دا شتێکی نوێ یە من تێبینی ئەوەم کردووە لەبەکارهێنانی ئەم شێوازە هاوسەنگیە لە کۆبوونەوەکانی و کۆنگرەکانی حیزبی ئیسلامی کوردستانی دا.

ئەمەو لێرەدا مەسەلەیەکی سەرسورهێنەرنییە کەرژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و خزمەتکاری حەرەمەینی شەریفیش، دژایەتی حیزبی ئیسلامی کوردستان بکەن لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی ئەم حیزبە لەگەڵ رژێمی نەتەوە پەرستی ئیستکباری فارسی لەئێران نایەتەوەو ناگونجێ هەروەها لەگەڵ رژێمی عەرەبی لەحیجازدا.

بەڵام تەوژمی دوەم ئەویش تەوژمی ناسراوی (بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراقە) لەگەڵ پەل و پۆکانی وەک (یەکێتی ئیسلامی خوێندکاران و لاوانی کوردستان) هەروەکو باسمان لەسەر کرد.کەتەوژمێکی عێراقی ناوچەیی یە (تایبەت بەکوردستانی عێراق) هیچ بەرنامەیەکی نیشتمانی نییە - هەموو هێزو گوروتین و پشتیوانی لەئێرانەوەیە. دژ بەهەموو لایەنێکی سیاسی و غەیرە سیاسی یە لە جیهاندا . تەنیا ئێران نەبێت. تەنانەت گۆڤاری (هەڵەبجە) کەگۆڤارێکەو سەربەو دەستەیەیەو لەسوید دەردەچێت لەژمارەیەکی نوسیویەتی دەڵێ: یەکێک لەخوێنەران نامەیەکی بۆ ناردووین تێیدا دەڵێ: ( ئێوە پەلاماری هەموو جیهان دەدەن وەرەخنە لەسەرجەم جیهان دەگرن تەنیا ئێران نەبێ). ئەمە راستەو لەمەش والاترو سەیرتر گۆڤاری (ئالای ئیسلامە) چەند ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر تۆقاندن و تیرۆر بڵاوکردەوە لەمانگی نیسانی ١٩٩٧ - بەڵام باسی تیرۆرو تۆقاندنی ئێرانی نەکردبوو دژ بەنەتەوەی کوردو نارازیانی رژێمی ئێرانی بەوشەیەکیش لەشەهید کردنی قاسملۆ - شەرەف کەندی ، هاوەڵەکانیان. لەگەڵ دادگای (میکونوس) و بڕیارە مێژوویەکەی کەدڵی سەرجەم جیهانی هەژاند - ئەم رووداوانە شایستەی

وشەیەکیش نەبوون کەدەربارەیان بنووسرێ بۆ ئەوەی رونکردنەوەیەک بەپێشوازی نموونەیی بخەینە روو بۆ ئەوەی لەلایەن خوێنەرانەوە جێگای بایەخ پێدان بێت ئەویش بۆ ئەو وتارەیە کەلەژێر ناوی (گۆشەی کوردی، تێبینی لەسەر بیری نەتەوەیی کورد ١٩٤٣ - ١٩٨٠ بەپێنووسی شاهۆ هەورامی)کەلەگۆڤاری ( ئالای ئیسلام)دا سالّی دەیە، ژمارە دوو تەمموزی ١٩٩٦. صفحە ١٤١٧ک.

دەبا بەشێکی کورتی لە درۆو دەلەسەو بوختانی ئەم دەستەیە نەزان و جاهیلە کەم شەرمە کەخۆی تەرخان کردووە وەک بارەبەر لەخزمەتی زۆرداران و داگیرکەرانی کوردستان دابێت، لەژێر پەردەی ئیسلام - یەکەم شتێک کەسەرنج رادەکێشێ لەگۆڤاری (ئالای ئیسلام)دا ئەوەیە کە گۆڤارەکە مێژوو و بەرواری زاین و کۆچی لەسەرە بەلاّم بەرەوای نازانێ مێژووی کوردی بخاتە سەر کە روناکبیرە کوردەکان لەکتێب و رۆژنامەکانیان دا بایەخی پێ دەدەن ئەم ئاکارەی پێچەوانەی (رۆژنامەی (الاستقلال) زمان حالی حیزبی ئیسلامی کوردستان کە، مێژوو بەرواری کۆچی و زاین و کوردی بەکاردەهێنێ. بەیەکەوە ئەوەی لەبەر چاوە مێژووی کورد لەلای ئەم کۆمەلّە بۆ سەردەمی جاهیلیەت دەگەرێتەوە لەبەر ئەوەی مێژووی کورد لەگەلّ کەوتنی نەینەواداد ەست پێدەکات بەدەستی میدیەکان. باب و باپیرانی کورد. ئەویش ٦١٢ پێش زاین بوو. وە ئەوەی پێش ئیسلامیش روی دابێ بە جاهیلی لەلای ئەو دەستەیە دادەنرێ. لەهەمان کاتدا رژێمی ئیسلامی ئێران بەتەنیشت نووسینی مانگ و سالّی کۆچی ناوی مانگە ئیرانییە کۆنەکانی جاهیلییەت تۆمار دەکات. شاهۆ هەورامی دەنووسێ (لەسالّی ١٩٤٣ لەئێرانداو بەتایبەتی لەشاری مهاباد کۆمەلّێکی مارکسی هەبوون لەژێر ناوی (کۆمەلّەی ژیانەوەی کورد) کاریان دەکرد. پەیوەندییەکی توندو تۆلّیان لەگەلّ سەنتەری رۆشنبیری روسی دا هەبوو لەمهاباد دا. کۆمەلّە رێبازی مارکسی لینینی لەپەیرەوی ناوخۆیدا دیاری کردبوو. لەسالّی ١٩٤٥ز ئەم رێکخراوە پەل و پۆی دەرکرد هەروەها دەولەتی روسی داوای لەکۆمەلّە کرد قازی محمد بەئەندامی خۆی دابنێ. ئەو زانا ئاینی یە مەزنە کەنفوسی و کەسایەتییەکی بێ وێنەی لەمهاباد داهەبوو. کۆمەلّە مایەوە تا ئەوکاتەی پێشەوا قازی محمد پەیوەندی پێوەکرد. دوای ئەوە حیزبێکیان بۆ کوردە ئاوارەبووەکانی کوردستانی ئازاد پێکهێنا (سەرچاوەی پێشوو لاپەرە٧).

ئێستا با لەوە بگەڕێین بۆچی شاری مهابادیان خستە سەرئێران نەک کوردستان لە لایەکەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەوەیان نووسیبا ئەوە دەولەتی ئێرانی رزیقی دەبرین - بەڵام پێویستە ئێمە ئەوە بڵێین. کەوا هەورامی پشتی بەسەر چاوەیەکی ئینگلزی بەستووە کە نووسەر (اوپلانس)ە نەک بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراوی کوردی.

کەلەسەر دەستی هەر کوردێک و کەسێک دایە قسەی لەسەر بکات بەتایبەتی کە بە زمانەکەی خۆت نووسراوە. لەگەڵ ئەمانەدا هەمووی گواستنەوەی ئەم وتەیە لەلایەن شاهۆ هەورامی یەوە تەنیا دەلالەت لەجەهل و نەزانی ناوبراو دەکات کە سەرە داوی مێژووی کورد نازانێ چ بەلایەن مێژووی سیاسی نەتەوەی کوردیان مێژووی دزە کردنی بیرو باوەڕی مارکسی بۆ کوردستان.

من بەلێکۆلینەوەیەکی بابەتی سەلماندوومە بۆ گۆڤاری نیشتمانی کوردی (الوطن) کەوا کاتی خۆی زمان حالی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بووە (ژ.ک) کەلەتەمموزی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤ دەرچووە بەوەی ئەم حیزبە (ژ.ک) بەدیاریکراوی لە ١٩٤٢/٩/١٦ دامەزراوە بەلام گۆڤاری حیزب لەساڵی ١٩٤٣ دەرچووە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەم تۆمارکردووە لەگەڵ حیزبی (ژ.ک) بەزمانی کوردی و ئەلمانی لەژێرناوی گۆڤاری نیشتمان تەمموزی ١٩٤٣ - مایسی ١٩٤٤ زمان حالی حیزبی (ژ.ک) و ئایدۆلۆجییەتی برژوازی بچووک. کوردایەتی نەتەوەیەکی پیشکەوتوو شارستانییە لەکوردستاندا. بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان. لەتەمموزی ١٩٨٣ ، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر - ستکۆهۆلم - السوید ٢٥٩٧ کوردی - ١٩٨٥ز. بەڕێز شاهۆ هەورامی موسوڵمانانی (نا ئاوارە) دەتوانێ ببینێ هەروەها (ژ.ک) لەسەرەتادا پەیرەوی ناوخۆی نەبووە بەلکو بەرنامەیەکی حیزبی هەبووە بەتەنیا ئەم بەرنامەیە لەزۆر کتێب و نووسراوی کوردیدا تۆمار کراوە. لەوانە: کتێبی (الجمهوریە الکردیە) ساڵی ١٩٤٦. نووسەرەکەی (ئیگلتن)ە. وە لەبەرنامەی (ژ.ک) دا یەک وشەش لەسەر مارکسیزم بوونی نییە هەرگیز لەم رووەوە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی فیکرییەیەکەوە نایان بەستیتەوە (وەرگێر).

ئەمەو لە لێکۆلینەوەیەکی تردا کەساڵی ١٩٨٨ بەزمانی کوردی دەربارەی

ڕۆژنامەی مارکسیتی کوردی (یەکێتی تێکۆشین) (وحدە النضال) بڵاوکردۆتەوە.
زمان حالی پارتی کۆمۆنیستی عێراق - کۆمەڵەی یەکێتی تێکۆشین - لەکوردستان ئەو سەردەمە. سەلماندوومە جێگای هیچ شک و گومانێک - م نەهێشتۆتەوە کەمێژووی دزەکردنی بیرو باو:ڕی کۆمۆنیستی (بەشێوەیەکی گونجاوتر شورەوی)بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی جیهانی دووەم. نەک بۆ ساڵی ١٩٤٣. هەروەکو هەورامی دەخوازێ. ئەم دزەکردنەش لەرێگای شیوعیە عەرەبەکانەوە (الحزب الشیوعی العراقی)یەوە وە شیوعیە فارسەکانەوە (حزب تودە الایرانی) نەک لەرێگای سۆڤیەت یان لە رێگای (ژ.ک)ەوە. رژێمی فەرمانڕەوایەتی لەکۆماری کوردستان ، رژێمێکی ناسیونالیستی لیبرالی بوو.
دووربە دوریەکی بێ ئەندازە لەرژێمی فەرمانڕەوا لەکۆماری ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی جعفر پیشەوەری. تەنانەت ئینگلتن - ی ئەمریکی دان بەو راستییەدا دەنێ لە کتێبەکەی دا کەباسمان لێوە کرد.
لێرەدا راستییەکی نەگۆڕ هەیە پێویستە بوترێ دەربارەی خۆ بەسەهوبردنی شاهۆ هەورامی. بەوەی کە حیزبی (ژ.ک) هەرگیز دەهۆڵ و زورنای بۆ مارکسیەت و لینینیەت لێنەداوە بەپێچەوانەی شاهۆ هەورامی و دۆستەکانی کەچۆن دەهۆڵ و زورنا بۆ رژێمی ئێرانی لێدەدەن. کە دوژمنی سەرسەختی نەتەوەی کوردە لەژێر پەردەی ئیسلامی دا. گۆڤاری نیشتمانیش لەسەر بەرگی پێشەوەی یەکەم ژمارەی بەگەوردیی ناوی (اللە) نووسرابوو. (اللە سبحانە وتعالی) لەژێریشیدا وشەی (ژ.ک) لەناو بازنەیەک داو هەموو ژمارەیەکیشی لەدەوری بازنەکەدا ئایەتێکی پیرۆزی قورئان دەنووسرا. بۆ نموونە ئەم جۆرە ئایەتانە: (تعاونوا علی البر والتقوی). (ومن یتوکل علی اللە فهو حسبە). ( وکم من فئە قلیلە غلبت فئە کثیرە بأذن اللە) و (النصر من اللە وفتح قریب) . (وبشر المؤمنین) دوای ئەوە چەندین وتاری دابەزاندووە دژ بە خواردنەوەی مەی نموونەی بەم ئایەتە قورئانیانە هێناوەتەوە: انما الخمر والجسد والانصاب والازلام رجس من عمل الشیطان فأجتنبوە لعلکم تفلحون، سەرنج لە ژمارە ٣-٤ ساڵی یەکەم سەرماوەز/ رێبەندان ١٣٢٢) . هەروەها نیشتمان مێژووی کۆچی بەکار دەهێنا. من لەپاشبەندی ژمارە (٢) کەپەیوەندی بە وێنەکانەوە هەیە، لاپەڕەکانی یەکەمی رۆژنامەی نیشتمان بۆ

ئەوەی بەتەواوەتی درۆو دەلەسەی ئەم دەستە بەکرێ گیراوە دژ بەگەلی کوردو ئیشیان هەلگێرانەوەی مێژووی کوردە.

هەروەها راگەیاندنی هەورامی بەوەی (ژ.ک) حیزبێکی تایبەتی چەند کوردێکی ئاوارەبوو - ئەمە درۆو بوختان و لەگوێی گادا نوستنە من لێرەدا دەیخەمەوە بیر وەک لێکۆلەرەوەیەک لەمێژووی کوردو شارستانیەتیەکەی بەر لە ٤٠ ساڵە کەخۆم چەندین کەسایەتیم ناسیووە لە سەرکردەکانی و دامەزرێنەرەکانی (ژ.ک) وەک شاعیری کوردی ناسراو عبدالرحمن هەژارە و ئەدیب و نووسەری کورد عبدالرحمن زبیحی و زانای موسولمان مەلا قادری مدرسی، ئەمانە هەموویان لەقوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان وانەیان خوێندووە رۆشنبیریەکەشیان رۆشنبیریەکی رەسەنی کوردی بووە. بەلام رێزدار کاک شاهۆ هەورامی ئەو لەکەسایەتییە نامۆکانە... بێ ئاگایە لەمێژووی نەتەوەکەی (ئەگەر بێت و لەریشەدا کوردبوو بێت) ئەم برادەرە پشت بەهەندێ سەرچاوەی خۆرئاوایی دەبەستێت بێ لێتوژینەوەو وردبینی کردن لەگەل ئەوەشدا لەبەر کەم ئابرویی - بەرادەیەک دەدوێ گوایە ئەندامانی (ژ.ک) بە پەنابەرو ئاوارە دادەنێت. ئەو بەکرێ گیراوە بەوە وەفاداری خۆی بۆ ئاغاکانی لەتاران دەردەبڕی. لەبەر ئەوەی رژێمی ئێرانی هەرکەسێک بیرکردنەوەی وەک بیرکردنەوەی ئەوان نەبوو ئەوا نامۆو بێگانەیە پێویستە لەناوببرێت.

هەروەها شاهۆ هەورامی دەلێ: بەپشت بەستن بەقسەی هەمان نووسەری ئینگلیزی (اویلانس)دەوا ناوەکەشی بەهەلە دەنووسێ کۆمۆنیستە کوردەکان هێزی زیندووی گەشەپێکردن و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون. لەعێراقدا. و مەلا مستەفای بارزانیان بەسەرۆکی حیزبەکەیان قبول کرد. لەگەل ئەوەشدا لەچین و توێژێکی دەربەگی بووە ( هەمان سەرچاوە لاپەرە ٧). ئەمەش بەلگەیەکی ترە لەو بەلگانەی کەشاهۆ هەورامی بەراستی جاهیل بووەو بێئاگا لەمێژووی سیاسی کورد. دیارە پێکهەل پرژانێکی ئاشکرا لەبەینی کۆمۆنیستە کوردەکان و ناسیونالیستەکان لەسەر قبولکردنی شێخ لطیف محمود کوری شێخ محمود پاشای کوردستان و کاکە زیادی کۆیی وەک دووکەسایەتی لەناو حیزبی دیموکراتی کوردی ئەو حیزبەی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لەبەغدا لەژێر ناوی (حیزبی دیموکراتی کوردی نەک کوردستانی ) دامەزرا . کۆمۆنیستە کوردەکان لەدەستەی

صالح حەیدەری ئەو دوو کەسایەتیەیان رەتکردەوە بەو بەلگەیەی کە ئەم دوو کەسایەتیە دەرەبەگن. بەلام خوالێخۆشبوو سەرۆک بارزانی پێی داگرت لەسەر وەرگرتنیان بەمە کۆمۆنیستەکان لەم رێکخراوە کوردیە نەتەوەیی یە چوونە دەرەوەو بوون بەئەندام لەریزەکانی حیزبی شیوعی عێراقدا. هەر لەو سەردەمەوە لەباشوری کوردستان دوو رێبازی سیاسی لەدنیا هاتن یەکەمیان (کوردستانی) و دووەمیان (عێراقی) لەبەرئەو ەدیموکراتی کوردی نەبوون - بەلکو لەژێرپەرچەمی حیزبی شیوعی عێراقدا کۆببوونەوە/ دەستەی (وحدە النضال) یەکێتی تێکۆشین)/ لقی کوردستان.

دەربارەی تۆمەت لێنانی شاهۆ هەورامی بەوەی خوالێخۆشبوو بوو بارزانی (رابردویەیەکی دەرەبەگایەتی هەیە) ئەمە لەخۆیدا تەنیا ئاوەژو کردنەوەی حەقیقەت نییە بەتەنیا بەلکو ئەمە جاهلیەتێکی کتومتە. وامان لێدەکات وابیر بکەینەوە کەوا شاهۆ هەورامی کەئەلف وبای سیاسەت نازانێ و بێ ئاگایە لەزانستی کۆمەڵ ناسی - لەراستیدا کوردە : سەرۆک بارزانی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عبدالسلامی (یەکەم)ە. بارزانی لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی دا پەروەردە بووە لەسەر رێبازی نەقشبەندی برای شەهید شێخ عبدالسلام (دووەم)ەکە لایەن دەولەتی (خیلافەتی عوسمانی ١٩١٤ لەسێدارە دراوە. ناوچەی بارزانی هەمیشە بەدەربووە لەخاوەن مولکی فەردی. جوتیارەکان هەریەکە بەشێکی زەوی و زاری کشتوکاڵی خۆی هەبووە بەکەمی. باوکی بارزانی هەندێ داب و نەریتی داگیرکەرانی کوردستانی رەتکردۆتەوەو نەیهێشت وەک بەزۆر ژن مارەکردن. بارزانی بەدرێژی ژیانی وەک کەسێکی سادەو ساکار ژیاوە - بەسادەییەوە لەگەڵ خەڵکی دا هەڵس و کەوتی کردووە من بەمنداڵی ئەوم ناسیوە لەکاتێکدا بەدورخراوەیی لەشاری سلێمانی دا دەژیا.

من چەندین جار دیومە کە فەردە گەنمی قورسی خستۆتە سەرشانی بردویەتیە ئاش بۆ ئەوەی گەنمەکە بهارێ بەئارد. ئەم بارزانیە ( دەرەبەگە) دەبا ئەو شانازیە پێشکەوتن خوازیەی بەرێز هەورامی کۆمەڵەکەی لەئاکامی ئەوەی لەگۆڤارەکەیاندا دەینووسن (ئالای ئیسلام) لەرووی هەڵسوکەوتی پیاوان لەبەرامبەر ژنان دا بەپێی، تەفسیریان بۆ ئەم ئایەتە قورئانیە: (الرجال قوامون علی النساء)ئەوان دەڵێن: (

واعطى الاسلام الرجل القوامه على المر أه اى أن يكون الرجل رب الاسر ەور ئیسها. وقد سمح للرجل بضرب الزوجه التى تترفع عن معاشره مخالفه بذلك احدى واجباتها الرئیسیه تجاه الرجل) (ئالآی ئیسلام) سالّی دەیەم. ژمارە (١) ٦ی کانونی ئازار ١٩٩٦، شوال ١٤١٦ک لاپەڕە٤) بەپێی ئەم وتارە دەردەکەوێ کەشاهۆ هەورامی و دارو دەستەکەی خاوەنی (پەرێزێکی پێشکەوتن خوازین لەبەر ئەوە ڕێگە بەخۆیان دەدەن کە لەژنەکانیان بدەن کاتێک ڕێگەیان نەدا لەگەڵیاندا (بخەون) ئەوان چاک ئەوەش دەزانن کەمارەکردن یان ژن و مێردایەتی بەزۆر وەک ڕەفتارێکی ئاسایی لەکۆمەڵگای ئیسلامی دا بەڕێوەچووە. وەناچارکردنی ژن بەزۆر بۆ لەگەڵ (خەوتن) بەزۆرو پەلاماردان دەژمێردرێت لەبواری جنسی - تاوانێکی گەورەیە بەتایبەتی کە ئەم ژن خوازیە بەرەزامەندی هەردوولا ئەنجام نەدرابوو. ئەوەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە لەو ناوچانەی بزوتنەوەی ئیسلامی دەسەڵاتی تەواویان هەیە هەڵس و کەوتیان بێ حەد ناشیرین و زۆر دارانەیە لەگەڵ ئافرەتدا( ڕێکخراوی لێبوردنی نیونەتەوەی لەسەر ئەم حاڵەتە زۆری نووسیوە. نووسەرەکانی بزوتنەوە هەمیشە درۆوبوختان بۆ ئافرەتانی دروست دەکەن - جارێک یەکێکیان نووسیبووی لە ڕۆژنامەکەیان دا بەوەی کەکورد:( بۆخۆیان دەستیان کردووە بە ڕەتکردنەوەی کچەکانیان) ئەمەش بوختان و درۆیەکی ئاشکرایە.ئەمەش هەر هەمان بوختان و بێ ئەدەبی یە) کەگۆڤاری (پنجشنبەها) (آيام الخمیس)ی فارسی لەکۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٧ کەگۆڤارێکی سەربە دەستەی حیزب اللهی ئێرانی یە لەتاران دەردەچێت کاتێک وتارێکی بڵاوکردبووەوە(کچانی کوردو ژنانی کورد بێ شەرەفن - ئەوانە لەش فرۆشە ڕوتەکانن) ئەم نووسینە پشێویەکی بەربلاوی لەناوەندی کوردەکانی دانیشتووی تاراندا بەدنیا هێنا لەتاراندا. بەڵام گەل ئەوەلادا دەولەتی مەلایان هەلویستێکی بەرامبەر ئەوگۆڤارە نیشان نەدا - ئەم تەوهین پێ کردنە بەرامبەر سەرجەم ژنان و کچانی کورد کراوە بەشێوەیەکی سروشتیش بەرامبەر ئەو کچ و ژنە کوردانەی (لە فیردەوسی بزوتنەوەش دا زانستی ئاین و ژیان فێردەکەین)وەرگێڕ ، ئەگەر تۆزقالێک ویژدان و هەستی خۆ بەکورد دانانیان لەڕەوشت و نەریتیان دا مابێ.

هەروەها شاهۆ هەورامی پشت بەوتەی کەسێکی هۆلەندی دەبەستێ کەناوی

(مـارتين بريتين)ە بەو خـواسـتـەی كـێشـەی بـارزانی لەگـەڵ تالەبانی لايەنێكی عەشايەری هەيە. زۆربەی لايەنگرانی تالەبانی لەعەشايەرو رۆشنبيرەكانن ئەوانەی بەزاراوە سـۆرانی دەدوێن.بەڵام لايەنگرانی بارزانی ئەوانەن كـە بادينين و بەزاراوەی كرمانجی دەدوێن (لاپەڕە٨).

(مارتين برنينس) كەسێكی نەزان نييە بە كێشەكانی گەلی كوردو مێژوو كلتورو كەلەپورەكەی لەروی شارستانييەتەوە بەتەنيا بەلكو ئەو كەسێكە زياتر لە نيشانەی پرسياری بەرەو روو بۆ درێژدەكرێ. ئەوكەسە دەڵێ زمانی كوردی بوونی نييە بەلكو چەند زاراوەيەكن و بەس. هەروەها دەڵێ: مـەلحـەمـەی شـاكـاری مـەم وزينی زاناو شـاعـيـری كـورد خـانـی هەمـووی درۆودەلەسـەيە (ئەمـە ئەو قـسـانەن كـە لەكـۆبوونەوەيەكی زانكۆی بەرلينای ئازاو كـەدەيان خـوێندكـاری كـورو كـچی تێدا ئامادەبوو كەدكـتـۆر حسن محمد علی ترخانی سەرۆكی جاليـەی كوردی لەبەرلين زۆر بەتوندی بەرپەرچی دايەوە). ئەمە جێگای ئەو پەڕی نەزانين و گێلێتييە كە كەسێك پەيوەندی نێوان زاراوەی سۆرانی و كرمانجی بەكێشەی عەشايەری دابنێت. پەيوەندی زاراوە بەچين و توێژی كـۆمـەلايەتـيـيـەوە چـيـيـە - كـەوا مـرۆڤ پێـوەی بەسـتـراوەتەوە. بەلام شاهۆ هەورامی موسولمـان كەدژ بەهەموو ئاوارەو نامۆيەكە پشت بەوتەيەكی پوچەڵ و كابرايەكی هۆلەندی پفكراو گێرەشێوێن دەبەستێ بەوقسە پروپوچانەی بۆ بەرێوەبردنی بەرژەوەنديە تايبـەتيـەكـانی لەگـەڵ ئەوەشدا بـارزانی لايەنگرو دۆستی لەناو دەڤەری سۆران دا زياترە نەک لەدەڤەری بادينان.

هەروەكـو لەم لاشـەوە بادينی (كـرمـانج)ی زۆر هەن دۆست و لايەنگری جـەلال تالەبانين. بەلام كێشـەی لەنێوان بارزانی و تالەبانی پابەندە بەهۆكاری شەخصی و ئايديۆلۆژيكی كە لەبۆنەی تردا لەسەری دواوم.

شـاهۆ هەورامی نەزانێ خـۆی زياتر زياتر دەخـاتەڕوو و دەڵێ: لەسـەرەتـای پەنجـاكـاندا لەئەلمانيـا لەنێـوان خوێندكـارە كـوردەكـان رێبـازی سێيـەم لەبزوتنەوەی نەتەوەی كورد دەركەوت جياڵە ماركسيەكان و نەتەوەييە ليبراليەكان ئەم ئاراستە نوێيـە كـورتيـەكـەی بە (كـاژيک) ناسرا، ناوەكـەشی (كـۆمەڵەی ئازادی و ژيانەوەو يەكـێتی كورد) - حزب تحربرو انبعاث وتوحيد الكرد - بيرو بۆچونی ئەم ئاراستە نوێ يە لەبلاوكراوەی (كاژيكنامە) بلاوكرايەوە - (لاپەڕە٩).

دەمەوێ وەک ئاگاداریەک ئەمە بلێم بەوەی (کاژیک) لەسەرەتای پەنجاکانەوە لەدایک نەبووە لەئەلمانیا لەبەینی خوێندکارە کوردەکان دا. هەروەکو هەورامی بەڕێز رای گەیاندووە - بەڵکو (کاژیک) وەک لاریکخراوێک دامەزرا لە ١٤/٤/١٩٥٩ز لەکوردستان بەدیاریکراویش لەشاری سلێمانی لەبەینی دەستەیەک لەمامۆستای دواناوەندی و نووسەرو شاعیراندا وەخوێندکارو قوتابیان لەناودا نەبوو تەنانەت یەک خوێندکاریش. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ خوێندکاران.

وەهەورامی وشەی ئازادی بەمانا (الحریه) بەلام وشەی (التحرر) لە کوردیدا بەمانای (رزگاربوون) دیت. لەسەرچاوەیەکەوە رزگاری - التحرر ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جاهیلەو نەزانە بەرامبەر بەسانا ترین یاساکانی رێزمانی کوردی، ئەمەش ئەوشک و گومانەمان بەلا دروست دەکات بەوەی شاهۆ هەورامی کورد نەبێت.

بەلام ناوێکی کوردی وەک نازناو بۆ خۆی دروست کردبێ. ئەگەر ئەمە وانەبێت ئەوا شاهۆ هەورامی تابناگوێی نەزان و کەودەنە، پیشەشی ئاوەژو کردنەوەی راستییەکانە. کاژیکنامەش بلاوکراوەیەکی دەوری نییە بەڵک و (بەیانی کا ژیکی ) (کاژیکنامە بەمانای کتێبی کاژیک) ئەویش هێل و نەخشەی بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی کاژیک دەگەیەنێ. کاژیکنامە لە ساڵی ١٩٦١ نووسراو بەچاپ گەیشت. بەهەوڵێکی هەردەوەزی لەکوردستان هەر لەهەمان ساڵیش لەکوردستان چاپکرا. وەرگێرانی کاژیکنامە بۆ زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٧١ لەئەوروپا پێکهات.

**شاهۆ هەورامی دەیخاتە سەرو دەڵێ:**

لەسەرەتای هەشتکاناندا ئەم بیرو رێبازە وە ئاراستەی هەلدایەوە جارێکی تر لەژێر ناو و فەلسەفەی (پارتی سوسیالیستی کورد) (پاسۆک) (الحزب الاشتراکی الکردی) وە مامۆستا جمال نەبەز بەسەنتەری ئەم رێبازە فیکریە دادەنرێت.

مامۆستا جمال نەبەز کورتەی بیرو فەلسەفەکەی لەکتێبی (بیری نەتەوەیی) کە لەستۆکهۆلم بلاوکردۆتەوە ساڵی ١٩٨٤ نەبەز ناوی لەم رێبازە ناوە (قوتابخانەی سوشیالیزمی کوردی) مامۆستا نەبەز هەوڵی ئەوە ئەدات بۆ خوێنەر وێنەی ئەم رێبازە ( قوتابخانەی سوشیالیزمی کوردی ) بەواتە فکرێکی کوردی رەسەنە .

ئەمەش بەلای ئەوە ئەوە دەگەیەنێ بەوەی ئەم قوتابخانەیە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ بیری ناسیونالیستی عەرەبی و تورکی و فارسی. هەتا لەگەڵ ئەو بیرو باوەڕو فەلسەفە نەتەوەیی کوردیانەی کەلەخۆرئاواوە راپێچ کراوەتە کوردستان. ئەو لەو باوەڕەدایە بیرو باوەڕەکەی تەعبیرە لەسەر بیرێکی نەتەوەیی کەلەریشەدا هەبووە لەویژدانی کورددا. لەم چوارچێوەیەدا پەنجە بۆ بوونی کێشەیەکی ئەبەدی رادەکێشی لەنێوان عەرەب و تورک و فارسی بەرامبەر کورد - بەڵگەش لەسەر وتەکانی خواجە سعدالدین (١٥٣٣ - ١٥٩٨) دەهێنێتەوە کە لەکتێبەکەیدا (تاج التواریخ) دەلێ: کورد نەخاکی هەبووەو نەدەسەلات. ئەمانەیان نەبووە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) بەپێی وتەکانی خواجە نەعلەتی لەکورد کردووە بۆ هەتا هەتایە.

(هەمان سەرچاوە - لاپەڕە ٩).

یەکەم دانانم بەکۆمەڵەی (پاسۆک) یا نەزانی و جەهالەتێکی ئاشکرایە بە راستییەکان یان درۆیەکی بێ گومانە. لەبەر ئەوەی رۆژێک لەرۆژان من ئەندامی پاسۆک نەبووم. دوای ئەوە پاسۆک و کاژیک دوو شتی لێک جیان. داوای هەورامی بەوەی من (نەبەز) ناوی رێبازەکەمە بەناوی (قوتابخانەی سوشیالیزمی کوردی) ئەمەش لەخۆی دا چەواشەکردنێکی ترە ، راستییەکەشی بریتی یە لە (قوتابخانەی کوردی سوشیالیزمی بەواتە -قوتابخانەی کوردی بۆفیکر (سوشیالیزمی). دەربارەی ئەم باسە کتێبێکی بەزمانی کوردی نووسینەوە دەتواندرێ سەرەنجی بدرێتێ بۆ دڵنیایی لەدرۆو دەلەسەو قسەپوچەلەکانی هەورامی، و گۆڤارەکەی هەروەها بیری قوتابخانەی کوردی بۆ فیکری سوشیالیزمی لەباشووری کوردستانەوە گەشەی کردووە لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە لەئاکامی وتوویژو لێتۆژینەوەیەکی بابەتی بەکەلک ئارام دەربارەی کلتوری سۆشیالیزمی ئەم وتویژو ئاڵ و گۆڕکردنی سەرنج و بۆچوونانە چەندین ساڵی خایاند ، لەنێوان رۆشنبیرانی کورد. ئەم بیرو باوەڕەش لەسەر بەدەنەیەکی باوەڕ بەئازادی و یەکسانی کەوا یەکتر تەواودەکەن - بەپێی ئەم رێبازە هیچیان بەبێ ئەوی تر نابن. هەروەها ئازادی قابیلی ئەوەنییە بەش بکرێت یان رادەو پلەی بۆ دابنرێت. بەواتە تەنیا لەکاتی بوونی یەکسانی و دەسەلات دا سەرچاوە بگرێت. (سەرنج لەکتێبەکەمان بدە: هێندەک لەکێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردی سوشیالیزم، بعض القضایا الاساسیه للمدرسه الکردیه للاشتراکیه).ستوکهولم ٢٥٩٦ک، ١٩٨٤ز.

لەگەڵ ئەوەشدا من نالێم کێشەو ناکۆکیەکی تا هەتایە لەنێوان عەرەب و تورک و فارس دا هەیە، بە پەنابردن بۆ وتەی خواجە سعدالدین - من نموونەی خواجە سعد الدینم هێناوەتەو وەک هەولێک لەلایەن سولتانەکانی عوسمانییەوە، کەوا ئەفسانەکان ئاوەژو دەکەنەوە بەناوی پێغەمبەرەوە، بۆ پێش گرتن لەنەتەوەی کورد لە دروستکردنی دەولەتەکەی، لەم بارەیەوە لەتوانای هەموو کەس دا هەیە چاوێک بە کتێبەکەی مندا بخشێنێ، بەڵام چ دەکەی لەگەڵ کەسانێکدا کەشەیتان لێلایی بە دووچاویان دا هێنابێ. پەردەیەکی بەسەرچاویاندا خشاندووە، نەزانی و دەمارگیری کوێرانە بەرەو درۆو هاندانی دەبات.

شاهۆ هەورامی دەنووسێت:

ماموستا (نەبەز) پەنجە بۆ فلان، ئەفسانە رادەکێشێ... مەم و زین، ی کوردی کەوا شاعیرو فەیلەسوفی کوردی ئەحمەدی خانی نووسیویەتی.. کەوا، داوا لەکورد دەکات یەکبگرن بۆ ئەوەی سەربەخۆبن (بروا نەبەز - لاپەڕە ٣٤ - ٣٥) نەبەز ئەم بانگەوازەی خانی: پەنجە بۆ راکێشانی وەستان و گەشەکردنی فیکری نەتەوەیی کوردە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو قەناعەتەی کەوا ئەم فیکرە سەر بەناخی واقیعی کوردستانە نەک بە بیرو فیکرێکی لەدەرەوە هێنراو.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا - لێکۆلەرەوەکانی تری فیکری نەتەوەی کوردی لەگەڵ نەبەزدا لەم خالەدا یەک دەگرنەوە، نەبەز وادەخوازێ کەفیکری نەتەوەیی کورد، بە پێچەوانەی فیکری نەتەوەیی ئەوروپی یە - کەوا بەفیکرێکی تایبەتی دادەنێ بۆ بەرژەوەندی چینی برژوای ئەوروپی.

وەک فیکرێکی تایبەتی بۆ هیچ چینێکی تایبەتی لەکوردستان دا لەبەر چاو ناگیرێ ماموستا بەردەوام دەبێ: بەوەی کەنەتەوەی کورد داهێنەرەو لەتوانایدایە کەبیری تایبەتی بەخۆی بەدنیا بینێ پێویستی بەخواستنەوەی بیرو فەلسەفەی تر نییە (هەمان سەرچاوە - ل٩).

بەڵام مەلحەمەی مەم و زین (Mem u Zen)ی نەمر لەئەدەبی کوردیدا کە پاشماوەی بیری پیتۆلی کوردی مەزن ئەحمەدی خانی یە (١٦٥١/٥٠ - ٦ - ٧ - ١٧)و ەبانگکردنی کورد بۆ یەکێتیو دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی بەتایبەتی و بەوردی بەلگەیە بەوەی ئەم بیرە لەسەرچاوەی هوشیاری فەیلەسوفێکی کوردەوە

هەلقولیوە - لەگەڵ ناخی واقیعی کوردستاندا ئەمەش بیرێکی خوازراوە نییە چونکە دەولەتی نەتەوایەتی دوای شۆڕشی فەرەنسا سەریان هەلدا (١٧٨٩) کەچی ئەحمەدی خانی داوای پێکهێنانی دەولەتی نەتەوەیی کوردەوە (٩٤) ساڵ بەر لەسەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا. خانی لەکوردستاندا دەژیاو ئەو سەردەمە هیچ پەیوەندی و نزیکیەکی لەگەڵ گەلانی ئەوروپادا نەبووە. خانی لەهەرە مەزنە خاوەن عەقڵ و هوشیاریەکان بووە. پێش ئەوەی خانی سەفەرە بەنرخەکەی بنووسێتەوە بەسەد ساڵ، پیتۆڵ و زانایەکی تری کورد سنوری نەتەوەی کوردی لەکوردستان دیاری کردبوو - هەروەکو لەم لێکۆلینەوەیەدا قسەی لەسەر کراوە - بەواتە کتێبی شەرەفنامە سنوری کوردستانی باس کردووەو دیاری کردووە پێش ٤٠٠ ساڵ بەر لەئەمرۆ. بەواتە لەکاتێک کەلەدنیادا هیچ دەولەتێکی نەتەوەیی نەبووەو پێک نەهاتووە. بەلکو ئەوکاتە دەوڵەتی ناوچەیی هەبوون. لەسەر شێوازی ئیمپراتۆریەت و میرنشینی.

ئەم راستیانەش پەلەیەکن بەناوچەوانی هەورامیەوە لەگەڵ دارو دەستەکەی دا لێرەدا چیرۆکێکی بەلەزەتم دێتەوەیاد یان لەگەڵ دۆستی بەڕێزو خۆشەویستم یوسف نەسرۆ (کرێکارێکی کوردستانی خۆرئاوا بوو لەهامبورغ دا دەژیا).

یوسف لەبۆنەکان دا نووسین و بابەتەکانی منی بۆ خەلک دەهێنا. جارێک لەجاران وەرگێردراوی کتێبی (مەم و زین) دەدات بەخوێندکارێکی کۆمۆنیستی عیراقی ئەم رووداوەش لەحەفتاکاندا رووی داوە - خوێندکارەکە نارازی بوونی خۆی لەسەر ئەم داوایە نیشان دەدات و دەڵێ: بۆچی تۆ هەڵدەستی بەدابەشکردنی ئەم کتێبە ئەمریکیانە..؟ یوسف وەلآم دەداتەوە: ئەوکتێبە ئەمریکی نییە بەڵکو وەرگێردراوی شاکاری مەم و زینە بۆ زمانی ئەلمانی (یەکێتی نەتەوەیی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا (Nukse) چاپی کردووە. برادەرە شیوعیەکە لێوی هەادەقرچێنێ و دەلێ: کتێبەکە بیری ئەمریکیانەی تێدایە داوای جیابوونەوەی کوردستان دەکات و پێکهێنانی دەولەتێکی کوردی بەسەرکردایەتی ئەمریکا دژ بەیەک یتی سۆڤیەت. ئەمریکیەکانیش کتێبەکەیان بەچاپ گەیاندووە بۆ ئێوە. یوسف پێی دەڵێ: دانەری کتێبەکە ئەحمەدی خانی یە کەلەسەردەمێک دا ژیاوە ئەمریکا هەر نەبووە. ش یوعیەکە تورە دەبێ ود ەڵێ:لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی کتێبەکە هەمووی ئەمریکی یە

- لەبەر ئەوە ئەمریکیەکان بۆیان بەچاپ گەیاندون. دەست دەکات بە جنێوو سووکایەتی کردن بەئەمریکا - یوسف وەلامی دەداتەوەو دەلێ: مامۆستا دەتوانێ بەپێی ئارەزوو ویستی خۆت جنێو بەئەمریکا بدەی دەتوانی بەوەحشی و بێ نرخ دایان بنێیت، بەلام لەئاست گەمژەیی دا والله هەرگیز لەگەڵ بەڕێزتدا بەرامبەریان پێ ناکرێ...؟؟...

دەربارەی مەزهەب و فیکری بەڕێز شاهۆ هەورامی دێتە سەرباسی بیرو باوەڕی تێکەڵ و پێکەڵ، لەلایەکەوە دەلێ: مەزهەب لەبیری سۆشیالیزمی کوردیدا بەم شێوەیەیە. ئەمەش یەکێکە لەدیاردەکانی بوون بەنەتەوە. (میللەت) مەزهەبی زەردەشتی ئێزیدی یە نزیکترین مەزهەب دادەنرێت لەگەڵ بیری سۆسیالیزمی کوردیدا (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠) لەهەمان لاپەڕە دوای چەند دێرێک دەلێ:

(دەربارەی مەزهەب لەبیری سۆشیالیزمی کوردیدا (بەم شێوەیە) پێویستە لێرەدا پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین بیری سۆشیالیزمی کوردی هیچی تازەی لەم بارەیەوە پێ نییە - بیرە کوردیەکان بەگشتی دوپاتی زیندوکردنەوەو ژیانەوەی کەلەپوری جاهیلیەت دەدەن لەلایەن کوردەکان، بەگەورە کردنەوەو بەدنیا هێنانەوەی هەرشتێک هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ ئەم کەلەپورەدا. لەهەمان کاتدا ئەم واقیعە لەبیر دەکات کەوا زۆربەی نەتەوەی کورد موسوڵمانن لە ١٤٠٠ ساڵ بەرلەئێستا.

وەکەلەپوری نەتەوە ئێستا کەلەپورێکی ئیسلامییە. وە بانگەشە کردن بۆ ژیانەوەی کەلەپوری جاهیلی، ئەمەش لەخۆیدا بەلگەیەکە بۆ کلکایەتی غەرب لەبیرو فەلسەفەکەی دا (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠).

مەزهەب (دین) (ئاین) لەتێڕوانینی قوتابخانەی کوردی بۆ بیری سۆشیالیزمی خۆی باوەڕی (عقیدە)یە عەقیدەش بەواتە باوەڕی وەک عیشق بە ویژدانی مرۆڤەوە بەندە لەناو قولایی دەروونی دا - ناتواندرێ هەڵەیی و راستی بسەلمێندرێ. لەبەر ئەوە پێویست دەکات رێزی لێوە بگیرێ - بەپیرۆزی لێیەوە براونرێ. بەمەرجێ هەڵگری ئەم یادەوەریە بەزۆر تۆقاندن باوەرە ئاینی یەکەی بەسەر کەساندا نەسەپێنێ. بەلکو دەبێ لەرێگای قەناعەت پێکردن و قسەلەسەر کردنەوە ئەنجام بدرێ. کاژیک مەزهەب و ئاین بەپیرۆز تەماشا دەکات بەلام هیچ قودسیەتێک بۆ (فیقهە)دانانێت. لەبەر ئەوەی فیقهە لەکردەی مرۆڤە. کاریگەری بەزەمان و

مەکانەوە - شوێن و کاتەوە هەیە بەپێی ئارەزوو و بۆچونی دارێژەرەوەکەی دینیش یەکێک نییە لەدیاردەو مەرجەکانی بوون بەمیللەت و نەتەوە. ئایا شاهۆی بەڕێز ئەو بوختانەی لەکوێوە هێناوە؟

و کێ پێی وتووە زەردەشتی ئێزیدی لەو مەزهەبانەن کە لەکوردستان سەریان هەڵداوە. هەتا ئەمڕۆش هەر هەن؟ نزیکترین مەزهەبن کەنزیکی و کەسایەتیان لەگەڵ نامەی فیکری سۆشیالیزمی کوردیدا هەبوبێ؟ دیانەت شتێکەو سۆشیالیزمیش مەسەلەیەکی تر. بەڵام ئەوەی هەورامی بەڕێزو دارودەستەکەی بەکەلەپوری جاهیلی دادەنێن. لێرەدا پرسیاریان لێدەکەین ئایا هەموو داب و نەریتێک و یاسایەک و بۆنەیەکی کوردی بەمیراتی لەسەردەمەکانی پێش ئیسلام بەواتە نەریتی جاهیلین؟ ئایا ژیانەوەی جەژنی نەورۆز و ئاهەنگ گێران بەو بۆنەیەوەو لە ٢١ئازارو ژیانەوەی بۆنەی رزگارکردنی نەتەوەی کورد بێچارەو ستەملێکراو لەدەست ئەژدهایەک ضحاک)ی خۆ بەزۆرزان لەلایەن کاوەی ئاسنگەر ژیانەوەی کەلەپووری جاهیلییە..؟ یان ژیاندنەوەی کەلەپوورێکی شۆڕشگێڕی میللی رزگارکەرە...؟ بۆ زانین گەورەکانی شاهۆ هەورامی لە سەرکردەکانی رژێمی ئێرانی هەوڵی ئەوەیان داوە لەسەرەتای سەرکەوتنیاندا بەسەر دەزگای فەرمانرەوایەتی - کەرێگە بەیادەوەری نەورۆز دەدەن بەوپێودانگەی جەژنێکی مەجوسیانە (بەم شێوەیە) کەچی نەیانتوانی ئەمەبکەن. بەڵام هەوڵی کەم کردنەوەی بایەخەکەیان دا. وە دۆستەکانی شاهۆ هەورامی لەدەستەی تالیبانی رەگەزپەرست لە ئەفغانستان دا دژ بە ئاهەنگ گێڕانی نەورۆزن وەچەند کەسێکیان بە نەتەوەی تاجیک لەسێدارە دا بەبۆنەی ئاهەنگ گێران بەیادی جەژنی نەورۆزەوە. ئێمە لێرەدا پرسیار دەکەین جاهیل کێ یە - وەجاهیلیەت چییە؟

(جاهیلیەت زاراوەیەکە پێغەمبەر (د.خ) بەکاری هێناوە بۆ دیاریکردن و ناوبردنی هەندێک داب و نەریت کە کۆمەڵگای خێڵەکی پێوەی ناسرابوو بەتایبەتی لەناو عەرەبە کۆچەرەکان دا. بەتایبەتی ئەو رەوشت و خووە دواکەوتوو نا مرۆڤانەی لەسەردەمی ژیانی خۆی دا بەدی کر دوون وەک(زیندە بەچاڵ کردنی کچان، هەروەکو لە قورئان دا هاتوو: (واذا الموؤده سئولت بأی ذنب قتلت) یان بت پەرستی کەبەدەستی خۆیان لەبەردو دار دروستیان دەکردو کرنۆشیان بۆ دەبردن - بەڵام ئەم

زاراوەیە هەرگیز بەرامبەر گەلی کورد ناگونجێت بەکاربرێت - کورد پێش ئاینی ئیسلام گەلێکی شارستانی بوون، بتیان نەپەرستووە، ریزیان لەژنانی خۆیانگرتووە ، منداڵە کچەکانیان پارچەی جگەریان بوون بە سۆزەوە بەخێویان کردوون. وەک عەرەبەکان بازرگانیان بەژنان و کچانەوە نەکردووە. لەم بوارەوە تا ئەمڕۆ - رەنگە کەسێکی وەک شاهۆ هەورامی و دارو دەستەکەی - ئەوانەی خاوەنی داب و نەریتی جاهیلین، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ژناندا مامەلە کردنیان وەک کۆیلەدارەکان وایە، هەرگیز یاوەڕیان بە یەکسانی نێوان هەردوو بابەت نێرومێ نییە. هەروەکو چۆن باوەڕیان بەیەکسانی نێوان موسولمانان و خاوەن ئاینەکانی ترنییە. ئەوان دژ بەمۆسیقاو سەماو گۆرانین - حەز بە رەنگی کراوەو رەنگاو رەنگ ناکەن - باشتر وابوو شاهۆ هەورامی سەرکردەکانی خۆی لە رژێمی ئێرانی بەنەزان و جاهیل ناوبردبا. لەبەر ئەوەی ئەوان هەموو ساڵێ ئاهەنگی عاشورا دەگێڕن. سەدان و هەزاران کەس دێن. تا لەبەردەم و چاو پشت و پیشی خۆیان بدەن - خۆیان بریندار بکەن ئەمەش لەخۆیدا نەریتێکی جاهیلانەیە چونکە پێغەمبەر (د.خ) وتوویەتی:( لیس منا من لطم الخدود، وشق الجیوب وهی بدعه الجاهلیه الاولی).

نەتەوەی کورد دەست بەرداری مێژوو و شارستانییەتەکەی و کەلەپوورەکەی نابیت ئەوەی پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامی لەکوردستان رەچاوی کردوون. بەڵام ئەوەی پێی دەوترێ (شارستانییەتی ئیسلامی، لەراستیدا بەشێکە لەشارستانییەتی کورد، خۆ ئەگەر ئەوەی میللەتی کورد خستویەتیە سەر خەرمانی ئیسلام لێی دەربکەن، شتێک نامێنێتەوە کەشایەنی باس لەسەرکردن بێت. بە ئاگاداری و فتوای زانای گەورە ئیمامی غەزالی ئەم راستیەمان سەلماندووە. بەوەی ئیسلام بەشێکە لەمێژووی نەتەوەی کورد. نەوەک مێژووی کورد بەشێک بووبێت لەشارستانییەتی ئیسلام. شارستانییەتی کورد زنجیرەیەکی لێکگرێدراوە دابەش ناکرێت. لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم میللەتەوە دەستی پێکردووە تارۆژی ئەمڕۆمان. ناتواندرێ هیچ بەشێکی لێک جودا بکرێتەوە یان پشت گوێ بخرێ.

لەکۆتایی دا هەورامی بەڕێز دەڵێ:

(هەندێک لەنەتەوە پەرستەکان هەوڵی ئەوە ئەدەن وای بنوێنن یەزیدی و زەردەشتی وەکو دوو ئاینی راستەقینەی کوردبن، ئاینی ئیسلامیش بەکورد نامۆیەو

بەزەبری چەک بەسەر کورد داسەپێندراوە، وەراستی مێژووی ساکارە کەوا نایزانین و نایانەوێ ئەوانەی پرۆفیسۆری بیری نەتەوایەتین لەناو کورددا.

بەپێچەوانەوە ئاینی زەردەشتی بەسەر کوردستاندا سەپێندراوە لەلایەن گشتاسپی پاشای فارسەوە. زەردەشت کورد نەبوو بەدیاریکردن لەناوچەی خۆراسان بووە.

هەرچەندە زۆرکەس بەشانازیەوە رای دەگەیەنن، بەلام لەدانیشتوانی رۆژهەلاتی ئێرانە لەناوچەی خوراسان. (هەمان سەرچاوەی لاپەڕە ۱۱).

بۆ وەلامی ئەم رونکردنەوەیە دەلێم لەسەر ئێزیدیەکان قسەم کردووە (ناوی راستی ئەوانی ئێزیدی یە (Eezidi) (سەرنج لەپاشکۆی ژمارە ۳۷ بدە لاپەڕە .. لەم لێکۆلینەوەیە کە ئاینێکە وەک هەریەکێ لەئاینە سنکریتیستیەکانی تر. لەکوردستان دا گەشەی کردووە). بەلام مەسەلەی زەردەشتی بەرامبەر زەردەشت سەلامی خوای لەسەر بێ، هەروا بەهاسانی نیە وەکو هەورامی دەلێت: سەدان و هەزاران کتێب لەسەر زەردەشت و ئاینی زەردەشتی نووسراوە.

سەدان لێکۆلینەوەی لەسەر ئەنجام دراوە بەزمانی جۆربەجۆر. بۆ خۆشم پسپۆرم لە لێکۆلینەوە ئیرانیەکان دا شارەزایەتیم لەسەر بارودۆخەکە هەیە بەحوکمی پسپۆریم. لێرەدا راوبۆچوونی جۆر بەجۆر و دژ بەیەک هەیە لەم بارەیەوە بەرامبەر مێژووی ئاینی زەردەشتی و لەدایک بوونی پەیامی زەردەشت. و شوێنی لەدایکبوونی - سەرەتای دەست پێکردنی بانگەوازی ئاینەکەی بۆ بلاوکردنەوەی یاساکانی. بەلام کاکی هەورامی تەنیا یەک کتێبی لەسەرئەم ئاینە خوێندۆتەوە ئەویش هی نووسەرێکی خۆرئاواییە. هەر بابەتەکی تریش لەسەر ئەم مەسەلەیە بەنەزانی و جەهالەت لێکدراوەتەوە. هەورامی زمانی ئاڤێستا نازانێت کە کتێبی پیرۆزی ئاینی زەردەشتیە. کەوا ئێمە بەشێکی کەمی نەبێت دەستمان نەکەوتووە. لەبەر ئەوەی عەرەبە موسولمانەکانی کوردستانیان داگیرکرد لەگەل ئێران دا بەشی زۆری ئاڤێستایان فەوتاند. کەکتێبی پیرۆزی زەردەشت بوو سەلامی خوای لەسەر بێت. (لەگەل ئەوەشدا زەردەشتی وەک ئاینی مەسیحی و یەهودی بەئەهلی کتاب دادەنرێن). هەروەها زمانی ئاڤێستا کەسایەتیەکی زۆرو نزیکی هەیە لەگەل ئەو کوردیەی ئەمرۆ پێی دەنووسین. بە پێچەوانەی زمانە ئێرانیەکانی تر هەروەها

پاشماوەی ئاینی زەردەشتی بەشی زۆری لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە لەتاق بوستان (نزیک کرماشان) وە لە هەورامان دا و چەند ناوچەیەکی تر. خۆ ئەگەر وامان دانا وەک دەیلەکتیک زەردەشت لەناوچەی خۆراسان لەدایک بوبێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەدەبێ کورد نەبووبێ.

چونکە لەسەردەمێکی زۆرکۆنەوە چەندین خێڵی کورد لەناوچەکانی خۆراسان نیشتەجێ کراون. ئەبو موسلمی خۆراسانی (بهزادانی خۆراسانی) کەوا دەوڵەتی ئەمەویەکانی ژێرەو ژوور کرد ساڵی ۷۵۰ز کوردێکی خۆراسانی بوو. تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن کەس لەناوچەیەکی شاری خۆراسان دا دەژین کەپێی دەڵێن (کوردستانی خۆراسان) بەزمانی کوردی دەدوێن. نەزانینی ئەم زانیاریانە جەهالەتە بەرامبەر مێژووی گەلی کورد. یان خۆگێل کردنیەتی چ لەبەر نەخۆشی یان لەبەر مەبەستێک (المرض او الغرض).

بەڵام بوختان و داوای ئەوەی ئاینی زەردەشتی بەزۆرو ستەم بەسەر کوردستان دا سەپێندراوە. هیچ بەڵگەیەکی قەناعەت پێکەر لەبەر دەست دا نییە. خۆئەگەر بڵێن فلانەکەس وادەڵێ یان وایدەگێرنەوە ئەمانە بەبەڵگەی بنبردانانردێن.

بەڵام ئەوە وامان دانا کە ئەم ئاینە بەزۆر بەسەرگەلی کورد داسەپێندراوە یان بەسەر سەرجەم کوردستان دا. دوای ئەوە چی؟ زۆربەی ئاینەکان ئەمە حالیان بووە.

ئاینی ئیسلامی بەرێگای داگیرکردنی وڵاتان دا بڵاوبۆتەوە، یان غەزاو شەڕوشۆڕ.

بەتایبەتی لەکوردستاندا. ئەمەش راستی یەکە کەسەدان بەڵگەنامەو نووسراوەی کتێبی مێژوویی دەیسەلمێنن. وەک کتێبی وامەکی کەلەوەپێش باسی لەسەرکرا (سەرنج لەپەراوێزی/ لەم لێکۆڵینەوەیە بدە).

ئەوەی شایانی باسە رق و قینی موسوڵمانە سەلەفییە رەگەز پەرستەکان بەرامبەر زەردەشتی پێغەمبەر، گەیشتۆتە رادەیەک سەرۆکەکەیان باسی لێوە دەکات زەردەشت بە مەجوسی و هاوەڵ پەیداکەر بۆیەزدان دادەنێت وە بەندەی ئاگر پەرستی لەقەڵەم دەدات. (سەرنج لە فدائیان ئیسلام، فدائیانی ئیسلام - کۆمەڵەو تاریکە گۆڤاری [رهائی] فارسی بڵاوی کردۆتەوە. گۆڤارەکەش جاران زمان حالی سازمانی وەحدەتی کۆمۆنیستی ئێران، لوس ئەنجلیس ئەمریکا، هـ.ش - ص ۲۱۷).

لەراسـتـی دا زەردەشت هاوبەش پەیداکـەر نەبووە. لەبەر ئەوەی باوەڕی بەخـوداوەندی تاک و تەنیـا بووە. ئەویش (ئاهورومـوزدا)یە ئاگـر پەرسـتـیش نەبووە لەبەر ئەوەی یەزدانی پەرستووە. (ئاهورامـوزدا) قـسـەم لەسـەر ئاگـر کـردووە لەبەر ئەوەی رووناکـی دەبەخشێ - بەلایەن کـوردانی دێرینەوە(سـەرنج لەپەراوێزی ژمـارە ١١ لەو لێکۆڵینەوەیە بدە ) . وشـەی مـەجـوسـیش بەواتە (زانایانی ئاینی) بەلایەن زەردەشتیەکانەوە . ئەوپرسیارەی خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە: زەردەشت بۆخۆی پێغەمبەر بووە. یان لەبەردەم دیدی چەندین ملیۆن لەخەڵک دا لە لایەنگرەکانی (ئەو لایەنگرانە بەردەوام لەئێـران و کـوردسـتـان مـاون) لەگـەڵ هیندو سـەرجـەم جیـهـاندا). ئایا بۆ هیچ مرۆڤێک دەشێت پلەو پایەی هەرچەندو هەرچیەک بێت. کەهێرش بەریتە سەر ئاینێک و ئاینێک بەکوفر دابنێت بەم شێوازە داوا لەکەسانی تربکات کەریز لە ئاینەکەی بگرن و ئەمەش ئاکاری خۆی بێت. ئەگەر ئەوەش نەکات ئەوا کوشتن سەرەنجامی دەبێت. پێویستە بەڕێز شاهۆ هەورامی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە..؟ تەنیا لەرێگای خودادا..؟

ئێستا دێینە سەر (کاژیک) لەگەڵ مافی کەمایەتیەکان لە کوردستاندا کەوا شاهۆ هەورامی پەنجەی بۆ رادەکێشێ. باچەند کۆپلەیەک لەکتێبەکەمان بیری نەتەوەیی..

لەم کتێبەدا بێ پەردە ئەمە راگەیەندراوە:

کـاژیک باوەڕی وایە - توانەوەو هێـرشی رەگـەزپەرسـتی بۆ سـەر نەتەوەیەک لەقـاڵبی نەتەوەیەکی سـەردەست دا بەتاوانێک دادەنرێت لێبوردنی نییە. رەگـەزی کوردی بۆی نییە رەگەزی نەتەوەیەکی تر لەناوخۆی دا بەزۆر و فشارو ناحەزی. لەبەر ئەوە کاژیک پارێزگاری کردن و پاراستنی هەر کەمایەتیەکی بەدەر لەکورد بەوەزیفەو کردەوەی ویژدانی خۆی دەزانێت. هەروەکو کـاژیک ئەوە دەبینێ کـەوا کـەمـایەتییە ئاسەنیەکان دەزانیت. هەروەکو کاژیک ئەوە دەبینێ کەوا کەمایەتییە ئاسەنیەکان لەدێر زەمانەوە لە کـوردسـتـان دا دەژین مـەرجە هەمـوو مـافێکیان بەیەکـسـانی لەگەڵ ئەندامانی نەتەوەی کورد دا بۆ بپارێزرێت بێ جیاوازی.

بۆ ئەوەی شانازی بەنەتەوەکەی و کەلەپورە کۆنەکەی بکات کە ریزلێنراو کەرامەت

پارێزراو بۆ کەس نییە پەلاماریان بەریتە سەر. هەروەکو بۆ ئەم کەمایەتیانەش نیە کورد کۆمەڵ دژ بەنەتەوەی کورد دروست بکەن. خیانەت لەکوردستان بکەن. پێویستە کوردستان بەنیشتمانی خۆیان دابنێن. (سەرنج لەجەمال نەبەز بدە، بیری نەتەوەیی.. ت-د)لاپەڕە ١٩٢.

لەبەرنامەی کاژیک وەرگیراوە ناسراو بە:( بەرنامەی شۆڕشگێڕی کاژیک بۆ کۆمەڵگا) ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەم کتێبە (بیری نەتەوەیی.. ت-د) لای شاهۆ هەورامی هەبووە لەبەر ئەوەیل ەوتارەکەی دا باسی لەسەر دەکات.

ئێستا بابینین چۆن هەورامی (موسوڵمان ) ئەو دەقەی گۆڕیوە بەعەمدی و لەبەر چاوی ئاگاداران وەکو نووسیویەتی دەڵێ :

(کاژیک و پاسۆک لەبیرو باوەڕیان دا هیچ جێگایەک بۆ کەمایەتییە نەتەوەکانی تر ناهێڵنەوە لەکوردستان دا. ئەوە دوپات دەکەنەوە کەپێویستە رێکخراوە کوردیەکان پشتگیری غەیری کوردیان تێدا نەبێت.

لەبەر ئەوەی رەگەزەکانی تر(بەپێی راوبۆچونی (نەبەز) پێویستە لەچوارچێوەی رێکخراوە نەتەوەییە تایبەتیەکانیان دا کاربکەن.

بەو پێیەی کارکردنەکەیان بریتی بێ لە پاراستنی بەرژەوەندی کوردستان (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠).

خوێنەری بەڕێز پێویستە هەردوو دەق بخوێنیتەوەو خۆشی دادوەربیت.

بەپێی ئەو قەناعەت و باوەڕو بارە ویژدانەی کەخۆی باوەڕی پێی هەیە لە باوەڕبوون بەیەکسانی و عەدالەت کە کاژیک باوەڕی پێی هەیە. کاژیک ئەو مافە بەخۆی نادات بەوەی توندوتیژی بەرامبەر کەمایەتیەکانی دانیشتووی کوردستان بەکار بهێنێت. بۆ ئەوەی بچنە ناو حیزبە کوردیەکان بەلکو باوەڕی بەوە هەیە کەلەچوارچێوەی بوونی نەتەوەیی خۆیاندا رێکخراوی سەربەخۆو پارتی سەربەخۆ بۆ کەمایەتیەکەی خۆیان پێکبهێنن، بۆ بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان لەبۆتەی نەتەوەی کورددا نەتوێنەوە. ئەمەش ئەوپەڕی لێبوردەیی و ویژدانی مرۆڤانەیە یان ئەوەیە کە کاژیک لەبیرو بۆچوونیدا هیچ شوێنێک بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان دانانێ لە هەڵگێردراوەکانی ئەم کتێبەی هەورامی داهاتووە.

دەربارەی کاژیک وکۆمەڵگای یەکسانی شاهۆ هەورامی دەنووسێ:

(کۆمەڵگای یەکسان لەپێشەوەی بەرنامەکەیاندا هاتووە لەبیرو بۆچوونەکانیان دا بەوەی کاژیک باوەڕی بەوە هەیە کە یەکسانی جێبەجێ ناکرێ تەنیا دوای بەرزکردنەوەی رادەی رۆشنبیری و ئابوری کورد نەبێ. بەڵام ئەوانەی خاوەنی (قوتابخانەی سۆشیالیزمی کوردین) (ئائەوا) مارکسی نین ، لەبەر ئەوەی سۆشیالیزمی بەلایەنی ئەوانەوە هۆکارە نەک مەبەست (وسیلە لیست غایە).

ئەوان دەیانەوێ یەکسانی بەرپابکەن کۆمەڵگەیەکی بەتاڵ لە چینەکان پێکبهێنن لەبەر ئەوەی ئەمە بەتەزمین کردنێکی بنەرەتی دەزانن بۆ رزگاربوونی کۆمەڵگا لەحالەتی مسۆگر کردنی ئەم یەکسانیەدا، گرنگی بوونی دەولەت لەنێوان دا نامینێ بەرەو لەبەین چوون بەرە بەرە هەنگاو دەنێ. لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەمەنتیقی هەست کردن بە بەرپرسیاریەوە هەلسوکەوت دەکەن. (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠).

چەند پرسیارێکی تر ئامادە دەکات و دەڵێ :

(ئەو رۆڵەی وێنەی بۆ کێشراوە بۆ دەوڵەت لەبیری سۆشیالیزمی کوردی بریتی یە لە هەمان رۆڵ کە مارکس بۆ دەولەت نەخشەی بۆ کیشاوە لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا ئەویش خۆ ونکردنی لەسەر خۆی ئەرکی دەوڵەتە ئەویش رۆڵێکی میسالی طوباوی یە)

(هەمان سەرچاوە لاپەڕە١٠ )

بۆ روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەڵێن:

دەولەت بەلایەن مارکسییەکانەوە وەسیلەی چەوساندنەوەیە بەدەستی چینێکی دیاریکراوەوە، بەڵام لەتێروانینی کاژیکەوە بوونی دەولەت بەواتە پێ نەگەیشتنی کۆمەڵگا - بەواتە نەبوونی گونجان لەکۆمەڵدا.

بەپێی سەرنجی کاژیکەوە مەرج نییە کەدام ودەزگای دەولەت بەزەرورەت لەدەست چینێکی ئابوری دیاریکراو دابێ بۆ چەوساندنەوەی چینو توێژەکانی تر. بەلکو دەکرێ ئەم دەزگایە لەدەست کەسایەتیەکی دیاریکاودا بێ یان بنەماڵەیەکی دیاریکراو یان خێلێکی دیاریکراودا یان پارتێکی دیاریکراو یا دەستەیەکی سوپایی دیاریکراو یان چینی برژوای بچووک یان بەدەستی دەستەیەک لەپیاوە ئاینیەکان یان کۆمەڵێکی رۆشنبیری یان کۆمەڵێک لەتەکنۆکراتەکان یان بەدەستی

بەرەیەک لە لایەنی تێکەڵاو ڕێگاش بۆ گەیشتن بەیەکسانی مەرج نییە بەهۆی بەرنامەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریەوە مسۆگەر بکرێت. (هەروەکو مارکسیەکان خوازیارن ) بۆی نەک دیکتاتۆریەتی مەلاکان، بەڵکو لەڕێگای بەرزکردنەوەی رادەی رۆشنبیری و وشیاری و بیر روناککردنەوە بەبیرو باوەڕی یەکسانی مرۆڤانە. بەوێنەیەکی بەردەوام بۆ چەسپاندنی ئازادی بەربڵاو بە کۆمەڵگادا بەمەرجێ ئەم ئازادیە بەکارنەیەت لەپێناو زاڵ بوون بەسەر ئازادی دا.

رۆژێک دادێت کەهەموو شێوازەکانی دەولەت لەبەین دەچن. بەرەو دۆزەخەوە (بئس المصیر) هەروەها لەگەڵ دەولەتی مەلاکانیشدا.

جێگای سەرسورمان و نامۆییەکی زۆرە بەوەی ئەم (موسوڵمانە دەولەتیانە) دوژمنایەتی بەرامبەر هەر مەسەلەیەک دەکەن کە کوردی بێت. یان هەرشتێک پەیوەندی بەگەلی کوردەوە هەبێت. (ئالای ئیسلام) نووسیویەتی: ( هەمان سەرچاوە - لاپەڕە ٦) وتارێک لەژێر ناوی :(کوردستانی سوور، جارێکی تر) ئەو کوردستانەی تورانییە ئازەریەکان قوتیاندا بەهاریکاری تاوانبار ستالین (سەرنج لەپەراوێزەکە بدە ژمارە ٦٥ لەو لێکۆلینەوەیەدا).

ئەم کوردە سەر لێشێواوانەلەسەر باوەڕی دژایەتیان بەکۆمۆنیستی لەوباوەڕەدان لەگەڵ ئەوەشدا کەخاسیەتی هاوبەشیان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان دا هەیە بەوەی (کوردستانی سوور) جارێکی تر دەگەڕێتەوە ئامێزی کۆمۆنیستی.

من بەم کۆمەڵە جاهیلە نۆکەرە بەکرێگیراو ەدەلێم:ئەو بەشە بچووکە لەکوردستان پێی دەگوترێ: ( کوردستانی سوور ) لەبەر ئەوەی خاک و خۆڵی ناوچەکەی رەنگێکی سووریان هەیە. ئەم زاراوەیەش لەناو زمانی کوردیدا باوە بەزۆری وەک : شاخە سوور) (Keweres ) پەندێکی کوردی هەیە دەلێ: ( هەرکەسێ سمێلی سووربوو هەمزە ئاغا نییە) وادیارە ئەمانە وەک (گا ) وان لەرەنگی سوور دەترسن.

لەکۆتاییدا بەم کۆمەڵە دەلێین: پێویست بوو لەسەریان ئەو مەبلەغەی کە دەولەتی سعودیە پێێ بەخشین وەک یارمەتی بۆ نەوەکانی صلاح الدین و هەژارەکانی گەلی کورد چاکتر وابوو دابەشی بکەن. نەک بەو پارەیە ڤیلا و ماشێنی ئاخر مۆدیلی پی بکرن لە لەندن.

لەکۆتایی ئەم وتانەماندا پێویستە لەسەرمان پەنجەبۆ رێکخراوێکی ئیسلامی تر

رابکێشن ئەویش بریتیە لە (بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی ) بەسەرۆکایەتی ماموستا مەلا عبدالرحمن درە) وە ماموستا دورە زانایەکی کوردە، خاوەن ئازایەتی و راست بێژیە بزوتنەوەکەشی دادەنرێت بەتەواوکەری بزوتنەوەی محمد (د.خ) کەوا ١٤٠٠ ساڵ بەربە ئەمرۆ پێشەوایەتی دەکرد. ئەم بزوتنەوەیە لەساڵی١٩٩٣وە دامەزراوە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ٣٠ زاناکوردەکان لەیەکێک لەچیاکانی باکوری کوردستان. ئامادەبووان بەرای گشتی ماموستا عبدالرحمان - یان وەک رابەری بزوتنەوەکە هەلبژارد. بزوتنەوەی موسولمانە کوردستانیەکان باوەڕی بەسەربەخۆیی کوردستان بەهەموو پارچەکانییەوە وەک یەک نەتەوە بەیەکگرتوویی وەکو سەرجەم نەتەوەکانی دنیا هەیە. بەڵام ماموستا عبدالرحمن ناچار بوو وەک پەنابەرێک لەئەوروپا بژیت هەرچەندە پەیوەندی بەردەوامی بەرێکخستنەکەی ناوخۆوە هەیە ئەو رێکخستنەی تائێستا لەسەر هێڵ و نەخشەی ئەو بەرێوەدەچێ. کەوا لەسەری دامەزراوە.ماموستا عبدالرحمن ئاگاداری کردین بەوەی کەئەو بەرپرسی رێکخراوی ئەوروپا نابێت. گۆڤارەکەی (باوەڕی) - الاعتقاد- ئەو هیچ پەیوەندیەکی بە هەردووکیانەوە نییە. لەماوەی حەوت مانگەوە.

بیرۆکەی (ولایەتی فەقیە لەسەردەمی ئالی قاجاری فتح علیشاوە) وە مەلا ئەحمد نراقی ناسراو بە (فاضل نراقی) لەبەهێزترین لایەنگری ئەم بیرۆکەیە بوو بەڵام هەندێک لە زانایانی شیعە لەسەرجەم ئەمانە ئاخوندی ناسراو بە (خۆراسانی)و(عەللامە نائینی) دانەری کتێبی(تنزیە الملە ) بەرەنگاری بیرۆکەکەیان کردەوە (بیرۆکەی ولایەتی فەقیە)نەکەوتە ناو یاسای (مە شروتیەی ئیرانەوە)ئەم مەسەلەیە پشتگوێ خرا هەتا جارێکی تر خومەینی روحا اللە هەڵیگیرساندەوە لەکاتی جێگیربوونیدا لە (نجف) لەعێراقدا. لە کتێبەکەی دا:(دەولەتی ئیسلام) بەدرێژی لەسەری نوسیوە. دکتۆر مەلا بەهەشتی کە سەرپەرشتی حوسینیەی شیعەکانی دەکرد لەشاری هامبۆرگ (المانیا ) لەشەستەکان و حەفتاکان دوای ئەوە لەلایەن (مجاهدی خلق) کوژرا دوای پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی ئێرانی. لە گەرمترین و فیداکاریترین کەسێک بوو بۆ ئەم بیرۆکەیە. بەهەشتی توانی بە هاوکاری روح اللە خومەینی بەوەی زاراوەی(ولایەتی فەقیە) بۆ ناوبرگەکانی دەستوری ئەساسی بۆ دەوڵەتی ئێرانی ئیسلامی ساڵی١٣٥٨زکۆچی

ڕۆژی. لەگەڵ بەرپەچی ژمارەیەک لەزانا ئاینیەکان ، لەشیعە بۆ نموونەقمی شریعت مداری - و ئەوانی تر.

لەنامەیەکدا کەخومەینی ئاراستەی خامەنەیی سەرۆکی ڕێکخراوی (ڕاپەڕینی ئازادی) (ثورە الحریە) لەنامەیەکی دا بۆ خومەینی نووسی بەوەی (ولایەتی مطلق بۆ فەقیە) هیچ بنەمایەکی ئەوتۆی نییە لەقورئاندا - لەفەرماندا بەرادەی شرک بەمانا هاوەڵ پەیداکردن بۆ یەزدان دادەنرێت. لەراستی دا ولایەتی فەقیە پێچەوانەی نەهی و روحی مادەی ٥٦ لەدەستوری ئەساسی کۆماری ئیسلامی کەوا فەرمانی موتلەق بەسەر ئینساندا لەلایەن یەزدانەوەئاراستەدەکرێت. کەوا وای دەکرد مرۆڤ دادوەر بێت لەسەرسەرەنجامی کۆمەڵایەتی بۆ هیچ کەسێک نییە کە ئەو مافە لەمرۆڤ بستێنێ. یان وای لێ بکا لەبەرژەوەندی کەس دابێت. کەسێکی دیاریکراو یان دەستەیەکی دیاریکراو- نەتەوە یان کۆمەڵ خۆی ئەو مافانە یەزدانییە جێ بەجێ دەکات. هەروەکو لەبەشەکانی ئایندەی ئەو دەستوورەدا قسەی لەسەر دەکرێت.

هەولێر 2005